# گەندەڵی و ئایندەی هەرێمی کوردستان

## توێژینەوەیەکی یاسایی سیاسی

بڵند دلێر شاوەیس

چاپی یەکەم

2023

ناونیشانی کتێب : گەندەڵی و ئایندەی هەرێمی کوردستان
توێژینەوەیەکی یاسایی سیاسی

نووسەر : بڵند دلێر شاوەیس

نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم - سلێمانی 2023

ژمارە لاپەڕە : 283

تیراژ : 500 دانە

چاپخانە : چاپخانەی کارۆ - هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە (1331)ی ساڵی (2023)ی پێدراوە .

# ناوەڕۆك

**بابەت** **لاپەڕە**


**پێشەکی** ............................................................ 5

**بەشی یەکەم : گەندەڵی** ................................................ 9

- **چەمکی گەندەڵی** ................................................ 10

- **جۆرەکانی گەندەڵی** .............................................. 16

- **تایبەتمەندیەکانی گەندەڵی** ..................................... 23

- **هۆکارەکانی گەندەڵی** ............................................ 25

- **لێکەوتەکانی گەندەڵی** .......................................... 31

**بەشی دووەم : دژایەتی کردنی گەندەڵی** ............................ 34

- **دژایەتی کردنی گەندەڵی لە سەر ئاستی نیشتمانی** ................ 35

- **دژایەتی کردنی گەندەڵی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی** ............... 38

- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN.................................................... 40

- سندوقی دراوی نێودەوڵەتی IMF......................................................... 48

- بانکی نێودەوڵەتی BIRD............................................................. 53

- ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی TI.................................................... 60

- ڕێکخراوی پەرلەمانتارانی جیهانی دژ بە گەندەڵی GOPAC ....................... 65

**بەشی سێیەم : گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ...................... 70**

**- دۆخی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ، هۆکار و جۆرەکانی............. 71**

**- کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری چاکسازی**
**و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.................................................. 76**

**- هەڵسەنگاندنی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان................... 95**

**- ناکارایی پەرلەمانی کوردستان و کاریگەری لەسەر ڕێژەی گەندەڵی..... 115**

**- یاسا کاریگەرەکان لەسەر زیادبوونی ڕێژەی گەندەڵی**
**لە هەرێمی کوردستان......................................................... 128**

**- یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 ، یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی**
**کوردستان- عێراق ....................................................................... 129**

**- یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2007 ، یاسای نەوت و گازی هەرێمی**
**کوردستانی – عێراق........................................................................ 132**

**- یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 ، یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە**
**و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ........ 150**

**- ڕۆڵی دەسەلاَتی دادوەری لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵیدا .................. 154**

**- ئایندەی هەرێمی کوردستان .................................................. 157**

**- ئەنجام .................................................................................. 180**

**سەرچاوەکان ................................................................... 183**

**پاشکۆکان ......................................................................... 200**

# پێشەکی

گەندەڵی دیاردەیەکی لەمێژینەیە لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵداوە هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ((واذ قال ربك للملائكة اني جاعل في الارض خليفة قالوا اتجعل فيها من يفسد فيها ويسفك الدماء ونحن نسبح بحمدك ونقدس لك قال اني اعلم ما لا تعلمون )) (1).

گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانی بێسنوورە ، پەیوەست نییە بە کۆمەڵگایەك یان وڵاتێکی دیاریکراو ، بە ڕێژەی جیاواز لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە و لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە بوونی هەیە ، تەنانەت لە ناو یەك دەوڵەتدا بە ڕێژەی جیاواز لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەدی دەکرێت ، بە فۆرم و شێوەی جیاواز دەردەکەوێت و خەتەرناکترینیان گەندەڵی کارگێڕی و داراییە بەتایبەتی ئەوەی دەستەبژێری سیاسی ئەنجامی دەدات کە هۆکاری هەژاندنی زۆربەی کۆمەڵگاکانە .

گەندەڵی بەزۆری لە گۆمەڵگا دواکەوتوو و دکتاتۆریەکاندا بەربڵاوە و لەو دەوڵتانەدا کە دەناڵێنن بە دەست ناجێگیربوونی سیاسی و نەگونجانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاینی ، هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەی بە قۆناغی ڕاگوزەر بەرەو دیموکراسی تێدەپەڕن .

بە شێوەیەکی گشتی گەندەڵی بریتییە لە لادانی کەسێك لە پابەند بوونی بە بنەما یاساییەکان بەدەر لە ڕەگەزنامە و نەتەوە و ئاین و بیر و باوەڕی سیاسی ...هتد ، لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی جیاواز کە پاڵنەری ئەنجامدانی ئەو لادانەیە و هانی کەسەکە دەدات بۆ بەکارهێنانی بەرژەوەندی گشتی بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی یان سودێکی کەسی .

---

1- سورة البقرة ، الاية 30 .

لەگەڵ ئەمەشدا پێناسە کردن و دیاری کردنی گەندەڵی کارێکی ئەستەمە بەهۆی ئەوەی دیاردەیەکی ئاڵۆز و خاوەن سروشتێکی تێکهەڵپژاوە ، فرە ڕەهەندە ، دەرئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە و بەردەوام لە گۆڕانکاری و تەشەنەدایە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات چەندین لێکەوتەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە .

بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەندەڵی لەهەر کۆمەڵگایەکدا ڕەنگدانەوەی نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی پێگەیشتوو (رشید) و دروستە هەر بۆیە لەکاتی توێژینەوە لە بابەتی گەندەڵیدا پێویستە توێژینەوە لە ترۆپکی دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاردەری سیاسیدا بکرێت تا پرۆسەی دژایەتی کردنی گەندەڵی لە سەرەوە دەست پێبکات و شۆڕبێتەوە بۆ خوارەوە هەر وەك کۆنفوشیوس دەڵێت " گەر سەرکردە دروست بێت کێ بوێری ئەنجامدانی گەندەڵی دەکات" .

جێی داخە گەندەڵی لەزۆرێك لەو دامەزراوانەدا بلاّو دەبێتەوە کە دەبێ کاری سەرەکیان دژایەتی گەندەڵی و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵکاران و پارێزەری سەرەکی کۆمەڵگابێت ، وەك دەسەڵاتی یاسادانان و دامەزراوە ئەمنی و دادوەریەکان .

ئاوێتە بوونی دەسەڵات و سامان و کۆبوونەوەی سەرمایەدار و خاوەن کار و بازرگانان لە چواردەوری بڕیاردەری سیاسی نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ دروستبوونی تۆڕی نهێنی گەندەڵی و گەندەڵکاران .

شارەزای بواری ئابوری و ستراتیژی (عبدالخالق فاروق) دەڵێ : ڕەگ و ڕیشەی تەشەنەسەندنی گەندەڵی لە ولاّتانی عەرەبی و جیهانی سێیەم بریتییە لە یەکگرتنی هەردوو ڕوی هێز (دەسەڵاتی سیاسی و سامان ) لە سیستەمە حوکمڕانیە ستەمکارەکاندا ، جیاوازی ولاّتە پێشکەوتوو و شارستانیەکان لەگەڵ ولاّتانی دواکەوتوو و جیهانی سێیەم بریتییە لە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دیاردەکانی گەندەڵی و گەندەڵکاران و ئاستی

جێبەجێکردنی یاسا بەسەریاندا ، لەکاتێکدا لە ولأتە پێشکەوتووەکاندا لەسەر بەرزترین ئاست یاسا جێبەجێ دەکرێت بەسەر گەندەڵکاران و تاوانەکانی گەندەڵی بە پێچەوانەوە دەبینین لە ولأتانی ئێمە گەندەڵکاران بۆخۆیان یاساکان دادەڕێژن لەڕێگای کۆنتڕۆڵکردنی ڕاستەوخۆی دەسەلأتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و هەندێك جار دادوەریش (1).

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگاکاندا هات لەئەنجامی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و کاردانەوە نەرێنیەکانی لەسەر بەها کۆمەلأیەتیەکان گەندەڵی بەشێوەیەکی فراوان تەشەنەی سەند و شێوە و فۆرمی جیاوازی لە خۆ گرتووە و بە قۆناغێکی مەترسیداردا تێپەڕیوە و لەحاڵەتێکی تاکە کەسیەوە بووە بە دیاردەیەکی ڕێکخراو لەلایەن گروپ و دامەزراوەکانەوە بەڕێوە دەبرێن و بەشێوەیەك سنوری ولأتان تێپەڕ دەکات هەر بۆیە بووە جێی گرنگی پێدانی دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان لەپاڵ دامەزراوە نیشتمانیەکانی دەوڵەتان .

گەندەڵی بزوێنەری سەرەکی زۆربەی شۆڕش و ڕاپەرینەکانە و هۆی ڕوخانی سیستەمی حوکمڕانی و دەسەلأتە سیاسیەکانە ، نیشانەی نەبوونی دەسەلأتی سیاسی ڕەشید و هۆکاری نادادپەروەری کۆمەلأیەتی و قوڵکردنەوەی جیاوازی چینایەتی و فراوانبوونی بۆشایی نێوان هاولأتیان و دەسەلأت و لەدەستدانی ڕەوایەتی(شرعية)ی حکومەت و نەمانی متمانەی هاولأتیانە بە دەسەلأتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری . نەرێنی کار دەکاتە سەر پرۆسەی دیموکراسی و پیشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەرتەسك کردنەوەی ئازادیەکان و پاشەکشەکردنی ڕۆڵی میدیا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کارا نەبوونی دامەزراوەکانی بەدواداچوون و لێپرسینەوە و سزادان و دەست تێوەردان

---

1- عبدالخالق فاروق ، اقتصاديات الفساد في مصر : كيف جرى افساد مصر والمصريين (1974- 2010) ، القاهرة، مكتبة الشروق الدولية ، الطبعة الاولى 1432 هـ –ابريل 2011م ، ص11 و ص29 .

**لە کاروباری دەسەڵاتی دادوەری و پێشێلکردنی یاسا بەرکارەکان ...هتد ، کە خولقێنەری ناجێگیربوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیە و گرنگترین هۆکاری هەرەسهێنانی شارستانیەت و ئیمپراتۆریەتەکان بووە لە ڕابردوودا .**

**ئەم هەموو هۆکارانە و سەرجەم لێکەوتە نەرێنیەکانی گەندەڵی لەسەر کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی وای کرد گەندەڵی بە پەتای سەردەم و شێرپەنجەی کۆمەڵگاکان بناسرێت .**

**لە زۆر کۆمەڵگادا بەتایبەت کۆمەڵگا دواکەوتوو و دکتاتۆریەکان گەندەڵی سنوری دیاردەی تێپەڕاندووە و گەیشتۆتە ئاستی کلتووری باوی ناو کۆمەڵگا ، ئەمەش وایکردووە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ڕێژەی گەندەڵی تیایاندا ئەستەم بێت ، سەرەڕای زۆری دامەزراوەکانی بەدواداچوون و لێپرسینەوە و سزادان و بوونی کۆمەڵێك یاسای سەردەمیانە و ڕێکاری ئابوری وەك یاسای وەبەرهێنان و بەتایبەتکردن و لێخۆشبوون لە باج ...هتد  کە بە ڕواڵەت بەمەبەستی گەشەسەندنی ئابووری و پەرەپێدانی کۆمەڵگایە بەلاَم لە ناوەڕۆکدا ڕێگایەکە بۆ پێدانی ڕەوایەتی بە گەندەڵی و بەدی هێنانی بەرژەوەندی تایبەتی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی و دروستکردنی تۆڕێکی بەرفراوان لە گەندەڵی و گەندەڵکاران .**

**بڵند دلێر شاوەیس**
**سلێمانی - 2023**

# بەشی یەکەم

# گەندەڵی

**لەم بەشەدا باس لەم تەوەرانەی خوارەوە دەکەین :**

- **چەمکی گەندەڵی .**
- **جۆرەکانی گەندەڵی .**
- **تایبەتمەندیەکانی گەندەڵی .**
- **هۆکارەکانی گەندەڵی .**
- **لێکەوتەکانی گەندەڵی .**

# چەمکی گەندەڵی

گەر چاوێك بە هزری سیاسی کۆنی(چین)ە کاندا بخشێنینەوە تێبینی دەکەین فەیلەسوفی گەورەی چین (کۆنفوشیوس 551 پ.ز) لە کتێبی (التعليم الاكبر) هۆکاری سەرەکی جەنگەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ گەندەڵی لە حوکمڕانیدا ، لە کتێبی (عقيدة الوسط) باس لەوە دەکات پێویستە کاروباری حوکمڕانی بسپێردرێت بە کەسانی چاکەکار ئەویش کاتێك ڕوودەدات کە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا ڕەشید بێت ، بە بڕوای کۆنفوشیوس ئەرکی یەکەمی حکومەت دابینکردنی پێویستیەکان و دابەشکردنی سامانە بەشێوەیەکی فراوان بەسەر خەڵکدا و ئاماژەش بەوە دەدات دەست بەسەرداگرتنی سامان دەبێتە هۆی پەرتەوازە بوونی گەل و دابەشکردنی سامان ڕێگاچارەیە بۆ یەکخستنەوەی گەل ، هەروەها ئەرکی دووەمی حکومەت بریتیە لەوەی کە سزاکان دادپەروەرانە بێت و توند و تیژ نەبێت و ئەرکی سێیەمی حکومەت بڵاوکردنەوەی خوێندنە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوڵاتیان (1).

لەلایەکی ترەوە چەمکی گەندەڵی لەلای گەورە فەیلەسوفی گریك (ئەرستۆ 384 پ.ز – 322 پ.ز) بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندی تایبەتی تێپەڕاندووە ، بە پێی ڕاڤەکردنی ئەرستۆ گەندەڵی کاتێك دێتە ئاراوە کە دەسەڵات خراپ بەکار بهێنرێت جا دەسەڵاتی تاك بێت لەسەر خودی خۆی یان دەسەڵاتی سەرۆك خێزان بەرامبەر ئەندامانی خێزانەکەی یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن دەستەبژێری حوکمڕان و چینی دەسەڵاتدار(2) .

---

1- د. فاروق سعد المحامي ، تراث الفكر السياسي قبل الامير وبعده ، الطبعة الرابعة والعشرون 2002م ، دار الافاق الجديدة - بيروت ، دار الجيل –بيروت – القاهرة – تونس ، ص215- 217 .

2- د. كمال امين الوصال ، الفساد : دراسة في الاسباب والاثار الاقتصادية ، مجلة التجارة والتمويل ، كلية التجارة ، جامعة طنطا ، مصر ، عدد2 ، 2008م ، ص157-158 .

به بۆچونی (ابن خلدون) دەوڵەت بریتییە لە درێژەپێدانی گروپێك یان كۆمەڵەیەكی یەكگرتوی هاوبەش لە ڕووی ئاینی یان نەتەوەیی یان هەر جۆرە هاوبەشییەكی تر كە بگونجێت بۆ دروستكردنی دەوڵەت و بەردەوامبوونی لە ڕووی كات و شوێنەوە .

به بۆچونی (ابن خلدون) دەوڵەت بە پێنج قۆناغدا گوزەر دەكات هەر لە دروستبوونیەوە تا لەناوچوونی لە ئەنجامی ستەم و تاكڕەوی و قۆرخكردنی سەروەریەكان و بە فیڕۆدانی سامان لەلایەن دەستەبژێری حوكمڕان ، ئەم قۆناغانە بریتین لە :

1- قۆناغی بەدەستهێنانی دەسەلاٚت و گرتنە دەستی حوكمڕانی بە شێوەیەك دەسەلاٚتدار هاوشێوەی ئەندامانی كۆمەڵەكەی پشكی سەروەریەكانی بەردەكەوێت .

2- قۆناغی ستەمی دەسەلاٚتدار و تاكڕەوی لە حوكمڕانیدا ، لەم قۆناغەدا فەرمانڕوا پشتیوانی كەسی بۆ خودی خۆی زامن دەكات .

3- قۆناغی بەخشینەوەی سامان بەسەر چواردەوركەی و ناوبانگ دەركردن .

4- قۆناغی ڕازیبوون ، لەم قۆناغەدا فەرمانڕەوا ڕازییە بەوەی پێشینانی بوونیادیان ناوە.

5- قۆناغی دەستبلاٚوی و بەفیڕۆدان ، لەم قۆناغەدا دەسەلاٚتدار لە پێناو تێركردنی ئارەزووەكانی و بەسەركردنەوەی دەست و پێوەندەكانی سەرجەم ئەو دەسكەوتانە بەفیڕۆ دەدات كە پێشینانی كۆیان كردۆتەوە و بونیادیان ناوە .

به بۆچوونی (ابن خلدون ) ئەم قۆناغە قۆناغی گەندەڵییە كە دەبێتە هۆكاری ڕوخانی حكومەتەكان و هەرەسهێنانی شارستانیەتەكان .

هەروەها (ابن خلدون) ئاماژەی بەوە داوە كە دەوڵەتان تەمەنی سروشتیان هەیە هاوشێوەی مرۆڤەكان و تەمنی دەوڵەتی دیاری كردووە بە سێ نەوە :

نەوەی یەكەم : بوونیادی دەوڵەت دەنێن و هاوبەشن لە ئاكارە كۆچەری و خێڵەكیەكاندا و بەشدارن لە سەروەریەكان .

**نەوەی دووەم : بە هۆی دەسەلاّت و سامان و دەستبلاّویەوە دۆخیان دەگۆڕێت لە کۆچەری و خێڵەکیەوە بۆ شارستانیەتی و لە بێدەرەتانیەوە بۆ خۆشگوزەرانی ، لە هاوبەشی لە سەروەریەکاندا بۆ تاکڕەوی کەسێك و پەراوێزخستنی ئەوانی دیکە .**

**لەکۆتایدا و لە نەوەی سێیەمدا : ژیانی کۆچەری و خێڵەکی لە بیر دەکەن و شەرەفمەندی و یەکگرتوویی لەدەست دەدەن ، دەستبلاّوی و بە فیڕۆدان دەگاتە ڕادەیەك دەبن بە بار بەسەر دەوڵەتەوە ، ئەمەش هۆی ڕوخانی دەوڵەتان و هەرەسهێنانی شارستانیەتەکانە(1) .**

**یەکێك لە مەینەتیەکانی گەلان تاکڕەوی و قۆرخکردنی دەسەلاّتە کە هاندەرن بۆ بلاّوبوونەوەی گەندەڵی و دروستبوونی گەندەڵکاران ، لەوەش گەورەتر بوونی بازنەیەکی هەلپەرستە لە چواردەوری دەسەلاّتداران کە بە ئاراستەی لە ناوچون و هەرەسهێنانی دەسەلاّتیان دەبەن ، لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بە وتەی گەورە بیرمەندی ئینگلیز لۆرد ئاکتۆن (BARON ACTON) کە دەڵێت "دەسەلاّت هانی گەندەڵی دەدات و دەسەلاّتی ڕەها گەندەڵی ڕەهایە " لە کاتێکدا کۆمەڵە هەلپەرست و بەرژەوەند خوازێك لە هەوڵی دەرکردنی یاسایەك بوون بۆ پارێزبەندی (پاپا) بەو پێیەی پاپا بەدەرە لە لێپرسینەوە و کردارەکانی هەڵە هەڵناگرێت (2) .**

---

1- **العلامة ولي الدين عبدالرحمن بن محمد (ابن خلدون) ، المقدمة ، المحقق عبدالله محمد الدرويش ، الجزء الاول ، دار يعرب - دمشق ، الطبعة الاولى ، 1425-2004 م ، ص332 - 336 و ص343- 344.**

2- **د. شريف حسن البوشي ، المشروعية الدستورية والتحول الديمقراطي ، المعهد المصري للدراسات ، دراسات سياسية ، 25/ديسمبر /2019 ، ص16 .**

**بۆ زیاتر بڕوانە : جميل مطر ، السلطة مفسدة ، مقالة منشورة في جريدة الشروق ، www.shorouknews.com ، 29/يونيو/2016 .**

بیرمەندی گەورە (عبدالرحمن الكواكبي) دەڵێت : ئەوەی سروشتیە و سەلمێنراوە بە درێژایی مێژوو حكومەت لە خەسڵەتی دادپەروەری و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خۆی دادەماڵێت و ڕوو لە ستەم و دكتاتۆریەت دەكات كاتێك نەتەوەكەی بێ ئاگابێت یان توانای هەڵخەڵەتاندنی هەبێت ، دواتر بەردەوام دەبێت لەسەر ستەم بە پشت بەستن بە یەكێك لەم دوو ئامرازە مەزنە (ناهۆشیاری نەتەوە و كۆمەڵگا - هێزی چەكداری ڕێكخراو) كە دوو سەرەكی ترین كارەساتی نەتەوەكان و گرنگترین نەنگی مرۆڤایەتین(1) .

بیرمەندی گەورەی ئیسلام (شێخ محمد الغزالي) پێی وایە ستەمی سیاسی و دكتاتۆریەت هەموو هۆكارەكانی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوون لەناو دەبات و ژیان بە تاكە كەسێك ناچێت بەڕێوە پێی وابێت تەنها خۆی خاوەنی زانیاریە و درك بە شتەكان دەكات(2) .

بە بۆچونی ساموئێل هانتگتۆن (Samuel Huntington) گەندەڵی بریتییە لە ڕەفتاری فەرمانبەرە حكومیەكان كە پێشێلی بنەما باوەكان دەكەن لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا ، هەروەها پێی وایە گەندەڵی پێوەرێكە بۆ دیاریكردنی ئاستی نەبوونی دامەزراوەی سیاسی كارا و زیاتر لەو وڵاتانە بلاّو دەبێتەوە كە پارتی سیاسی چالاك بوونی نیە تیایدا ، هەروەها لەو كۆمەڵگایانەی كە بەرژەوەندی تاك یان خێزان یان گروپ و خێڵ تیایدا بالاّدەستە (3) .

---

1- عبدالرحمن الكواكبي ، طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد ، طبعة خاصة توزع مجانا مع جريدة (المدى) ، دار المدى للثقافة والنشر 2004 ، ص24 - 25 .

2- الشيخ/ محمد الغزالي ، الفساد السياسي في المجتمعات العربية والاسلامية (أزمة الشورى) ، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع ، طبعة جديدة ومحققة ، يناير 2005م .

3- صمويل هنتجتون ، النظام السياسي لمجتمعات متغيرة ، ترجمة سمية فلو عبود ، بيروت دار الساقي ، الطبعة الاولى 1993 ، ص77 و78 و 92 .

بەبۆچونی دکتۆر (عامر خياط ) ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی (الامين العام للمنظمة العربية لمكافحة الفساد) گەندەڵی بریتییە لە دەستکەوتی ناڕەوا و نایاسایی دەرئەنجامی هەردوو پێکهاتەی هێزی ناو کۆمەڵگا (دەسەڵاتی سیاسی و سامان) لە سەرجەم کەرتەکانی ناو کۆمەڵگا (1).

ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی (منظمة الشفافية الدولية) ( Transparency International) پێناسەی گەندەڵی دەکات بەوەی : ئەو ڕەفتارەیە کە بەرپرسانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت ئەنجامی دەدەن سیاسی بن یان فەرمانبەری شارستانی ، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی خۆیان یان کەس و کاریان بە شێوەیەکی نایاسایی ، لە ڕێگای خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەی پێیان سپێردراوە (2) .

بەپێی ڕاپۆرتی پەرەپێدانی بانکی نێودەوڵەتی گەندەڵی بریتییە لە : خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەتی (3) .

---

1- عامر خياط ، (مفهوم الفساد) ، مقال في كتاب " المشاريع الدولية لمكافحة الفساد والدعوة للاصلاح السياسي والاقتصادي في الاقطار العربية " ، بحوث ومناقشات ندوة المنظمة العربية لمكافحة الفساد ، بيروت 2006 ، ص50 .

2- حاحة عبدالعالي ، الاليات القانونية لمكافحة الفساد الاداري في الجزائر ، اطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه علوم في الحقوق تخصص قانون عام ، جامعة محمد خيضر بسكرة ، كلية الحقوق والعلوم السياسية قسم الحقوق ، 2013/2012 ، ص 23-24 .

3- World Bank , 1997,: 102 . البنك الدولي للانشاء والتعمير ، تقرير عن التنمية في العالم (1997) ، الحد من الفساد والتفرقات التحكيمية للدولة ، مركز الاهرام للترجمة والنشر (مترجما) ، القاهرة ، 1997 ، ص112. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : Sam Vaknin ,Crime and Corruption , united press international,Skopje,Macedonia,2003,P.18.

سەرەڕای گرنگی دیاریکردنی چەمکی گەندەڵی و پێناسەکردنی بەلاَم دەستنیشانکردنی چارەسەریەکان و ئەو ستراتیجیەتە نموونەییەی کە پێویستە ولآتان بیگرنەبەر لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی گرنگترە هەروەك لە ڕاپۆرتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی لێوە کراوە(1) .

هەرچەندە گەندەڵی فۆڕم و شێوەی جیاواز لەخۆ دەگرێت و لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە بەپێی کات و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی ، ئەستەمە پێناسەیەکی گشتگیر و دیاریکراو بکرێت بەلاَم بەشێوەیەکی گشتی و بۆ مەبەستی ڕونکردنەوە دەتوانین پێناسەی گەندەڵی بکەین کە بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی کەسێك بۆ ئەو دەسەلآتەی پێی سپێردراوە جا لە کەرتی گشتی بێت یان تایبەت بەمەبەستی بەدەستهێنانی سودێکی کەسی یان بەرژەوەندیەکی تایبەت لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی و بە پێچەوانەی یاسا .

---

1- مؤتمر الامم المتحدة التاسع لمنع الجريمة ومعاملة المجرمين ، القاهرة ، مصر ، 28/نيسان.ابريل — 5/ايار. مايو 1995 .

بۆ زیاتر بڕوانە : بشار محيسن حسن الامارة ، دور السلطة التشريعية في مكافحة الفساد الوظيفي ( دراسة مقارنة) ، رسالة ماجستير ، كلية الحقوق ، جامعة النهرين ، 2012 ، ص18 .

## جۆرەکانی گەندەڵی

گەندەڵی بە فۆڕم و شێوەی جیاواز دەردەکەوێت و لەلایەن شارەزایان و توێژەرانەوە چەندین دابەشکاری بۆ دەکرێت هەریەکە و بەپێی تێروانینی بۆ بابەتەکە و گرنگیەکەی ، لەو دابەشکاریانەش :

### یەکەم /دابەشکردنی گەندەڵی بۆ گەندەڵی گەورە و گەندەڵی بچووك:

لەم بارەیەوە بە پشت بەستن بە پێناسەی بانکی نێو دەوڵەتی بۆ گەندەڵی کە بریتییە لە " بەکارهێنانی ئەرکی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی" دکتور محمود عبدالفضیل گەندەڵی دابەش دەکات بۆ گەندەڵی گەورە و گەندەڵی بچووك :

1- گەندەڵی گەورە : وەك گرێبەستەکانی کڕین و فرۆشتنی چەك و بریکاریە بازرگانیەکان بۆ کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان .

2- گەندەڵی بچووك : وەك میکانزمی پێدانی بەرتیل و دەست بەسەرداگرتنی ماڵی گشتی و بەدەستهێنانی پێگە بۆ خزم و کەسە نزیکەکان (1) .

### دووەم/دابەشکردنی گەندەڵی بۆ گەندەڵی نێودەوڵەتی و گەندەڵی ناوخۆیی:

1- گەندەڵی نێودەوڵەتی : ئەم جۆرە گەندەڵیە ڕەهەندێکی فراوانی هەیە و لەسنوری نیشتمانی دەردەچێت بۆ سنوری جیهانی لە چوارچێوەی ئابوری ئازادا ، لەدیارترین نموونەکانی ئەم جۆرە گەندەڵییە ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندیە تایبەتەکانە کە کۆمپانیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان گرێ دەدات لەگەڵ دەوڵەت و سەرکردە سیاسیەکان .

---

1- أ.د.محمود عبدالفضيل ، الفساد وتداعياته في الوطن العربي ، المستقبل العربي ، المجلد 22، العدد 243 ، ايار 1999 ، ص4-5.

2- گەندەڵی ناوخۆیی : مەبەست لێی ئەنجامدان و پەیڕەوکردنی هەموو شێواز و جۆرەکانی گەندەڵیە لە ناو سنوری نیشتمانی دەوڵەتدا و ئەم جۆرەش بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن فەرمانبەرانی ئاساییەوە ئەنجام دەدرێت (1) .

## سێیەم/ دابەشکردنی گەندەڵی بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو :

1- دابەشکردنی گەندەڵی بە گوێرەی پێوەری ڕێکخستنی:

أ- گەندەڵی ئاسایی : ئەم جۆرە گەندەڵیە گوزارشت لە ڕەفتار و کرداری کەسێتی تاک دەکات وەك دزینی ماڵی گشتی ، بەرتیل وەرگرتن ، واستە و ڕەچاوکردنی خزمایەتی و...هتد .

ب- گەندەڵی ڕێکخراو : لەم جۆرە گەندەڵیەدا بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئەنجامدانی گەندەڵی لەلایەن تۆڕێکی گرێدراو ئەنجام دەدرێت کە پشت بەیەك دەبەستن و سود بە یەك دەگەیەنن ، ئەم جۆرە گەندەڵیە لە ناو دەستە و دامەزراوە جیاوازەکان بلاّودەبێتەوە بە پێی کۆمەڵێك ڕێکار و بەرنامەی دیاریکراوی پێشوەختە ، بۆ نمونە دیاریکردنی ڕێژەی بەرتیل و میکانیزمی پێدان و شێوازی کۆتایی پێکهێنانی مامەڵەکە .

ج- گەندەڵی گشتگیر و فراوان : بریتیە لە بەتالاّن بردنی موڵك و ماڵی حکومی و گشتی بە شێوەیەکی فراوان لە ڕێگای گریبەستی نادروست و خەیاڵی (وهمي) و پێدانی نرخی ناڕاست و کەمتر (صوري)بۆ کالاّکان . وەك پرۆسەی بە تایبەتکردنی موڵکی گشتی و بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت لە ژێر ناوی بەرژەوەندی گشتی .

---

1- حمدي سليمان القبيلات وفيصل عقده شطناوي ، مكافحة الفساد في ضوء قانون هيئة مكافحة الفساد الاردني رقم (62) لسنة 2006 ، دراسة مقارنة باتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد ، دراسات ، علوم الشريعة والقانون ، الجامعة الاردنية ، عمادة البحث العلمي ، الاردن ، المجلد 35 ، العدد 2 ، 2008 ، ص415 .

2- دابەشکردنی گەندەڵی بە پێی کەرتی کارکردن تیایدا :

أ- گەندەڵی لە کەرتی گشتی : بریتیە لەو گەندەڵیەی لە ناو دامەزراوە حکومی و دەستە گشتیەکاندا بلاْوە ، لەرِێگای بەکارهێنانی پۆستی گشتی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی .

ب- گەندەڵی لەکەرتی تایبەتدا : خراپ بەکارهێنانی دەسەلاْت لە کەرتی تایبەتدا بۆ کارتێکردن لە ئاراستەی سیاسەتەکانی دەوڵەت و برِیارە حکومییەکان لە رِێگای کۆمەڵە رِێگایەکەوە بۆ نموونە پێدانی بەرتیل و "دیاری" لەبەرامبەر بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت وەك لێخۆشبوون لە باج .

چوارەم /دابەشکردنی گەندەڵی بە پێی بوارەکەی :

1- گەندەڵی ئەخلاقی : ئەو کردار و هەڵسوکەوتانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات پێچەوانەی ئاکار و رِەوشت .

2- گەندەڵی رِۆشنبیری : پێشیلکردنی کلتورە جێگیر و گشتیەکانی کۆمەڵگا و پاشخانی رِۆشنبیری نەتەوە . ئەم جۆرە گەندەڵییە ئەستەمە وەك تاوان دیاری بکرێت بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە چوارچێوەی ئازادی رِا دەربرِین و داهێنان .

3- گەندەڵی کۆمەلاْیەتی : تێکچوونی دامەزراوە کۆمەلاْیەتیەکان کە ئەرکی پەروەردە و پێگەیاندنی تاکیان پێ سپێردراوە وەك خێزان ، خوێندنگە ، زانکۆ .

4- گەندەڵی دادوەری : لادان و رِۆچونی دامەزراوە دادوەریەکان ، کە هۆکارە بۆ پێشێلکردنی ماف و لەدەستدانی یەکسانی و دادپەروەری و بلاْوبوونەوەی ستەم .

5- گەندەڵی سیاسی : بەکارهێنانی دەسەلاْتی گشتی لەلایەن دەستەبژێری حوکمرِانەوە بۆ کاری نا یاسایی و نارِەوا یان بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کەسی ، وەك گەندەڵی دەسەلاْتی یاسادانان و دەسەلاْتی جێبەجێکردن .

6- گەندەڵی ئابوری : كارە پێچەوانەكانی ئاكار و بەها كۆمەڵایەتییەكانی ناو كەرتی ئابوری و كار ، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی كەسی لەسەر حسابی بەرژەوەندی كۆمەڵگا ، وەك خۆدزینەوە لە باج و یاریكردن بە نرخ لە ڕێگای دروستكردنی قەیران لە بازاردا.

7- گەندەڵی دارایی : سەرپێچی یاسایی بنەما داراییەكان و ڕێنماییەكانی دامەزراوەی چاودێری دارایی ، وەك سپی كردنەوەی پارە و ساختەكردنی دراو .

8- گەندەڵی كارگێڕی : پێشێلكاری كارگێڕی و وەزیفی و دیسپلین ، لەگەڵ ئەو سەرپێچییانەی لە لایەن فەرمانبەری گشتییەوە ئەنجام دەدرێت لە كاتی بەجێگەیاندنی ئەركی وەزیفیدا (1) .

---

1- حاحة عبدالعالي ، سەرچاوەی پێشوو ، ص26-30 .

وەك ئاماژەمان پێدا گەندەڵی پۆلێن دەكرێت بە پێی پێوەرە جیاوازەكان بۆ فۆڕم و شێوازی جیاواز و دابەش دەكرێت بۆ چەندین جۆر بەپێی تێروانینی شارەزایان و توێژەران ، بەلأم بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین گەندەڵی دابەش بكەین بۆ چوار جۆری سەرەكی كە بریتین لە :

## 1- گەندەڵی سیاسی (گەندەڵی دەستەبژێری سیاسی یان دەستەبژێری حوكمڕان) :

بە گەندەڵی گەورە ناو دەهێنرێت بریتیە لە خراپ بەكارهێنانی دەسەلأتی گشتی لەلایەن دەستەبژێری حوكمڕانەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت یان ئامانجی كەسی لە ڕێگای ناڕەوا و نایاسایی (1)، یان بەمانای گەندەڵی سەركردایەتی سیاسی و خاوەن پێگە گشتیەكان و خاوەن دەسەلأتەكان جا دامەزراوبن یان هەڵبژێردراو (2)، زۆربەی جار ئەو ئامانجانە بریتین لە بەرژەوەندی كەسی ، ئەم جۆرە گەندەڵیە بەشێوەیەكی بەرچاو و فراوان لە سیستەمە دكتاتۆری و دواكەوتوەكاندا بلأوە ، بە پێچەوانەی سیستەمە دیموكراتەكان كە یاسا تیایاندا سەروەرە و خاوەنی دامەزراوەی چاودێری كاران . لە جۆرەكانی گەندەڵی سیاسی بەرتیل ، واستە و خزمایەتی و خراپ بەكارهێنانی دەسەلأت و پێگە ....هتد .

---

1- باديس بوسعيود ، ماسسة مكافحة الفساد في الجزائر ، 1999-2012 ، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية ، تخصص التنظيم والسياسات العامة جامعة مولود معمري – تيزي وزو ، كلية الحقوق والعلوم السياسية ، ص42 .

2- حوحي كريمة ، الفساد السياسي في الوطن العربي - حالة الجزائر ودورها في اعاقة التنمية منذ 1987م الى 2017م ، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماستر في العلوم السياسية تخصص سياسات عامة وتنمية ، جامعة الدكتور مولاي الطاهر سعيدة ، كلية الحقوق والعلوم السياسية قسم العلوم السياسية ، ص 14.

## 2- گەندەڵی کارگێڕی :

**بەگەندەڵی بچووك ناو دەهێنرێت بریتییە لەو ڕەفتارانەی پێشێلی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان دەکات و دژ بە کاری فەرمانبەرایەتی و پێچەوانەی بەها کۆمەڵایەتیەکانە ، مەبەست لێی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کەسی (مادی یان مەعنەوی )یە لە سەر حسابی بەرژەوەندی گشتی (1)، ئەم جۆرە گەندەڵیە زیاتر لەلایەن فەرمانبەرانی حکومی ئەنجام دەدرێت ، زۆر جار گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی کارگێڕی هاوتەریب ئەنجام دەدرێن و بە هەماهەنگی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان بژاردەی سیاسی لە سەرەوە و فەرمانبەرانی حکومی لە خوارەوە(2) . لە نموونەکانی گەندەڵی کارگێڕی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی ، یان کاتێك ڕوودەدات فەرمانبەرێك بەرتیل قبوڵ بکات یان داوای بکات ......هتد**

## 3- گەندەڵی دارایی :

**بریتیە لە پێشێلکاریەکانی ئەو بنەما و بڕیار و ڕێنماییە داراییانەی کە کاروباری بواری کارگێڕی و دارایی ڕێکدەخەن لە دەوڵەت و دامەزراوەکانیدا ، یان بریتیە لە پێشێلکردنی ئەو بنەما و بڕیارانەی تایبەتن بە سروشتی کاری هەر دامەزراوەیەکی کارگێڕی ، یان پێشێلکردنی ڕێنماییە تایبەتەکانی دەزگای چاودێری دارایی(3) .**

---

1- خالد بن عبدالرحمن بن حسن بن عمر ال الشيخ ، الفساد الاداري : انماطه واسبابه وسبل مكافحته "نحو بناء نموذج تنظيمي" ، اطروحة مقدمة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة دكتوراه الفلسفة في العلوم الامنية ، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية ، كلية الدراسات العليا قسم العلوم الادارية ، الرياض 1428هـ – 2007م ، ص13 .

2- د. كمال امين الوصال ، سەرچاوەی پێشوو ، ص166 .

3- د. علي وتوت ، توصيف ظاهرة الفساد ، النبأ ، العدد79 ، تشرين الثاني 2005 ، annabaa.org/nbahome/nba79/019.htm .

گەندەڵی دارایی پێناسە دەکرێت بە خراپ بەکارهێنان یان گواستنەوەی ماڵی گشتی بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت .

لە نمونەکانی گەندەڵی دارایی خۆدزینەوە لە پێدانی باج ، سپیکردنەوەی پارە ، دزینی ماڵی گشتی ......هتد .

## 4- گەندەڵی ئابوری :

بریتییە لە "خراپ بەکارهێنانی پۆست و پێگە بە شێوەیەکی گشتی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت " واتا خراپ بەکارهێنانی پۆست و پێگە لە کەرتی گشتی یان تایبەت لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی کەسی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی . وەك بەرتیل یان پێدانی ڕێگەپێدان یان لێخۆشبوونی باج لەکەسان و کۆمپانیاکان لەبەرامبەر بەرژەوەندیەك .

جێگەی ئاماژە پێکردنە فەرمانبەری کەرتی گشتی زیاتر ڕووبەڕوی گەندەڵی دەبێتەوە بە بەراورد بە فەرمانبەری کەرتی تایبەت بەهۆکاری ئەوەی فەرمانبەری کەرتی تایبەت دوچاری چاودێری و لێپرسینەوەی زیاتر دەبێتەوە لە لایەن بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆوە یان خاوەن یان ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەوە (1) .

ئەگەر چی گەندەڵی بە فۆڕم و شێوە و جۆری جیاواز دەردەکەوێت بەڵام لەبنچینەدا یەکن ئەویش خراپ بەکارهێنانی پۆست و پێگەی گشتی بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسێتی و بەرژەوەندی تایبەتی و دەبێتە هۆکاری بەفیڕۆدانی مڵك وماڵی گشتی و ڕێگرتن لە گەشەسەندنی ئابوری و زیادکردنی جیاوازی چینایەتی و هەڵوەشاندنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و دواتر ناجێگیربوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەترسی دروست کردن لەسەر قەوارەی دەوڵەت .

---

1- د. عبدالله بن حاسن الجابري ، الفساد الاقتصادي انواعه. اسبابه . اثاره وعلاجه ، قسم الاقتصاد الاسلامي ، جامعة ام القرى ، طبعة تمهيدية ، المؤتمر العالمي الثالث للاقتصاد الاسلامي ، ص8 .

# تایبەتمەندیەکانی گەندەڵی

لە پاش ئەو پێناسە و تێڕوانینە جیاوازانەی ئاماژەمان پێدا سەبارەت بە چەمکی گەندەڵی و فۆڕم و شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەگەینە ئەو بڕوایەی کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەش هەن لە نێوان سەرجەم جۆرە جیاوازەکانی گەندەڵی و دەتوانین تیشکیان بخەینە سەر لە ڕێگای ئەم خاڵانەی خوارەوە :

1- گەندەڵی ڕەفتارێکی لادەرانەیە و کردارێکی دژ بە ئاکارە کۆمەڵایەتیەکان و بنەما یاساییەکانە و تاوانێکی بەئەنقەستە یاسا سزای بکەرانی دەدات .

2- خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و پێگە و پۆستە جا گشتی بێت یان تایبەت بەمەبەستی بەدی هێنانی بەرژەوەندی کەسی مادی یان مەعنەوی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی .

3- ڕەنگە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام بدرێت بەڵام زۆربەی جار زیاتر لە لایەنێك بەشدارن لە گەندەڵیدا .

4- گەندەڵی سروشتێکی نهێنی لەخۆدەگرێت ، ڕێکارەکانی ئامادەکاری و ڕیکەوتن و میکانیزمی ئەنجامدانی بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدرێت .

5- چەمکی گەندەڵی لە گۆرانکاری و بەرەوپێشچوونی بەردەوامدایە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت و دیاریکردنی ئەستەمە ، بەردەوام و خێرا بڵاو دەبێتەوە .

6- جگە لەوەی گەندەڵی بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت ، تەنانەت لەناو کۆمەڵگایەك و وڵاتێکی دیاریکراودا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت . هەروەها شێوازی ڕوبەڕوبونەوە و میکانیزمی دژایەتی کردن و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت بە پێی تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگایەك و چ میکانیزمێك دەگونجێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی .

7- گەندەڵی لە تاوانە گەورە و مەترسیدارەکانە ، زیان دەگەیەنێت بە قەوارەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چارەنوسی میلەتان و لێکەوتەکانی تێدەپەڕێت بۆ نەوەکانی داهاتوو .

## هۆکارەکانی گەندەڵی

کۆمەڵە هۆکار و پاڵنەرێك هەن بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی لەناو کۆمەڵگادا بەشێوەی جۆراوجۆر بە پێی جیاوازی سروشتی کۆمەڵگاکان و دەکرێت کۆیان بکەینەوە لەم هۆکارانەی خوارەوە :

### 1- هۆکارە تایبەتیەکان:

بریتییە لەو هۆکارانەی لەناو خودی کەسایەتیە گەندەڵکارەکەدایە و پەیوەستە بە سروشتی پێکهاتە و بونیادی کەسەکە و هاندەرن بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی ، بەشێوەیەك بەها و بنەما ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان لەدەست دەدات (1) .

---

1- مدرس علي سكر عبود ، تحليل صور واسباب الفساد المالي والاداري –دراسة استطلاعية لعينة مختارة في محافظة الديوانية ، المعهد التقني في الديوانية ، مجلة القادسية للعلوم الادارية والاقتصادية ، المجلد 12 ، العدد 1 ،لسنة 2010 ، ص124 .

بۆ زیاتر بڕوانە : ضامن محمد عقله الهاشم ، مكافحة الفساد الاداري والمالي في ضوء التشريعات الاردنية دراسة مقارنة باتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2003 ، رسالة ماجستير ، كلية الدراسات القانونية العليا جامعة الاسراء الخاصة 2010 ، ص20 .

## 2- هۆکارە سیاسیەکان :

هۆکارە سیاسیەکان ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە بڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی و لەو بارەیەوە هەریەك لە دیك (Dijk) و بسکالیا ( Buscalglia) لایەنگرانی ڕاڤەکردنی سیاسیانەی گەندەڵی پێیان وایە هەر کاتێك دیموکراسی گەشەی کرد و میدیای ئازاد برەوی پێدرا و ڕۆڵی کارای گێڕا گەندەڵی کەم دەبێتەوە وبە پێچەوانەشەوە بە نەبوونی دیموکراسی و زیادبوونی میدیای سەر بە حکومەت ڕێژەی گەندەڵی هەڵدەکشێ (1) ، لە گرنگترین ئەو هۆکارە سیاسیانە نەبوونی کەشێکی دیموکراسی و بەرتەسك کردنەوەی ئازادیەکان و ستەمی سیاسی و کۆکردنەوەی دەسەلاّت لەدەستی کەسێکی دیاریکراو یان گروپێکی دیاریکراو و ناجێگیری سیاسی بەهۆی شەڕی ناوخۆیی و بزوتنەوە جوداخوازی و کودەتاکان ، بلاّوبونەوەی بیروکراسی کارگێڕی و کۆکردنەوەی دەسەلاّتە کارگێڕیەکان لە سەنتەردا و پەیڕەو نەکردنی لامەرکەزی کارگێڕی ، نەبونی شەفافیەت و سستی لێپرسینەوە و لاوازی دەسەلاّتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و پارێزگاریکردن لە گەندەڵکاران و چاوپۆشیکردن لێیان بەهۆکاری نزیکیان لە دەسەلاّتداران یان بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان خاوەن سەرمایە و دەسەلاّتداران...هتد(2) .

---

1– حاحة عبدالعالي ، المصدر السابق ، ص89 .

2- فهد بن محمد الغنام ، مدى فاعلية الاساليب الحديثة في مكافحة الفساد الاداري من وجهة نظر اعضاء مجلس الشورى في المملكة العربية السعودية ، رسالة مقدمة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير في العلوم الادارية ، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية ، كلية الدراسات العليا قسم العلوم الادارية ، الرياض 1432 هـ – 2011م ، ص 18-19 .

بۆ زیاتر بڕوانە : سمر احمد محمد الدمنهوري ، جرائم الفساد وسبل مكافحتها واثرها على الايرادات الضريبية كمصدر جبائي للدولة ، اطروحة لاستكمال متطلبات الحصول على درجة الماجستير في المنازعات الضريبية، جامعة النجاح الوطنية ، كلية الدراسات العليا، نابلس- فلسطين، 2017 م ، ص34 ، 39-40 .

- بشار محيسن حسن الامارة ، سەرچاوەی پێشوو ، ص31 .

## 3- هۆكاره ئابوریەكان :

هۆكاره ئابوریەكان یەكێكه له گرنگترین ئەو هۆكارانەی كاریگەریان هەیه له سەر تەشەنەسەندن و بلاّوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی ، لەو هۆكارانەش خراپ دابەشكردنی داهاتی نەتەوەیی ، نادادپەروەری له دابەشكردنی سامانی ولاّت ، جیاوازی چینایەتی ، قۆرخكاری چینێكی دیاریكراو بۆ كەرته ئابوریەكان ، قەیرانی ئابوری و كەمی بڕی موچه و كرێی كاركردن ، بلاّوبونەوەی بێ كاری و هەژاری لەبەرامبەردا بەرزبونەوەی تێچوی بژێوی ژیان كه ژینگەیەكی گونجاو دروست دەكات بۆ هەوڵدانی كەسانێك بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و دارایی دیكه گەرچی یاساییش نەبێت ، نەبوونی سیستەمی باجی دادپەروەر و كاریگەر ، هەنگاونانی خێرا بەرەو بەتایبەتكردنی كەرته گشتیەكان له ڕێگای فرۆشتنی دامەزراوه و خزمەتگوزاریه حكومیەكان به كۆمپانیا تایبەتەكان جا نیشتمانی بن یان كۆمپانیای بیانی به گرێبەستی ڕوكەشی ناڕاست (عقود صورية) له ڕێگای دەلاّل و نێوەندگیرەوه له بەرامبەر پێدانی بەرتیل (1) .

---

1- نور شدهان عداي و عبدالكاظم داخل عجلان ، الفساد واثره على الاقتصاد العام ، دراسة ، وزارة المالية /الدائرة الاقتصادية قسم السياسة الضريبية ، ص7 .

بۆ زیاتر بڕوانه : د. كمال امين الوصال ، سەرچاوەی پێشوو ، ص174- 190 .

- فهد بن محمد الغنام ، سەرچاوەی پێشوو ، ص18 . - سمر احمد محمد الدمنهوري ، سەرچاوەی پێشوو ، ص36- 38 . - بشار محيسن حسن الامارة ، سەرچاوەی پێشوو ، ص45- 46 .

- د. هشام مصطفى محمد سالم الجمل ، الفساد الاقتصادي واثره على التنمية في الدول النامية واليات مكافحته من منظور الاقتصاد الاسلامي والوضعي ، جامعة الازهر - مجلة كلية الشريعة والقانون بطنطا ، العدد الثلاثون – الجزء الثاني ، مصر ، يناير ، 2015 ، ص543- 545.

- د. نزار عبدالامير تركي الغانمي ، حمد جاسم محمد الخزرجي ، الفساد المالي والاداري ودوره في تحجيم الاقتصاد العراقي بعد الاحتلال الامريكي للعراق عام 2003 ، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي رئاسة جامعة كربلاء ، بحث قدم في المؤتمر العلمي السنوي الثالث عشر لكلية القانون ،2017 ، ص11 - 12 .

## 4- هۆكاره كۆمه‌لأیه‌تی و ڕۆشنبیریه‌كان :

سروشتی كۆمه‌لگا و په‌یوه‌ندی كۆمه‌لأیه‌تی تاكه‌كان ڕۆڵی كارا ده‌گێڕن له بلأوبونه‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی له ولأته دواكه‌وتوه‌كاندا . ئه‌وروپیه‌كان پێیان وایه دۆستایه‌تی و كه‌سایه‌تی و خزمایه‌تی جۆرێكه له جۆره‌كانی گه‌نده‌ڵی به‌پێچه‌وانه‌ی دیدگای زۆرێك له تاكه‌كان له كۆمه‌لگا دواكه‌وتوه‌كاندا كه پێیان وایه به‌شێكه له پابه‌ندبوون به به‌ها و باوه كۆمه‌لأیه‌تیه‌كان و جۆرێكه له‌ڕێزگرتن و ئه‌ركێكی ئه‌خلاقیه به هۆكاری خێزانی و خێڵه‌كی ...هتد (1) .

هه‌ربۆیه داب و نه‌ریته نه‌رێنیه‌كان و په‌روه‌رده‌ی خێزانی نادروست و نزمی ئاستی خوێنده‌واری و هه‌ره‌سهێنانی به‌ها ئه‌خلاقی و ئاینیه‌كان هۆكاری كاریگه‌رن بۆ بلأوبونه‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی .

هه‌روه‌ها پێدانی به‌رپرسیارێتی به كه‌سانی دانه‌مه‌زراو و بێ توانا له‌سه‌ر بنه‌مای نزیكی و خزمایه‌تی و به هۆكاری كۆمه‌لأیه‌تی و بنه‌ماڵه‌یی و خێزانی ڕۆڵی كاریگه‌ر ده‌گێڕێت له بلأوبونه‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی و ڕاگرتنی گه‌شه‌سه‌ندنی ئابوری ، جگه له‌وه نه‌بونی ئازادی ڕۆژنامه‌گه‌ری و سستی ڕۆڵی دامه‌زراوه‌كانی كۆمه‌لگای مه‌ده‌نی له‌چاودێریكردنی كاروباری حكومه‌ت له هۆكاره‌كانی بلأوبونه‌وه و زیادكردنی گه‌نده‌ڵین .

---

1- ضامن محمد عقله الهاشم ، سه‌رچاوه‌ی پێشوو ، ص23 .

لەلایەکی دیکەوە بەرژەوەندی و پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هاوبەش و وەبەرهێنەرە بیانیەکانی دەوڵەتانی دیکە و بەکارهێنانی ڕێکاری نایاسایی لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکان بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و سوود و قۆرخکاری یان ساخکردنەوە و فرۆشتنی کاڵای ماوەبەسەرچوو لەناو دەوڵەتدا هۆکاری دیکەن بۆ بڵاوبونەوەی گەندەڵی (1).

گەندەڵی لەسەرجەم کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە بەڕێژەی جیاواز و لە هەندێ قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکاندا زیاتر بڵاوە بە بەراورد بە قۆناغەکانی دیکە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستی گەندەڵی و ڕێژەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندی هەیە بەو پێشکەوتنە کۆمەلایەتی و ئابوریە خێرایەی لەم سەردەمەدا هەیە و کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕۆڵدەگێرێت لە پەیدابوونی سەرچاوەی نوێ بۆ سامان و دەسەلات (2) .

---

1- حمودي جمال الدين ، الفساد الاداري - الجزء الثاني – اسبابه – انواعه – اشكاله –اثاره ، الحوار المتمدن ، العدد4726 ، 2015/2/20 ، www.ahewar.org .

بۆ زیاتر بڕوانە : اشرف محمد زهير فخري المصري ، الفساد في السلطة الوطنية الفلسطينية واثر محاربته في تعزيز الانتماء الوطني للفرد الفلسطيني (1994-2006) ، اطروحة لاستكمال متطلبات الحصول على درجة الماجستير في التخطيط والتنمية السياسية ، جامعة النجاح الوطنية ، كلية الدراسات العليا ، نابلس-فلسطين ، 2010م ، ص26-27 .

- فهد بن محمد الغنام ، سەرچاوەی پێشوو ، ص17 .

- باديس بوسعيود ، سەرچاوەی پێشوو ، ص37- 39 .

2- صمويل هنتجتون ، سەرچاوەی پێشوو ، ص77- 79 .

هەروەها شۆڕشی تەکنەلۆجی و ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە بواری پەیوەندیکردن و زانیاریدا ڕوویانداوە فۆڕمی ژیانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی خێرا گۆڕی ، هەروەك بیرمەند مارشاڵ ماکلوهان (Herbert Marshall McLuhan) گوزارشتی لێوەدەکات جیهانی گۆڕی بۆ گوندێکی گەردونی ئەمەش یارمەتیدەربوو بۆ خێرا بلاّو بونەوە و زیادکردنی گەندەڵی ، بۆ نموونە گەندەڵیەکانی جۆری ساختەکردن (تزویر) و هەڵخەڵەتاندن (احتیال) و تاوانە ڕێکخراوەکان لە ڕێگای ئەنتەرنێت و لە چوارچێوەی بازرگانی ئەلکترۆنی (1) .

1- عماد صلاح عبدالرزاق الشيخ داود ، الفساد والاصلاح – دراسة ، من منشورات اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، 2003 ، ص118- 122 . تم نشر هذا الكتاب واعدادها اليا بواسطة المكتبة الشاملة ، www.shamela.ws .

## لێکەوتەکانی گەندەڵی

گەندەڵی کۆمەڵە لێکەوتەیەکی نەرێنی لێدەکەوێتەوە بەپێی جۆرەکانی گەندەڵی و پۆلێنکردنەکانی و هۆکارە جیاوازەکانی بەشێوەیەك هەمو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان لە خۆ دەگرێت :

### 1- لێکەوتە سیاسیەکان :

گەندەڵی یەکێکە لە سەرچاوەکانی ناجێگیربونی سیاسی، بۆشایی دروست دەکات لە نێوان هاولاٌتیان و دەسەلاٌتدا ، جیاوازی چینایەتی قوڵ دەکاتەوە و دەبێتە هۆکاری لە دەستدانی ڕەوایەتی (شرعیة)ی حکومەت و پاڵنەر و هاندەری هاولاٌتیانە بۆ ئەنجامدانی توند و تیژی یان بەرپاکردنی شۆڕش بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ڕوخاندنی حکومەت ، گەندەڵی دەبێتە هۆی لاوازی دامەزراوە کارگێڕیەکان و لەدەستدانی متمانەی هاولاٌتیان بە دەسەلاٌتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری ، ڕێژەی بەشداریکردنی سیاسی لاواز دەکات و متمانە ناهێڵێت بەپرۆسەی سیاسی ، هەروەها گەندەڵی ڕێژەی پێشێلکاری دژ بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکان زیاد دەکات و ئازادی ڕۆژنامەگەری بەرتەسك دەکاتەوە و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوەکانی چاودێری پاشەکشە پێدەکات و نەك تەنها کار لە دەوڵەت دەکات لەسەر ئاستی نیشتمان بەڵکو پێگەی دەوڵەت لاواز دەکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش (1) .

---

1- الدكتور احمد ابو دية ، الفساد : سبله واليات مكافحته ، منشورات الائتلاف من اجل النزاهة والمسائلة – امان 2004 ، الطبعة الاولى –شباط2004 ، ص6 .

بۆ زیاتر بڕوانە : اشرف محمد زهير فخري المصري ، سەرچاوەی پێشوو ، ص37-39 .

- فهد بن محمد الغنام ، سەرچاوەی پێشوو ، ص23 .

## 2- لێكەوتە كۆمەڵایەتیەكان :

لە دیارترین لێكەوتە كۆمەڵایەتیەكانی گەندەڵی بریتییە لە لاوازبوونی بەها ئەخلاقیەكان و بڵاوبونەوەی بێزاری و هەستكردن بە نائومێدی لەناو تاكەكانی كۆمەڵگادا ، نادادپەروەری كۆمەڵایەتی و قوڵبونەوەی جیاوازی چینایەتی و بڵاوبونەوەی هەژاری و بێكاری و دابەزینی ئاستی بژێوی ، هەروەها نادادپەروەری لە دابینكردن هەلی كار بەتایبەت بۆ خاوەن تواناكان كە هۆكارن بۆ بڵاوبونەوەی دیاردەكانی كۆچ و توند و تیژی و لادان و تاوانە ڕێكخراوەكان و تیرۆر، لەگەڵ كەمبونەوەی ڕێژەی خزمەتگوزاریە تەندروستیەكان و دابەزینی ئاستی خوێندن و....هتد (1) .

لەگەڵ بەردەوام بوونی دیاردەی گەندەڵی و هەوڵ نەدان بۆ دژایەتی كردنی و چارەسەركردنی و نەبونی دامەزراوەی چالاك بۆ چاودێری و بەدواداچون و سزادانی گەندەڵكاران تێڕوانینێك دەچەسپێنێت لە هزری تاكەكانی كۆمەڵگادا كە گەندەڵی كارێكی ئاساییە و بارودۆخی گەندەڵكاران لەڕوی گوزەرانەوە زۆر باشترە لە تاكەكانی دیكەی كۆمەڵگا ئەمەش پاڵنەر دەبێت بۆ سەركێشی كردنی تاكەكان و ئەنجامدانی گەندەڵی تا ئەو ڕادەیەی گەندەڵی ببێتە نەریتێكی پەیڕەوكراوی ناو كۆمەڵگا لە مامەڵە و كاروبارە كارگێڕیەكانی ناو دامەزراوە گشتی و تایبەتیەكان هەروەك ئەو دۆخەی عێراق و هەرێمی كوردستان پیایدا تێدەپەڕێت .

---

1- سمر احمد محمد الدمنهوري ، سەرچاوەی پێشوو ، ص51.

بۆ زیاتر بڕوانە : المرسي السيد حجازي ، التكاليف الاجتماعية للفساد ، مجلة المستقبل العربي –بيروت ، العدد266 ، ابريل 2001 ، ص28 .

- د. حمدي الخواجا ، اثر الفساد على الجوانب الاقتصادية والاجتماعية ، ورقة عمل مقدمة في " الورشة التدريبية بعنوان الموروث الديني ودوره في محاربة الفساد " رام الله /فلسطين ، 2011/6/11 ، هيئة مكافحة الفساد –وزارة الاوقاف والشؤن الدينية ، ص7- 12 .

## 3- لێکەوتە ئابوریەکان :

**گەندەڵی کۆمەڵە لێکەوتەیەکی ڕوخێنەر و شکست هێنەری ئابوری لێدەکەوێتەوە کە دەبێتە هۆی شێواندنی ئابوری نیشتمانی وەك بەفیڕۆدانی موڵك وماڵی دەوڵەت بە نمونەی فرۆشتنی موڵکی دەوڵەت بە کەمتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی ، زیادکردن و کەمکردنەوەی ناڕاست و ڕوکەش (صوري)، بەدەست هێنانی گرێبەست لەلایەن بەڵێندەرانەوە بە نرخی کەمتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆی لە ڕێگای پێدانی بەرتیل و کەمبونەوەی داهاتی دەوڵەت لەڕێگای خۆدزینەوە لە پێدانی باج ، هەروەها گەندەڵی ڕێگرە لە گەشەسەندنی ئابوری و کەمبونەوەی داهاتی تاك و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و ناڕێکی لە دابەشکردنی داهات ، جگە لەوەی گەندەڵی ڕێگرە لەبەردەم هەوڵەکانی گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئابوری و هۆکارە بۆ دورکەوتنەوەی وەبەرهێنەری نیشتمانی لە وەبەرهێنان و ڕووکردنە دەرەوەی وڵات بۆ وەبەرهێنان و پەشیمانبونەوەی وەبەرهێنەری بیانی لە ئەنجامدانی وەبەرهێنان بە هۆی ڕێگری و بەرزبونەوەی تێچوی وەبەرهێنان لە ئەنجامی داواکردنی بەرتیل و فۆرخکاری و پێشکەش نەکردنی ئاسانکاری کارگێڕی ، جگە لە شکست هێنانی دەوڵەت بۆ بەدەستهێنانی کۆمەك و هاوکاری دەرەکی بەهۆی ناو زڕاندنی و لەدەستدانی پێگەو ناوبانگی سیستەمی سیاسی ، لەگەڵ کورتهێنانی بودجە بەهۆی کەمبونەوەی داهات و زیادبوونی خەرجیەکان ، هەروەها کۆچکردنی خاوەن توانا ئابوریەکان بۆ دەرەوەی وڵات لەئەنجامی پەراوێزخستنیان و نەڕەخساندنی هەل بۆ بەدەستهێنانی کار لەکەرتی گشتیدا بەهۆی واستە و خزمایەتی ...هتد(1) .**

---

**1- د. ابتهال محمد رضا داود ، الفساد الاداري واثاره السياسية والاقتصادية مع اشارة خاصة الى تجربة العراق في الفساد ، بحث منشور في مجلة دراسات دولية ، العدد الثامن والاربعون ، 2011 ، ص73- 76 .**

**بۆ زیاتر بڕوانە : أ.د. هاشم الشمري و د. ايثار الفتلي ، الفساد الاداري والمالي واثاره الاقتصادية والاجتماعية ، دار اليازوري العلمية ، 2012 ، ص75 ومابعدها .**

## بەشی دووەم

# دژایەتی کردنی گەندەڵی

گەندەڵی بە شێوازە جیاواز و فۆڕمە جۆراوجۆرەکانیەوە لەو دیاردە جیهانیانەیە کە لە سەرجەم کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە وەك پەتایەك لەتەواوی کەرت و بوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاودەبێتەوە ، زوو بەدەمەوەنەچونی و چارەسەرنەکردنی گرفتەکە لە قۆناغەکانی سەرەتایدا و کەمتەرخەمی لە دژایەتی کردنیدا دەبێتە هۆکاری بوونی بە سیستەمی ژیان و نەریتێکی باوی ناو کۆمەڵگا و دواتر هەڵوەشانی شیرازەی کۆمەڵگا و قەوارەی سیاسی و سیستەمی ئابوری بەتەواوی .

لەبەر کاریگەریە مەترسیدارەکانی ئەم دیاردەیە هەوڵی زۆر دەدرێت بۆ دژایەتی کردن و ڕێگری کردن لە بڵاوبونەوەی چ لە سەر ئاستی ناوخۆیی وڵاتان بێت یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ، و لەم دوو خاڵەدا ڕونی دەکەینەوە :

- دژایەتی کردنی گەندەڵی لە سەر ئاستی نیشتمانی .
- دژایەتی کردنی گەندەڵی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی .

# دژایەتی کردنی گەندەڵی لە سەر ئاستی نیشتمانی

لەبەر ئەو دەرهاویشتە نەرێنی و لێکەوتە مەترسیدارانەی گەندەڵی بەدوای خۆیدا دەیهێنی بەو پێیەی یەکێکە لەو تاوانانەی قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری وڵات دەخاتە مەترسیەوە ، دژایەتی کردنی گەندەڵی بۆتە پێویستیەکی گرنگ بۆ پاراستنی ئابوری نیشتمان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی ئابوری و بەهێزکردنی گیانی نیشتمان پەروەری و هاونیشتمانی بوون ، لەم بارەیەشەوە هەوڵی بەردەوام لەئارادایە لەسەر ئاستی ناوخۆیی لەسەرجەم وڵاتان بۆ دژایەتی کردن و ڕێگە گرتن لە بڵاوبونەوەی گەندەڵی لە ڕێگای کۆمەڵە میکانیزمێکەوە وەك :

1- ئیرادەی دەسەڵاتداری سیاسی و نیەتی دەستەبژێری حوکمڕان بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی و ڕیشەکێشکردنی هۆکارەکانی و لابردنی لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی بنەمای سەرەکی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵییە .

گرنگترین ڕێکارەکانی ڕێگەگرتن لە بڵاوبونەوەی بریتییە لە شەفافیەت (الشفافية) و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتداران و بەهێزکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و چاکسازی سیاسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکانی هاوڵاتیان و بەشداری پێکردنی هاوڵاتیان لە دروستکردنی بڕیارە سیاسی و ئابوریەکان و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕوبەڕوبونەوەی لێکەوتە نەرێنیەکانی جیهانگیری (1) .

2- گرنگی پێدان و کاراکردنی دامەزراوەکانی چاودێری وەك ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان و دەسەڵاتی یاسادانان و دەزگاکانی چاودێری و دامەزراوە تایبەتەکانی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی وەك دەستەکانی دەست پاکی (هيئات النزاهة) و دەزگاکانی نەهێشتنی گەندەڵی

---

1- د. ناصر عبيد ناصر ، تفكيك ظاهرة الفساد ، النبأ ، العدد 80 ، كانون الثاني 2006 ، www. annabaa.org.

(اجهزة مكافحة الفساد) و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری دارایی وکارگێڕی (مديريات الرقابة المالية والادارية ) .

3- لابردنی بەربەستەکانی بەردەم ڕێکارەکانی چاودێری بۆ دژایەتی و ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی بە شێوەیەکی ڕوون .

4- سەربەخۆیی دادگا و دەست تێوەرنەدان لەکاروبارەکانی و جێبەجێکردنی یاسا و یەکلایی کردنەوەی کەیسەکانی گەندەڵی و بڕیاردان تیایدا بە خێرایی بە شێوەیەك بنەماکانی دادپەروەری و بەرژەوەندی گشتی پەیڕەو بکرێت . لەگەڵ کارا کردنی ڕۆڵی دامەزراوەی داواکاری گشتی .

5- ئەنجامدانی چاکسازی ئابوری و دارایی و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە ئابوری و داراییەکان وەك دابەش کردنی سامان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و باشکردنی کرێ و موچە و دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی بێ کاری و نەهێشتنی قۆرخکاری ، هەروەها ڕێکخستنەوەی باج بەشێوەیەك دادپەروەری کۆمەلأیەتی بهێنێتەدی .

6- ئازادی ڕاگەیاندن و کاراکردنی ڕۆڵی لە چاودێریکردندا و پشتیوانی کردنی ڕۆڵی دامەزراوە میدیاییەکان لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە مەترسیەکانی گەندەڵی.

7- کاراکردنی ڕۆڵی چاودێری دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و دژایەتی کردنی .

8- بلأوکردنەوەی ڕۆشنبیری دژایەتی کردنی گەندەڵی و گەندەڵکاران و بلأوکردنەوەی هوشیاری لە نێو کۆمەڵگادا و پاراستنی کۆمەڵگا و بەها پیرۆزەکانی لە ڕێگای دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکاریەکان(1) .

---

1- سهيلة ارزقي امنصوران ، تاثير الفساد الاقتصادي على النشاط التنموي في البلاد النامية دراسة تحليلية ، كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير /جامعة الجزائر ، مركز الدراسات الاقليمية – دراسات اقليمية 6 (15) ، ص178- 180. بۆ زیاتر بڕوانە : فهد بن محمد الغنام ، سەرچاوەی پێشوو ، ص102 .

9- سود وەرگرتن لە ئەزمونی ولاّتان و هەوڵە نێودەوڵەتیەکان لە بواری دژایەتی کردنی گەندەڵی وەك ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەوڵی ڕێکخراو و کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان (1).

10- هەموارکردنەوەی یاساکان و دەرکردنی یاسای دیاریکراو و ڕوون و دیاریکردنی سزای گونجاو بۆ گەندەڵکاران لە بواری کەرتی گشتی و تایبەتدا (2) .

11- پەیڕەوکردنی سیستەمی ئەلکترۆنی کارگێڕی بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەرك و خەرجیەکان و گێڕانەوەی کات و زامنکردنی تایبەتمەندێتی و پاراستنی ئاسایشی تۆڕی زانیارییەکان (3) .

12- چاکسازی لەبواری کارگێڕی و خزمەتی شارستانی ، دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەر و بەرپرسە کارگێڕیەکان لە کەسانی خاوەن ئەزمون و بەتوانا و کارا .

13- پشتیوانی کەرتی تایبەت و دەرکردنی ئەو یاسایانەی هانی وەبەرهێنان دەدات و ئاسانکاری لەڕێکارەکانی وەبەرهێنان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ئابوری گەشەسەندوو و تەرخانکردنی هەلی کار (4) .

---

1- مدرس علي سكر عبود ، سەرچاوەی پێشوو ، ص126 .

2- د. نزار عبدالامير تركي الغانمي ، حمد جاسم محمد الخزرجي ، سەرچاوەی پێشوو، ص22 .

3- د. فريجة محمد هشام ، ضرورة التعامل باسلوب الادارة بالاهداف كاداة للادارة الالكترونية ، مجلة الاقتصاد الخليجي ، العدد (28) حزيران 2016 ، ص91 - 92 .

4- بوزيد سايح ، سبل تعزيز المساءلة والشفافية لمكافحة الفساد وتمكين الحكم الراشد في الدول العربية ، مجلة الباحث ، عدد10 ، 2012 ، ص63- 64 .

## دژایەتی کردنی گەندەڵی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

گەندەڵی گرفتێکی ئێجگار ئاڵۆزە لەئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکی تێکەل و فرە ڕەهەند و بە فۆڕم و شێوازی جۆراوجۆر و لێکەوتەی جیاواز ، گەندەڵی تەنها گرفتێکی نیشتمانی و ناوخۆیی ولآتان نییە ، بەڵکو بووە بە دیاردەیەکی نێودەوڵەتی و گرفتێکی سنور بەزێنە دەگوازرێتەوە لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە لەڕێگای کۆمپانیا فرە ڕەگەزنامەکانەوە بێت یان لقەکانی کە دەبنە ڕێڕەوێك بۆ گواستنەوەی ئەزمونی گەندەڵی ، یان ئەنجامدانی گەندەڵی لە ڕێگای گرێبەستە بازرگانیەکانی تۆڕی ئەنتەرنێت ، ئەمەش وایکرد لەپاڵ هەوڵە ناوخۆیی و نیشتمانیەکاندا گرنگی بدرێت بە هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی و ڕێگەگرتن لە بلآوبونەوەی (1) .

لەگەل ئەوەشدا گرنگیدان بە دیاردەی گەندەڵی کارێکی نوێ نیە و لەمێژینەیە و تێگەیشتنێکی گشتگیر هەیە سەبارەت بە مەترسی گەندەڵی و لێکەوتە نەرێنیەکانی لەسەر گەشەسەندنی مرۆیی و پێشکەوتنی کۆمەلآیەتی و ئابوری و سیاسی و جێگیربونی قەوارە سیاسیەکان ، بەلآم ئەوەی نوێیە داڕشتنی ئەو گرنگی پێدانەیە بە دیاردەی گەندەڵی لەچوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی لەپێناو دژایەتی کردن و ڕێگەگرتن لە بلآوبونەوەی گەندەڵی بێ ئەوەی سەروەری دەوڵەتان پێشێل بکرێت لە چوارچێوەی هاوکاری و پاڵپشتی نێودەوڵەتی (2) .

---

1- فهد بن محمد الغنام ، سەرچاوەی پێشوو ، ص102 .

2- احمد بن عبدالله بن سعود الفارس ، تجريم الفساد في اتفاقية الامم المتحدة - دراسة تاصيلية مقارنة ، رسالة مقدمة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير في قسم العدالة الجنائية تخصص التشريع الجنائي الاسلامي ، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية /كلية الدراسات العليا /قسم العدالة الجنائية /تخصص التشريع الجنائي الاسلامي ، 1429هـ - 2008م ، الرياض ، ص18 .

هەوڵە نێودەوڵەتیەکان هەنگاوی گەورەیان هاویشتوە لە بواری دژایەتی کردنی گەندەڵی لە ڕێگای چەندین ڕێکەوتننامە و دەق و ڕاسپاردە و بڕیار و بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتیەکانەوە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە لەپێناو نەهێشتنی گەندەڵی لەگەڵ پەرەپێدانی دامەزراوە و دەستە نێودەوڵەتیەکان و میکانیزمە جیاوازەکانی تایبەت بە دژایەتی کردنی گەندەڵی ، کە گرنگترینیان بریتین لە :

یەکەم- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN.

دووەم- سندوقی دراوی نێودەوڵەتی IMF.

سێیەم- بانکی نێودەوڵەتی BIRD.

چوارەم- ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی TI.

پێنجەم- ڕێکخراوی پەرلەمانتارانی جیهانی دژ بە گەندەڵی GOPAC[1] .

---

1- د. نعمات محمد صفوت ، دور قواعد القانون الدولي في مكافحة الفساد ، المجلة القانونية (مجلة علمية محكمة نصف سنوية) ، جامعة القاهرة ، المجلد 7 العدد1 الربيع 2020 ، ص17-20 .

یەکەم- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (الامم المتحدة) UN :

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی و ڕێگەگرتن لە تەشەنەسەندنی ئەم دیاردەیە لە ڕێگای کۆمەڵێك دەق و بڕیار و ڕاسپاردە و بەڵگەنامەی یاسایی نێودەوڵەتیەوە گرنگترینیان :

1- بەڵگەنامەی تایبەت بە بنەماکانی ڕەفتاری فەرمانبەرانی جێبەجێکەری یاساکان (مدونة لقواعد سلوك الموظفين المكلفين بانفاذ القوانين) (1).

2- ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانی کردنی نایاسایی بە تلیاك و مادە هۆشبەرەکان لە ساڵی 1988 (ڕێکەوتننامەی ڤیننا) ، (الاتفاقية الدولية للامم المتحدة لمكافحة الاتجار غير المشروع بالمخدرات والمؤثرات العقلية لسنة 1988 (اتفاقية فيننا) ، تیایدا هۆشداریدا سەبارەت بە مەترسی دیاردەی گەندەڵی و کاریگەری نەرێنی میکانیزم و ڕێکارەکانی سپیکردنەوە و شتنەوەی ئەو پارانەی کە گروپەکانی تاوانی ڕێکخراو ئەنجامی دەدەن بۆ شاردنەوەی ئەو پارانەی دەستیان دەکەوێت لە بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان (2) .

3- بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە بنەماکانی ڕەفتاری فەرمانبەرە گشتیەکان ، (المدونة الدولية لقواعد سلوك الموظفين العموميين) ( 3) .

---

1- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (34/169) لعام 1979 .

2- عماد صلاح عبدالرزاق الشيخ داود ، سەرچاوەی پێشوو ، ص270 .

بۆ زیاتر بڕوانە : مكتب الامم المتحدة المعني بالمخدرات (UNODC) ، الاتفاقيات الدولية لمراقبة المخدرات ، طبعة منقحة 2013 ، اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الاتجار غير المشروع في المخدرات والمؤثرات العقلية لسنة 1988 ، ص81 وما بعدها .

3- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (51/59) لعام 1996 .

4- ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بەرتیل لە مامەڵە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان ، (اعلان الامم المتحدة لمكافحة الفساد والرشوة في المعاملات التجارية الدولية) (1).

5- هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بەرتیل لە مامەڵە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان ، (التعاون الدولي على مكافحة الفساد والرشوة في المعاملات التجارية الدولية )(2) .

6- بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێکارەکانی نەهێشتنی گەندەڵی و بەرتیل لە مامەڵە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان ، (قرار الامم المتحدة فيما يتعلق باتخاذ تدابير مكافحة الفساد والرشوة في المعاملات التجارية الدولية )(3) .

7- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دانانی ڕێکەوتننامەیەك بۆ نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سنور بەزێن (قرار الجمعية العامة لوضع اتفاقية لمكافحة الجريمة المنظمة عبر الوطنية) لەگەڵ تۆمارکردنی ڕێکارەکانی نەهێشتنی گەندەڵی پەیوەندیدار بە تاوانی ڕێکخراوەوە لە پرۆژەی ڕێکەوتننامەکە ، هەروەها داوا لە لیژنەی تایبەتمەند کرا لێکۆڵینەوە لە دانانی بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی بکات سەبارەت بە نەهێشتنی گەندەڵی ، تەواوکەری ڕیکەوتننامەی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سنور بەزێن بێت یان سەربەخۆ بێت لە ڕێکەوتننامەکە (4) .

---

1- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (51/191) لعام 1996 .

بۆ زیاتر بڕوانە : د. شريهان ممدوح حسن احمد ، جهود مكافحة الفساد الاداري والمالي في المملكة العربية السعودية "دراسة مقارنة" ، دراسة منشورة في المجلة القانونية ، جامعة القاهرة ، كلية الحقوق فرع الخرطوم ، المجلد 4 ، العدد 4 ، 2018 ، ص21 .

2- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (52/87 ) لعام 1997 .

3- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (53/176 ) لعام 1999 .

4- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (54/128 ) لعام 1999 .

8- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێکاری زیاتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نیشتمانی بۆ دژایەتی کردنی کردەوە گەندەڵکاریەکان (قرار الجمعية العامة لاتخاذ المزيد من التدابير الدولية والوطنية لمحاربة الممارسات الفاسدة) (1) .

9- ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سنور بەزێن و پرۆتۆکۆلەکانی بۆ ساڵی 2000 ، (اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الجريمة المنظمة عبر الوطنية وبروتوكولاتها لعام 2000) (2) .

10- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی داڕشتنی بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی کارا بۆ نەهێشتنی گەندەڵی (قرار الجمعية العامة للامم المتحدة حول وضع صك قانوني دولي فعال لمكافحة الفساد) ، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 2000 بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ وتووێژکردن سەبارەت بە داڕشتنی ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی و سەربەخۆبێت لە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سنور بەزێن ، هەروەها وتووێژکردن و داڕشتنی لە(ڤێننا) بێت لەڕێگای لایەنێکی تایبەتمەند (3) .

11- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردن و نەهێشتنی کردارە گەندەڵکاریەکان و گواستنەوەی پارە بەشێوەیەکی نایاسایی و گەڕاندنەوەی پارەکان بۆ وڵاتەکانی خۆی ، (قرار الجمعية العامة للامم المتحدة لمنع ومكافحة الممارسات الفاسدة وتحويل الاموال بشكل غير مشروع واعادة الاموال الى بلدانها الاصلية)(4).

---

1- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (54/205) لعام 1999 .

2- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (55/25) لعام 2000 .

3- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (55/61) لعام 2001 .

بۆ زیاتر بڕوانە : احمد بن عبدالله بن سعود الفارس ، سەرچاوەی پێشوو ، ص19 .

4- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (55/188) لعام 2001 .

12- پرۆتۆکۆڵی نەهێشتنی دروستکردنی چەکی ئاگرین و پێکهاتەکانی و بەشەکانی و تەقەمەنی و بازرگانی کردن پێی بە شێوەیەکی نایاسایی ، تەواوکەری ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سنور بەزێن ، (بروتوكول مكافحة صنع الاسلحة النارية واجزائها ومكوناتها والذخيرة والاتجار بها بصورة غير مشروعة ، المكمل لاتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الجريمة المنظمة عبر الوطنية) (1) .

13- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی 2002 سەبارەت بە ئەنجامدانی لیژنەی کاتی تایبەت بە وتووێژکردن بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێکەوتننامەیەکی گشتگیر و کارا بە ناوی ڕێکەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دژ بە گەندەڵی تا ئەو کاتەی ناوێکی دیکەی بۆ دەستنیشان دەکرێت (قرار الجمعية العامة للامم المتحدة لعام 2002 حول قيام اللجنة المؤقتة الخاصة بالتفاوض للوصول الى اتفاقية واسعة و فعالة تعرف باتفاقية الامم المتحدة ضد الفساد الى حين اعطائها اسم اخر ) (2) .

14- بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەیەکی سیاسی ئاست بەرز بۆ ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ، (قرار الجمعية العامة للامم المتحدة لعقد مؤتمر سياسي رفيع المستوى للتوقيع على اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد)(3) .

---

1- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (55/255) لعام 2001 .

2- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (56/260) لعام 2002 .

3- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (57/169) لعام 2003 .

15- لەپاش سەرجەم ئەو کۆشش و بڕیارە نێودەوڵەتیانەی پەیوەست بە یەکخستنی هەوڵەکان بەمەبەستی داڕشتنی ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ، کۆمەڵەی گشتی لە ڕێکەوتی 2003/10/31 ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ساڵی2003ی پەسەند کرد ، (اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2003) (1) .

ئەم ڕێکەوتننامەیە بەیەکەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ئەژمار دەکرێت هێزی پابەندبوونی هەبێت و لە پێشەکیەك (ديباجة) و (71) مادە پێکدێت ، دابەشکراوە بەسەر (8) بەشدا ، ڕێکەوتننامەکە تیشك دەخاتە سەر ئەو تاوانانەی کە دەچنە خانەی گەندەڵییەوە بێ ئەوەی باس لە چەمك و پێناسەی گەندەڵی بکات ، تەنها ئاماژە بەو تاوانانەدەدات کە بە گەندەڵی ئەژمار دەکرێن وەك (بەرتیلی فەرمانبەرە ناوخۆییەکانی کەرتی گشتی ، بەرتیلی فەرمانبەرە بیانییەکانی کەرتی گشتی و فەرمانبەرەکانی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان ، بردنی موڵك و ماڵی گشتی لەلایەن فەرمانبەرانی کەرتی گشتی ، بازرگانی کردن بە پێگە و دەسەڵاتەوە ، خراپ بەکارهێنانی ئەرك و بەرپرسیاریەتی ، دەوڵەمەندبوونی نایاسایی ، بەرتیل لە کەرتی تایبەتدا ، بردنی موڵك و ماڵ لەکەرتی تایبەتدا ، سپی کردنەوەی پارەی داهاتی تاوانەکان ، شاردنەوە ، بەلاڕێدابردنی ڕێڕەوی دادگا ... هتد)(2) .

---

1- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (58/4) لعام 2003 . (اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2003) .

2- بڕوانە المواد 15- 25 من اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2003 .

بۆ زیاتر بڕوانە : د. نعمات محمد صفوت ، سەرچاوەی پێشوو ، ص17- 18 .

له پێشەکی ڕێکەوتننامەکەدا ئاماژەدراوە بە مەترسی گەندەڵی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری کۆمەلآیەتی و سیاسی کۆمەڵگاکان و پەیوەندی گەندەڵی لەگەڵ سەرجەم تاوانەکانی دیکە گرنگترینیان تاوانە ڕێکخراوەکان و تاوانە ئابوریەکان بەتایبەت سپی کردنەوەی پارە ، هەروەها باس لەوەکراوە کە گەندەڵی وەك بابەتێکی ناوخۆیی سنوری وڵاتانی تێپەڕاندووە و بۆتە گرفتێکی نێودەوڵەتی کار لەسەرجەم کۆمەڵگاکان و ئابوری وڵاتان دەکات ، ئەم هۆکارانەش وای کردووە هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی و نەهێشتنی ببێتە پێویستیەکی هەنوکەیی و ئەرکی سەرشانی سەرجەم وڵاتانی جیهان بۆ گەڕانەوەی ئەو دەستکەوتانەی بەشێوەیەکی نایاسایی بەدەست هاتون و هاوکاری کردن و پشتیوانی تاك و گروپەکان لەدەرەوەی کەرتی گشتی و پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبردنێکی دروست بۆ کاروبار و موڵك و ماڵی گشتی و هاوکاری لە بواری دادوەری و جێبەجێکردنی یاسا ...هتد (1) .

ڕێکەوتننامەکە گرنگیداوە بە خستنە ڕوی کۆمەڵە ڕێکارێك بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی یاساکان و کاراکردنی میکانیزمەکانی نەهێشتنی گەندەڵی وەك :

1- بەکار نەهێنانی پارێزبەندی بۆ لێپرسینەوە و بەدواداچوون لە تاوانەکانی گەندەڵی .

2- درێژکردنەوەی ماوەی بەسەرچوون (التقادم) لە تاوانەکانی گەندەڵی .

3- لەبەرچاوگرتنی مەترسی تاوانەکانی گەندەڵی لەکاتی لێخۆشبوونی تایبەت .

4- لادانی فەرمانبەری تۆمەتبار بەتاوانی گەندەڵی یان ڕاگرتنی یان گواستنەوەی وەك ڕێکارێکی خۆپارێزی (احترازي) .

5- دەست بەسەرداگرتنی ئەو پارانەی کە لەئەنجامی تاوانی گەندەڵی بەدەست کەوتون یان بەکار هێنراون لە تاوانەکانی گەندەڵیدا .

---

1- الديباجة من اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2003 .

6- پارێزگاری کردن لە شایەت و شارەزا و قوربانیانی تاوانی گەندەڵی .

7- پارێزگاری کردن لە هەواڵدەرانی تاوانی گەندەڵی .

هەروەها ڕێکەوتننامەکە کۆی ئەو سیاسەت و ڕێکارە خۆپارێزیانەی دیاری کردووە کە پێویستە ولاّتان ڕەچاوی بکەن بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی وەك :

1- دروستکردنی دەستە و دامەزراوەی تایبەتمەند بە نەهێشتنی گەندەڵی .

2- چاو پێداخشاندنەوەی بەردەوام بە سیستەمی دەست پاکی نیشتمانی .

3- ڕەچاوکردنی توانا و لێهاتویی و شەفافیەت لە بەدەست هێنانی پۆستە گشتیەکاندا .

4- پەیڕەوکردنی ڕێکارەکانی دسیپلین بەرامبەر بە فەرمانبەرە سەرپێچیکارەکان .

5- ڕوونی و شەفافیەت لە سیستەمی خەرجیە گشتیەکان .

6- پەیڕەو کردنی ئەو سیاسەتانەی کە پاڵپشتی لە تاك و کۆمەڵگای مەدەنی دەکات بۆ نەهێشتنی گەندەڵی .

7- ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی .

8- سڵەمینەوە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی لێخۆشبون لە باج (1) .

---

1- الائتلاف من اجل النزاهة والمساءلة- امان ، النزاهة والشفافية والمساءلة في مواجهة الفساد ، الطبعة الرابعة 2016 ، ص220–224 .

16- له ساڵی 2009 نەتوە یەکگرتووەکان کۆنگرەیەکی بەست لە شاری (دوحة) بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ، کۆنگرەکە سەرکەوتوو بوو لە گەیشتن بە میکانیزمی بەدواداچونی نەهێشتنی گەندەڵی (1) .

17- لەساڵی2017 نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنگرەی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ساڵی2003 گرێدا و کۆمەڵێك بڕیاری پەسەند کرد وەك : پتەوکردنی هاوکاریە یاساییە ئاڵوگۆڕکراوەکان بە مەبەستی زیادکردنی هەماهەنگیەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و گەڕاندنەوەی پارەکان ، نەهێشتنی گەندەڵی بە هەمو جۆرەکانی بە شێوەیەکی کاریگەرتر، بەهێزکردنی هاوکاریە تەکنیکیەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی بە شێوەیەکی کاراتر، پشتیوانی کردنی هەماهەنگی نێوان ڕکخراوەکانی تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی ، زیاد کردنی ڕێکارە خۆپارێزەکان لە گەندەڵی ، بەدواداچونی ڕاگەیاندنی(مراکش) بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ، جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە وڵاتە بچوکە دواکەوتووەکان .

هەروەها ئاماژە درا بەگەندەڵی لە بواری وەرزش و مەترسیەکانی گەندەڵی و تاوانە ئابوریەکان وەك سپی کردنەوەی پارە لەسەر وەرزش کە دژ بە بنەما سەرەکیەکانی ڕێکەوتننامەی ئۆلۆمپییە و هۆکارە بۆ پەکخستنی ڕۆڵی وەرزش لە گەشەپێدان (2) .

---

1- د. شريهان ممدوح حسن احمد ، سەرچاوەی پێشوو ، ص22 .

2- الامم المتحدة ، مؤتمر الدول الاطراف في اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد ، تقرير مؤتمر الدول الاطراف في اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد عن اعمال دورته السابعة المعقودة في فيننا ، من 6- 10 تشرين الثاني /نوفمبر 2017 ، صدرت في 23/نوفمبر 2017 .

**دووەم - سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (صندوق النقد الدولي) IMF:**

**لەساڵی 1944 سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دامەزرا وەك دەستكەوتی كۆنگرەی (بریتون وۆدز) (bretton woods) كە دەرئەنجام دوو ڕێكەوتننامەی نێودەوڵەتی لێبەرهەم هات :**

**یەكەمیان تایبەت بە دروستكردنی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی .**

**دووەم تایبەت بە دروستكردنی بانكی نێودەوڵەتی ، ئەندامێتی لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی كردە مەرجی ئەندام بوون لە بانكی نێودەوڵەتی .**

**ئامانجی سندوقەكە بریتی بوو لە پتەوكردنی هاوكاری نێودەوڵەتی لە بواری دراو و دابینكردنی حسابێكی نێودەوڵەتی لە زێڕ و زیو بۆ هاوكاری كردنی ئەندامەكانی و پێشكەشكردنی پشتیوانی دارایی لە كاتی روبەڕوبونەوەی كێشەدا .**

**میكانیزمی دەنگدان پەیوەستە بە ڕێژەی پشكی ئەندامەكان ، ئەمەش وادەكات سندوقەكە ئامرازێك بێت بە دەست ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی هێزی ئابوری گەورەن و دواتر هێزی دەنگدانی كاریگەرتر.**

**مەرجی سندوقەكە بۆ ئەندامەكانی بریتیە لە پابەندبوونیان بەكۆمەڵێك بنەما لە سیاسەتی ئابوری نیشتمانی كە گوزارشتی لێدەكات بە دروستی لە خەرجیەكاندا لەبەرامبەر ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر پێشكەشكردنی پاڵپشتی دارایی بۆ ئەندامەكە(1) .**

**لەگەڵ ئەوەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانكی نێودەوڵەتی هاوكاری یەكتری دەكەن لە كۆمەڵێك بابەتدا وەك كەمكردنەوەی هەژاری لە وڵاتە دواكەوتوو و هەژارەكان بەڵام لەهەمان كاتدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە .**

---

1- د.زياد عبدالوهاب النعيمي ، د. احمد طارق ياسين ، اليات مكافحة الفساد الاداري في ضوء احكام القانون الدولي ، مركز الدراسات الاقليمية – دراسات اقليمية العدد(40)، ص116 .

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بە پلەی یەکەم جەخت لەسەر ئەو ڕێکارانە دەکات کە پێویستە وڵاتان بیگرنەبەر بە ئامانجی بەدیهێنانی جێگیربوونی ئابوری و دارایی تەواو و پێویست بۆ گەشەسەندنی ئابوری دروست و بەردەوام .

لە بەرامبەردا بانکی نێودەوڵەتی دامەزراوە بە مەبەستی هاندان بۆ گەشەسەندنی ئابوری دوورمەودا و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری بۆ بەشداربوون لە پاڵپشتی پرۆژەکان بە داریکراوی .

سندوق ئەو لایەنەیە کە دەوڵەتان لەکاتی قەیرانی دارایی ڕوی تێدەکەن بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی خێرا ، لەبەرامبەردا بانکی نێودەوڵەتی لە بنەڕەتدا هاوکاریەکانی گەشەسەندن پێشکەش دەکات .

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانەیە کە تایبەتە بە چالاکیە نێودەوڵەتیە پەیوەندی دارەکان بە نەهێشتنی گەندەڵی و هاندانی حوکمڕانیەکی دروست ، بەهۆی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی کە سندوق هەیەتی لە بواری چاودێری کردنی سیاسەتە ئابوری و داراییەکان جا لە سەر ئاستی دەوڵەتانی ئەندام بێت یان ئاستی نێودەوڵەتی .

هیچ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی نیە هێندەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەسەڵاتی دەست تێوەردانی لە داڕشتنی سیاسەتە ناوخۆیەکانی دەوڵەتە ئەندامەکانی هەبێت و چاودێریان بکات لە بواری ئابوری و دارایی .

چوونە پاڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بوون بە ئەندام تیایدا بەمانای دان پیانان و ڕەزامەندی دێت بە هەموو دەسەڵاتە چاودێریەکانی ، ئەو دەسەڵاتانەش بریتین لە هەندێك لایەنی پەیوەندیدار بە سیاسەتەکانی ئابوری گشتی ( بودجەی گشتی دەوڵەت ، بەڕێوەبردنی کاروباری دراو و قەرز"الائتمان" و نرخی دراو "سعر الصرف" )، لەگەڵ ئەو بابەتانەی پەیوەندیان هەیە بە بەکارخستن و کرێ ، هەروەها ئەو لایەنەی پەیوەستە بە سیاسەتەکانی کەرتی دارایی (ڕێکخستنی بانکەکان و دامەزراوە داراییەکانی

دیکه و چاودێری کردنیان ) و مەبەست لەم چاودێری کردنە بەدیهێنانی جێگیربوونی دارایی و دراوە لە جیهاندا بە شێوەیەك مەرجە گونجاوەکانی گەشەسەندنێکی بەردەوام و هاوسەنگ دابین بکات (1) .

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك ئەرك و ئامانجی هەیە ڕۆڵ دەگێڕن لە نەهێشتنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی (2) :

1- پێدانی قەرز بۆ هاوکاری ئەو دەوڵەتانەی باری ئابوریان ناجێگیرە و دەناڵێنن بەدەست قەیرانی ئابوری بەپێی کۆمەڵێك مەرجی گرنگ و گونجاو لەگەڵ بەرنامە نێودەوڵەتیەکەی نەك بەو پێیەی بانکێکە بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی. لەگەڵ دانانی کۆمەڵێك بنەما و سیستەم و ڕێنمایی کە ڕۆڵ دەگێڕن لە بەدیهێننی گەشەسەندن .

2- پیشکەشکردنی ئەزمون و شارەزایی بە دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی ڕێکخستنی سیاسەتەکانی ئابوری و دارایی و باج و بونیادنانی دامەزراوە کارگێڕیە نیشتمانیەکانی بەرپرس لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە ، لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕاوێژ سەبارەت بە ڕێکخستنی ئامارەکان و ئامادەکردنی داتاکان .

3- پێشکەشکردنی ڕاوێژ و خستنە ڕوی سەرنجە گرنگەکان بۆ ڕاستکردنەوەی سیاسەتە ئابوری و داراییەکان لە ڕێگای سەرپەرشتی کردنی سیستەمی دراوی نێودەوڵەتی، ئەمەش بواری بۆ دەڕەخسێنێ بۆ چاودێری ورد و سەرپەرشتی نرخی دراوی دەوڵەتانی ئەندام ،

---

1- شيخ بن مغنية خيرة ، اليات مكافحة الفساد ، مذكرة نهاية الدراسة لنيل شهادة الماستر، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم ، كلية الحقوق والعلوم السياسية - قسم القانون العام ، 2019 ، ص56- 57 .

بۆ زیاتر بڕوانە : قاجي حنان ، دور المنظمات الدولية في مكافحة الفساد ، مذكرة لنيل شهادة الماستر في الحقوق ، جامعة عبدالرحمان ميرة – بجاية ، كلية الحقوق والعلوم السياسية ، 2015–2016 ، ص26.

2- شيخ بن مغنية خيرة ، سەرچاوەی پێشوو ، ص57- 58 .

بۆ زیاتر بڕوانە :د.زياد عبدالوهاب النعيمي ، د. احمد طارق ياسين ، سەرچاوەی پێشوو، ص117- 118.

له هەمانکاتدا دەوڵەتانی ئەندام بەڵێن دەدەن هاوکاری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بکەن و زانیاری ڕاست و پێویست پێشکەش بکەن تا سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بتوانێت ڕۆڵی چاودێری کردنی بگێڕێ بۆ بەدیهێنانی ژینگەیەکی ئابوری جێگیر و ڕوون .

4- هاندانی هاوکاری نێودەوڵەتی لە بواری دراو لە ڕێگای دەستەیەکی هەمیشەیی کار دەکات لەسەر ڕاوێژکردن و دۆزینەوەی چارەسەرەکان بۆ کێشەکانی دراوی نێودەوڵەتی .

5- ئاسانکاری بۆ گەشەسەندن و فراوانبونی بازرگانی نێودەوڵەتی کە ڕێژەیەکی بەرچاوی هەلی کار و داهاتی ڕاستەقینە دەڕەخسێنێ و پارێزگاریان لێدەکات .

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ئەرکەکانی بەدەر نیە لە بەربەست و فشارەکان وەك دەسەلآت و توانای دەوڵەتە زلهێزەکان و کاریگەریان لەسەر دەرکردنی بڕیارەکان لە ناو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ، جگە لە کەمی شەفافیەت و ڕوونی لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی چونکە دامەزراوەکانی دراو وەك بانکەکان سروشتێکی نهێنیان هەیە کە هاوکارە بۆ خۆدزینەوە لە باج و سپی کردنەوەی پارە (1) .

لە ساڵی( 1997)ەوە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك ڕێکار و مەرجی توندتری لەوەی بانکی نێودەوڵەتی پەیڕەو کرد ، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی جەختی لەسەر ڕاگرتن و هەڵپەساردنی هاوکاریە داراییەکان کردەوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە دەسەلمێنرێت گەندەڵی حکومی ئاستەنگ دروست دەکات لەبەردەم هەوڵە تایبەتیەکان بۆ دەربازبوون لە گرفتە ئابوریەکان .

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی حاڵەتەکانی گەندەڵی دیاری کردووە بەو کردارانەی پەیوەستن بە گواستنەوەی ماڵی گشتی بۆ بواری جیاواز لە بواری دیاری کراوی خۆی و تێوەگلانی فەرمانبەرە فەرمیەکان لە کاری فێلکردن و خراپ بەکارهێنانی دەسەلآت ، لەگەڵ ئەو کردارە گەندەڵکارانەی بواری ڕێکخستنی ڕاستەوخۆی وەبەرهێنانی بیانی .

---

1- قاجي حنان ، سەرچاوەی پێشوو ، ص28-29 .

**هەروەها سندوقی دراوی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی هەیە بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی کە پێیان وایە پێدانی بەرتیل بە فەرمانبەرە گشتیەکانی دەوڵەتەکانی دیکە جۆرێکە لە خەرجی پروپاگەندە کردن بۆ ئەو کارانەی پێویستە لە باج ببەخشرێن .**

**سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دوو بواری سەرەکی خستەڕوو تا لە ڕێگایانەوە بەشداری بکرێت لە نەهێشتنی گەندەڵی :**

**1- پێشخستنی بەڕێوەبردنی سەرچاوە گشتیەکان ، چاکسازی گەنجینە و بەڕێوەبردنی باجەکان و ڕێکار و سیستەمەکانی ژمێریاری و ووردبینین .**

**2- هێنانە کایەی ژینگەیەکی ئابوری جێگیر و ڕوون و ژینگەیەکی کاری سیستەماتیك کە پێشخستنی یاسا تایبەتەکان بە باج و کارە بازرگانیەکان لە خۆ بگرێت (1).**

---

1- قاجي حنان ، سەرچاوەی پێشوو ، ص27- 28 .

بۆ زیاتر بڕوانە : د. شريهان ممدوح حسن احمد ، سەرچاوەی پێشوو ، ص23- 24 .

- شيخ بن مغنية خيرة ، سەرچاوەی پێشوو ، ص58 .

**سێیەم - بانكی نێودەوڵەتی (البنك الدولي) BIRD :**

**یەكێكە لە گرنگترین ئەو دامەزراوانەی پشتیوانی بەرنامەی گەشەپێدانی كۆمەڵگاكان و پێشكەشكردنی پاڵپشتی دارایی دەكات پێیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ، بانكی نێودەوڵەتی بۆ بونیادنان و نۆژەنكردنەوە (البنك الدولي للانشاء والتعمیر) لەساڵی 1944 دامەزراوە پاشان گۆڕدرا بۆ بانكی نێودەوڵەتی ، سنوری كاركردنی فراوان بوو بۆ ئەو ئاستەی پێك بێت لە پێنج دامەزراوەی گەشەپێدانی پەیوەندیدار بەیەكەوە .**

**سەرەتا بانكی نێودەوڵەتی هاوكاری دەوڵەتانی دەكرد لەڕێگای پێشكەشكردنی قەرز بۆ بونیادنانەوەی ئەو دەوڵەتانەی لە ئەنجامی جەنگی جیهانی دووەم زەرەرمەند بوون ، بەتێپەڕبوونی كات بواری گرنگی پێدانی بانكی نێودەوڵەتی لە دوبارە بونیادنانەوەی وڵاتان گۆڕدرا بۆ گەشەسەندن و گرنگی پێدان بە ژێرخانی ئابوری وەك بەنداو و تۆڕكانی كارەبا و ئاودێری و ڕێگاوبان ، لەگەڵ دروستبونی دامەزراوەی پاڵپشتی دارایی نێودەوڵەتی (مؤسسة التمویل الدولیة) لەساڵی 1956 گروپی بانكی نێودەوڵەتی توانای پێشكەشكردنی قەرز بە كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەت و دامەزراوە داراییەكانی وڵاتانی دواكەوتوو پەیداكرد ، لەگەڵ دروستبونی دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدان (المؤسسة الدولیة للتنمیة) لەساڵی 1960 ئەو وڵاتانەی ڕێژەی هەژاری زۆریان تێدایە بوونە تەوەری گرنگی پێدانی بەمەبەستی ڕیشەكیشكردنی هەژاری كە بووە ئامانجی سەرەكی گروپی بانك ، پاشان سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ یەكلاكردنەوەی ناكۆكیەكانی وەبەرهێنان و دواتر ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ زامنكردنی وەبەرهێنان (المركز الدولي لتسویة منازعات الاستثمار و الوكالة الدولیة لضمان الاستثمار) كاریگەری ئەرێنی لەسەر توانا و كارایی بانكی نێودەوڵەتی دروست كرد .**

لەهەوڵەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنیەکانی هاوکاری کردنی وڵاتانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێگای پێدانی قەرز بۆ پرۆژە دیاریکراوەکان ، هەروەها دابینکردنی سەرچاوە پێویستەکان بۆ ڕێکخستنەوەی پەیکەری کارگێڕی و دارایی بەمانای پێشکەشکردنی پشتیوانی بۆ چاکسازی دامەزراوەکان لە بواری کارگێڕی ودارایی و... هتد (1) .

لەلایەکی دیکەوە بانکی نێودەوڵەتی یەکخستن و هەماهەنگی هەوڵە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان بە گرنگ دەزانێت لەبواری نەهێشتنی گەندەڵی بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵە ستراتیجیەتێکی دارشت بەمەبەستی هاوکاری دەوڵەتەکان لە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و هەڵمەتێکی ڕاگەیاند دژی گەندەڵی لەژێر ناونیشانی (شێرپەنجەی گەندەڵی) ، بۆ هاوکاری وڵاتان و گواستنەوەیان لە دۆخی گەندەڵی ڕێکخراوەوە بۆ ژینگەیەکی خاوەن حکومەتێکی باشتر لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵیدا ، بنەمای ئەو ستراتیجیەتانەش بریتین لە کۆمەڵێك ڕێکاری خۆپارێزی (تدابیر وقائیة) و ڕێکاری تەمێکەر(تدابیر رادعة).

---

1- محمد بن احمد بن علي الكثيري ، اليات مكافحة جريمة الفساد المالي في المواثيق الدولية والنظام السعودي ، رسالة مقدمة لاستكمال متطلبات الحصول على درجة الماجستير في القانون العام ، المملكة العربية السعودية – وزارة التعليم – كلية الشرق العربي للدراسات العليا قسم القانون ، 1439 ه – 2018 م ، ص92 - 93 .

له ساڵی(1996)ەوە بانکی نێودەوڵەتی پلانێکی دارشتوە بەمەبەستی خۆپارێزی لەگەندەڵی و بەئامانجی :

1- قەدەغەکردنی جۆرەکانی فێڵکردن (احتيال) و گەندەڵی لەو پرۆژانەی کە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتیەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێن .

2- پێشکەشکردنی هاوکاری و شارەزایی بۆ وڵاتانی ئەندام لەکاتی پێویستدا بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی .

3- بەهەند وەرگرتنی گەندەڵی لە کاتی دارشتنی پلانەکانی گەشەپێدان لەلایەن بانکی نێودەوڵەتیەوە بۆ وڵاتانی ئەندام .

4- پێشکەشکردنی کۆمەك و هاوکاری و بەشداری کردن لە هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی .

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بانکی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك هەنگاوی هاویشت وەك رێکخستنەوەی رێکارەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوە گشتیەکان و داکۆکی کردن لەسەر روونی و بێگەردی لەکاتی بەدەستگەیشتنی پێشنیازە پێشکەشکراوەکان و پێدانی گرێبەستەکە بە باشترین پێشنیازی پێشکەشکراو بەمەبەستی هەڵماڵینی پەردە لەسەر گەندەڵیەکان .

جگە لەوە بانکی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك رێکاری چارەسەرکردنی گرفتە کارگێرپیەکان و کەموکورپیەکانی حوکمرانی دارشتووە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتێکی دروست و روبەروبونەوەی گەندەڵی لە پرۆژەکانی بانك ، لە نێویاندا چاکسازی کەرتی گشتی و کەرتی دارایی و ...هتد .

ئەو میتۆدەی بانکی نێودەوڵەتی پەیرەوی دەکات بریتیە لە پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت تا کاراتر و بەتواناتربن و زیاتر بکەونە ژێر لێپرسینەوە و دواتر روونتر بن .

بۆ نموونە بانکی نێودەوڵەتی شەش ستراتیجیەتی خۆپارێزی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی دارشتووە :

1- پێدانی موچەی پێویست بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی .

2- ڕوونی و ئاشکرابوونی خەرجیەکانی حکومەت .

3- کەمکردنەوەی بیرۆکراتیەت .

4- پاشگەزبونەوە لە پێشکەشکردنی جۆرها پشتیوانی بۆ ولاّتان کە هەندێ جار هۆکاری دروستبونی گەندەڵیە .

5- مۆرکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بەهۆکاری ئەوەی گەندەڵی ئابوری لە سایەی جیهانگیریدا سنوری ولاّتان بەشێوەیەکی بەرچاو دەبەزێنێت .

6- بلاّوکردنەوەی تەکنەلۆجیای زیرەك بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ، لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەردەوام لەنێوان بەرپرسانی حکومی و هاولاّتیان هۆکارێکە بۆ دروستبونی مامەڵەی نایاسایی . یەکێك لە ڕێگاچارەکانی ئەم گرفتە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای تازەیە ، و ئەنتەرنێت سەلماندی ئامرازێکی کاریگەرە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی .

بانکی نێودەوڵەتی کۆمەڵە ڕێکارێکی سزابەخشی هەیە بە مەبەستی دەرخستنی گەندەڵی و نەهێشتنی سەبارەت بەو پرۆژانەی پاڵپشتی داراییان دەکات ، مافی هەڵوەشاندنەوەی پێدانی قەرزەکە یان بەشێکی ، یان قبولنەکردنی پێدانی پرۆژەکە بەو لایەنەی کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت ، لەگەڵ مافی لێکۆڵینەوە لەو سەرپێچیانەی کە لێی ئاگاداردەکرێتەوە و ئەنجام دەدرێت لەلایەن بەڵێندەر یان پاڵێوراو یان هاوپشکەکان لەئەنجامی پێشێلکردنی بنەماکانی بانکی نێودەوڵەتی .

لەو ڕێکارانەی دیکە کە بانکی نێودەوڵەتی پەیڕەوی دەکات ، دروستکردنی فەرمانگەیەکی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەو کردارانەی بە گەندەڵی ئەژمار دەکرێت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو پرۆژانە ئەنجامی دەدەن کە بانکی نێو دەوڵەتی پاڵپشتی دارایی

دەكات و دورخستنەوەی هەرلایەنێك كە تاوانەكەی بەسەردا بسەلمێنرێت لە بەشداریكردن لەو پرۆژانەدا .

زۆر لە شارەزایان پێیان وایە ڕێكارەكانی بانكی نێودەوڵەتی بەتایبەت ڕاگەیاندن و بلاْوكردنەوەی ناشایستەیی ئەو كۆمپانیا و كەسانەی گەندەڵی یان ساختەیان لەسەر سەلمێنراوە لە پرۆژەكانی بانكی نێودەوڵەتی كاریگەری بەرچاوی هەیە لە سڵەمینەوە لە سەرجەم شێوازەكانی گەندەڵی .

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەكانی بانكی نێودەوڵەتی بۆ ڕوبەڕوبونەوە و نەهێشتنی گەندەڵی دوچاری ئاستەنگ و لەمپەر دەبێتەوە بەتایبەت كاریگەری بەرژەوەندی ولاْتانی زلهێزی وەك ولاْتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا كە بە شێوەیەكی بەرچاو ڕەنگ دەداتەوە لەسەر سیاسەتی بانكی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەو ولاْتانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەكات (1).

لەساڵی 2011 بانكی نێودەوڵەتی كۆبونەوەی یەكەم هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ئەنجامدا بەبەشداری (286) بەرپرس و كەسایەتی لە (134) دەوڵەتەوە ، لە ڕاگەیاندنێكدا كە ناسراوە بە ڕاگەیاندنی بنەما پەسەندكراوەكان لە پێناو جێبەجێكردنی كارای نەهێشتنی گەندەڵی لە جیهان " اعلان المبادئ المتفق عليها من اجل التطبيق الفعال لمكافحة الفساد في العالم " جەختی كردەوە كە پشتیوانی تەكنیكی و هاوكاری نێودەوڵەتی لە بەڕێوەبردنی لێكۆڵینەوەكان لە تاوانەكانی گەندەڵی ڕۆڵی یەكلاكەرەوە دەگێڕن لە بەهێزكردنی هەوڵەكانی نەهێشتنی تاوان و گەندەڵی ، كە دەسەلاْتەكانی جێبەجێكردنی یاسا لە سەرجەم ولاْتانی جیهان پەسەندیان كرد .

---

1- وەرگیراوە لە قاجي حنان ، سەرچاوەی پێشوو ، ص22- 25 .

لە ڕاگەیاندنەکەدا ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی یاسای دیاری کرد ، لەگەڵ جەخت کردن لە ڕووبەڕووبونەوەی خراپ بەکار هێنانی سەرچاوەکانی گەشەپێدان و بەلاڕێدابردنیان ، هەروەها ڕەخساندنی هەل بۆ ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەی هاوبەش یان هاوتەریب و دانانی سیستەمی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان ، لەگەڵ کارکردن بۆ قەدەغەکردنی گەندەڵی و ئەژمارکردنی بەتاوان (1).

لە 19/دیسەمبەری/2013 سەرۆکی گروپی بانکی نێودەوڵەتی (جیم یونگ کیم) ( JIM YONG KIM ) ڕایگەیاند گەندەڵی " دوژمنی یەکەمی گەلانە" لە وڵاتە هەژار و دواکەوتوەکاندا ، جەختی لەسەر جەنگی دژ بە گەندەڵی کردەوە و داوای لە وڵاتە هەژارە هاوبەشەکان و کەرتی تایبەت کردەوە بەشداربن لەو جەنگەدا .

هەروەها ڕایگەیاند لە هەنگاوە گرنگەکانی جەنگی دژ بە گەندەڵی و باشکردنی گوزەرانی خەڵك و هاوکاری کردنیان بریتیە لە دروستکردنی دامەزراوەکان بە جۆرێك زۆرترین ڕێژەی ڕوونی و شەفافیەت و دەست پاکی تێدابێت ، هەروەها ئاماژەیدا بە سێ بنەمای سەرەکی لە کاری گروپی بانکی نێودەوڵەتی :

1- ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و پەیڕەوکردنی لە دروستکردنی دامەزراوەکان و زیادکردنی دەستپاکی .

2- توانای هاوڵاتیان لە گەیشتن بە زانیاری و کەرەستەکان بۆ زیاتر کاراکردنی حکومەتەکان و لێپرسینەوە لێیان .

3- گرنگی کارکردن لە چوارچێوەی هەوڵێکی نێودەوڵەتی و دامەزراندنی بزافێکی جیهانی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی .

---

1- د. نعمات محمد صفوت ، سەرچاوەی پێشوو ، ص19-20 .

**جگە لە بەشداری کردنی حکومەتەکان لە جەنگی دژ بە گەندەڵی (جیم یونگ کیم) داوای لە هاوبەشەکانی دیکە کرد بە کەرتی تایبەتیشەوە بەشداری بکەن لەم جەنگەدا بۆ نەهێشتنی گەندەڵی**(1).

---

1- **بڕوانە : البنك الدولي : الفساد " العدو الاول للشعب " بالبلدان النامية** ، www.albankaldawli.org ، 2013/12/19 .

**چوارەم – ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی (منظمة الشفافية الدولية) TI :**

**ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ناحکومیە لە ساڵی 1993 لەلایەن کۆمەڵێك بەرپرسی پێشوی بانکی نێودەوڵەتیەوە دامەزرا ، بە یەکێك لە کاراترین و چالاکترین ڕێکخراوەکانی دژە گەندەڵی ئەژمار دەکرێت و لەزیاتر لە سەد وڵات لقی هەیە ، ئەمینداریەتی گشتی ڕێکخراوەکە لە شاری بەرلینی ئەڵمانیایە .**

**ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بەڕاپۆرتی سالانەی بەناوبانگە "مؤشر الفساد CPI" کەبریتیە لە لیستێکی بەراوردکاری دەوڵەتان لە ڕوی ڕێژەی بڵاوبونەوەی گەندەڵی لەسەر ئاستی جیهان ، هەڵگری دروشمی (یەکێتی جیهانی دژ بە گەندەڵی)یە (1).**

**ڕێکخراوەکە ستراتیجیەتی نەهێشتنی گەندەڵی پەیڕەو دەکات لەبەر کۆمەڵێك هۆکار :**

**1- هۆکاری مرۆڤایەتی ، گەندەڵی مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات و ئاستەنگە لەبەردەم پرۆسەکانی گەشەسەندن و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هاوڵاتیان .**

**2- هۆکاری چاکسازی ، گەندەڵی کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی حوکمڕانی دروست و پرۆسەی دیموکراسی و ئەنجامدانی چاکسازی و بونیادنانی دامەزراوەکان .**

**3- هۆکاری ئەخلاقی ، گەندەڵی شیرازەی کۆمەڵگا تێکدەدات لە ڕێگای کاریگەری لەسەر سیستەمی بەها کۆمەڵایەتیەکان و دواتر دەبێتە هۆی دروستبونی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان وەك بڵاوبونەوەی توند و تیژی و تاوان لە کۆمەڵگادا .**

**4- هۆکاری ئابوری ، گەندەڵی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر ئابوری نێودەوڵەتی و سودەکانی ئابوریە کاراکان و بەربەستە لەبەردەم گەشەسەندنی ئابوری پێویست .**

---

**1- د. هندة غزيوي ، الجهود العربية والدولية لمكافحة الفساد " من منظور قانوني" ، مجلة البحوث والدراسات الانسانية ، الجزائر، العدد12- 2016 ، ص74 .**

**بۆ زیاتر بڕوانە : د. شريهان ممدوح حسن احمد ، سەرچاوەی پێشوو ، ص24- 25 .**

بەلای ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیەوە گەندەڵی لەناودەبرێت لە ڕێگای :

1- پێویستی ئەنجامدانی هاوپەیمانی ، هەماهەنگی و هەوڵی سەرجەم لایەنەکان لە دەوڵەتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کەرتی تایبەت لەسەرئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی .

2- بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری جیهانی ، ئەمەش لە ڕێگای لقەکانی ڕێکخراوەکە لە دەوڵەتە جیاوازەکاندا (1).

ڕێکخراوەکە پشت دەبەستێت بە چەند بنەمایەکی سەرەکی :

1- دەست پاکی ، بریتییە لەو بەها ئەخلاقیەی کە پێویستە پەیرەو بکرێت لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکی گشتیدا .

2- شەفافیەت ، پەیوەستە بە بەشداری کردن و لێپرسینەوە ، بەشداری کردن بە واتای یەکسانی لەنێوان هەرکەسێك بەرژەوەندی هەبێت لە حوکمڕانی و دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە لە پێگە بالأکانی دەوڵەت ، لێپرسینەوەش تەنها بە مانای سزادان و توندکردنی چاودێری لەسەر سەرف کردنی ماڵی گشتی نایەت بەڵکو لەوە فراوانترە و دیموکراتی و مافی نوێنەرایەتی گەل و ڕوونی لە حوکمڕانی بە مانا فراوانەکەی لەخۆدەگرێت .

---

1- عماد صلاح عبدالرزاق الشیخ داود ، سەرچاوەی پێشوو ، ص274 - 275 .

بۆ زیاتر بڕوانە : د. نعمات محمد صفوت ، سەرچاوەی پێشوو ، ص18.

ڕێکخراوەکە کار دەکات لەپێناو کۆمەڵێك ئامانجدا :

1- شکاندنی ئەو دیواری بێدەنگییەی کەبەربەستە لەبەردەم کەیسەکانی گەندەڵی لە وڵاتان ، زۆربەی جار سیستەمی سیاسی وڵات لە کەیسەکانی گەندەڵی تێوەدەگلێن ئەمەش وادەکات بابەتەکە هەستیارتر بێت .

2- دروستکردنی ژینگەیەك هاوکاری زیاتر و ڕوونی بڕەخسێنێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی.

3- بەرزکردنەوەی هوشیاری لەلای ڕای گشتی .

4- کارکردن لەسەر زیادکردنی چاودێری لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی .

5- پێك هێنانی هەماهەنگی و هاوپەیمانیەتیەکی جیهانی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە پێناو زانینی دۆخی گەندەڵی لەجیهاندا .

6- ڕاکێشانی سەرنجی ڕۆژنامە و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕوداوەکانی گەندەڵی بۆ بەئاگاهێنانەوەی ڕای گشتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی .

7- پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی کە حکومەتەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و کەرتی تایبەت لەخۆ بگرێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

8- ڕێکخستن و پشتیوانی کردنی لقەکانی ڕێکخراوەکە لە وڵاتان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی .

9- کۆکردنەوە و شیکردنەوە و بلاّوکردنەوەی زانیاریەکان و بەرزکردنەوەی هوشیاری گشتی سەبارەت بە زیانە مەترسیدارەکانی گەندەڵی لەسەر مرۆڤ و گەشەسەندنی ئابوری (بەتایبەت لە دەوڵەتە دواکەوتوەکان).

ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە دامەزراندنیەوە کار دەکات لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری سەبارەت بە لێکەوتە دورمەودا و مترسیدارەکانی گەندەڵی و فشار لە

لایەنە جیاوازەکان دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێکارە پێویستەکان سەبارەت بە نەهێشتنی گەندەڵی ، و دامەزراندنی هاوپەیمانیەتیەك لە ڕێکخراوەکان و تاکەکان کەهاوکاری یەك دەکەن و کار لەسەر دروستکردنی حکومەتێکی دادپەروەر و دەست پاك دەکەن ، لەگەڵ ئەنجامدانی چالاکی بازرگانی دروست .

ڕێکخراوەکە کۆمەڵێك بڵاوکراوەی ساڵانە و دەوری دەردەکات سەبارەت بە گەندەڵی :

1- نیشانە بەدیکراوەکانی گەندەڵی ( مؤشر مدرکات الفساد ) .

2- نیشانەکانی پێدەرانی بەرتیل ( مؤشر دافعي الرشوة ) .

3- بارۆمیتری گەندەڵی جیهانی (باروميتر الفساد العالمي) .

4- ڕاپۆرتی گەندەڵی جیهانی (تقرير الفساد العالمي) (1) .

ڕێکخراوەکە ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لە چاودێری کردنی ڕادەی ڕێزگرتنی دەوڵەتان لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی لەڕێگای دابینکردنی کۆمەڵە ڕێکارێکی حکومی و پابەندبوونی وڵاتان بە وەرگێڕانی ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکان لە یاسا ناوخۆییەکانیاندا ، هەروەها ڕۆڵی چاودێریکردنی ڕێکخراوەکە دەردەکەوێت لە ڕێگای توێژینەوە و بەدواداچونەکانی کە لە ڕاپۆتە ساڵانەکانی بڵاودەبێتەوە ، جگە لەوە ڕێکخراوەکە ڕۆڵدەگێڕێت لە چاودێریکردن و هاوکاری وڵاتان بە مەبەستی لادانی ئەو بەربەستانەی کە ڕێگرن لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانیان لە ئەنجامی چونە پاڵ و پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی گەندەڵی نەتەوە یەکگرتوەکانی ساڵی 2003 .

---

1- خالد صابرين و بن مرزوق عبير ، جهود منظمة الشفافية الدولية في مكافحة الفساد الاداري ، مذكرة مكملة لمقتضيات نيل شهادة الماستر اكاديمي ، جامعة محمد بوضياف – المسيلة ، كلية الحقوق والعلوم السياسية – قسم الحقوق ، 2019– 2020 ، ص40، 41، 42 ،44 .

ڕێکخراوەکە لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی ئابوری نێودەوڵەتی ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی فشار لە ڕێگای :

1- بلاّوکردنەوەی کەیسەکانی گەندەڵی لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەهۆی ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ لە گەیاندنی زانیاری و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و فشار خستنەسەر بەرپرسانی تێوەگلاو لە تاوانەکانی گەندەڵی بە مەبەستی دروستکردنی هوشیاری دژ بە گەندەڵی و بەهێزڕاگرتنی بەهاکانی دەست پاکی و ڕوونی و خستنە ڕوی تاوانەکانی گەندەڵی لە ڕێگای ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پلان و ستراتیجیەتی دەوڵەتان لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و هەڵسەنگاندنی ، هەروەها ئاستی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێکەوتننامەکانی تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی کە دەوڵەتان پەسەندیان کردووە و دەرخستنی شوێنی گەندەڵیەکان و گەندەڵکاران ، لەگەڵ بلاّوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتانە بۆ جولاّندنی ڕای گشتی و دامەزراوە خۆجێییەکان و نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار بە نەهێشتنی گەندەڵی بەمەبەستی فشار کردن و داواکردنی بەردەوام بۆ کاراکردنی بنەمای لێپرسینەوە و سزادان .

2- ڕووکردنە دادگا بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ، لەڕێگای تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر گەندەڵی وەك لایەنێکی شارستانی (مدني) ، ئەمەش میکانیزمێکی تەمێکەرە زۆر لە گەندەڵکاران دەسڵەمنەوە لە گرتنەبەری ڕێکخراوەکە بۆ ڕووکردنە دادگا و بەرزکردنەوەی داوای یاسایی لەسەریان و تۆمەتبارکردنیان (1).

---

1- موري سفيان ، اليات مكافحة الفساد الاقتصادي الدولي ، اطروحة لنيل درجة دكتوراه في العلوم – تخصص القانون ، جامعة مولود معمري تيزي وزو – كلية الحقوق والعلوم السياسية ، تاريخ المناقشة : 12/نوفمبر 2018 ، ص143 - 145 .

**پێنجەم – ڕێکخراوی پەرلەمانتارانی جیهانی دژ بە گەندەڵی (المنظمة العالمية للبرلمانيين ضد الفساد) GOPAC:**

له ماڵپەڕی فەرمی ڕێکخراوی GOPAC هاتووه بریتیه له " تۆڕێکی نێودەوڵەتی لەو پەرلەمانتارانەی خۆیان تەرخان کردووه له پێناو حوکمڕانیەکی دروست و ڕەشید له هەموو جیهاندا . GOPAC هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوه زانیاری و شیکردنەوه و پێوەره نێودەوڵەتیه کارپێکراوەکانی دابینکردووه ، هەروەها ئاستی هوشیاری گشتی بەرزکردۆتەوه له ڕێگای کارکردن لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و چالاکی نێودەوڵەتی "[1] .

ڕێکخراوێکه گرنگی دەدات به بەهێزکردنی بنەماکانی لێپرسینەوه و دەست پاکی و ڕوونی ، له ئەنجامی بەستنی کۆنگرەی پەرلەمانی نێودەوڵەتی له کەنەدا له ساڵی 2002 دامەزرا ، ئەم ڕێکخراوه ناسراوه بەوەی تاکه تۆڕی پەرلەمانی نێودەوڵەتیه که هەوڵەکانی چڕدەکاتەوه بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ، ڕۆڵی هەماهەنگی جیهانی دەگێڕێت و لقەکانی له هەرێمه جیاوازەکاندا کار لەسەر کاراکردنی توانای پەرلەمانتاران دەکەن بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی ، لەدامەزراندنیەوه کار لەسەر زیادکردنی هەوڵەکانی دەکات له بواری ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان و شیکردنەوەکان و ڕێکخستنی پێوەره نێودەوڵەتیه کارپێکراوەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی .

---

1- بڕوانه : gopacnetwork.org ، 2021/2/24 .

لەدیارترین ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە :

1- دانانی نامیلکەیەکی ڕێپێشاندەر بۆ پەرلەمانتاران بەمەبەستی ڕونکردنەوەی چۆنیەتی کۆنترۆڵکردن گەندەڵی .

2- دابینکردنی بابەتێکی فێرکاری بۆ پەرلەمانتاران سەبارەت بە بودجە و چاودێری دارایی .

3- دەرکردنی بلاّوکراوەی ڕەفتارەکانی پەرلەمانتاران .

4- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی چاودێریکردنی پەرلەمانتاران .

5- پابەند بوون بە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە سپی کردنەوەی پارەوە هەیە و هاندانی پەرلەمانتاران بۆ نەهێشتنی (1) .

هەروەها ڕێکخراوەکە پشتیوانی داواکاریەکان دەکات بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری یاسایی و چاودێری لە پەرلەمانی دەوڵەتاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و بەدیهێنانی دەسەلاّتێکی حوکمڕانی دروست و ڕەشید و لێپرسینەوە لە حکومەتەکان لە لایەن گەلەکانیانەوە (2) .

---

1- د. نعمات محمد صفوت ، سەرچاوەی پێشوو ، ص19 .

بۆ زیاتر بڕوانە : حاحة عبدالعالي ، سەرچاوەی پێشوو ، ص41 .

2- محمد الشياضمي – الدوحة ، في ختام مؤتمرها بالدوحة.. انتخاب ال محمود رئيسا للمنظمة العالمية للبرلمانيين ضد الفساد ، www.aljazeera.net ، 2019/12/10 .

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سەروەری عێراقی فیدراڵدا دەکرێت ، کە بەداخەوە ڕێژەی گەندەڵی لە عێراقدا گەر زیاتر نەبێت کەمتر نیە لە ڕێژەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان .

لەگەڵ ئەوەشدا عێراق ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی ساڵی 2003 پەسەند کرد (اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2003) ، بە یاسای ژمارە (35) لە ڕێکەوتی 2007/12/8 ( قانون انضمام جمهورية العراق الى اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2004 رقم (35) بتاريخ 2007/12/8) (1) ، و لە ڕێکەوتی 2008/3/7 چووە پاڵ ڕێکەوتننامەکە .

هەروەها ئیمزای لەسەر ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ساڵی 2010 کرد لە ڕێکەوتی 2010/12/21 (الاتفاقية العربية لمكافحة الفساد لعام 2010) و لەڕێکەوتی 2013/5/30 چووە پاڵ ڕێکەوتننامەکە (2) .

لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا عێراق وەك دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی لە ڕیزبەندی پێشەوەی دەوڵەتە هەرە گەندەڵەکانی جیهانە ، بۆ نموونە لە بڵاوکراوەی ساڵانەی نیشانە بەدیکراوەکانی گەندەڵی (مؤشر مدركات الفساد)ی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی TI (منظمة الشفافية الدولية) ڕیزبەندی عێراق لە ڕوی گەندەڵیەوە لەسەر ئاستی جیهان بەم شێوەیەیە :

---

1- قانون انضمام جمهورية العراق الى اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2004، رقم 35 في 2007/12/8 ، الوقائع العراقية ، العدد 4047 ، 2007/8/30 . بڕوانە : پاشكۆ ، لا 201 .

تێبینی: ڕێکەوتننامەکە بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە(58/4)ی ساڵی 2003 لە 2003/10/31 پەسەند کراوە بەڵام یاساکەی عێراق بە ڕێکەوتننامەی ساڵی 2004 ناوی هێناوە .

2- الاتفاقية العربية لمكافحة الفساد لعام 2010 ، وافق عليها مجلسا وزراء الداخلية والعدل العرب في اجتماعهما المشترك المنعقد بمقر الامانة العامة لجامعة الدول العربية بالقاهرة بتاريخ 2010/12/21 ، ودخل حيز النفاذ في 2013/6/29 .

خشتەی نیشانە بەدیکراوەکانی گەندەڵی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ماوەی نێوان (2003 – 2012) و ڕیزبەندی عێراق تیایدا(1)

| ئاماژەی گەندەڵیەکانی عێراق ، لە 100 نمرە | ڕیزبەندی عێراق | ژمارەی دەوڵەتی بەشداربوو | ساڵەکان |
|---|---|---|---|
| 22 | 113 | 130 | 2003 |
| 21 | 129 | 146 | 2004 |
| 22 | 170 | 194 | 2005 |
| 19 | 160 | 163 | 2006 |
| 15 | 178 | 180 | 2007 |
| 13 | 178 | 180 | 2008 |
| 15 | 176 | 180 | 2009 |
| 15 | 175 | 178 | 2010 |
| 18 | 175 | 183 | 2011 |
| 18 | 169 | 176 | 2012 |

1 – ايمن احمد محمد ، الفساد والمسائلة في العراق ، ورقة سياسات ، مؤسسة فريدريش ايبرت ، مكتب الاردن والعراق ، ايلول 2013 ، بغداد – العراق ، ص3 .

جدول مؤشر الفساد على المستوى العالمي خلال الفترة من 2003 – 2012 وموقع العراق فيها .

**خشتەی نیشانە بەدیکراوەکانی گەندەڵی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ماوەی نێوان**

**(2013 – 2021) و ڕیزبەندی عێراق تیایدا**(1)

| ساڵەکان | ژمارەی دەوڵەتی بەشداربوو | ڕیزبەندی عێراق | ئاماژەی گەندەڵیەکانی عێراق ، لە 100 نمرە |
|---|---|---|---|
| 2013 | 177 | 171 | 16 |
| 2014 | 175 | 171 | 16 |
| 2015 | 168 | 161 | 16 |
| 2016 | 176 | 166 | 17 |
| 2017 | 180 | 169 | 18 |
| 2018 | 180 | 168 | 18 |
| 2019 | 180 | 162 | 20 |
| 2020 | 179 | 160 | 21 |
| 2021 | 180 | 157 | 23 |

1- بلاۆكراوەی ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ، مؤشر مدركات الفساد ، منظمة الشفافية الدولية TRANSPARENCY INTERNATIONAL .

بۆ زیاتر دەربارەی ڕێژەی گەندەڵی وڵاتان بڕوانە: مؤشر مدركات الفساد ، منظمة الشفافية الدولية ، www.transparency .org /cpi .

# بەشی سێیەم

# گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

- دۆخی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ، هۆکار و جۆرەکانی .
- کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری چاکسازی و بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی .
- هەڵسەنگاندنی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .
- ناکارایی پەرلەمانی کوردستان و کاریگەری لەسەر ڕێژەی گەندەڵی .
- یاسا کاریگەرەکان لەسەر زیادبوونی ڕێژەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان :
- یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 ، یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق .
- یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2007 ، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی – عێراق .
- یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 ، یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق .
- ڕۆڵی دەسەلاتی دادوەری لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵیدا .
- ئایندەی هەرێمی کوردستان .
- ئەنجام .

# دۆخی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ، هۆکار و جۆرەکانی

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا گەندەڵی دیاردەیەکی لەمێژینەیە لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵداوە و دیاردەیەکی جیهانی بێسنوورە ، پەیوەست نییە بە کۆمەڵگایەك یان وڵاتێکی دیاریکراو ، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە ، تەنانەت لە ناو یەك دەوڵەتدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە بە ڕێژەی جیاواز بەدی دەکرێت ، بە فۆرم وشێوازی جۆراوجۆر.

گەندەڵی بەزۆری لە گۆمەڵگا دواکەوتوو و دکتاتۆریەکاندا بەربڵاوە و لەو دەوڵەتانەدا کە دەناڵێنن بە دەست ناجێگیربوونی سیاسی و نەگونجانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاینی ، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی بە قۆناغی ڕاگوزەر بەرەو دیموکراسی تێدەپەڕن .

لەم بارەیەوە هەرێمی کوردستان بەدەر نیە لە دیاردەی گەندەڵی و تەشەنەسەندنی ئەم گرفتە کوشندەیە کە پەیوەستە بە زۆر ڕەهەندی یاسایی ، ئابوری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ئەخلاقی ...هتد .

دەکرێت هۆکارەکانی بگێڕینەوە بۆ نەبوونی دەسەڵاتێکی نیشتمانی ڕەشید و ناکۆکی لایەنە سیاسیەکان و ململانێی بەرژەوەندیەکانی نێوان گروپە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان و پشتبەستنی بڕیاردەرانی سیاسی بە بازنەیەکی هەلپەرست و بەرژەوەند خواز ، بەردەوامبونی دوو ئیدارەیی و مانەوەی سەربەخۆیی هەردوو ئیدارەی سەوز و زەرد بەتایبەت لە ڕوی دارایی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ، لەگەڵ نەبوونی دامەزراوەی بەدواداچون و لێپرسینەوە و سزادانی کارا و ڕۆچونی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان ودادوەری و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی تیایاندا و زۆری ژمارەی دامەزراوەکانی چاودێری و لێپرسینەوە و ناکارامەیی لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان و ڕۆڵ نەگێڕانیان بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ و سەربەخۆ و پیشەگەریانە و دەست تێوەردان لە کاروبارەکانیان و سروشتی کۆمەڵگای کوردستان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.....هتد .

ئەوەی جێی داخە ئەم گرفتە لە هەرێمی کوردستان ئاستی دیاردەی تێپەڕاندووە بۆ نەریتێکی باوی ناو کۆمەڵگا بەشێوەیەك تا ئەو ئاستەی خۆ دەوڵەمەندکردن لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی بۆتە یەکێك لە نیشانەکانی "جوامێری" و قۆستنەوەی فرسەت لەلایەن بەرپرسانی دامەزراوە کارگێری و داراییەکان و کاربەدەستانی سەرجەم دەسەلأتەکان بە دامەزراو و هەڵبـژێردراوەوە .

دۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕووی گەندەڵیەوە دەکرێت دابەشی بکەین بەسەر دوو قۆناغدا :

1- قۆناغی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا پرۆسەی ئازای عێراق (1992 - 2003) .

ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان ئەزمونێکی نوێی حوکمڕانی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو ، دەسپێکی بونیادنانی دامەزراوە سیاسی و کارگێڕیەکان و دروستکردنی دەسەلأتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بوو .

لەم قۆناغەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە باج و رسوماتی ناوخۆیی و داهاتی دەروازە سنوریەکان دەبەست بۆ دابینکردنی خەرجیەکان .

بە گشتی حاڵەتەکانی گەندەڵی خۆی دەبینیەوە لە گەندەڵی  سادە و بچووك لە فۆرمی گەندەڵی کارگێڕی و گەندەڵی دارایی وەك (بەرتیل ، خراپ بەکارهێنانی پۆست و پێگەی گشتی بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسی یان بەرژەوەندی تایبەتی ، بە تالأن بردنی موڵك و ماڵی گشتی ، واستە (الواسطة) و قۆستنەوەی پەیوەندیە کۆمەلأیەتی و خزمایەتیەکان ) .

پاشان بەهۆی ململانێ سیاسیەکان و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدەرەیی گەندەڵی لە حاڵەتەوە بوو بە دیاردە .

2- قۆناغی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی2003 .

لەم قۆناغەدا گەندەڵی وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە دی ، ڕێژەی گەندەڵی هەڵکشا ، سەرجەم کەرتەکانی گرتەوە ، قەبارەی گەندەڵیەکان گۆڕدران لە گەندەڵی بچوکەوە بۆ گەندەڵی گەورە ، تا گەیشتە ڕادەی سەرهەڵدانی گەندەڵی سیاسی ڕێکخراو و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن بەشێك لە دەستەبژێری حوکمڕانەوە یان سەرکردە سیاسی و خاوەن پێگە گشتیەکان بە ئامانجی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کەسی .

لەم قۆناغەدا گەندەڵی سنوری نیشتمانی تێپەڕاند ، بەرژەوەندیە تایبەتیەکان تۆڕەکانی گەندەڵی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی گرێدا بەیەکەوە ، بەتایبەتی لەدوای گرێبەستەکانی نەوت لە ساڵی (2005) و دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان لە ساڵی (2006) و پاشان دەرکردنی یاسای نەوت و گازی ساڵی (2007) و هەناردەکردنی نەوت .

هەموو ئەمانە و مانەوەی ئاسەواری دوو ئیدارەیی و ناکۆکی حزبی و ململانێی سیاسی کاریگەری بەرچاویان هەبوو لەسەر گەندەڵی و گواستنەوەی لە دیاردەوە بۆ کلتورێکی باوی ناو کۆمەڵگا .

لە نموونە بەرچاوەکانی گەندەڵی لەم قۆناغە مەترسیدارەدا :

1- ناڕوونی لە دیاریکردنی بڕی داهاتەکان و خەرجیەکان و دزینی داهاتی ناوخۆ و نەگەڕانەوەی بۆ ناو خەزێنەی دەوڵەت .

2- چەسپاندنی باج و رسومات بەسەر هاوڵاتیاندا بەدەر لە یاسا .

3- ناکارامەیی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دانانی کەسانی نەشیاو لە پێگە و پۆست و بەرپرسیاریەتیەکاندا لەسەر بنەمای حزبی و خزمایەتی و شوێنکەوتە و گوێڕایەڵی و گروپ بەدەر لە پسپۆڕی و ڕەچاوکردنی توانا و شیاوی و لێهاتویی و بڕوانامە.

4- بەتایبەت کردن (الخصخصة)، گواستنەوەی هەندێك لە جومگەکانی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت کە مەبەست لێی دەوڵەمەندکردنی ناڕەوای هەندێك کەس و دامەزراوەی تایبەتە ، بە شێوەیەکی نەرێنی کاری کردۆتە سەر خزمەتگوزاری گشتی و لەهەمانکاتدا بار گرانی لەسەر هاوڵاتیان زیادکردوە بەتایبەت لە بوارەکانی ئاو ، کارەبا ، سوتەمەنی ، سکیورتی ، کاروبارەکانی فەرمانگەکانی دادنووس و....هتد .

5- نا ڕوونی لە بەڕێوەبردنی مەلەفی نەوت و گاز بە شێوەیەکی گشتی (گرێبەستەکانی دۆزینەوە و دەرهێنان و فرۆشتن و هەناردەکردن و گواستنەوەی) .

6- بەکارهێنانی یاسای وەبەرهێنانی ساڵی (2006) و پێدانی ڕیگەپێدان بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و دەوڵەمەند بوونی ناڕەوای (الاثراء الغير مشروع) کەسان و کۆمپانیا و دامەزراوەی دیاریکراو .

7- قۆرخکاری لە سەرجەم سیکتەرە ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانیەکان لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە.

8- بازرگانی کردن بە موڵك و ماڵی دەوڵەت و بەخشینی ڕێگەپێدان و مۆڵەت و لێخۆش بوون لە پێدانی باج .

9- دیاردەی قاچاخچێتی ڕێکخراو لە دەروازە سنوریەکانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ، هەروەها لێخۆشبوونی گومرگی بۆ هەندێك کۆمپانیای دیاریکراو .

10- خراپ بەکارهێنانی دەسەلاَت و پێگە گشتی و پۆست بۆ بەرژەوەندی تایبەت و خزمایەتی و واستە دوور لە ڕەچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و کاری پیشەییانە .

11- بلاَوبونەوەی بەرتیل بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرجەم دامەزراوەکان و لەناو هەرسێ دەسەلاَتەکەدا .

12- دەوڵەمەندبوونی نا ڕەوا لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی .

13- دزینی موڵك و ماڵی دەوڵەت .

14- گواستنەوەی پارە بۆ دەرەوەی ولاَت و سپی کردنەوەی .

15- بلاَوبونەوەی بیرۆکراتیەت و ڕۆتین لەناو فەرمانگەکانی دەوڵەت و سستی لە ئەنجامدانی کاروبارە کارگێڕیەکان و دارِمانی دامەزراوە حکومیەکان .

16- لاوازی دەستە و دامەزراوە حکومیەکانی چاودێری و بەدواداچوون و لێپرسینەوە وەك دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەسپاکی و داواکاری گشتی ....هتد.

17- گەندەڵی لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری پەیوەندیەکان و ئەنتەرنێت و قۆرخکردنی کۆمپانیاکانی بواری پەیوەندی و ئەنتەرنێت .

18- گەندەڵی لە ڕێژەی موچەخۆراندا ، بەهۆی ڕێژەیەکی زۆری موچەخۆری بندیوار لە فەرمانبەری شارستانی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگە و ڕێژەی ناڕاستی کەم ئەندامان و سودمەندانی چاودێری کۆمەلاَیەتی ، جگە لە دوو موچە .

19- لاوازی و ناکارایی دەسەلاَتەکانی یاسادانان و دادوەری و بلاَو بوونەوەی گەندەڵی تیایاندا .

20- دەست تێوەردانی بەرپرسانی حزبی لە کاروباری حکومەت و بەکارهێنانی پۆست و پێگەی حزبی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسی و بەرژەوەندی حزبی .

## کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئابوریەکی سەربەخۆ پەیڕەو دەکات و نەوت دەردەهێنێت و دەیفرۆشێت و هەناردەی بازاڕی جیهانی دەکات و داهاتێکی ناوخۆیی زۆری دەستدەکەوێت بەڵام زیاتر لە (31) ملیار دۆلار قەرزارە و رۆژ بە رۆژ دۆخی هاولاتیان لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچێت ، لە بەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان بار گرانی زیاتر دەخاتە سەرشانی هاولاتیان و باج و رسوماتی زیاتر دەسەپێنیت بەسەریاندا ( هەندێك لەو باج و رەسمانە بەدەرن لە یاسا) و خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە ، تەنانەت هاولاتیان ڕوو لەکەرتی تایبەت دەکەن بۆ خزمەتگوزاریەکانی هەردوو کەرتی تەندروستی و پەروەردە .

لە پاش متمانەدان بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 2019/7/10 سەرۆکی حکومەت لە یەکەم وتاریدا لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و پێشکەشکردنی کارنامەی کابینەکەی ڕایگەیاند " ... بە پێی ڕاپرسیەکان داواکاری یەکەمی هاولاتیان نەهێشتنی گەندەڵیە و داواکاری یەکەمی منیش نەهیشتنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازیە ، گەندەڵی دیاردەیەکی ترسناکە تا ئێستا نەبووە بە کلتور دەتوانین بە پشتیوانی هاولاتیان و دامەزراوە تایبەتمەندەکان لەماوەیەکی کورتدا قەبارەی ئەم دیاردەیە کەمبکەینەوە ..... ، لەئێستا بەدواوە هیچ لێخۆشبوون و چاوپۆشی لە گەندەڵکاران ناکرێت و دەبێت داواکاری هاولاتیان بە دی بهێنین..." .

هەروەها باسی لەوە کرد ".. حکومەتمان وەرگرت کە بە ملیارەها دۆلار قەرزی لە سەر بوو لە ئەنجامی بارودۆخی ئابوری سەپێنراو بە سەرماندا ... بەشی زۆری ئەم قەرزانەش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی ئیتحادی بەهۆی ئەوەی هەستا بە بڕینی بودجەی هاولأتیانی هەرێمی کوردستان ..."(1) .

بەپێی وتارەکە کارنامەی حکومەتەکە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێك خاڵدا گرنگترینیان ( نەهێشتنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی ، ئاماژەدان بەوەی تائێستا گەندەڵی نەبووە بە کلتوور و دەتوانرێت لە قەبارەی کەمبکرێتەوە و ڕێگەی لێبگیرێت لە کاتێکی کەمدا ، هەروەها هیچ چاوپۆشیکردن و لێخۆشبونێك لەگەندەڵکاران ناکرێت ) .

" تاساڵی(2021) دەقی وتارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماڵپەری حکومەتی هەرێم بوونی هەبوو ، بەلأم لە ساڵی (2022)ەوە تەنها کورتکراوەی وتارەکە ماوەتەوە " (2) .

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هێڵە گشتیەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی بلأو کردۆتەوە بەو پێیەی ئەم بەرنامەیە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە سیاسیەکان و پوختەی بەرنامەی گشت لایەنە بەشداربووەکانی ناو کابینەی نۆیەم ڕێکخراوە و بۆچوون و پلانی تێکڕای بەشداربووانی ئەم کابینەیە لەخۆ دەگرێت و جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەش بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی ناو ئەم کابینەیە دەبێت (3) .

---

1- بڕوانە : www.gov.krd/arabic/government . 2021/8/24 .

2- بڕوانە : https://gov.krd/news-and-announcements/ ، 2019/7/10 ، لە 2022/2/23 وەرگیراوە .

3- ماڵپەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، کارنامە، https://gov.krd/government/agenda ، 2022/2/23 .

## هێڵە گشتیەکانی کارنامەی حکومەتی هەرێم لە چەند سەرە بابەتێکدا پۆلێن کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

- لەسەر ئاستی چاکسازی :

یەکەم : کاردەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفی گشتی ، لە موچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و رێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری رێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەك کە لەم کەرتە کرابێت ، ئەمەش لە رێگای چەسپاندنی یاسا و دروستکردنی ئەنجومەنی راژە و ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو .

دووەم : کاردەکەین بۆ نەهێشتنی رۆتین و هەروەها خێراکردنی راپەراندنی ئیش و کاری هاولاَتیان و رێز گرتن لێیان لە دامودەزگا فەرمیەکاندا .

بە کردەوە هەوڵ دەدەین بۆ بەخزمەت گوزارکردنی دامەزراوە حکومیەکان لە ئاست هاولاَتیاندا . لە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەرچی زووترە پەرە بە خزەتگوزاریە ئەلکترۆنیەکان دەدەین .

سێیەم : نابێ بەرپرسانی بالاَی حکومەت پێگەی کارگێری خۆیان بۆ بازرگانی و دەوڵەمەندبوون بەکاربهێنن . بە پشت بەستن بە یاسا بەرکارەکانی هەرێم ، نابێ بەرپرسان کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان بکەن و لێپرسینەوە لەهەر سەرپێچییەك لەم بوارەدا دەکەین .

چوارەم : ئەنجامدانی ئیفاد و سەفەر و بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس بە پێی پێویستی دەبێت و رێگە لە بە هەدەردانی سامان و خراپ بەکارهێنان و هەر بەلارێدابردنێك لەم بوارانەدا دەگرین .

پێنجەم : بە هەموو توانامانەوە ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندەڵییەکی دارایی و کارگێڕی دەبینەوە و ڕێگر دەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵك و مومتەلەکاتی هەرێم ، ئەمەش لە ڕێگای کاراکردن و پشتیوانی کردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی .

شەشەم : کار دەکەین بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە داراییەکانی هەرێمدا بە تایبەت لە بواری داهاتە نەوتیەکانی هەرێم و داهاتە ناوخۆییەکان . بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە کاردەکەین بۆ دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتیەکان بە پێی یاسای پەیوەندیدار .

حەوتەم : بە پێی ستاندەرە جیهانیەکان چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراك دەکەین و ڕێکاری یاسایی بۆ هەر سەرپێچیەك کە لەم لایەنە ژیاریەدا بکرێت دەگرینە بەر . بۆ ئەم مەبەستانەش دامەزراوەی خۆراك و دەرمانی هەرێمی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێنین .

هەشتەم : چاکسازی لە سیستەمی باج دەکەین و دەبێ دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر ببێت و هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینە بەر بۆ ڕێگە گرتن لە خۆدزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ ڕێکخستنی باج .

نۆیەم : کار دەکەین بۆ ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری (احتکار) بە پێی یاسای بەرکار و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ململانێی بازرگانی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکانی پشکداری.

دەیەم : پشتیوانی کاری چاودێری پەرلەمانی دەکەین و بۆ ئەم مەبەستەش پابەند دەبین بە هەموو ڕێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پەرلەمانی .

هەروەها بە پێی بنەماکانی کاری پەرلەمان ڕێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرین .

یازدەیەم : سندوقی خانەنشینی بە پێی یاسای پەیوەندیدار لە هەرێم کارا دەکەین ، بۆ ئەوەی ئەم سندوقە گەرەنتی مافەکانی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بکات .

دوازدەیەم : بە هەماهنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم ، لە پێناو بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و ڕوبەڕوبونەوەی مەترسیەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێم پێداچوونەوە بە میکانیزمی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەین و هەوڵ دەدەین بە هاوکاری پسپۆڕانی ناوخۆ و دەرەکی ئەم هێزانە لە ستانداردە سەربازیەکان نزیك بکەینەوە .

سیازدەیەم : کار دەکەین بۆ سەروەرکردنی یاسا و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەلأتی دادوەری و نابێت لە کوردستان کەس لە سەرووی یاسا بێت .

هیچ کەسێك ڕێگەی پێنادرێت بە هۆی پێگەی سیاسی و کۆمەلأیەتی و حزبی لە دەست یاسا ڕابکات و خۆی لە دەرەوەی یاسا ببینێتەوە ، هەروەها کاری جدی دەکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بلأوبونەوەی چەك لە ناو کۆمەلگاکەماندا .

- لە ئاستی خزمەتگوزاریەکاندا :

یەکەم : کار دەکەین بۆ باشتر کردنی کەرتی تەندروستی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاولأتیان و هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یاخود دڵنیایی تەندروستی بە پێی پێوەری گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەدەین .

هەروەها کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی ڕەشنوسی یاسای مافی نەخۆش و ڕێکخستنەوەی ماف و ئەرکی پزیشکان بۆ پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەك .

دووەم : کار دەکەین بۆ چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا ، لە زیادکردنی ئاستی بەرهمهێنان و کەمکردنی بەهەدەردان و دابەشکردنێکی پێشکەوتوو و گونجاوی کارەبا .

هەروەها كار دەكەین بۆ ڕێكخستنەوەیەكی گونجاوی نرخی كارەبا و دامەزراندنی میكانیزمێكی كاریگەر و سەردەمیانە بۆ كۆكردنەوەی پارەی كارەبا لە بەكاربەران .

سێیەم : كار دەكەین بۆ چاككردن و بەرزكردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەكانی پەروەردە و فێركردن لە كەرتی گشتی و دانانی ڕێكاری ڕاكێشانی بەشداریی سەرمایەدارانی هەرێم و دەرەكی بۆ بەشداری لە ئاواكردنی قوتابخانەی نوێ لەو شوێنانەی پێویستە .

هەروەها كار دەكەین بە پێداچوونەوە بە پرۆگرامی پەروەردەیی و گونجاندنی ناوەڕۆكی بە پێی ستانداردە باوەكان .

چوارەم : كار دەكەین بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەكانی سەر زەوی هەرێم بۆ بواری خواردنەوەی هاوڵاتیان و بە جۆرێك ئاوی پاك بگەیەنرێتە هەموو هاوڵاتیان و تا بكرێت ئاوی ژێر زەوی بە هەدەر نەدرێت .

پێنجەم : كار دەكەین بۆ باشتركردنی ڕێگەوبانی هەرێمی كوردستان و سیستەمی هاتوچۆی هەرێم و هەوڵدەدەین وەبەرهێنانی بیانی و كەرتی تایبەت بۆ ئەم بوارە ڕابكێشین و ڕێگەوبانی هەرێم كە ساڵانە هۆكاری زیانی گیانی وماڵی هاوڵاتیانمانە لە ستانداردە باوەكان نزیك بكەینەوە .

شەشەم : كار دەكەین بۆ ڕەخساندنی بواری كار بۆ كەرتی تایبەت و فراوانكردنی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاكانی وەك پیشەسازی و كشتوكاڵ و گەشتوگوزار تاكو بەم هۆیەوە دەرفەتی كار زیادبكرێن و یاساكانی كار بە جۆرێك ڕێك بخرێن كە دەرفەتی كار بۆ گەنجانی هەرێم زیاتر بكرێت .

حەوتەم : كار دەكەین بۆ زامن كردن و ڕێكخستنەوەی سەرجەم مافە یاساییەكانی كارمەند و كرێكارانی كەرتی تایبەت ، بە جۆرێك مافی خانەنشینی و كاتژمێرەكانی كار و بیمە یاخود دڵنیایی تەندروستی و داهاتوویان پارێزراوبێت .

هەشتەم : خزمەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەمئەندامان سەنگەر و بریندارەکان و قوربانیانی هەڵمەتەکانی جینۆساید و زیندانییە سیاسیەکان لە کارە بەراییەکانی حکومەت دەبێت .
هەروەها کار دەکەین بۆ پێداچوونەوە بە لیستەکانیان و پاکردنەوەیان لەو ناوانەی بە شێوازی نایاسایی زیادکراون .
نۆیەم : بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە گرنگی تایبەت بە کاروباری خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان دەدەین .
دەیەم : ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە کاردەکەین بۆ پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کلتوری ژینگە پارێزی ، کار دەکەین بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پێشکەوتووی ڕیسایکلین و چارەسەریی خۆڵ و خاشاك و کەمکردنەوەی مەترسیە ژینگەییەکان .
یازدەیەم : لەسەر شێوازێکی دادپەروەرانە کاردەکەین بۆ ئاوەدانکردمەوەی شار و قەزا و ناحیەکان و گرنگی تایبەت دەدەین بە هاندانی خەڵکی لادێکان بۆ مانەوەیان لە گوند و دێهاتەکانیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە بۆیان .
دوازدەیەم : گرنگی تایبەت دەدەین بە فەراهەمکردنی پانتایی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی یاسادا و پاڵپشتی بوارە وەرزشی و هونەری و فەرهەنگی و کلتوریەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان .
سیازدەیەم : کار دەکەین لە پێناو گرنگی دان بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ، ئەمەش لە ڕێگای پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم لە ڕوی جۆری ، هەروەها فەراهەمکردنی دەرفەتی لەبار بۆ خوێندن و توێژینەوەی زانستی .
جگە لەوەی کار دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەی کاری زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان و پێداچوونەوە بە کوالێتی زانستی و نرخەکانیان .

**چواردەیەم :** بە ئەلکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت (حکومەتی ئەلکترۆنی) ، چ لە ئاست کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لە ئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە ئەلکترۆنیەکان بۆ هاولاّتیان لە ئەرکە لە پێشینەییەکانمان دەبێت و بەم هۆیەوە ڕێگە لە ڕۆتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاولاّتیان و دامەزراوەکان دەگیرێت و کوالێتی خزمەتگوزاریەکان بەرز دەکرێتەوە .

**پازدەیەم :** گەنجانمان سەرمایەیەکی نیشتمانی گەورە و کاریگەری مرۆیین و ئایندەسازی ولاّتەکەمانن . بۆیە لە میانەی کار و بەرنامەی گشت وەزارەتەکان کاردەکەین بۆ بەکارخستن و ئاراستەکردنی تواناکانیان بەرەو بونیادنانی کۆمەلگەیەکی تەندروست و پێشکەوتوو ، کە ئایندەیەکی گەشتر بۆ ولاّت فەراهەم بکات .

**شازدەیەم :** شوێنەوارە مێژووییەکانمان بەشێکن لە سەرمایەی مێژویی و کلتوری ولاّتەکەمان و پاراستنیان ئەرکێکی لە پێشینەمان دەبێت و کاردەکەین بۆ بەهێزترکردنی ئالیەتی دۆزینەوە و سەرپەرشتی و پاراستنیان و هەروەها هەوڵی بەکارخستنی کاراتری ئەم شوێنەوارانە دەدەین بۆ بواری گەشتیاری ، بە پێی ستانداردە باوەکان .

**- لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ :**

**یەکەم :** حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنی فەرمی دانوستان دەبێت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دەستەی دانوستان دروست دەکەن بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا و بەدەستهێنانی مافە دەستوریەکانی گەلەکەمان .

**دووەم :** دەستور بنچینەی هەر دانوستانێکی هەولێر لەگەڵ بەغدا دەبێت و دۆسییەکانی پەیوەست بە مادەی (140) و پێشمەرگە و بودجە و سامانە سروشتیەکان و قەرەبوی

ئەنفال و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و زیانلێکەوتوانی دەستی ڕژێمی بەعس و هەموو مافە دەستوریەکانی هاولاّتیانی هەرێم لە نزیکترین کاتدا بابەتی گفتوگۆمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەبێت .

سێیەم : ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم .

چوارەم : ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشەی تیرۆر و مەترسیەکانی .

پێنجەم : بەدەستهێنانی مافە دەستوریەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك بەشێك لە سیستەمی بەرگری عێراقی فیدراڵ .

شەشەم : هەوڵدەدەین هەرچی زووترە دۆسیەی نەوت و گاز لەسەر بنەمای مادەی (111) و (112)ی دەستوری عێراقی فیدراڵ چارەسەر بکەین و یاسای نەوت وگاز لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت .

هەروەها هەوڵ دەدەین دەستەی گشتی چاودێری داهاتەکانی فیدراڵی وەك لە مادەی (106)ی دەستوردا هاتووە دابمەزرێت .

حەوتەم : جەخت کردن لە ڕەچاوگرتنی پشکی هەرێمی کوردستان لە دامەزراوەکانی عێراقی فیدراڵ .

هەشتەم : کارکردن بۆ دروستکردنی ئەنجومەنی ئیتیحادی و جەخت دەکەین لەسەر بنەماکانی ( توازن ، توافق ، شراکة) .

نۆیەم : جەخت کردنەوە لە دەرکردنی یاسای دادگای فیدراڵی عێراق دەکەینەوە بەجۆرێك یاساکە گەرەنتی سەربەخۆیی دادگای فیدراڵی بکات .

– ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان :

یەکەم : پێداگری لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی ناو هەرێم ....

دووەم : پێداگری دەکەینەوە لە چەسپاندن و بەهێزکردنی بنەما دیموکراسیەکان و ئازادی و یەکسانی و دەستخستنی زانیاری بە پێی یاسا بۆ هاولاتیانی هەرێم...

سێیەم : دژایەتی کردنی جیاکاری ڕەگەزی و پەراوێزخستنی رۆڵی ئافرەت ....

چوارەم : هاولاتیانی کوردستان ئازادن هەر بیروباوەڕێکی سیاسی لە چوارچێوەی ژیانی سیاسی هەرێمدا هەڵبژێرن و نابێ لە کوردستاندا هیچ کەس لەسەر بیر و باوەڕی سیاسی و سەرپێبوونی حیزبی سزا بدرێت و پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مافە زەوتکراوەکانی ئەوکەسانە بگەڕێندرێتەوە کە لەم ڕووەوە زیان مەندبوون .

- پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی :

لەم تەوەرەدا باس لە پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەکات و جەخت لەسەر پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ولاتانی دراوسێ دەکەنەوە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە و پشتگیری چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کیشەکانی ناوچەکە ، هەروەها هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی نوێنەرایەتییە هەنووکەییەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوەی هەرێم و ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ کردنەوەی کونسولگەری زیاتری ولاتان لە هەرێم .

- له ئاستی ئابووری و داراییدا :

یەکەم : کارکردن بۆ فرەچەشنکردن و فرەڕەهەند کردنی ئابوری هەرێم و تەنها پشت بە نەوت وغاز نەبەستێت ، گرنگیدان و پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەم کەرتانەدا .

دووەم : گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و پێشخستنی و گرنگیدان بە سەرچاوە ئاوییەکان و دروستکردنی بەنداوە وەرزی و هەمیشەییەکان ....و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و پشتیوانی جوتیاران و ڕەخساندنی بازاڕی گونجاوی ناوەوە و دەرەوە بۆ بەرهەمەکانیان .

سێیەم : ڕێکخستنەوەی سیستەمی بانکی لە هەرێم و بەکارخستنی ئەو سیستەمە بۆ خزمەتگوزارییە کەسی و گشتیەکان ......هتد .

چوارەم : هاندانی وەبەرهێنان لە هەموو بوارەکاندا ، بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەموو لایەك لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ، و کارکردن بۆ داڕشتنەوە و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان .

- له ئاستی کارگێڕیدا :

یەکەم : چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداری پارێزگاکان کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت .

دووەم : کار بۆ تەرشیقی هەیکەلیەتی دام ودەزگاکانی حکومەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەشێوەیەك کە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو بێت ، بە پێی پلانێکی تۆکمە و ئامادەکردنی نەخشە ڕێگایەکی زەمەنی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا .

هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ئەنجامدانی چاکسازی لە ئابوری هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە  بە مەبەستی بونیادنانی ئابورییەکی بەهێزتر و هەمەچەشنتر و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر کە بریتیە لە (1):

- کەمکردنەوەی قەرزەکان :

 حکومەتی هەرێم پابەندە بە هاندان و دروستکردنی دەرفەتی زیاتر و گەشەپێدان لە تەواوی هەرێمی کوردستان ، هەرچەندە گۆرانکاری لەشەو و ڕۆژێکدا روو نادات بۆیە دەبێت سەرەتا کۆنترۆڵی ئابوری هەرێم بکەین و قەرزەکان کەم بکەینەوە ، ئەمەش لەڕێگای کارکردنێکی بونیادنەرانە لەگەڵ بەغدا دەبێت ، تاکو بتوانین پشتگیری و یارمەتیەکانی حکومەتی فیدراڵ بۆ کەمکردنەوەی قەرزەکان بەدەستبهێنین ، لەهەمانکاتدا کار بۆ بەدەستهێنانی پشکێکی دادپەروەرانە لە داهاتەکانی وڵاتدا دەکەین .

- هاندانی ئابوری هەمەچەشن :

هەرێمی کوردستان سودی زۆری لە یەدەکی نەوت و کاز بینیوە ، بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و دەبێت هەلی زیاتر بۆخۆمان بڕەخسێنین .

یەکێك لەکارە لە پێشینەکانی حکومەت دامەزراندنی پێوەرە هەمەچەشنەکانی ئابورییە ، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە سامان و سەرچاوە بەردەوامەکانی وزە .

ئەم دەستپێشخەریانە هانی وەبەرهێنان لە سێ سێکتەری گرنگ دەدەن کە سێکتەری پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتوگوزارە .

---

1- بڕوانە : /https://gov.krd/the-governments-mission/reforms ،لە 2022/2/23 وەرگیراوە . پەرتوکی چاکسازی و خزمەتگوزاریەکانی دوو ساڵی یەکەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان 2019/7/10 تاکو 2021/5/1 .

- ئاسانکاریکردن بۆ ئەنجامدانی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان :

چوارچێوە و ڕێنمایی باش و گونجاو بۆ هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی دادەنێت و ئاسانکاری بۆ جوڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابوریدا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەکەین .

سیستەمی " یەك کۆگا one –stop-shop "ی دیجیتاڵی بەکاردەهێنێت تاکو بیرۆکراسی کەمبکرێتوە و دڵنیایی بدرێتە خاوەن کارەکان کە دەتوانن بە شێوەیەکی خێرا ئەو ئامۆژگاری و پشتگیریانەیان پێشکەش بکرێت کە بۆ گەشەسەندنی زیاتر لە کارەکانیان پێویستیانە .

داهاتووی ئابوری هەرێمی کوردستان گەشە ، پێداگری کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر شێوازێکی نوێ بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە دێنە بەردەمیان ، هانی وەبەرهێنەران دەدات زیاتر بێنە پێشەوە و وەبەرهێنان بکەن ، هاوکات بناغە بۆ گەشە پێدانێکی گشتگیری ئابوری دادەنرێت .

- پابەند بوونمان بۆ حکومەتدارییەکی باش :

کابینەی نوێ کوردستانێکی بەهێز و کراوە بە ڕوی جیهاندا پێك دەهێنێت .

لەهەموشی گرنگتر حکومەت خۆی بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان تەرخان دەکات .

- ڕوونی و شەفافیەتی زیاتر :

لەبەر ئەم هۆکارە کابینەی نوێی حکومەت گۆڕانکاری لە خزمەتگوزاریە گشتیەکان دەکات بەجۆرێك دڵنیابێت کە خزمەتگوزاریەکان بەردەستتر ، پرۆفیشناڵتر ، ڕوونتر و سەردەمیانەتر دەبن .

**لەگەڵ پەیڕەوکردنی کۆنترۆڵێکی زیاتر بەسەر ئابوری کوردستان و زیاترکردنی شەفافیەت ، دڵنیا دەبینەوە لەوەی بودجەی تەرخانکراو لەو شوێنانە خەرج دەکرێت کە پێویستن ، ئەوانەشی پارەکە خەرج دەکەن بەرپرسیار دەبن لە خەرجکردنەکە .**

**- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی :**

**بە گوێرەی ئەنجامی ڕاپرسیەکان ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی بەلای هاوڵاتیانەوە پێویستە کاری لە پێشینەی کابینەی نوێی حکومەت بێت، لەسەر ئەو بنەمایەش حکومەت هەموو هەوڵێك دەدات تابەسەر ئەو گرفتەدا زاڵبێت و لە ناوی ببات .**

**مەبەست و هەڵوێستمان ڕوونە فەرمانبەران پێویستە خزمەت بکەن نەك پێگەی خۆیان بۆ مەبەستی دیکە بەکاربهێنن ، بۆیە هەموو پۆستە حکومیەکان لەسەر بنەمای شایستەیی و شارەزایی دابەش دەکرێن .**

**ئەو فەرمانبەرانەی حکومەت کە دەیسەلمێنن لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان کارامەن و کاری زۆر دەکەن و پابەندن بە کارەکانیانەوە و هەوڵی گۆڕانکاری باش دەدەن ، خەڵات دەکرێن و پلەیان بەرز دەکرێتەوە .**

**- کارکردن بۆ داهاتوو :**

**کابینەی نوێ تەنیا بەوەوە ناوەستێت کە چاکسازی لە سێکتەرە گشتیەکان بە میکانیزمی نوێ و وردەوە بکات بەڵکو خزمەتگوزاری دیجیتاڵی و کەمکردنەوەی بیرۆکراسی کرۆکی کارنامەکەی دەبێت .**

**ئەنجامدانی گۆڕانکاری کاتی زۆری دەوێت ، بەیەکەوە کار بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئارام ، پارێزراو و خۆشگوزەران دەکەین ، داواش لە هەمووان دەکەین گەشبین بن ، بەڵام لە هەمان کاتدا واقعبینش بن .**

- هاوبەشی بونیادنەرانە و سەقامگیر لەگەڵ بەغدا :

کابینەی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی سەردەمێکی نوێی هەرێمی کوردستان دەکات . ئەوەش واتا پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە کۆماری عێراقی فیدراڵ ، کاری لە پێشینەش گەشەپێدانی هاوبەشی بونیادنەر و سەقامگیر لەگەڵ بەغدا کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەش و هەماهەنگی ئامانجدار دەبێت ، ئەوەش بە تێگەیشتنێکی ڕوون بۆ ماف و ئەرکەکانی هەردوولا دەبێت .

کۆمەڵێك بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ بەغدا بەیەکەوە دەمانبەستێتەوە وەکو بازرگانی ، ئاسایشی سنورەکان و گەشەسەندنی ئابوری بۆ هاوڵاتیانمان .

هیچ یەکێك لەو بەرژەوەندیانەش بەدی نایەن تەنیا لە ڕێگەی هاوبەشیەکی ڕاستەقینەوە نەبێت ، نەك کێبڕکێی بەردەوام .

چەند پرسێکی دریژخایەن هەن کە پێویستیان بە چارەسەری پێویست هەیە و حکومەتیش پابەندە بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی نوێ بۆ گفتوگۆ کردن .

پێویستە ئامانج لە گفتوگۆکانیش دورکەوتنەوە بێت لە ململانێکانی ڕابردوو لە پێناو گەشەپێدانی ڕێبازێکی نوێ بۆ ئەو ئاستەنگە هاوبەشانەی ڕووبەڕومان دەبنەوە .

دەستوور بنەمایەکی جەوهەرییە لە گفتوگۆکان لە گەڵ بەغدا ، ئەوەش تیمێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان دانوستانەکان بەڕێوە دەبات ، کە سەرنج دەخرێتە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە :

- دەرماڵە و بەشە بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان :

هەوڵ بۆ دابەشکردن و بەدەستهێنانی پشکێکی دادپەروەرانەی سامانی وڵات دەدەین لە بودجەی ساڵانە ، ئەوەش بە ڕێکەوتنێکی دادپەروەر و بەردەوام بۆ کوردستان .

- دابەشکردنی سامانی نەوت و گاز :

هەوڵی تەواو بۆ جێبەجێکردنی هەردوو مادەی (111) و(112)ی دەستوری عێراقی فیدراڵی دەدەین ، کە مافەکانی کوردستان دەپارێزێت . ئەمەش بەندە بە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی نەوت و گاز و گەشەپێدانی ئەو کەرتە .

ئەگەر پشتیوانی لەوە بکرێت بەرنامەی حکومەت شەفافیەت و وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتی نەوت و گازدا دەکات ، هاوکات ئاستی هەناردەی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەبێت .

- هەماهەنگی سەربازی وئەمنی :

کار لەسەر بە هێزکردنی توانا سەربازیەکان دەکەین بۆ بەرەنگاربونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان و چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکاریە ئەمنیانەی کە لە ناوچە کوردستانیەکان ڕوودەدەن ، لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافەکانی پێشمەرگە و جێگیرکردنی ئەو هێزە لە چوارچێوەی سیستەمی بەرگری عێراق .

- ناوچە جێناکۆکەکان (ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) :

ئێمە کار دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان لە ژێر ڕۆشنایی نەخشە ڕێگایەك کە بە گوێرەی مادەی (140)ی دەستوربێت . هەتا ئەو نەخشە ڕێگایەش جێبەجێدەکرێت حکومەت کاری لەپێشینەی هەماهەنگی و هاوبەشی ئەمنی و کارگێڕیە لەگەڵ بەغدا لە ناوچە جێناکۆکەکان .

- هەماهەنگی سیاسی :

کار لەسەر بەهێزکردنی هەماهەنگی سیاسی دەکەین لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ جەختکردنەوە لە بنەمای هاوبەشی ڕاستەقینە و تەوافوق و هاوسەنگی کە لە دەستووردا هاتووە .

- قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان :

بەرەچاوکردنی مادەی (132)ی دەستور حکومەت پشتگیری لە مافە دەستوریەکانی خۆمان دەکاتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی شەهیدەکان ، قوربانیانی ئەنفال و ئەوانەی رژێمەکانی پێشوو کاریگەریی لەسەریان جێهێشتووە .

- پابەندیە دیجیتاڵیەکەمان :

حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان .

حکومەت سوورە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەم خزمەتگوزاریانە بەردەست وڕوون بن .

لایەنێکی گرنگی ئەم کارە بریتیە لە تێهەڵکێشکردنی خزمەتگوزاریە دیجیتاڵیەکان .

بە پێی بەرنامەی کابینەی نۆ ئەم کارە زۆر بە وریاییەوە ئەنجام دەدرێت ، چونکە هەر گۆڕانکاریەکی نوێ پێویستی بە کات و پلاندانانی ورد هەیە . لەئەنجامدا ئەم پرۆسەیە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت ، چونکە دەزانن هەم خەڵك و هەم لایەنە بازرگانیەکان پێویستیان بە کاتی پێویست دەبێت بۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی کە دەیانبەستێتەوە بە حکومەتەکەیانەوە . هەر بۆیە تێهەڵکێشکردنی خزمەتگوزاریە دیجیتاڵیەکان نابنە جێگرەوەیەك بۆ ئەو ڕێکارانەی ئێستا بەکار دێن ، بەڵکو دەبنە تەواوکەریان .

## بنەماكانی خزمەتگوزاریە دیجیتاڵیەكان

بە گوێرەی كارنامەی حكومەتی هەرێم ستراتیجی وەرچەرخانی دیجیتاڵی لەسەر سێ بنەمای سەرەكی بەندە :

1- بەكارهێنەر بنەمایە : هەردوو هاولاّتی و فەرمانبەر بەكارهێنەری خزەتگوزاریە دیجیتاڵیەكانی حكومەتن .

حكومەت ڕاوێژ دەكات بە كەسانی گونجاو تاوەكو تێبگات لە پێویستیەكان و بتوانێت خزمەتگوزاریەكان لەسەر ژمارەیەك ئامێر دەستەبەر بكات .

2- سەكۆی هاوبەش : بوونی سەكۆیەكی هاوبەش دەبێتە هۆكارێك بۆ كەمكردنەوەی خەرجی و پاراستنی داتا و زیاتر بەردەست خستنی خزمەتگوزاریەكان .

ستراتیجی گۆڕانكاریە دیجیتاڵیەكان بە شێوەیەكی مەڵبەندی پلانی بۆ دادەنرێت و لە ڕێگەی وەزارەتەكانەوە دەگوازرێتەوە ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی كەمترین خەرجی و ئەنجامێكی گونجاو .

3- ئاسایش و تایبەتێتی : ئینتەرنێت دەكرێت ببێتە سەرچاوەی زیان گەیاندن ، لەبەر ئەوە سەرجەم ژێرخان و خزمەتگوزاریەكان بە شێوەیەك داڕێژراوە كە دڵنیایی تەواو بدات بە هاولاّتیان لەوەدا كە داتاكانیان پارێزراو بێت .

- ئەو خزمەتگوزاریانەی لە ساڵی یەكەمدا پێشكەش دەكرێت .

لە ساڵی یەكەمدا هاولاّتیان ئەم شتانە دەبینن :

یەك پۆرتاڵی سەرەكی حكومی كە ڕێگە بە هاولاّتیان دەدات دەستیان بگات بە سەرجەم خزەتگوزاری و زانیاریەكان لە یەك شوێنەوە .

سیستەمی ئەلكترۆنی تۆماركردنی دادنووس و مولكی بۆ وەزارەتی داد .

سیستەمی ئەلكترۆنی تۆماركردنی كۆمپانیا .

لەهەمان کاتدا کار دەکەین لەسەر تێهەڵکێشکردنی خزمەتگوزاری دیجیتاڵی لە کایەکانی دیکەی کاری حکومیدا ، وەك بەمەڵبەندی کردنی سیستەمی مووچە و سەرچاوە مرۆییەکان ، تاوەکو دڵنیایی بدەین کە کاربەدەستانی گشتی بە باشترین شێواز و بەو پەڕی ڕوونی و ئاشکراییەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن .

پلانی دوور مەودا بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزاریەکان ، گۆڕانکاری گەورە دەکات لە چۆنیەتی کارکردنی حکومەت و گەیاندنی بە سەرجەم لایەنەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا و گونجاو . ئەمەش کارێکی دوور خایەن دەبێت ، بەلاّم ئێمە سورین لەسەر کارکردن لەسەر دروستکردنی .

## هەڵسەنگاندنی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ هەڵسەنگاندنی هێڵە گشتیەکانی کارنامەی حکومەتی هەرێم و پلانی ئەنجامدانی چاکسازی لە ئابوری هەرێمی کوردستان کە ڕایگەیاندووە بە مەبەستی بونیادنانی ئابورییەکی بەهێزتر و هەمەچەشنتر و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر ، بە پێویستی دەزانین بیر و بۆچونەکانمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە :

1- کارنامە و پلانی چاکسازی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی دەبینێتەوە لە دەقێکی دوور و درێژی فرە ڕەهەند ، لە شێوەی داڕشتن ، بێ دیاریکردنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی کارنامە و پلانی چاکسازیەکە بە پراکتیکی و دووبارە کردنەوەی دەستەواژە و چەمکەکان ، بەشێوەیەك داڕێژراوە زیاتر لە نوسینێکی تیۆری مامۆستایەکی زانکۆ دەچێت بۆ خوێندکارەکانی سەبارەت بە ئەرك و سنوری کار و چالاکی حکومەتەکان .....هتد .

2- لەسەر ئاستی چاکسازی لیستێکی (13) خاڵی داڕشتووە هەر لە ڕکخستنی کەرتی وەزیفی گشتی و ڕێکخستنەوەی دەوام و نەهێشتنی رۆتین و بەکار نەهێنانی پێگەی وەزیفی بۆ بەرژەوەندی تایبەت و ڕێکخستنی ئیفاد و سەفەر و ڕوبەروبونەوەی گەندەڵی کارگێری و دارایی و گرنگی دان بە کەرتی تەندروستی و چاکسازی لە سیستەمی باج و ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری و بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و سەروەرکردنی یاسا ...هتد.

لەڕاستیدا ئەمانەی سەرەوە بەرنامەی کاری کابینەیەکی حکومەت نین هەندێکیان گرفتی هیند ئاسانن بە پەیڕەو کردنی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان چارەسەر دەکرێن لە هەر فەرمانگەیەکی حکومەتدا وەك ڕێکخستنی دەوام و نەهێشتنی رۆتین و ...هتد .

**لەلایەکی ترەوە هەندێکیان بەرنامەی ستراتیژی درێژمەودای دەوڵەتێکە بۆ دەیان ساڵ و چەندین نەوەی داهاتوو وەك بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و سەروەری یاسا ...هتد .**

**3- بەپێی کارنامەی کابینەی نۆ کار دەکەن بۆ چاککردن و باشکردنی خزمەتگوزاریەکانی کەرتی کارەبا و ئاو و تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی بالاّ و ڕێگا و بان و ڕەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و گرنگیدان بە خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و....هتد .**

**لەڕاستیدا پێدانی بەشێك لەکار و خزمەتگوزاریەکانی کەرتی کارەبا و ئاو بە کۆمپانیای تایبەت و دانانی پێوەری بە ناو زیرەك و پێوەری ئاو و زیادکردنی نرخەکانی کارەبا و ئاو جگە لەبارگرانی بۆ سەرشانی هاولاّتیان و دەوڵەمەند کردنی کەسان و کۆمپانیای دیاریکراو لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی هیچ سوودێکی بۆ هاولاّتیان لێنەکەوتۆتەوە .**

**بۆ نموونە گرانکردنی پارەی بەکارهێنانی (یەکەی) کارەبا لە مانگیکدا بە (Kwh) بە پێی ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی (2021)ی وەزارەتی کارەبا ، بۆ پێوەری نیشتەجێبوون بەکارهێنانی (1- 450) (یەکە) مانگانە لە (15) دینارەوە گرانکرا بۆ (18) دینار ، بۆ (2101- 3000) (یەکە) لە (75) دینارەوە گرانکرا بۆ (90) دینار، لە (5001 یەکە بۆ سەرەوە) لە (200) دینارەوە گرانکرا بۆ (240) دینار.**

**بۆ پێوەرەکانی جۆری بازرگانی بەهەمان شێوە لە (130) دینار بۆ هەر یەك (Kwh) گرانکرا بۆ (156) دینار(1) ....هتد .**

---

1- ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی 2019 ، ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا .

هەروەها ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2021 ، ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا .

سەبارەت بە پێوەری ئاو بەدەر لە یاسا حکومەت سزای دارایی دیاری کردووە بۆ نەبەستنی پێوەری ئاو بە بڕی جیاواز لە مانگی(2021/2)ەوە، بۆ نموونە بۆ نیشتەجێبوون بڕی(80000)دینار سزا دیاری کراوە بۆ هەر مانگێك بەپێی ڕینمایی وەزارەتی شارەوانی ژمارە(1)ی ساڵی2018 و هەمواری ئەم ڕێنماییە بە ڕینمایی ژمارە(2)ی ساڵی 2021(1) و هەردوو ڕێنماییەکە پشت دەبەستن بە بڕگەی(سێیەم) لە مادە(حەوتەم)ی یاسای ژمارە(12)ی ساڵی 2010(2) کە لە ڕاستیدا ئەم یاسایە دەسەلاَت نادات بە سزادانی دارایی لەسەر نەبەستنی پێوەری ئاو .

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یاسای ژمارە(4)ی ساڵی 2021 کە باس لە تاوانەکانی زیادەرۆیی و دەستدرێژی بۆ سەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و سەرچاوەکانی ئاو دەکات و تاوان و سزاکان دەق نووس کراون و بابەتی پێوەری ئاوی تێدا نییە (3) .

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی ، حکومەت پێشتر تەنانەت پارەی سندوقی شێرپەنجەشی خەرج کرد کە خێرخوازان دابینیان کردبوو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی شێرپەنجە ، هاولاَتیان تا بتوانن ڕوو لە نەخۆشخانەکانی دەرەوەی ولاَت و نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکەن ، تەنانەت هاولاَتیانی کەم دەرامەتیش لە ئێستادا هەوڵی بەدەستهێنانی تێچووی چارەسەرکردن دەدەن لە نەخۆشخانە تایبەتەکاندا چونکە نەخۆشخانە حکومیەکان جگە لە پێداویستییە سەرەتاییەکان خزمەتگوزاری پزیشکی ئەوتۆی تێدا نییە و بە ئاشکرا لە

---

1- ڕێنمایی ژمارە(1)ی ساڵی2018، ڕێنمایی تایبەت بە بەستن و خوێندنەوەی پێوەری ئاوی خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان . و ڕێنمایی ژمارە(2)ی ساڵی 2021، هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بە بەستن و خوێندنەوەی پێوەری ئاوی خواردنەوە ژمارە(1)ی ساڵی2018 .

2- یاسای ژمارە(12)ی ساڵی2010 یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان- عێراق .

3- یاسای ژمارە(4)ی ساڵی 2021 ، یاسای پاراستنی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

نەخۆشخانە حکومیەکاندا نەخۆش ئاگادار دەکرێتەوە کە دەرمان بەردەست نییە بۆ چارەسەرکردن و پێویستە بۆ بەدەستهێنانی دەرمان لە دەرمانخانە تایبەتییەکان بیکڕن .

هەروەها لە کەرتی پەروەردە و خوێندنی بالآدا ئەو هاولأتیانەی باری داراییان باشە ڕوو لە قوتابخانەی تایبەتی و زانکۆ تایبەتەکان و زانکۆکانی دەرەوەی وولأت دەکەن ، ئەوەی باری دارایشی یارمەتیدەر نییە بە ناچاری ڕوو دەکاتە قوتابخانە و زانکۆ حکومیەکان .

لەلایەکی دیکەوە حکومەت (رسومات)ی خستۆتە سەر زۆر لە خزمەتگوزاریە گشتیە خۆڕاییەکان بۆ نموونە پارکی وەستانی ئۆتۆمبیل لە فەرمانگەکان ، سپاردنی سکالأ نووسین بە کۆمپانیای تایبەت و زیادکردنی پارەی سکالأ نوسین لەسەر هاولأتیان .

سەبارەت بە خزەتگوزاریەکانی شارەوانی ئەوەی جێی سەرنجە بەدەر لە یاسا بڕێك پارە لە هاولأتیان دەسەنرێت بەناوی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك بۆ نیشتەجێبوون بڕی (5000) دینار و بۆ چالاکی بازرگانی لە (15000) دینار بۆ سەرەوە ، جگە لە پارەی تابلۆی دوکان و شوێنە بازرگانیەکان و خەملأندنیان بە شێوەی گۆترە و سپاردنی کۆکردنەوەی ئەم بڕە پارانە بە کۆمپانیای تایبەت و بۆ بەرژەوەندی کەسی لەدەرەوەی دەستور و یاسا (1) .

هەروەها گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای کەرتی تایبەت بەمەبەستی کۆکردنەوەی باج بە گۆترە لەسەر (چەرداخ و وەستانی ئۆتۆمبیل و ئاوەڕۆ و پاشەڕۆ ...هتد ) لە پیشەوەرانی ناوچەی پیشەسازی بەدەر لە دەستور و یاسا .

ئەوەی زیاتر جێی سەرسوڕمانە لە دیمانەیەکی سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە بەرنامەی (هەنگاوی نۆیەم)ی کەناڵی (k24) لە ڕێکەوتی (2022/3/22) ، ناوبراو باسی لە جۆرە ڕەسمێکی نوێ دەکرد کە شایەنی هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەویش

---

1- الدستور العراقی الدائم لعام 2005م ، المادة (28) فقرة (اولا) .(لاتفرض الضرائب والرسوم ولاتعدل ولاتجبى ، ولایعفى منها ، الا بقانون) .

**وەرگرتنی بڕی (5000) پێنج هەزار دینار لەبری ڕێکخستن و دابەشکردنی شوێنی سەیرانی هاولاتیان لە ڕێگای کۆمپانیایەکەوە ، لە بەرامبەردا هاولاتی بتوانێت سەیران بکات لە ڕوبەرێکی زەوی (30) مەتر دووجا ، هەروەها باسی لەوە دەکرد کە ڕەنگە بۆ ئەم سالّ فریای نەکەون و بۆ سالّی داهاتوو هەولّی جێبەجێکردنی دەدەن (1) .**

**4- سەبارەت بە جێبەجێکردنی مادەی (140)ی دەستور کە درێژە پێدەری مادەی (58)ی ( قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية) یە و تایبەتە بە دیاری کردنی چارەنووسی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان و جێبەجێکردنی بە سێ قۆناغ کە بریتین لە ئاسایی کردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی ( تطبيع - احصاء - استفتاء) و کۆتا وادەی جێبەجێکردنی ئەم مادەیەی بە (2007/12/31) دیاری کردووە .**

**ئەم مادەیە لەکاتی خۆیدا جێبەجێنەکرا و ماوەکەی بەسەرچوو (2) ، کاتێك کورد دەسەلاتی بالا و ڕەهای لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان هەبوو جەختی لەسەر جێبەجێکردنی مادەی(140) نەکرد ئەوەندەی جەختی لەسەر فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت و دەستکەوتە داراییەکان دەکرد و ئێستا دوای سەپاندنی دەسەلاتی حکومەتی فیدرالّی پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم و ڕوداوەکانی 16/ئۆکتۆبەر و بڕیارەکانی هەردوو دانیشتنی ژمارە (22و23)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەسەرچونی وادەی دەستوری جێبەجێکردنی مادەی (140) زۆر زەحمەتە دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی مادەی (140)ی تێدا نوسرایەوە (3) .**

---

1- بڕوانە ، بەرنامەی هەنگاوی نۆیەم ، هەنگاوەکانی چاکسازی لە دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە ، 2022/3/22، www.kurdistan24.net .

2- مادەی (140)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق 2005 ز .

3- بڕیارەکانی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، ژمارە (22و 23)ی سالّی2017 ، بڕوانە : پاشکۆ ، لا 202 - 206.

5- سەبارەت بە دۆسیەی نەوت و گاز و ناکۆکیەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ ، لە کارنامەی کابینەی نۆدا هاتووە هەوڵدەدەین هەرچی زووترە دۆسیەی نەوت و گاز لەسەر بنەمای مادەی (111) و (112)ی دەستوری عێراقی فیدراڵ چارەسەر بکەین و یاسای نەوت و گاز لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت .

لە پلانی چاکسازی کابینەکەدا هاتووە هەوڵی تەواو بۆ جێبەجێکردنی هەردوو مادەی (111) و (112)ی دەستوری عێراقی فیدراڵی دەدەین کە مافەکانی کوردستان دەپارێزێت . ئەمەش بەندە بە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی نەوت و گاز و گەشەپێدانی ئەو کەرتە .

لە ڕاستیدا یەکێك لە دۆسیە ناڕوون و تەم و مژاویەکان لە هەرێمی کوردستان دۆسیەی نەوت و گاز و ئەو گرێبەستانەیە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە ، بە شێوەیەك لەجیاتی ئەوەی هۆکاری بوژاندنەوەی ئابوری و خۆشگوزەرانی خەڵی کوردستان بێت بۆتە مایەی دارمانی سیستەمی ئابوری و مەینەتی بۆ هاولاَتیانی کوردستان ، بەجۆرێکە سەرەڕای فرۆشتنی نەوت لە ڕێگای بۆری و هەروەها بە تانکەریش لەبەر ناڕوونی و خراپ بەڕێوەبردن و زۆری ڕێژەی گەندەڵی لەم دۆسیەدا و گرفتی دەستوری و یاسایی پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت و گاز و دەستبەسەرداگرتنی داهاتەکەی لەلایەن گروپێکی قۆرخکاری نێو دەستەبژێری سیاسی لە هەرێمی کوردستان حکومەتی هەرێمی خستۆتە ژێر باری قەرزی کۆمپانیاکان و سزای یاسایی حکومەتی فیدراڵ و هەرەس هێنانی ئابوری هەرێم و ناجێگیری سیاسی و نادادی کۆمەلاَیەتی و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و تاوانە ڕێکخراوەکان و دوور نیە لە ئایندەدا قەوارەی سیاسی هەرێم بخاتە بەر مەترسی هەڵوەشان یان کەرتبوون .

**بە شێوەیەکی گشتی گرفتەکانی دۆسیەی نەوت و گازی هەرێم خۆی دەبینێتەوە لە :**

**یەکەم - دەرهێنان و فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت و گاز تاکلایەنە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بێ گەڕانەوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ ، بەدەر لە دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (2005ز) .**

**دووەم - ناڕوونی لە گرێبەستەکاندا .**

**سێیەم - فرۆشتنی نەوت بە نرخێکی کەمتر لە نرخی راستەقینەی بازاڕ .**

**چوارەم - گواستنەوەی نەوتی هەرێم بە نرخێکی زیاتر لە نرخی ڕاستەقینەی بازار.**

**پێنجەم - فرۆشتنی (60٪)ی بۆری نەوتی کوردستان بە کۆمپانیای رۆزنەفتی روسی و (40٪)ی بۆریەکە بە کۆمپانیای کار .**

**شەشەم - دیار نەمانی پارەی پێشەکی فرۆشتنی نەوت کە بە شیرینی نەوت ناسراوە .**

**حەوتەم - سەرەڕای ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێم بە گەڕانەوەی (41٪)ی پارەی داهاتی نەوت بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەلام داتاکانی شارەزایان و پەرلەمانتاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەوە دەردەخات کە لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوت لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمتر لە ڕێژەی (41٪)ی پارەی داهاتی نەوت دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت .**

**هەشتەم - بە پێی داتاکانی حکومەتی هەرێم بڕی (59٪)ی پارەی داهاتی نەوت دەچێت بۆ کۆمپانیاکان ، کە زۆربەی ئەو کۆمپانیایانە کۆمپانیای حزبی و سەر بە کەسانی خاوەن دەسەلاتن .**

**نۆیەم - داتا و زانیاریەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ناخرێتە بەردەم دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی چاودێریکردنی پرۆسەی فرۆشتنی نەوت و وردبینیکردنی گرێبەستەکان .**

6- سەبارەت بە ئەلکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت (حکومەتی ئەلکترۆنی) و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە دیجیتاڵیەکان کە مەبەست لێی ڕێگەگرتنە لە ڕۆتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاولاتیان و دامەزراوەکان و بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزاریەکان . بە نموونە باس لە سیستەمی ئەلکترۆنی تۆمارکردنی دادنووس و مولکی بۆ وەزارەتی داد دەکات .

لەڕاستیدا گەرچی لەجیهاندا حکومەتەکان بەرەو حکومەتی ئەلکترۆنی دەچن و خزمەتگوزاریەکان بەشێوەیەکی دیجیتاڵی دەخرێنە خزمەتی هاولاتیان و دامەزراوەکان ، مەبەست لێی خێرایی ئەنجامدانی کاروبارەکان و گەڕانەوەی کات و کەمکردنەوەی تێچوویەتی .

بەلام لە هەرێمی کوردستان بە "ئەلکترۆنیکردن" ی خزمەتگوزاریەکان بۆتە مایەی زیان گەیاندن بە هاولاتیان و بارگرانی بۆیان جگە لە دروستکردنی گرفت بۆ فەرمانبەرانیش بۆ نموونە کاروبارەکانی (فەرمانگەکانی دادنووس) بە گرێبەست دراون بە کۆمپانیای تایبەت و چ لە ڕوی کات و چ تێچووی مامەڵەکان چەند بەرامبەرێك زیادی کردووە لەسەر شانی هاولاتیان و هەلی ڕەخساندووە بۆ دەوڵەمەندبوونی چەند کەس و کۆمپانیایەك لە سەر حسابی بەرژەوەندی گشتی . بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە :

- پێش بەئەلکترۆنی کردن تێچووی بریکارنامەیەکی تایبەت بریتیبوو لە (3000) دینار بۆ سکالا نووس لەگەڵ (3250) دینار رسومات کە دەیکردە (6250) دینار .

دوای بە ئەلکترۆنی کردن تێچووی بریکارنامەیەکی تایبەت بریتییە لە (15000) دینار بۆ کۆمپانیا لەگەڵ (3250) دینار رسومات بەم شێوەیە تێچووەکەی بووە (18250) دینار .

بەهەمان شێوە بۆ مامەڵەکانی بریکارنامەی گشتی و دەستەبەری و بەڵێننامە و کۆمپیالە و گرێبەست و تۆمارکردنی ئامێرەکان تێچووەکەی زیادی کردووە .

- بۆ پەسەندکردنی بریکارنامە(تصدیق) پێش بە ئەلکترۆنی کردن تێچووی پەسەندکردن بریتی بوو لە (1000) دینار بۆ سکالاٚ نووس لەگەڵ (1500) دینار رەسم بۆ حکومەتی هەرێم بۆ هەر وێنەیەك ، بەلاٚم پاش بەئەلکترۆنی کردن تێچووەکەی زیادی کرد بۆ (5000) دینار بۆ کۆمپانیا بۆ هەر وێنەیەك لەگەڵ (1500) دینار رەسم بۆ حکومەتی هەرێم بۆ هەر وێنەیەك.

هەرچەندە مەبەست لە خزمەتگوزاریە دیجیتاڵیەکان کەمکردنەوەی ئەرك و خەرجیەکان و گێڕانەوەی کات و زامنکردنی تایبەتمەندێتی و پاراستنی ئاسایشی تۆڕی زانیارییەکانە ، بەلاٚم لە ڕاستیدا جگە لەوەی ئەرك و تێچووی کەم نەکردۆتەوە و کاتی نەگەڕاندۆتەوە لەهەمان کاتیشدا پاراستنی تایبەتمەندێتی و ئاسایشی تۆڕی زانیارییەکانی زامن نەکردووە و ڕێگر نییە لەبەردەم تاوانەکانی ساختەکردن .

بە شێوەیەکی گشتی پێدانی خزمەتگوزاریەکانی کەرتەکانی کارەبا و ئاو و شارەوانی و مامەڵەکانی فەرمانگەکانی دادنووس بە کەرتی تایبەت و شکستهێنانی کەرتی گشتی تەندروستی و پەروەردە لە بەرژەوەندی خاوەن نەخۆشخانە و دامەزراوەکانی خوێندنی تایبەت و زیادکردنی باج و رەسم لەسەر هاولاٚتیان بەدەر لە یاسا ، جگە لە زیادکردنی بارگرانی لەسەر هاولاٚتیان و دەوڵەمەند کردنی کەسان و کۆمپانیای دیاریکراو لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی هیچ سوودێکی بۆ هاولاٚتیان لێنەکەوتۆتەوە ، لەلایەکی ترەوە گرانی کاڵاٚ و پێداویستیە سەرەکیەکان (سوتەمەنی و نان بە نموونە) دەرخەری شکستهێنانی بەرنامەی چاکسازی حکومەتە و بەتەواوی متمانەی هاولاٚتیانی بە حکومەت نەهێشتووە .

7- به پێی بەرنامەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ، کوردستانێکی بەهێز و کراوە بە ڕووی جیهاندا پێك دەهێنێت .

تیایدا هاتووە سەبارەت بە قەرز و پارە کەڵەکەبووەکانی سەر ئەستۆی حکومەتی هەرێم ، حکومەتی هەرێم پابەندی خۆی دەربڕی بە هاندان و دروستکردنی دەرفەتی زیاتر و گەشەپێدان لە تەواوی هەرێمی کوردستان ، لە ڕێگای کارکردنێکی بونیادنەرانە لەگەڵ بەغدا ، تاکو بتوانرێت پشتگیری و یارمەتیەکانی حکومەتی فیدراڵ بۆ کەمکردنەوەی قەرزەکان بەدەستبهێنن .

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ڕوونی بکەینەوە کە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی قەرزەکانی ئەستۆی نەك سەرکەوتوو نەبووە و قەرزەکان کەم نەبۆتەوە بگرە هەڵکشاوە و زیادی کردووە و داهاتووی حکومەتی هەرێمی خستۆتە دۆخێکی مەترسیدار کە ڕەنگە لێکەوتەی چاوەڕوان نەکراوی لێ بکەوێتەوە .

هەروەك ئاماژەمان پێدا لە پاش متمانەدان بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (2019/7/10) سەرۆکی حکومەت لە یەکەم وتاری لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و پێشکەشکردنی کارنامەی کابینەکەی ڕایگەیاند : " ... بە پێی ڕاپرسیەکان داواکاری یەکەمی هاولاتیان نەهێشتنی گەندەڵیە و داواکاری یەکەمی منیش نەهیشتنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازیە ، گەندەڵی دیاردەیەکی ترسناکە تا ئێستا نەبووە بە کلتور دەتوانین بە پشتیوانی هاولاتیان و دامەزراوە تایبەتمەندەکان لەماوەیەکی کورتدا قەبارەی ئەم دیاردەیە کەمبکەینەوە ..... ، لەئێستا بەدواوە هیچ لێخۆشبوون و چاوپۆشی لە گەندەڵکاران ناکرێت و دەبێت داواکاری هاولاتیان بە دی بهێنین ." .

هەروەها باسی لەوە کرد : " حکومەتمان وەرگرت کە بە ملیارەها دۆلار قەرزی لە سەر بوو لە ئەنجامی بارودۆخی ئابوری سەپێنراو بە سەرماندا ... بەشی زۆری ئەم قەرزانەش

**دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی ئیتحادی بەهۆی ئەوەی هەستا بە بڕینی بودجەی هاولاَتیانی هەرێمی کوردستان ... ".**

**لە پاش دە مانگ لە سوێند خواردنی کابینەی حکومەت و ڕاگەیاندنی بەرنامەی کاری کابینەکە ، لە (22/ئایار/2020) سەرۆکی حکومەت وتارێکی ئاڕاستەی گەل کرد و تیشکی خستە سەر پلانەکانی حکومەت بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانی دارایی و کۆمەڵێك دۆسیەی گرنگی دیکە .**

**لە وتارەکەدا هاتووە : (..... ئەم قەیرانەی لە ئێستادا هەیە زیاتر هانمان دەدات لەسەر ستراتیژیەتی فرە چەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات ، لە هەمانکاتدا بەردەوامبوون لەسەر پرۆسەی چاکسازی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو لە بوارەکانی کارگێڕی و ئابوری ، هاولاَتیە خۆشەویستەکانمان دەزانن چاککردنەوەی هەڵەکان و بونیادنانی ژێرخانێکی ئابوری جێگیر پێویستی بە کاتی زیاتر و هاوکاری سەرجەم هاولاَتیانە .......... هەروەك لاتان ئاشکرایە ، لە ڕۆژانی ڕابردوودا سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد و پلانێکمان پەسەندکرد بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوری . هەروەها چەندین بڕیاری گرنگمان دەرکرد سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کە جەختمان لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی کرد هەر لەسەرەتای وەرگرتنی ئەرکەکەمانەوە وەك بەشێکی سەرەکی بەرنامەی کاری کابینەی نۆی حکومەت و ئێمە سوورین لە بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی چاکسازی و دانانی سنورێك بۆ بەهەدەردانی سامانی گشتی . بێگومان چاکسازی زیان دەگەیەنێت بە گەندەڵکاران و مەترسی دەخاتە سەر بەرژەوەندیەکانیان ، بۆیە هەوڵی شکستپێهێنانی پرۆسەی چاکسازی دەدەن بە دانانی بەربەست لەبەردەمیدا .**

**لەکاتێکدا چاکسازی داواکاری زۆرینەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە ، لەگەڵ هاوڵاتیان دەمێنمەوە و بەردەوام دەبین لەسەر چاکسازی بە پشتیوانی هاوڵاتیانی خۆشەویست و بەهیچ شێوەیەك لێی پاشگەز نابینەوە .**

**پێویستە چاکسازی گشتی و گشتگیربێت و هەمومان بگرێتەوە و ڕێگە نادرێت بە هیچ کەس و لایەنێك و لە ژێر ناوی پاراستنی بەرژەوەندی کەسی و حزبی بە دانانی ئاستەنگ لە ڕێگای ئەم پرۆژەیە .....).**

**هەروەها باسی لەوە کرد کە ( ....حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕی (27) ملیار دۆلار قەرزی لەسەرە ، بەشە سەرەکییەکەشی هۆکارەکەی حکومەتی فیدراڵیە لە ئەنجامی نەناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق ، بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ یەدەکێکی دارایی نیە ، لەسەر ئەو بنەمایە پشت دەبەستین بەو سەرچاوە داراییانەی مانگانە بۆمان دێت ، ئەوەش مانای وایە ئێمە ڕووبەڕوی گرفت دەبینەوە لە هەموو قەیرانێکی دارایی....)** (1) .

**لەم وتارەدا پێدەچێت سەرۆکی حکومەت درکی بەوە کردبێت کە قەبارەی گەندەڵی زۆر گەورەتر و گرفتەکە قووڵترە لەوەی کە بیریان لێدەکردەوە هەر بۆیە ئاماژەی بەوە کرد "...چاککردنەوەی هەڵەکان و بونیادنانی ژێرخانێکی ئابوری جێگیر پێویستی بە کاتی زیاتر و هاوکاری سەرجەم هاوڵاتیانە".**

**ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دیاردەی تێپەڕاندووە و بووە بە "کلتور" و کەسانێك هەن ئاستەنگن و لەمپەر دادەنێن بۆ هەوڵەکانی حکومەت سەبارەت بە چاکسازی کە بانگەشەی بۆ دەکات .**

---

1- **بڕوانە : ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە ساڵی 2021 دەقی سەرجەم وتارەکانی سەرۆکی حکومەتی بڵاو کردبۆوە بەڵام لە ساڵی 2022 دەقی وتارەکان لە ماڵپەڕەکەدا نەماوە** www.gov.krd/arabic/government .

بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی پێویستی بە بەرنامەی گشتگیر و تیمی شارەزا و ئیرادەی سیاسی و حکومەتێکی بە توانایە بۆ جێبەجێکردنی یاسا بەسەر گەندەڵکاراندا بێ جیاوازی .

لەکاتێکدا سەرۆکی حکومەت دەڵێ : "...چاکسازی پێویستە گشتی و گشتگیر بێت و هەمومان بگرێتەوە و ڕێگە نادرێت بە هیچ کەس و لایەنێك و لە ژێر ناوی پاراستنی بەرژەوەندی کەسی و حزبی بە دانانی ئاستەنگ لە ڕێگای ئەم پرۆژەیە.." ، بەڵگەیەکی ڕوونە کە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ڕێچکەیەکی ترسناکی گرتووە و بە فۆڕمێکی ڕێکخراو و بەرنامە بۆ داڕێژراو پەیڕەو دەکرێت لەلایەن بەشێك لە دەستەبژێری حوکمڕان و لایەنە سیاسییەکانەوە و ڕێگری دەکەن لە ئەنجامدانی چاکسازی .

دواتر لەڕێکەوتی (2020/10/5) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد لە پەرلەمان تایبەت بە ڕاپۆرتی ساڵی یەکەمی حکومەت و تیایدا هات : " ...چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە ، بە شەو و ڕۆژێك تەواو نابێت و لە زۆر سیکتەردا دەستی پێکردووە و پەل دەکێشێت بۆ سەرجەم کەرتەکانی دارایی و کارگێڕی " .

پاشان ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان ڕوبەڕوی قەیرانی تەندروستی و ئابوری دەبنەوە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان و نەناردنی پشکی هەرێم لەلایەن بەغداوە ، بەڵام ئەوە ڕێگری ناکات لە جێبەجێکردنی پرۆژە ستراتیژیەکانی بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و ڕێگاوبان و کارەبا .

هەروەها جەختی لەوە کردەوە قەرزە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی سەر حکومەتی هەرێم زیاترە لە ( 8.5 ) تریلیۆن دینار نزیکەی ( 7.2) ملیار دۆلارە و کۆی پابەندییە داراییەکان نزیکەی ( 9.8 ) تریلیۆن دینارە نزیکەی ( 8.3 ) ملیار دولار، هەروەها بڕی کۆی پابەندییە داراییەکانی موچە خۆران زیاترە لە ( 10.5 ) تریلیون دینار کە نزیکەی (8.9 ) ملیار دۆلارە .

هەروەها پابەندییە داراییەکانی کە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمە بۆ بانکی بازرگانی عێراقی و بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی دەکاتە نزیکەی (4.6 )تریلیۆن دینار کە دەکاتە نزیکەی (3.9) ملیار دۆلار، بەم شێوەیە کۆی قەرزە ناوخۆیی و دەرەکیەکان نزیکەی (33.6 ) تریلیۆن دینارە کە دەکاتە (28.4) ملیار دولار (1) .

بەو پێیە قەبارەی قەرزەکانی سەر ئەستۆی حکومەتی هەرێم لە (27)ملیار دۆلارەوە زیادی کردووە بۆ بڕی (28.4) ملیار دولار .

پاشان لە ڕێکەوتی 29/حوزەیرانی /2021 و لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان (ئامانج ڕەحیم) سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە قەرزە کەڵەکە بووەکانی ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاد بووە بۆ (31) ملیار و (637) ملیۆن دۆلار.

ئەم قەرزانەش بریتین لەو پارانەی کە لە کۆمپانیا نەوتیەکان وەرگیراوە ، لەگەڵ پاشکەوتی مووچەی موچەخۆران کە حساب کراوە تا (2021/3/30) .

هەروەها ڕایگەیاند بەرزبوونەوەی قەبارەی قەرزە کەڵەکە بووەکان دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی بەهای دینار بەرامبەر بە دۆلار ، بڕی مووچەی پاشکەوت کراو بریتیە لە (12) ملیار دۆلار ، باقی قەرزەکان پەیوەندیان بە بانکی (T.B.I) (المصرف العراقي للتجارة) هەیە کە نزیکەی (4) ملیار دۆلارە .

لەگەڵ ئەمەشدا حکومەت پابەندی دارایی لەسەرە بە بڕی نزیکەی (8) ملیار و (703) ملیۆن دۆلار بەشێکی قەرزی بەرهەمهێنانی کارەبا و پاشکەوت کردنی سوتەمەنییە و

---

1- بڕوانە : اقتصاد الدول العربية ، بارزاني : ديون كوردستان العراق اكثر من 28 مليار دولار تشمل ديون خارجية وداخلية ورواتب متاخرة لموظفي الدولة ، 2020/10/5 ، www.aa.com.tr/ar/ اقتصاد .

بۆ زیاتر بڕوانە : رئيس حكومة اقليم كوردستان يقدم الى البرلمان تقرير اول عام من عمل الحكومة ، www.gov.krd/arabic/government .

بەشێکی دیکەی قەرزی بانکە ئەهلیەکانە ، جگە لە قەرزی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت و ئەو پارانەی پێشەکی وەرگیراون لە کۆمپانیاکانی کڕینی نەوت (1) .

هەروەها لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بڕیارێك بدەین ئەویش نەهێشتنی سیستەمی پاشکەوتی مووچە و کارکردن بە سیستەمی خۆ گونجاندن ، واتا حکومەتی هەرێم بڕیاریدا ئەو بڕە پارەیەی کە لە مووچە خۆران دەبڕدرا بە ناوی پاشکەوتی مووچە و وەك قەرز لە ئەستۆی حکومەتی هەرێم دەمایەوە بگۆڕدرێت بۆ سیستەمێکی دیکە بە ناوی خۆ گونجاندن بە شێوەیەك وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم بە گوێرەی داهاتی مانگانەی بەردەستی خۆی بگونجێنێت بۆ پێدانی مووچە بە پێی ڕێژەیەك لێبڕین دابەشی بکات بە سەر مووچە خۆراندا بێ ئەوەی ناوی پاشکەوتی لێبنرێت .

جێی سەرنجە (د. جوتیار عادل) وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ڕێکەوتی (2022/6/15) ڕایگەیاند : حکومەتی عێراق لە ساڵی (2014) بوودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی ئێمەش ناچار بوین پاشکەوت لە مووچەی فەرمانبەران بکەین ، بۆیە ئەو بڕە پارەیەی پاشکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لای حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە و لای حکومەتی عێراقە !(2) .

---

1- المسلة ، مسؤل بحکومة الاقلیم یتحدث عن حجم دیون کوردستان : تجاوزت 31 ملیار دولار ، almasalah.com ، وەرگیرا لە 2021/8/18 .

بۆ زیاتر بڕوانە : RUDAW ، سکرتیر مجلس وزراء اقلیم کوردستان : الدین الحکومي ارتفع ل 31 ملیار و637 ملیون دولار ، 2021/6/29 ، www.rudaw.net/arabic .

2- درەو Draw ، www.drawmedia.net ، 2022/6/15.

8- حکومەتی هەرێم بڕوای بە داهاتویەکی گەشە بۆ ئابوری هەرێمی کوردستان .

پابەندی خۆی دەربڕی بە هاندان و دروستکردنی دەرفەتی زیاتر و گەشەپێدان لە تەواوی هەرێمی کوردستان بۆ حوکمڕانیەکی باش ، حکومەت خۆی بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان تەرخان دەکات ، هاوکات بناغە بۆ گەشە پێدانێکی گشتگیری ئابوری دادەنێت ، ئاسانکاری بۆ جوڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنان لە ژێر خانی ئابوریدا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەکات و ڕێنمایی باش و گونجاو بۆ هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی دادەنێت و چاکسازی لە سیستەمی باج دەکات .

سیستمی " یەك کۆگا one –stop-shop "ی دیجیتاڵی بەکاردەهێنیت تاکو بیرۆکراسی کەمبکرێتەوە و دڵنیایی بدرێتە خاوەن کارەکان کە دەتوانن بە شێوەیەکی خێرا ئەو ئامۆژگاری و پشتگیریانەیان پێشکەش بکرێت کە بۆ گەشەسەندنی زیاتر لە کارەکانیان پێویستیانە .

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ لیژنەی دروستکردووە بۆ چاککردنی دۆخی دەروازە سنوریەکان و ڕێکخستنەوەی وەرگرتنی باج (لیژنەی ڕێکخستنەوەی بەڕێوەچونی کارەکان لە دەروازە سنوریەکان بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ ، لیژنەی پێداچونەوە بە بڕیار و ڕێنماییەکانی لێخۆشبوونی گومرگی ، لیژنەی پێداچونەوە بە گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری خاڵە سنوریەکان بە سەرۆکایەتی وەزیری دارایی ) ، هەروەها هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە ڕاسپێردران بۆ پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش و تایبەت بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی قاچاخچێتی لە دەروازە سنوریەکان ، بەڵام دیاردەی قاچاخچێتی لە دەروازە سنوریەکان و لێخۆشبوونی گومرگی و بەهەدەردانی داهاتی دەروازە سنوریەکان بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری خاڵە سنوریەکان بەردەوامی هەیە و بنبڕ نەکراوە .

**لەلایەکی ترەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای دروستکردنی ژمارەیەك لیژنە بەمەبەستی ڕێکخستنی باج و رسومات ، زیادکردنی باج و رسوماتی وەك ستراتیژ وەرگرتووە(1) ، بەجۆرێك بە (417) ڕێگا باج و رسومات و کرێ و سزاکان وەردەگرێت و دەبێتە سەرچاوەی داهاتی نانەوتی ، هەروەها داهاتی باج لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (2012 – 2021) بە ڕێژەی (621٪) زیادی کردووە (2) .**

**هەموو ئەم قاچاخچێتی و گەندڵی و لێخۆشبونی گومرگی و بەهەدەردانی داهاتە لەلایەك و زیادکردنی باج و رسومات لەلایەکی تر ڕێگرن لەبەردەم گەشەسەندنی ئابوری و جوڵەی بازرگانی و بارگرانی خستۆتە سەر شانی هاوڵاتیان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە .**

**جگە لەوەی لە ڕابردوودا ئاماژەمان پێدا جێی خۆیەتی باس لە ناڕوونی داهاتە ناوخۆییەکان و دزینی داهاتی ناوخۆ و نەگەڕانەوەی بۆ سەر حسابی وەزارەتی دارایی بکەین کە پێچەوانەی بەرنامەی چاکسازی حکومەتی هەرێم و بڕوایەتی بە داهاتویەکی گەش بۆ ئابوری هەرێمی کوردستان و حوکمڕانییەکی باش، بۆ نموونە داهاتی ناوخۆ تەنها بۆ تەمویلی مووچە لە مانگی (2021/1) بریتی بووە لە (374 ملیار دینار) ، بەڵام لە مانگی (2022/1) بریتی بووە لە تەنها ( 78 ملیار دینار ) ! (3) .**

---

**1- ڕاپۆرتی چوارەم ، چاودێری و هەڵسەنگاندنی هەنگاوەکانی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ستۆپ زنجیرەی (29) ساڵی 2021، چاپخانەی کامبرج – هەولێر، لا12 - 14.**

**2- ڕاپۆرتی پێنجەم ، هەڵسەنگاندنی چاکسازی دارایی لە کابینەی نۆیەمدا ، گرفتەکانی بەڕێوەبردنی داهاتی ناوخۆ ، بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ستۆپ زنجیرەی (32) ساڵی 2022 ، چاپخانەی کامبرج – هەولێر ، لا 8 - 11.**

**3- کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ، د. شێرکۆ جەودەت ، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ، سلێمانی 2022/3/5 ، سەبارەت بە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2022/3/3.**

9- سەبارەت بە مافی مرۆڤ و ئازادیەکان لە هەرێمی کوردستان .

هەرچەندە کارنامەکەی حکومەت پێداگری دەکات لە چەسپاندنی بنەما دیموکراسیەکان و ئازادی و یەکسانی ، هەروەها نابێ لە کوردستاندا هیچ کەس لە سەر بیر و باوەڕی سیاسی و حیزبی سزا بدرێت ، بەلاّم بەداخەوە مافی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان لە پاشەکشەدایە ، کۆی پرۆسەی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ئازادیەکان کە سالاّنێك بوو لە هەرێمی کوردستان بانگەشەی بۆ دەکرا کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە .

ئازادی ڕا دەربڕین بە شێوەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کردووە ، پێشینەیەکی خراپە لە مێژوی هەرێمی کوردستان بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی سیاسی و ڕەخنەگران و بەرهەڵستکارانی دەسەلاّتی سیاسی ڕووبەڕوی ترس و تۆقاندن دەبنەوە و دەستگیر دەکرێن ، بە تۆمەتی سیاسی ڕووبەڕوی دادگا دەکرێنەوە ، یاسای سزادان وەك ئامرازێك بۆ سنوردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین بەکار دەهێنرێت .

هەروەها دادگا پەلکێشی ململانێ سیاسیەکان و ناکۆکیە ناوخۆییەکان کرا و سەربەخۆیی دەسەلاّتی دادوەری لەکەدار کرا ، لەم قەوارە فیدراڵییەی کە وەك ئەزمونێکی نوێی دیموکراسی شانازیمان پێوە دەکرد و هەزارەها گەنجی ئەم نیشتمانە لە پێناویدا خۆی بەخت کرد ، دادگا بڕیاری زیندانی کردنی بۆ دەیان ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوی سیاسی دەرکرد بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی سیاسی (1) .

---

1- اقليم كردستان العراق : محاكمات معيبة لصحفيين ونشطاء – على محاكم الاستئناف النظر في المحاكمات السافرة ، https://www.hrw.org/ar/news/2021/04/22 .

بۆ زیاتر بڕوانە : تقليص متزايد لحرية التعبير في إقليم كردستان العراق - تقرير للأمم المتحدة ، 12ايار/مايو 2021. https://www.ohchr.org/ar/2021/05/freedom-expression-increasingly-curtailed-kurdistan-region-iraq-un-report.

- اقليم كردستان العراق : اعتقالات تعسفية واختفاء قسري للنشطاء والصحفيين ، www.amnesty.org ، 2021/6/15 .

له دیمانەیەکی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو سەبارەت بە یاسای چاکسازی و دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ (حاکم احمد ئەنوەر) سەرۆکی دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (20/ئۆکتۆبەری/2020) ڕایگەیاند : گەندەڵی پەتایەکی ترسناکە لە هەرێمی کوردستان و زەحمەتە بتوانین بڵێین ئاستی گەندەڵی چەندە ، زۆر زەحمەتیشە سێکتەرێك لە سێکتەرەکانی کەرتی گشتی ببینینەوە گەندەڵی تێدا نەبێت .

گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان مەترسیەکی گەورەیە ، مەترسیەکە هەڕەشە لە سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەکات .

هەروەها ئاماژەیدا بە جۆرەکانی گەندەڵی وەك گەندەڵی کارگێڕی و گەندەڵی دارایی و گەندەڵی لە بواری وەبەرهێنان و(مساطحة) و دەستدرێژی لەسەر زەوی کشتوکاڵی و باسی لە دیاردەی بەرتیل کرد کە لە ساڵانی ڕابردوو و پێش قەیران بەرەو کۆتایی دەچوو بەڵام لە ژێر کاریگەری قەیرانی دارایی بەشێوەیەکی بەرفراوان سەری هەڵداوەتەوە .

لەلایەکی دیکەوە باسی لەوە کرد کە ئەو ڕێژەیەی گەندەڵی کە دەگاتە دەستیان کەمترە لە ڕێژە و قەبارەی ڕاستەقینە (1) .

هەروەها سەرۆکی دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (2021/12/9) ڕایگەیاند لەساڵی (2021) بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی داوا یاساییە تۆمار کراوەکانی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی لە دادگاکانی هەرێم بەرز بۆتەوە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو (2) .

---

1- کەناڵی ڕووداو ، ڕووداوی ئەمڕۆ، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی : جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی تاقیکردنەوەیەکی باشە بۆ ئەم کابینەیە ، 20/اکتوبر/2020 ، www.rudaw.net .

2- شفق نیوز، ارتفاع كبير في الدعاوى المسجلة بقضايا الفساد في اقليم كوردستان ، 2021/12/9 ، شفق NEWS ، shafaq.com .

بلاّو بوونەوەی گەندەڵی بە شێوەیەکی بەرچاو و ترسناك بەتایبەت گەندەڵی سیاسی و ناڕوونی لە دۆسییەی نەوت و گاز و دزینی داهاتی ناوخۆ و قۆرخ کردنی بازار و کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و تەندروستی و ....هتد ، بەدوایدا پاشکەوتی موچەی فەرمانبەران و دانەمزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و زیادکردنی باج و رسومات بەدەر لەیاسا و نادادی و لێکەوتە نەرێنیەکانی گەندەڵی لە زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بێ کاری و کەمبوونەوەی داهاتی تاك و قوڵبوونەوەی جیاوازی چینایەتی و سەرهەڵدانی تاوانی ڕێکخراو و دیاردەی کۆچ و تەسککردنەوەی ئازادیەکان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و پاشەکشەی دیموکراسی..... هتد .

هەموو ئەمانە پێچەوانەی بڕوا و بانگەشەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و کراوە بە ڕوی جیهان و داهاتویەکی گەش بۆ ئابوری هەرێمی کوردستان .

لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری سەرەکی لاوازبوونی هەستی نیشتمان پەروەری و سستی بەشداری هاولاّتیان لە پرۆسەی سیاسی و بێ متمانەیی هاولاّتیانە بە حکومەت و....هتد ، کە کاریگەری بەرچاو دەگێڕێت لەسەر ناجێگیربوونی دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی هەرێمی کوردستان ، بە شێوەیەك پێگە و قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستانی خستۆتە مەترسیەوە .

## ناكارایی پەرلەمانی كوردستان و كاریگەری لەسەر ڕێژەی گەندەڵی

بۆ ئەوەی توێژینەوەیەكی دروست سەبارەت بە گەندەڵی لە هەرێمی كوردستان ئەنجام بدەین ، ئاست و هۆكار و لێكەوتەكانی دیاری بكەین ، پێویستە هەڵسەنگاندنێكی بابەتییانە بۆ پەرلەمانی كوردستان و ئەدای پەرلەمانتاران بكەین ، بەتایبەت ڕۆڵی یەكلاكەرەوەیان لە پرسە چارەنووسسازەكان و بەجێ گەیاندنی ئەركەكانیان لە بوارەكانی یاسادانان و چاودێری و پەسەندكردنی بودجە .

بێگومان سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان و ڕۆڵی كارای پەرلەمانتاران كاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر كاری دەسەڵاتی جێبەجێكردن و حوكمڕانییەكی دروست ، هەر بۆیە بەشێكی زۆری ناكارایی حكومەت و هەڵكشانی ڕێژەی گەندەڵی و پاشەكشەی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستان هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ پاشكۆیەتی پەرلەمان و لاوازی ئاست و ئەدای پەرلەمانتاران .

پەرلەمانی كوردستان گەر زیاتر نەبێت بەئەندازەی حكومەتی هەرێم بەرپرسە لە هەڵكشانی ڕێژەی گەندەڵی و بەهەدەردانی ماڵی گشتی و پاشەكشەی دیموكراسی و پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەكان . بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین بە شێوەیەكی خاڵبەندی باس لە كاریگەرییەكانی لاوازی ڕۆڵی پەرلەمان و سستی ئەدای زۆرینەی پەرلەمانتاران بكەین لەسەر نەبوونی حوكمڕانییەكی ڕەشید و هەڵكشانی ڕێژەی گەندەڵی لە هەرێمی كوردستان :

1- لەکاتێکدا پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی سیاسی و یاساییە لە هەرێمی کوردستان(1) ، بڕیاردەرە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق(2) ، بەلاّم ئەوەی تێبینی دەکەین لە هیچ پرسێکی چارەنووسساز و کێشەیەکی هەستیاردا ڕۆڵی کارا و هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی نەگێڕاوە ، بۆ نموونە :

أ- دانانی دەستوری هەرێمی کوردستان .

ب- پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان(3) .

ج- ڕوداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و لەدەستدانی 51٪ ی خاکی کوردستان .

د- ئابوری سەربەخۆ و شەفاف کردنی دۆسێیەی نەوت و گاز .

هـ- نەهێشتنی گرفت و یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ .

و- چارەسەرکردنی گرفتە سیاسی و ئابووریەکانی هەرێم .

ی- گەندەڵی سیاسی ڕێکخراو .

---

1- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، مادەی (2) ، 2018/7/17 .

2- یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 1992 . بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی پەرلەمانی کوردستان .

3- ئەوەی جێگای سەرنجە پەرلەمانی کوردستان تەنانەت نەیتوانی یاسا بۆ پرسێکی گرنگ و چارەنووسسازی وەك ریفراندۆم دەربکات ، تەنها بە ڕاسپاردەیەك تێی پەڕاند ، لە ڕیکەوتی 2017/9/15 ، لەکۆی گشتی (111) ئەندام پەرلەمانی کوردستان بەدەنگی 65 ئەندام لەکۆی 68 ئەندام پەرلەمانی ئامادەبوو دەنگ لەسەر ڕاسپاردەیەك (توصیە) درا بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە 2017/9/25 .

2- پەرلەمانی کوردستان باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانە لە هەرێم بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت کەمی ژمارەی یاسا دەرچووەکانە سەرەڕای چەندین پرۆژە یاسا کە پێشکەش دەکرێت و خوێندنەوەی یەکەم بۆ ژمارەیەکیشیان دەکرێت ، زۆرێك لە یاساکان بە پێی پێویستی و گرنگی بابەتەکە دەرنەچوون بەڵکو بۆ بەرژەوەندی سیاسی و حزبی ، جگە لەوەی زۆرێك لەو یاسا پەسەندکراوەنەش نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە ، یاخود پێشێلکراون .

بۆ نموونە بە پێی ڕاپۆرتێکی ئەنستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان ، لەماوەی پێنج ساڵدا (2013/11/6 بۆ 2018/11/6) ، پەرلەمانی کوردستان تەنها (32) یاسا و (8) بڕیاری دەرکردووە سەرەڕای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ (213) پرۆژە یاسا ئەنجام درابوو ، زۆرینەی ئەو یاسایانەی پەسەندیش کرابوون نەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە ، یاخود پێشێل کراون بەبێ ئەوەی پەرلەمان هیچ هەڵوێستێکی هەبووبێت .

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە لە کۆی (32) یاساکە (16) یاسا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و (9) یاسایان پێشێلکراوە و تەنها (7) یاسا جێبەجێکراوە .

لەکۆی (8) بڕیارەکەش (6) بڕیار نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و تەنها (2) بڕیار جێبەجێکراوە (1) .

---

1- هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (2013/11/6 – 2018/11/6) ڕاپۆرتی سیانزەهەم ، ئابی 2019 ، ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ، لا 30-31 .

**3- یەکێك لەو حاڵەتە سەیر و سەمەرانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان ڕوویداوە و هیچ پێشینەیەکی نەبووە لە پەرلەمانەکانی جیهان و تەنانەت دەچێتە خانەی ئابڕوچونی یاساییەوە ، بریتییە لە ناردنی یاسای هەڵە بۆ بلاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستان ، بە نموونە یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2021 یاسای (هەمواری یەکەمی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (22)ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان – عێراق).**

**سەرەتا پرۆژە یاساکە لە دانیشتنی ژمارە (13) لە (2021/5/18) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا ، پاشان لە دانیشتنی ژمارە (18) لە (2021/7/8) بە یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (2021) پەسەند کرا . دواتر لە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بە بڕیاری ژمارە (10)ی ساڵی 2021 گەڕێنرایەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان . لەکۆتاییدا لە دانیشتنی ژمارە (6) لە (2021/11/9) دەنگی لەسەر درایەوە و پەسەندکرایەوە (1) .**

**جێگای سەرنجە ئەو یاسایەی لە وەقایعی کوردستاندا بلاوکراوەتەوە یاسا کۆنەکەیە کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە گەڕێندراوەتەوە بۆ پەرلەمان ، ئەو هەموارە کۆتاییە نییە کە لە دانیشتنی ژمارە (6) لە (2021/11/9) دەنگی لەسەر درایەوە و پەسەندکرا ، یاساکەش لەسەر ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان تا ئێستا بوونی نییە(2) .**

---

1- ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، ساڵی سێیەم – خولی گرێدانی بەهارە (1ی ئازاری 2021 بۆ 31ی ئابی 2021، ڕاپۆرتی شەشەم لە خولی پێنجەم ، ئەیلولی 2021 ، لە بلاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (70) ، لا 20 - 25 . ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، ساڵی چوارەم – خولی گرێدانی پایزە (1ی ئەیلولی 2021 بۆ 28ی شوباتی2022، ڕاپۆرتی هەشتەم لە خولی پێنجەم ، ئازاری 2022 ، لە بلاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (76) ، لا 24 - 25 .

2- وەقایعی کوردستان ، ژمارە (276) ساڵی بیست و یەکەم ، 23 کانونی یەکەم 2021 .

4- ماوەی نۆ ساڵە (2014-2022) پرۆژە یاسای بودجە و یازدە ساڵە (2011-2021) ژمێرەی کۆتایی نەچۆتە پەرلەمان (1).

هەروەها پێویستە پەرلەمانی کوردستان لە گەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکاندا ، بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان ڕێکبخات و بیخاتە ڕوو بۆ پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی پەسەندکردنی و سەرپەرشتیکردنی و جێبەجێکردنی(2) ، پەرلەمانی کوردستان بودجەی خۆی دانەناوە و ژمێرەی کۆتایی ساڵی (2021)ی نەخستۆتە ڕوو ، لەکاتێکدا پێویستە سەرۆکایەتی دیوان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی دەسپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکالا ، بودجە ئامادە بکات و پاش پەسەندکردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بخرێتە نێو بودجەی گشتی(3) .

جگە لەوە لە کۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان هەڵدەستێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و بە ڕێکارییە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری ، بەمەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەبارەیەوە ، بۆ پەرلەمان(4) .

---

1- ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، ساڵی چوارەم – خولی گرێدانی پایزە (1ی ئەیلولی 2021 بۆ 28ی شوباتی2022، ڕاپۆرتی هەشتەم ، سەرچاوەی پێشوو، لا 10 .

بە پێی یاداشتێکی ژمارەیەك پەرلەمانتار لە (2022/9/22) ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2013)وە هیچ پرۆژە یاسایەکی بودجەی نەناردۆتە پەرلەمان ، بڕوانە : پاشکۆ ، لا 207 .

2- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، مادەی (16) (حەوتەم) ، 2018/7/17 .

3- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، مادەی (107) ، 2018/7/17 .

4- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، مادەی (108) ، 2018/7/17 .

5- لە پاڵ یاسا داناندا پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی چاودێریکردنە(1) ، پەرلەمان چاودێری حکومەت دەکات لە ڕێگای ئاراستەکردنی پرسیار بۆ سەرۆکی حکومەت یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران یاخود خستنە ڕووی بابەتێکی گشتیی بۆ گفتوگۆ یاخود پرساندن تا ڕادەی لێسەندنەوەی متمانە(2) ، جێگای سەرنجە لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان متمانەی لە هیچ کابینەیەکی حکومەت و هیچ وەزیرێك نەسەندۆتەوە.

لەکاتێکدا حکومەت متمانە لە پەرلەمان وەردەگرێت و لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بانگهێشتی سەرۆکایەتی حکومەت بکات بۆ پەرلەمانی کوردستان ، بەڵام پێچەوانەی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و هەموو نەریتێکی پەرلەمانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆیان دەچنە بەردەم سەرۆکایەتی حکومەت (3)، ئەمەش لەلایەك نەشارەزایی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەردەخات لە کاری پەرلەمانی و پێگەی دەسەڵاتی یاسادانان ، لەلایەکی تر ئاماژەیە بۆ لاوازی و پاشکۆیەتی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ حکومەت ، هەر ئەمەش وای کردووە چەندین جار پەرلەمان داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکات بەمەبەستی ئامادەبوونی وەزیر لە هۆڵی پەرلەمان ، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بە نەرێنی وەڵامی داواکەی پەرلەمان بداتەوە (4).

---

1- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، مادەی (2) ، 2018/7/17 .

2- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، مادەکانی (58 - 76) ، 2018/7/17 .

3- ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، خولی گرێدانی یەکەم لە ساڵی یەکەم ، لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (6ی تشرینی دووەمی 2018 – 31ی ئابی 2019) ، ڕاپۆرتی یەکەم لەخولی پێنجەم ، ئەیلولی 2019 ، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (54) ، لا63 .

4- هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان،(2013/11/6 - 2018/11/6 ) ، ڕاپۆرتی سیانزەهەم ، ئابی 2019، سەرچاوەی پێشوو . لا34 .

بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەك بێ بەها کراوە و سەرۆکایەتیەکەی هێند بێ سەنگ بووە بۆتە جێی ڕەخنەی پەرلەمانتارانیش ، بۆ نموونە پەرلەمانتاری کوردستان (کاروان گەزنەیی) بە ڕاشکاوی لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ڕووبەڕووی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕایگەیاند : بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ، چوار ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر تەمەنی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئێمە بەردەوام ڕەخنەمان لە حکومەت گرتووە ، ئێستا کاتی ئەوەیە هاوتەریب لەگەڵ ڕەخنەکانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخنە لە خودی پەرلەمانی کوردستان بگرین ، دوای تەواوبوونی چوارساڵی ماوەی پەرلەمانی کوردستان ئێمە چیمان بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان کردووە ؟ ، جگە لە دەرکردنی چەند یاسایەکی پەرلەمان و یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

لە درێژەی ووتەکانیدا دەپرسێت : ئەم پەرلەمانە فەرمانگەیەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ؟ ، یان دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە لە هەرێمی کوردستاندا ؟ .

ئەم پەرلەمانە بەرزترین دامەزراوەی یاساییە لە هەرێمی کوردستان بەلاَم تا ئێستا بڕیار لە حکومەت وەردەگرێت و ملکەچە بۆ بڕیاری وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

هەروەها سەبارەت بە کەمتەرخەمی پەرلەمانی کوردستان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی کوردستان ڕایگەیاند دەیان پرسی هەڵپەسێردراو ، دەیان بابەتی گشتی و گرنگ هەیە لە هەرێمی کوردستاندا وەك گرفتی مووچە ، پلە بەرزکردنەوە ، پێشمەرگە ، دامەزراندن ، فەرمانبەرانی گرێبەست ، لێرەدا لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە سەرۆکایەتی دانیشتنی پەرلەمانی دەکرد ووتەکانی پێ بڕدرا و ڕێگە نەدرا ووتەکانی تەواو بکات و گرژی و ئاڵۆزی دروست بوو(1) .

1- دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی خولی پایزە ، ڕۆژی چوار شەممە ، 2022/9/21 .

6- سەبارەت بە ئاست و چالاکی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ڕۆڵیان لە بەجێگەیاندنی ئەرکی پەرلەمانتارییان و کاریگەرییان لەسەر بەدیهاتنی حوکمڕانییەکی دروست ، لەکاتێکدا ئەندامی پەرلەمان نوێنەری گەلی کوردستانە بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە(1) ، لە ڕێکەوتی سوێندخواردنیەوە بە دەستبەکار هەژمار دەکرێت و گشت مافێکی ئەندامێتی دەبێت و هەموو ئەرکەکانی ئەندامێتی دەکەوێتە ئەستۆ(2) ، هەروەها دەبێت خۆی بۆ کاری پەرلەمانی تەرخان بکات (3) ، ڕۆڵ بگێڕێت لە بوارەکانی یاسادانان و چاودێریکردنی دامەزراوە حکومییەکان و پەسەنکردنی بودجە و بڕیاردان لە پرسە چارەنووسسازەکاندا .

گەر بگەڕێینەوە بۆ چەمکە فراوانەکەی گەندەڵی کە بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی کەسێك بۆ ئەو دەسەڵاتەی پێی سپێردراوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی سودێکی کەسی یان بەرژەوەندییەکی تایبەتی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی .

هەروەها چاوێك بخشێنینەوە بە ڕیێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ساڵی2003 (اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2003) دەبینین ڕێکەوتننامەکە تیشك دەخاتە سەر ئەو تاوانانەی کە بە گەندەڵی ئەژمار دەکرێت بێ ئەوەی باس لە چەمك و پێناسەی گەندەڵی بکات و بە نموونە باسیان لێوە دەکات وەك (بازرگانی کردن بە پێگە و دەسەڵاتەوە ، خراپ بەکارهێنانی ئەرك و بەرپرسیاریەتی...هتد) .

---

1- یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 1992 ، مادەی (سێیەم). پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، مادەی (2) (دووەم) ، 2018/7/17 .

2- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، مادەی (13) (یەکەم) ، 2018/7/17 .

3- مادە (پێنجەم) ، یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 1992 .

لێرەدا گەر هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەدای ئەندامانی پەرلەمان بکەین دەبینین ڕێژەیەکیان نیشانەی پرسیاریان دێتە سەر لەبەر کەمتەرخەمییان و هەندێکیان دەکەونە خانەی بەکارهێنانی پێگەی پەرلەمانتاری بۆ مەبەستێك کە دوورە لە ئەرك و ڕۆڵی پەرلەمانتار بۆ نموونە :

أ – لەکاتێکدا وەك پێشتر باسمان لێوە کرد پەرلەمانتار نوێنەری گەلی کوردستانە و دەبێت خۆی تەرخان کردبێت بۆ کاری پەرلەمانتاری ، لە ڕێکەوتی سوێند خواردنیەوە گشت مافەکانی ئەندامێتی پێدەدرێت و لەبەرامبەردا هەموو ئەرکەکانی ئەندامێتی دەکەوێتە ئەستۆ ....هتد ، بەلاّم بە ئاشکرا ئەندامی پەرلەمان هەیە لە میدیاکانەوە ڕایگەیاندووە کە :

" پەرلەمانتاری ئیشی من نییە ، وەزیفەی من نییە ، بێژەری یاری ئای یای یای لە کەریم هەتەتە هەپەپە ....هتد " !؟ (1).

لەڕاستیدا پەرلەمانتاری بەرپرسیاریەتییە ، ئەندامبوونە لە بەرزترین دەسەلاّتی یاسادانان و چاودێریکردن ، داکۆکیکردنە لە ماف و داخوازی گەل ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامبوون لە دەسەلاّتی یاسادانان ئەرکیشە نەك تەنها ماف و ئیمتیازات ، بۆیە پەرلەمان شایەنی ڕێزە نەك سوکایەتی پێکردن بەتایبەت لەلایەن ئەندامێکی خۆیەوە .

ب- ماوەی یاسایی هەر خولێکی پەرلەمان بریتییە لە چوار ساڵ ، لە ساڵێکدا دوو وەرزی گرێدانی هەیە : یەکەمیان (خولی بەهارە) لە سەرەتای مانگی ئازارەوە دەستپێدەکات تا کۆتایی مانگی حوزەیران ، دووەمیان (خولی پاییزە) لە سەرەتای مانگی ئەیلول دەستپێدەکات تا کۆتایی کانوونی یەکەم (2) .

---

1- بەرنامەی زووم ، پەرلەمانتارانی سەر بە دەسەلاّت لە نێوان بەڵێن و کرداردا ، nrttv.com ، 2021.

2- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، مادەی (6) و (7) ، 2018/7/17 .

یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەندامی پەرلەمان بەشداری کردنیەتی لە دانیشتنەکانی خولەکان و پێشکەشکردنی بیر و ڕا و بۆچونەکانیەتی لەسەر ئەو بابەتانەی لە دانیشتنەکاندا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت . بەلاَم جێی سەرنجە ڕێژەیەکی بەرچاو لە پەرلەمانتاران یان بەشداری ناکەن لە گفتوگۆکانی ناو دانیشتنەکان و هیچ قسە و ڕا و بۆچونێکیان نییە ، یان تەنها بەمەبەستی بەشداریکردن قسەدەکەن نەك بۆ زیادکردنی پێشنیار و دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە یان خاڵێکی پەیڕەوی ، بۆ نموونە لە ماوەی (1ی ئازاری 2020 – 31ی ئابی 2020) خولی گرێدانی بەهارەی ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، پەرلەمانی کوردستان (7) دانیشتنی ئەنجامداوە ، لەم خولەدا (18) پەرلەمانتار هیچ قسەیەکیان نەکردووە ، (17) پەرلەمانتار یەك جار قسەیان کردووە ، (27) پەرلەمانتار دوو جار قسەیان کردووە ، (12) پەرلەمانتار سێ جار قسەیان کردووە ، (11) پەرلەمانتار چوار جار قسەیان کردووە ، (5) پەرلەمانتار پێنج جار قسەیان کردووە ، (5) پەرلەمانتار شەش جار قسەیان کردووە ، (5) پەرلەمانتار حەوت جار قسەیان کردووە ، (8) پەرلەمانتار هەشت جار قسەیان کردووە [1] .

ج- لەکاتێکدا پەرلەمانتار دەبێت خۆی تەرخان بکات بۆ کاری پەرلەمانی ، تێبینی دەکرێت لەگەڵ ئەرکی پەرلەمانتاریدا چەندین پەرلەمانتار کاری بازرگانی ئەنجامدەدەن یاخود خوێندنی بالاَ تەواو دەکەن ، کۆکردنەوەی ئەرکی پەرلەمانتاری لەگەڵ کاری بازرگانی یان تەواوکردنی خوێندنی بالاَ نیشانەی پرسیار دروست دەکات .

1- ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، ساڵی دووەم - خولی گرێدانی بەهارە ، (1ی ئازار 2020 بۆ 31ی ئابی 2020)، ڕاپۆرتی سێیەم لەخولی پێنجەم ، ئەیلولی 2020 ، لە بلاَوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (60) ، لا29 - 32 .

**کار گەیشتۆتە ئەوەی تەنانەت لەدانیشتنی پەرلەماندا لە بری ئەوەی پەرلەمانتار باس لە گرفت و داخوازی گەل و دۆخی گشتی بکات ، پەرلەمانتار هەبووە ئاماژەی بەوەکردووە کە خاوەنی کارگەی غازە و غازی پێنادرێت لەبەر ئەوەی سەر بە لایەنێکی سیاسی دیاریکراوە** (1).

**د- سەرەڕای دۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەلأیەتی نا سەقامگیری هەرێمی کوردستان ، هەر لە سیمای دوو ئیدارەیی و زیادبوونی باج و رسومات و گرانی بازار و گرفتی مووچە و گەندەڵی و....هتد ، سەبارەت بە ئەرکی پەرلەمانتاران بۆ چاودێریکردنی حکومەت ، لەماوەی هەردوو خولی گرێدانی بەهارە و پایزەی ساڵی 2021 هیچ پەرلەمانتارێك یاداشتی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرز نەکردۆتەوە بەمەبەستی پرساندنی (سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت ، وەزیرەکان یان هەر بەرپرسێکی تر)** (2).

**هەروەها لە کاتێکدا پەرلەمانتار لە میانەی ئەرکی چاودێریکردنندا دەبێت بەدواداچوون بکات بۆ شێوازی بەڕێوەچوونی پرۆژەکان تا گەندەڵی تێدا نەکرێت، بەپێچەوانەوە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی پێگەی ئەندامێتی لە پەرلەمان بۆ (ابتزاز) کردنی چەند خاوەن پرۆژەیەك ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (16)ی رۆژی (2021/6/28) بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ زانینی ڕاستییەکان سەبارەت بە بەکار هێنانی پێگەی پەرلەمان بۆ بەرژەوەندی تایبەت** (3) .

---

**1- دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی خولی پایزە ، ڕۆژی سێ شەممە ، 2021/10/26 .**

**2- هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی /1ی ئازاری 2021 بۆ 28ی شوباتی2022، ڕاپۆرتی نۆیەم لە خولی پێنجەم ، مایسی 2022 ، لە بلاْوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (79) ، لا 163 .**

**3- بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی 2021 ، لە 2021/6/28 ، سەبارەت بە بەکار هێنانی پێگەی پەرلەمان بۆ بەرژەوەندی تایبەت ، بڕوانە : پاشکۆ ، لا 208 .**

هـ- لەلایەکی ترەوە لە خولی پێنجەمدا و لەماوەیساڵێکدا (1ی ئازاری 2021 - 28ی شوباتی2022) ، لە کۆی (31) دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان (31) پێشنیاز و پرۆژە یاسا خوێندنەوەیان بۆ کراوە ، تەنها (13) پێشنیازە یاسا لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشکەشکراون لەبەرامبەردا (18) پرۆژە یاسا لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە نێردراون بۆ پەرلەمان ، لەکۆی ئەو (31) پێشنیاز و پرۆژە یاسایەی خوێندنەوەیان بۆ کراوە تەنها (19) یاسای پەسەند کردووە .

ئەوەی جێگای سەرنجە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ساڵێکدا تەنها (19) یاسای پەسەند کردووە ، بەڵام کار و چالاکی دەستەی سەرۆکایەتییەکەی بریتی بووە لە پێشوازی کردن لە (132) کەسایەتی ، (16) سەردان ، (59) پەیامی پیرۆزبایی ، (26) پرسەنامە، (5) پەیامی هاوخەمی ....(1) .

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پەرلەمان زیاتر وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی تەشریفاتی ڕۆڵی بینیوە نەك وەك مەرجەعێکی سیاسی و باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردن .

بۆچونێك باوە لە کوردستان کە ئاراستەیەك هەیە دەیەوێت پەرلەمان دامەزراوەیەکی ناکارا و پەراوێزخراو بێت ، بەزۆری ئەو کەسانە کاندید دەکرێن کە توانا و شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە لە کاری پەرلەمانتاریدا ، ئەرکی پەرلەمانتاری لە بەرپرسیارێتییەوە بەرامبەر گەل بووە بە سەرچاوەیەك بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و دەستکەوتی مادی ، بۆیە خول لە دوای خول لاوازتر و ئەندامەکانی بێ تواناتر دەبێت ، تا کار گەیشتە ئەوەی

---

1- هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی /1ی ئازاری 2021 بۆ 28ی شوباتی2022، ڕاپۆرتی نۆیەم ، سەرچاوەی پێشوو ، لا 158-162.

**ناڕەزایەتی لە ناو خودی پەرلەمانتارانەوە بەرز بێتەوە لەسەر ناکارایی پەرلەمان و بەتایبەت دەستەی سەرۆکایەتیەکەی و داوایان لێبکرێت "واز لەم بێڕێزیکردنە بهێنن بە پەرلەمان و پەرلەمانتاران " ، یاخود پەرلەمانتار هەیە بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە " گەر پەرلەمان ئەوەیە کە من ئێستا دەیبینم نەبوونی باشترە لە هەبوونی" (1).**

**و- خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ، دادگای باڵای ئیتیحادی لە ڕێکەوتی (2022/2/15) بە بڕیاری ژمارە (59/اتحادیة/2012 و موحدتها 110/اتحادیة/2019) ، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندەوە ، بەهۆی ئەوەی پێچەوانەی دەستوری هەمیشەیی عێراقە ، بەڵام پاش هەڵوەشاندنەوەی یاساکە و سەرەڕای ئەوەی بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی کۆتایە و پێویستە سەرجەم دەسەڵاتەکان پابەندبن پێوەی و تانەی لێنادرێت ، پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی (2022/6/29) یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی هەموارکردەوە و پابەند نەبوو بە بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی (2).**

---

**1- دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی خولی پایزە ، ڕۆژی سێ شەممە ، 2021/10/26 .**

**2- دانیشتنی ژمارە (10)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان ، ڕۆژی چوار شەممە ، 2022/6/29 .**

## یاسا کاریگەرەکان لەسەر زیادبوونی ڕێژەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

لێرەدا بە پێویستی دەزانین باس لە سێ یاسا بکەین کە سەرچاوەن بۆ گەندەڵی و هۆکارن بۆ ناجێگیربوونی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ، ڕەنگە دواجار ببنە هۆکاری هەڵوەشانەوە یان کەرتبوونی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان :

- یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 ، یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان - عێراق .
- یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2007 ، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی - عێراق .
- یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 ، یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق .

## یاسای ژمارە (4)ی ساڵی2006، یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان - عێراق[1]

لێرەدا باس لە یاسای (وەبەرهێنان)ی ساڵی 2006 دەکەین لە ڕێگای ئەم خاڵانەی خوارەوە :

1- ئەم یاسایە لە (4) دەروازە و (25) مادە پێك دێت ، مەبەست لە دەرکردنی پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران و دروستکردنی کەشێکی هاندەر بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و کارپێکردنی سەرمایەی نیشتمانی و بیانی بە شێوەیەك کاریگەری ئەرێنی هەبێت لە بووژاندنەوەی ئابووری .
بەلاَم ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم یاسایە لە لایەکەوە سەرچاوەیەکە بۆ گەندەڵی و دروستکردنی گروپێك لە گەندەڵکاران بە سوود وەرگرتن لە موڵك و ماڵی گشتی و لێخۆشبوون لە باج و رەسم .
لەلایەکی ترەوە یاسای وەبەرهێنان ئامرازێکە بۆ سپی کردنەوەی پارە و پاشان گواستنەوەی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان .

2- یاسای وەبەرهێنان بریتیە لە ڕەوایەتیدان بۆ بەهەدەردانی موڵکی گشتی بە بەخشین و پێدانی زەوی دەوڵت بە کەسانێکی دیاریکراو بێ بەرامبەر و زیانگەیاندن بە داهاتی ناوخۆیی لە ڕێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و لێخۆشبوون لە باج و رەسم لە ژێر ناوی یاسا .

---

1- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی یاسای وەبەرهێنان ، بڕوانە : پاشکۆ ، لا 209 - 219 .

3- بە هۆی پاشماوەی دوو ئیدارەیی و نەبوونی حکومەتێکی یەکگرتووی دروست ، هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان مۆڵەتی پێنادرێت گەر پشکی یەکێك لە حزبە دەسەلاٌتدارەکانی تێدا نەبێت و یەکێك لە دەستەبژێری سیاسی سپۆنسەری نەکات .

4- وەبەرهێنان بوارەکانی پیشەسازی ، کشتوکاڵ ، گەشتوگوزار ، تەندروستی، تەکنەلۆجی ، بازاری بازرگانیە سەردەمیەکان و فێرکردن و...هتد دەگرێتەوە ، ئەوەی جێی سەرنجە زۆرترین ڕێژەی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبووندا ئەنجامدراوە ئەویش بەهۆی ئاسان دابینکردنی زەوی گونجاو و کەمی تێچوی و خێرایی فرۆشتنی یەکەکان و دەستکەوتنی قازانجی دارایی و سودی ڕاستەوخۆ بە ماوەیەکی کورت .

5- بە هۆی بەستنەوەی مۆڵەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە ڕەزامەندی زۆرێك لە وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندارەکان ، زۆرترین ڕێژەی گەندەڵی تیایدا ئەنجام دەدرێت بەتایبەت بەرتیل ، لە بەرامبەر زوو ڕایی کردنی مامەڵەکانی پەیوەست بە مۆڵەتەکە و پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ پێدانی مۆڵەتی پرۆژەی وەبەرهێنانەکە .

6- زیان گەیاندن بە کەرتی کشتوکاڵ و زەوی کشتوکاڵی لە ڕێگای گۆڕینی ڕەگەزی موڵکە کشتوکاڵیەکان بۆ موڵکی نیشتەجێبوون ، جگە لە ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەر زەوی تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزاریە گشتیەکان .

7- یاسای وەبەرهێنان زۆر بە ڕوونی ئاویتەبوونی دەسەلاٌت و سەرمایە پیشان دەدات ، نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ دەستبەسەرداگرتنی سامانی گشتی لەلایەن دەستەبژێری سیاسی دەسەلاٌتەوە لەژێر پەردەی یاسادا ، لەئەنجامدا گروپ و دەستەی بەرژەوەند خواز و

تێهەڵکیش دروست دەکات لە سیاسی و خاوەن سەرمایە و ڕێژەی گەندەڵی بەرز دەکاتەوە و ماف و ئازادیەکان بەرتەسك دەبنەوە  و سیستەمی سیاسی بەرەو تاك ڕەوی دەڕوات و دادی کۆمەڵایەتی ناهێڵێت و جیاوازی چینایەتی قوڵ دەکاتەوە، ئابوری هەرەس پێدێنێت و بێکاری بڵاودەبێتەوە و ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگادا زیاد دەکات و متمانەی هاوڵاتی بە حکومەت ناهێڵێت...هتد ، کە دەبنە هۆی ناجێگیربوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و دواجار هەرەس هێنانی قەوارەی سیاسی هەرێم .

## یاسای ژمارە (22)ی ساڵی2007 ، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی - عێراق(1)

بەهۆی ئەوەی لە مادەی (111)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی(2005ز)دا هاتووە (نەوت و گاز موڵکی گشت گەلی عیراقە لە سەرجەم هەرێم و پارێزگاکان) و هەروەها لە بڕگەی (یەکەم)ی مادەی (112)ی دەستورەکەدا هاتووە "حکومەتی فیدراڵ نەوت و گازی دەرهاتوو بەڕێوە دەبات لەو کێڵگانەی کە لە ئێستادا هەن لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بە شێوەیەك داهاتەکەی دادپەروەرانە دابەش بکرێت و بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان لە هەموو وڵاتدا ، لەگەڵ دیاریکردنی پشکێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هەرێمە زەرەرمەندەکان کە بە نا ڕەوا لێی بێبەشکرابوون لە سەردەمی سیستەمی ڕابردوودا و زیانیان بەرکەوتبوو بە شێوەیەك زامنی پەرەپێدانی هاوسەنگی ناوچە جیاوازەکانی وڵات بکات و ئەمەش بە یاسایەك ڕێك دەخرێت".

لەبەر ئەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەرنەچوێنرا هەرێمی کوردستان بێ هەماهەنگی و ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵ بە شێوەیەکی سەربەخۆ پرۆسەی دۆزینەوە و دەرهێنان و فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت و گازی ڕاگەیاند و بۆ ئەم مەبەستە یاسای (نەوت و گاز)ی ساڵی(2007)ی هەرێمی کوردستان دەرچوێنرا ، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام هەرێم جەختی لەسەر جێبەجێکردنی هەردوو مادەی (111) و (112)ی دەستوری عێراقی فیدراڵ دەکردەوە کە بە گوێرەی ڕاڤەکردنی (تفسیر)ی حکومەتی هەرێم مافەکانی کوردستان دەپارێزێت .

---

1- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ناوەڕۆکی یاسای نەوت و گازی هەرێم ، بڕوانە : پاشکۆ ، لا 220-254.

هەر بۆیە لە کارنامەی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم داکۆکی کرایەوە لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ سەبارەت بە دۆسیەی نەوت و گاز لەسەر بنەمای مادەی(111) و (112)ی دەستوری عێراقی فیدراڵ .

لە کاتێکدا (تفسیر)ی دەقەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی(2005ز) لە پسپۆڕیەتی (اختصاص)ە دیاریکراوەکانی دادگای باڵای ئیتیحادی (المحكمة الاتحادية العليا) یە(1) ، بەلاّم هەرێمی کوردستان تاك لایەنە (تفسیر)ی مادەی (112)ی دەستوری کرد بە شێوەیەك کە حکومەتی فیدراڵ تەنها مافی بەڕێوەبردنی نەوت وغازی لەو کێڵگانەدا هەیە کە تا کاتی دەرچوونی ئەم دەستورە بوونیان هەبووە واتا تا ساڵی (2005ز) ، لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستان مافی بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت و گاز لە دەرهێنانی و فرۆشتن و هەناردەکردنی هەیە لەو کێڵگە نەوتیانەی کە لەدوای دەرکردنی ئەم دەستورەوە دەدۆزرێتەوە و کاری تێدا دەکرێت(2) .

لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بێ گەڕانەوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی دەسەلاّتی فیدراڵی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵ هەستا بە دۆزینەوە و دەرهێنان و فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت بە پێی یاسای نەوت و گازی ژمارە (22)ی ساڵی 2007 ی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کۆمەڵێك گرێبەست بە شێوەیەکی ناڕوون و تەمومژاوی کە تا ئێستا بڕگەکانی ئاشکرا نەکراوە بە دروستی .

---

1- بڕوانە مادەی (93) بڕگەی (دووەم ) لە دەستوری هەمیشەیی عیراق (2005 ز) .

هەروەها ، الماده (2) من قانون رقم (25) لسنة 2021 ، قانون التعديل الاول (الامر رقم 30 لسنة 2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا ، المادة (4) (ثانيا) .

2- المادة (112) من الدستور العراق الدائم 2005م .

دواجار بریاری دادگای باڵای ئیتیحادی (المحكمة الاتحادية العليا) هەمو حسابات و بەرنامە و تێروانین ومامەڵە و گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی هەڵوەشاندەوە و ڕاڤەکردنێکی (تفسیر)ی جیاوازی بۆ مادەکانی (111) و (112)ی دەستوری عێراقی فیدراڵ کرد بە دەرکردنی بڕیار لە هەردوو داوای تۆمارکراو ژمارە (59/ اتحادية /2012 ) کە لەلایەن (وەزیری نەوتی فیدراڵ ) سەرەڕای کارەکەی و داوای ژمارە ( 110/ اتحادية / 2019) لەلایەن (علی شداد فارس) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە لەسەر داوا لێکراوان (وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان) سەرەڕای کارەکەی و (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان) سەرەڕای کارەکەی و بڕیاریدا بە نادەستوری و هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و گازی ژمارە(22)ی ساڵی2007ی هەرێمی کوردستان بەو پێیەی پێچەوانەی مادەکانی (110 و111 و112 و115 و121 و130)ی دەستورە و پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بە (تسلیم) کردنی سەرجەم بەرهەمی نەوت لە کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی دیکە کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان نەوتی لێدەردەهێنێت و پێدانەوەی بە وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵی بە شێوەیەك بتوانێت دەسەڵاتە دەستوریەکانی سەبارەت بە دۆزینەوە و دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت پیادە بکات .

هەروەها بەدواداچون بۆ هەڵوەشانەوەی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەت و کۆمپانیا دەرەکیەکان سەبارەت بە دۆزینەوە و دەرهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت .

لەگەڵ پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بە ڕێگەدان بە وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵی و دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ بە پێداچوونەوەی سەرجەم ئەو گرێبەستە نەوتیانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە تایبەت بە هەناردەکردنی نەوت و گاز و فرۆشتنیان بەمەبەستی وردبینی کردن تیایاندا و دیاریکردنی مافە داراییەکانی ئەستۆی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی ئەو گرێبەستانەدا و دیاریکردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی بە شێوەیەك مافی هاوڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێم زامن بکات لە بودجەی گشتی فیدراڵی و دوانەکەوتنی لە دوای جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی بڕیارەکە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاگادارکردنەوەی حکومەتی فیدراڵ و دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ . لەگەڵ پابەند کردنی لایەنی داوا لێکراو بە پێدانی ڕەسم و تێچوو و کرێی ماندوبونی پارێزەرایەتی بریکارەکانی داواکاران** (1).

**لە پاش دەرچوونی بڕیارەکە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە کۆبوونەوەی رۆژی 23/شوبات/2022 ڕایگەیاند بڕیارەکە نادەستوری و نادادپەروەرانەیە** (2) .

**هەروەها چوار سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان (سەرۆکی هەرێم ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، سەرۆکی پەرلەمان ، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری) بڕیارەکەیان ڕەتکردەوە لەبەر ئەوەی پێیان وایە بڕیارەکە پێچەوانەی بنەماکانی سیستەمی فیدراڵی راستەقینە و پێشێلکاری ماف و دەسەڵاتە دەستوریەکانی هەرێمی کوردستانە** (3) .

---

1- قرار المحكمة الاتحادية العليا ، العدد: 59/ اتحادية /2012 وموحدتها 110/ اتحادية / 2019 في 2022/2/15 . بڕوانە : پاشكۆ ، لا 255 - 269 .

2- ئەنجومەنی وەزیران ، بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بە نەوت وگازی هەرێم ، بە نادەستووری و نادادپەروەرانە دادەنێت ، 23/شوبات/2022 -https://gov.krd/news .

3 - اجتماع الرئاسات الأربع في كوردستان يرد بست نقاط على قرار المحكمة الاتحادية بشأن النفط والغاز "قرار المحكمة العليا الاتحادية مخالف لنص وروح ومبادئ النظام الاتحادي الحقيقية ، وانتهاك صريح ومعلن للحقوق والصلاحيات الدستورية لإقليم كوردستان ، 2022/2/28 ، https://www.kurdistan24.net/ar "

**لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی بەنادەستوری لەقەڵەمدا و باسی لەوە کرد کە ئەم دادگایە پشت بە یاسا نابەستێت و بە پێی بڕیاری بریمەر کار دەکات و داوای هەڵوەشاندنەوەی دادگای باڵای ئیتیحادی کرد و دووبارە پێکهێنانی دادگایەکی تر** (1).

**هەروەها ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە 2022/5/17 ڕایگەیاند یاسای نەوت و گازی ژمارە(22)ی ساڵی(2007)ی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستوری عێراقی فیدراڵ نیە و پێویستە کاری پێبکرێت و دۆسیەی نەوت و گاز ناکەوێتە ناو چوارچێوەی پسپۆڕیەتی دەسەڵاتە فیدراڵیەکانی مادەی (110)ی دەستور و مادەی (112)ی دەستور ئاماژە دەدات بەوەی حکومەتی فیدراڵ مافی بەڕێوەبردنی نەوت و گازی هەیە لەگەڵ حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگاکان لەو کێڵگانەدا کە پێش دەرچوونی ئەم دەستورە بوونیان هەبووە ، بۆیە هەرێمی کوردستان مافی بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتیەکانی هەیە کە لەدوای دەرکردنی ئەم دەستورەوە (دوای 2005) دەدۆزرێتەوە**(2) .

---

1- **بڕوانە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پێنج شەممە 3/ئادار/2022 ، دەربارەی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی و مافە دەستوورییەکانی هەرێم و دوایین گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە.**
https://gov.krd/government/the-prime-minister

2- **ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ، بە ئیمزای دادوەر ( عبدالجبار عزيز حسن ) سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان - عێراق ،**2022/5/17 .

لە ڕێکەوتی 2022/6/20 و لە میانی کۆبونەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە گەڵ بەڕێوەبەری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان لەسەر دۆخی ناوخۆی هەرێم ، سەبارەت بە بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی دووبارە ڕایگەیاند: " ... ئەم دادگایە لە سەردەمی بریمەر هەبووە و تا ئێستا بەردەوامە ، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بە پێی مادەی دەستوری دروست نەکراوە ، تا ئێستا دادگای فیدراڵی کە بگونجێت لەگەڵ دەستور لە عێراق بوونی نییە ، ئێمە دژی دادگای فیدراڵی نین بەڵام حکومەتی عێراق دادگای فیدراڵی نییە ، دادگایەکە بە ناوی فیدراڵی ئیش و کارەکان دەکات ..." (1).

---

1- مەسرور بارزانی : هەرکەسێك سکاڵای لەسەر گەندەڵی هەیە با پێشکەشی دادگای بکات ، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/222085 ، 2022/6/21 .

سەبارەت بە بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی تایبەت بە هەڵوەشانەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بە پێویستی دەزانم شیکاریەکی دەستوری و یاسایی لەم بارەیەوە پێشکەش بکەم :

1- دەستوری عێراقی هەمیشەیی ساڵی (2005ز) لە ئەنجامی ڕاپرسیەکی جەماوەری بە دەنگی زۆرینەی هاولاتیانی عێراق بە کوردستانیشەوە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە ، بۆیە دروست نیە هەر هەڵوێستێك دژ بێت لەگەڵ مادە و بڕگەکانی دەستوری عێراقی هەمیشەیی ساڵی(2005ز) و بە پێشێلکاری ڕوون و ئاشکرای دەستور ئەژمار دەکرێت .

2- دەستوری عێراق لە مادەکانی (92و93و94) بەڕوونی باسی لە دادگای باڵای ئیتیحادی و پێکهاتە و پسپۆڕیەتی و دەسەلأتەکانی و جۆری بڕیاری دادگاکە کردووە وەك دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆ لە ڕوی دارایی و کارگێڕی (1).

3- دادگای باڵای ئیتیحادی پێك هاتووە بە فەرمانی ژمارە (30)ی ساڵی (2005) بە پێی حوکمەکانی مادە (44)ی (قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية) بە ناوی (قانون المحكمة الاتحادية العليا)و لە وەقایعی عێراقی ژمارە (3996) لە (2005/3/17) بلأو کراوەتەوە ، هەرچەندە بە گوێرەی بڕگەی (دووەم)ی مادەی (92)ی دەستور پێویستە دادگای باڵای ئیتیحادی پێك بێت بە یاسایەك بە زۆرینەی 2/3 دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، بەلأم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە یاسای ژمارە (25)ی ساڵی (2021) یاسای هەموارکردنی فەرمانی ژمارە (30)ی ساڵی (2005)ی دەرکردووە بە ناوی (قانون المحكمة الاتحادية العليا)و لە وەقایعی عێراقی ژمارە (4635) لە (2021/6/7) بلأو کراوەتەوە و کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە .

---

1- الدستور العراقي 2005م ، م 92 ، اولا .

**4- له نێو پسپۆڕیەتی و دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای ئیتیحادی :**

**أ- چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاسا و ڕێسا بەرکارەکان (الرقابة على دستورية القوانين والانضمة النافذة ) (1).**

**ب- ڕاڤەکردنی دەقەکانی دەستور (تفسير نصوص الدستور ) (2) .**

**ج- یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانیەکان و ئیدارە خۆجێیەکان (الفصل في المنازعات التي تحصل بين الحكومة الاتحادية وحكومات الاقاليم والمحافضات والبلديات والادارات المحلية ) (3) .**

**هەر بۆیە بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی بڕیارێکی دروستە و پشت بە دەقەکانی دەستور و یاسا بەرکارەکان دەبەستێت ، هەروەها پەیڕەو کردنی ئەو دەسەڵاتانەیە کە بە گوێرەی دەستور و یاسا لە پسپۆریەتی دادگاکەیە.**

**5- نا لۆژیکی و نادروستە دوای 17 ساڵ تانە لە دەستوری بوونی دادگای باڵای ئیتیحادی بدرێت لەبەر ئەوەی جگە لەو هۆکارانەی باسمان کرد یەکێك لە پسپۆڕیەتی و دەسەڵاتەکانی دادگاکە بریتیە لە پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەندام بوون لە ئەنجومەنی نوێنەران(4) .**

---

**1- الدستور العراقي 2005م ، م 93 ، اولا . هەروەها ، المادة (2) من قانون رقم (25) لسنة 2021، قانون التعديل الاول(الامر رقم 30 لسنة2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا ، المادة(4) (اولا).**

**2- الدستور العراقي 2005م ، م 93 ، ثانيا . هەروەها ، المادة (2) من قانون رقم (25) لسنة 2021، قانون التعديل الاول (الامر رقم 30 لسنة2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا ، المادة(4) (ثانيا).**

**3- الدستور العراقي 2005م ،م 93 رابعا. هەروەها ، المادة (2) من قانون رقم(25)لسنة 2021، قانون التعديل الاول(الامر رقم 30 لسنة 2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا، المادة(4) (رابعا) .**

**4- الدستور العراقي 2005م ، م 93 سابعا . هەروەها ، المادة (2) من قانون رقم (25) لسنة 2021 ، قانون التعديل الاول (الامر رقم 30 لسنة 2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا، المادة (4) (سابعا) .**

گەر ئەم تانەیە ڕاست بێت کەواتە کۆی پرۆسەی سیاسی و یاسایی لە عێراق دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و سەرجەم هەڵبژاردنەکان و دواجار ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بە سەرۆکی کۆماریشەوە ڕەوایەتیان (شرعية) لەدەست دەدەن .

6- لە پێك هێنانی دادگاکە و دەستنیشانکردنی دادوەرە ئەندامەکانی ڕەچاوی نوێنەرایەتی هەرێمەکان دەکریت (1) کە بەردەوام دوو دادوەری کورد ئەندام بوون لە پێکهاتەی ئەندامە سەرەکیەکانی (اصلي) دادگاکە . لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی یاسای (دادگای باڵای ئیتیحادی) دانیشتنەکانی دادگاکە دروست نابێت تا سەرجەم ئەندامان ئامادە نەبن (لا يكون انعقاد المحكمة صحيحا الا بحضور جميع اعضائها)، هەروەها بڕیارەکان بە زۆرینەی سادە دەردەچن جگە لە بڕیارەکانی تایبەت بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانیەکان و ئیدارە خۆجێیەکان کە پێویستە بە زۆرینەی 2/3 دەربچن(2) .

گەر یەکێك لە دوو دادوەرە کوردە ئەندامەکەی دادگای باڵای ئیتیحادی بەشدار نەبووایە لە دانیشتنەکەدا دادبینیەکە و دانیشتنی دادگاکە دروست نەدەبوو ، هەرچەندە هەندێك پێیان وایە لەکاتی بەشدار نەبوونی یەکێك لە دادوەرەکان دادوەرێکی یەدەك دەخرێتە جێگای ، لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە تەنها پاساوە و بۆچونێکی نایاساییە و هیچ دەقێکی دەستوری یان یاسایی پشتیوانی ناکات ، لەکاتێکدا ئەندامی یەدەك دەچێتە جێگای ئەندامی سەرەکی کە (خلو) لە پێگەکەدا دروست بێت جا بە مردن بێت یان خانەنشینی

---

1- المادة (1) من قانون رقم (25) لسنة 2021 ، قانون التعديل الاول (الامر رقم 30 لسنة 2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا ، المادة (3) (ثانيا) .

2- ، (الامر رقم 30 لسنة 2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا ، المادة (5) (اولا) .

یان دەست لەکارکێشانەوە ...هتد ، لە بنەڕەتدا ئەم بڕگەیە وەك ڤیتۆ دانراوە بۆ ئەوەی دانیشتنەکانی دادگاکە و بڕیارەکان بە هەماهەنگی و سازان بێت و بالانسی نێوان پێکهاتەکان ڕابگیرێت(1)، بەتایبەت کە بڕیاری دادگاکە یەکلاکەرەوەیە و تانەی لێنادرێت .

7- بڕیارەکانی دادگای بالای ئیتیحادی بڕیاری یەکلاکەرەوەن و دەبێت هەموان پابەندبن پێوەی و تانەی لێنادرێت (قرارات المحكمة الاتحادية العليا باتة وملزمة للسلطات كافة)(2) .

بۆیە هەر ڕەتکردنەوەیەکی بڕیاری دادگای بالای ئیتیحادی و پابەند نەبون بە بڕیارەکانیەوە بە پێشێلکاری دەستوری ئەژمار دەکرێت .

لەلایەکی دیکەشەوە هەر داواکردنێك و هەوڵێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی دادگای بالای ئیتیحادی هیچ لە کاریگەری بڕیارەکە ناگۆڕێت و پەکی ناخات .

8- لەو پاساوانەی دەهێنرێنەوە لەلایەن دەسەلأتەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیاری دادگای بالای ئیتیحادی بریتییە لەوەی کە بڕیارەکە نا دادپەروەرانەیە و مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە .

بێگومان هەر دادگایەك کە بڕیار دەردەکات بۆ یەکلاکردنەوەی داوایەکی یاسایی نابێتە جێگای ڕەزامەندی و قبوڵکردنی هەردوو لایەنی داواکە (داواکار و داوا لەسەر کراو) ، بەدڵنیاییەوە بڕیارەکە لەبەرژەوەندی لایەك دەردەچێت .

لەلایەکی دیکەوە دادگای بالای ئیتیحادی گەر چی دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە و داوای یاسایی یەکلا دەکاتەوە بەلأم بە پێی پسپۆڕیەتی و تایبەتمەندێتی ئەو داوایانەی کە یەکلایان دەکاتەوە لەو داوایانەن کە لە بنەڕەتدا ڕەهەندی سیاسیان هەیە .

---

1- المادة (6) من قانون رقم (25) لسنة 2021 ، قانون التعديل الاول (الامر رقم 30 لسنة 2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا .

2- الدستور العراقي 2005م ، م 94 .

هەروەها بڕوانە : (الامر رقم 30 لسنة 2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا ، المادة (5) (ثانيا) .

9- سەرجەم ئەو هەڵویست و بۆچوون و ڕاگەیاندنانەی کەسایەتی و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە ئەکادیمیەکانی توێژینەوە ناوخۆیی وبیانییەکان سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی هیچ سەنگێکی یاساییان نییە بەراورد بە بڕیاری دادگاکە ، لەبەر ئەوەی تەنها دامەزراوە دادگای باڵای ئیتیحادیە پسپۆڕیەتی (اختصاص)ی لە تفسیری دەقەکانی دەستور و دەستوریبوونی یاساکان و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکان هەبێت و بڕیارەکەی هێزی پابەندکردنی هەیە (القوة الالزامیة) و بڕیاری یەکلاکەرەوەیە و تانەی لێنادرێت .

10- جگە لە گرفتی دەستوری و یاسایی بۆ دۆڕاندنی ئەم داوا یاساییە ، چەند کەمتەرخەمیەك لەم کەیسەدا بەدی دەکرێت :

أ- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2012)ەوە داوای لەسەر تۆمار کراوە ، کەدەکاتە دە ساڵ و بەهەند وەری نەگرتووە .

ب- کەمتەرخەمی هەردوو دادوەرە ئەندامە کوردەکەی دادگای باڵای ئیتیحادی ، دەبوایە هەڵوێستیان وەربگرتایە و نەچنە دادبینیەکەوە .

ج- ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنە کوردستانیەکان کە لە ساڵی (2021)بێ ئاگابوون لە هەستیاری یاسای ژمارە (25)ی ساڵی (2021) یاسای هەموارکردنی فەرمانی ژمارە (30)ی ساڵی (2005) (قانون المحكمة الاتحادية العليا).

11- بە شێوەیەکی گشتی بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی بڕیارێکی دەستوری یاسایی یەکلاکەرەوەیە ، تانەی لێنادرێت ، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وتووێژ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ ئەنجام بدات بەمەبەستی هەماهەنگی کردن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە تا بە کەمترین زیان هەرێمی کوردستان لەم دۆسیەیە دەربازی بێت .

جێبەجێنەکردنی یان هەوڵدان بۆ ڕێکەوتنی سیاسی بەمەبەستی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارەکە یان دواخستنی جێبەجێکردنی هیچ گەرەنتیەکی تێدا نییە و لە ناوەڕۆکی بڕیارەکە ناگۆڕێت و ڕەنگە لە داهاتوودا دەرهاویشتەی نەرێنی قورستر و خراپتری لێبکەوێتەوە و زیانی زیاتر بە هەرێمی کوردستان بگەیەنێت چ لەسەر ئاستی کەسەکان یان دامەزراوەکان .

بۆ نموونە دەرکردنی بڕیاری قەدەغە کردنی گەشت لە بەرپرسانی هەرێم ، دەست بەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوەیان ، بلۆککردنی حسابی بانکی کەسی و دامەزراوەکان ، فەرمانی دەستگیرکردن ، بڕینی ئەو بڕە پارانەی کە لە حکومەتی فیدراڵەوە دێت بۆ هەرێمی کوردستان و هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەوڵەتان و کۆمپانیاکانیان بۆ مامەڵە نەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان و کرینی نەوت وگازی هەرێم ، بەکارهێنانی سوپا و پۆلیسی فیدراڵی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە...هتد .

جگە لەوەی ڕەنگە پەل بکێشێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم و داخستنی نوێنەرایەتیەکانی هەرێم لە دەرەوە و دەست تێوەردان لە پێکهاتە و هەیکەلی وەزارەتی پێشمەرگە و کۆنترۆڵکردنی گومرگەکان و خاڵە سنوریەکان لە ڕێگای (تفسیر) ڕاڤەکردنی مادەی (110)ی دەستووری عێراقی 2005ز بەو پێیەی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نیشتمانی و هێزی چەکدار و دارایی دەکەونە ناو چوارچێوەی پسپۆڕیەتی دەسەلاتە فیدراڵیەکان (1).

---

1- الدستور العراقي 2005م ، م 110 ( اولا ، ثانيا ، ثالثا ) ، م 121 ( ثالثا ، رابعا ، خامسا ) .

سەرەڕای فرۆشتنی نەوت و سەپاندنی باج و رسومات بەدەر لە یاسا و زیاد کردنی داهاتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵام بەهۆی گەندەڵی لە دۆسیەی نەوت و گاز و نەگەڕانەوەی داهاتی ناوخۆ بۆ سەر حسابی وەزارەتی دارایی و گەنجینەی حکومەت بەبەردەوامی کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاری و پاشەکشەی هەرێم لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان و بەردەوامبوونی گرفتی دابەشنەکردن و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران لەئارادایە بەشێوەیەك حکومەت هیچ متمانە و بەهایەکی لەلای هاوڵاتیان بەگشتی و مووچە خۆران بەتایبەتی نەماوە بۆ نموونە بۆ دابینکردنی مووچەی مانگێك بڕی (874 مليار دینار) پێویستە جگە لە (32 مليار دینار) کە هاوپەیمانان دەیدەن (1) .

بەڵام لەم کاتەدا و لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا کە ڕێکەوتی (2022/3/8)ە مووچەی مانگی (2022/2) نەدراوە لە کاتێکدا نرخی یەك بەرمیل نەوت گەیشتە نزیکەی (128 دۆلار) .

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 2022/3/3 لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند (2) :

- لە کۆی گشتی داهاتی نەوت تەنها (41٪)ی بۆ مووچە سەرف دەکرێت ، و باقی پارەکە بۆ کۆمپانیاکانە بەم شێوەیە : بڕی (7٪) بۆ دانەوەی قەرز ، (43٪) بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە نەوت دەردەهێنن و گرێبەستیان لەگەڵ کراوە ، (9٪) بۆ گواستنەوەی نەوتەکە .

---

1- کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی علی حەمە سالح ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ، 2022/3/2 .

2- بڕوانە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پێنج شەممە 3/ئادار/2022 ، سەرچاوەی پێشوو .

- هەروەها ڕایگەیاند " پێشتر نەوتی هەرێم بە نرخێکی کەمتر دەفرۆشرا بە بەراورد بە نرخی فرۆشتنی نەوت لە ڕێگای (سۆمۆ) ، بەلاّم ئێمە لەم کابینەیەدا توانیمان نرخی هەر یەك بەرمیل نەوت نزیك (چوار دۆلار) بۆ حکومەت بگەڕێنینەوە ".

- بە پێی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی سەرۆکی حکومەت مانگانە خەرجی حکومەت بۆ مووچە زیاترە لە (600 ملیۆن دۆلار) .

- هەروەها ڕایگەیاند "جگە لە (41٪) لەداهاتی نەوت کە بۆ موچەیە ، بۆ دابینکردنی تەواوی مووچەکە پشت بە داهاتی ناوخۆیی دەبەستین بەلاّم لە هەندێك خاڵی سنوری بێ ئیلتزامی کرا و ئەم داهاتی خالّە سنوریانە بۆ خەزێنەی حکومەت نەگەڕایەوە ! .

بەداخەوە ئەو ئیلتزامەی کە پێویستە دەسەلاّتدارەکان لە هەندێك لە پارێزگاکان بیکەن وەك پێویست ئەو بەرپرسیاریەتییەیان هەڵنەگرتووە !" .

لە ڕاستیدا ئەم وتارەی سەرۆکی حکومەت بەڵگەیەکی سەلمێنەرە بۆ دوو ئیدارەیی و نەبوونی حوکمڕانیەکی دروست و دەستبەسەرداگرتنی داهاتی گشتی لەلایەن بژاردەیەکی سیاسی و دیارنەمانی داهاتی نەوتی و داهاتی ناوخۆیی .

بە پێی داتاکانی حکومەتی هەرێم رۆژانە بڕی (450 هەزار) بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێت جگە لەو ڕێژەیەی بە تانکەر دەفرۆشرێت کە ئەویش مەزەندە دەکرێت بە (100 هەزار) .

گەر حسابی نەوتی هەناردەکراوی ڕۆژانە بە بۆری بکەین بەدەر لە نەوتی هەناردەکراو بە تانکەر بۆ نموونە بە نرخی (113دۆلار) کە ئێستا بە نرخی ئەمڕۆ 2022/3/8 نزیکە لە (128 دۆلار) :

(450000 بەرمیل ) کەڕەتی ( 113 دۆلار ) کەڕەتی ( 30 رۆژ) کەڕەتی (41٪) بکرێت یەکسانە بە (625ملیۆن دۆلار ) .

**دەكاتە كۆی مووچەی هەرێمی كوردستان بە زیادیشەوە جگە لە (59٪)ی داهاتی نەوت و داهاتی فرۆشتنی نەوت بە تانكەر و داهاتی ناوخۆ و هاوكاری هاوپەیمانان و (200 ملیار دینار)ەكەی عێراق .**

**ئەمە سەرەڕای ئەوەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێكەوتی 2022/3/28 لە وتەیەكدا لە كۆڕبەندی جیهانی وزە لە دوبەی (منتدى الطاقة العالمي في دبي) ڕایگەیاند نزیكەی (500000) نیو ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنین و هەناردەی دەكەین جگە لە بەرهەمهێنانی نیو ملیار پێ سێجا لە گاز ڕۆژانە . لەگەڵ توانای زیادكردنی بڕەكەی** (1).

**لەم بارەیەوە زۆر لایەن وەڵامی كۆنفرانسە ڕۆژنامەوانیەكەی سەرۆكی حكومەتیان دایەوە بە خستنە ڕووی داتای جۆراوجۆر، بۆ نموونە (د. شێركۆ جودت) سەرۆكی فراكسیۆنی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان لە پەرلەمانی كوردستان كۆمەڵێك داتا و زانیاری خستە ڕوو سەبارەت بە ناڕوونی دۆسیەی نەوت و داهاتی ناوخۆیی و گەندەڵی و نەبوونی حوكمڕانییەكی دروست لە هەرێم و ئاماژەی بە كۆمەڵێك خاڵدا لەم بوارەدا** (2) :

**1- وەرگرتنی (دوو ملیار دۆلار) لە وڵاتی ڕوسیا بە فرۆشتنی پێشوەختە (البيع المسبق) بەناوی دابینكردنی خەرجیەكان و دیار نەمانی .**

---

1- نص كلمة رئيس حكومة إقليم كوردستان في منتدى الطاقة العالمي في دبي ، https://gov.krd/arabic/government/the-prime-minister/activities/posts/2022/march/

2- كۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ، د. شێركۆ جەودەت ، سەرۆكی فراكسیۆنی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان لە پەرلەمانی كوردستان ، سلێمانی 2022/3/5 ، سەرچاوەی پێشوو .

2- دروستکردنی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان بە بڕی نزیکەی (یەك ملیار دۆلار)ی حکومەتی هەرێم ، پاشان فرۆشتنی ئەم بۆری نەوتەی هەرێم بە نایاسایی بە کەرتی تایبەت (60٪ ) بۆ کۆمپانیای رۆزنەفت و (40٪) بۆ کۆمپانیای کار ، لەکاتێکدا بۆری نەوتەکە موڵکی هەرێمی کوردستان بوو و هیچ ئەرکێکی دارایی نەخستبووە سەر هەرێم و پاش فرۆشتنی بە کەرتی تایبەت هەموو مانگێك نزیکەی (100 ملیۆن دۆلار) دەکەوێت لەسەر هەرێمی کوردستان .

3- بەشی کۆمپانیاکان نزیکەی (475 ملیۆن دۆلار)ە ، جگە لە کۆمپانیا بیانیەکان نزیکەی (772) کۆمپانیای لۆکاڵی هەن سەر بە کەسایەتی و لایەنە دەسەڵاتدارە سوود مەندەکانن لەم پارەیە لە کاتێکدا باج بە حکومەتی هەرێمیش نادەن .

4- لەلایەکی دیکەوە لە (41٪) لە داهاتی نەوتی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە دەکاتە بڕی (453 ملیۆن دۆلار) ، تەنها (350ملیۆن دۆلار) دەچێتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی ! ، و بڕی (103 ملیۆن دۆلار دیار نامێنێت) .

5- ناڕوونی لە داهاتە ناوخۆییەکان و دزینی داهاتی ناوخۆ و نەگەڕانەوەی بۆ سەر حسابی وەزارەتی دارایی بۆ نموونە داهاتی ناوخۆ تەنها بۆ تەمویلی مووچە لە مانگی (2021/1) بریتی بووە لە (374 ملیار دینار) ، بەڵام لە مانگی (2022/1) بریتی بووە لە تەنها ( 78 ملیار دینار ) !.

6- دیار نەمانی بڕی (5 ملیار دۆلار) شیرینی نەوتی هەرێمی کوردستان ئەو سەردەمی دکتۆر بەرهەم احمد صالح سەرۆکی حکومەت بوو .

7- دیار نەمانی پارەی بەڵێندەرانی کوردستان .

8- پاشکەوتی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان وەك قەرز لە ئەستۆی حکومەتی هەرێم بە بڕی (13 ملیار دۆلار) .

9- نەبوونی یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی هەشت ساڵ .

ئەوەی جێی پرسیار و سەرسوڕمانە سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنە و داتا و زانیاریانەی کە بڵاو دەکرێنەوە دەربارەی زیاد بوونی گەندەڵی و پاشەکشەی پرۆسەی دیموکراسی و شکستهێنانی ئەزمونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت ڕێژەی گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت و گاز لە هەرێم ، فەرمانگەی میدیا و زانیاری سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆیەکی گشتگیری لەگەڵ (د. کمال ئەتروشی) وەزیری سامانە سروشتیەکان بڵاوکردەوە سەبارەت بە چاکسازیەکان و بەڕێوەبردنی دۆسییەی نەوت و گاز و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە بەنزین و نەوتی سپی لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ بەغدا لەم بارەیەوە ، لە گفتوگۆکەدا وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بەوەدا کە بنەمای ئەم حکومەتە چاکسازی و ڕوونی و دادپەروەرییە بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و پێشخستنی کۆمەڵگا ، هەروەها ئەوەی ڕوونکردەوە کە بنچینەی چاکسازی لە بواری پیشەسازی نەوت وگاز بریتییە لە دانانی کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو ، کەمکردنەوەی ڕێژەی بە هەدەردان ، تا ڕادەیەك نەهێشتنی گەندەڵی .... ، هەروەها ڕایگەیاند کە پەیکەری کارگێڕی وەزارەت (وەزارەتی سامانە سروشتیەکان) کۆنترۆڵی پرۆسەکان و مەسرەف و تێچووی نەوت و گرێبەستەکانی کردووە و باسی لەوە کرد کە دەستیانکردووە بە چاکسازی و دەربارەی گرێبەستەکان و ئەنجامی بەرهەمهێنەریان بەدەست هێناوە ، ئەوەی لە هەموی زیاتر کە شەقامی کوردستانی توشی شۆك کرد ڕایگەیاند ڕێژەی گەندەڵی گەیشتۆتە نزیك سفر!(1).

---

1- بڕوانە کەناڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یوتیوب ، Kurdistan Regional Government youtube ، چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتیەکان ، www.gov.krd/arabic/government ، 2021/8/31 . بۆ زیاتر بڕوانە: https://gov.krd/dmi-ar/activities/news-and-press-releases/2021/september لە 2021/9/4.

**خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستە باسی لێوە بکرێت ئەویش یاسای پێکهێنانی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان کە لە ساڵی 2015 دەرچوێنرا ، بەمەبەستی بە دامەزراوەیی کردنی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ، بەشێوەیەك داهاتەکانی پرۆسە نەوتی و گازییەکان بە باشترین شێوە کۆبکرێنەوە و پاڵپشتی شەفافیەت و گەشەی ئابوری بکات لە هەرێمی کوردستان ، جێی داخە تائێستا ئەم سندوقە پێك نەهێنراوە کە یەکێکە لە بەڵگەکانی ناشەفافی لە دۆسیەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان** (1).

**هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتیەکان مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیای تایبەت دەکات و ئەو کۆمپانیایانەی لە یاسای نەوت و گازدا ناویان هاتبوو دابمەزرێن تا ئێستا دانەمەزراون ، جگە لەوە ڕێگە نادرێت بە دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بە وردبینیکردنی داتا و زانیاریەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و حسابی ئەو کۆمپانیا تایبەتانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات .**

**لەم بارەیەوە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە : " ڕێگامان نادەن گرێبەستەکانی نەوت کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەگەڵ کۆمپانیاکاندا کردویانە ببینین و ڕێگامان نادەن چاودێری پرۆسەی نەوت و غاز بکەین". لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت : " چەند جارێك داوای گرێبەستەکانی نەوتمان کردووە و نەماندراوەتێ "** (2).

---

**1- یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2015) ، یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان .**

**2- دەستە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان پەیوەستبوون بە یاسا و پێشێلکاریدا ، ڕاپۆرتی پێنجەم ، بەشێك لە پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ، شوباتی 2021 ، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (67) ، لا21 .**

## یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020، یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق [1]

لێرەدا بە پێویستی دەزانین تیشکێك بخەینە سەر یاسای (چاکسازی) ساڵی 2020 ی هەرێمی کوردستان و  شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ بکەین :

1- ئەم یاسایە لە (19) مادە پێك هاتووە لە دوتوێی (11) لاپەڕەدا و هەروەك لە هۆیەکانی دەرچواندنی ڕوون کراوەتەوە لە پێناو ڕێکخستنەوەی بواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی لەسەرجەم بوارەکانی (شارستانی و پێشمەرگایەتی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) ، هەروەها تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەلأیەتی و بەرپاکردنی دادپەروەری و یەکسانی لە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتە داراییە گشتیەکان ، و ڕێگرتن لە سوود وەرگرتنی ناڕەوا و نایاسایی لە تەرخانکراوەکانی بودجەی گشتی ، ئەم یاسایە دەرچوێندراوە .

2- ئەم یاسایە بە هیچ شێوەیەك دەستی نەبردووە بۆ چاکسازی لە داهاتەکاندا و تەنها باس لە خەرجییەکان دەکات ، گەر چاکسازی بنەڕەتی بێت دەبێت لە داهات و خەرجیدا هاو تەریب ئەنجام بدرێت .

---

1- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ناوەڕۆکی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 (یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق) ، بڕوانە : پاشکۆ ، لا 270 - 280 .

3- بە هیچ شێوەیەك باس لە چاکسازی لە دۆسیەی نەوت و گاز و گرێبەستەکانی ئەم بوارە ناکات ، هەروەها بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی نەداوە بە چاکسازی لە بواری وەبەرهێنان و ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان کە لە بنەڕەتدا گرفتی سەرەکی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دۆسیەی نەوت و گاز و وەبەرهێنان .

4- ئەم یاسایە بریتی نیە لە یاسای چاکسازی بەڵکو ڕێکخستنەوەی میلاکات و موچە و بەخشین و ئیمتیازات و دەرماڵەکان ...هتد .
دەکرێت بڵێین بریتیە لە کۆمەڵێك ڕێکاری کارگێڕی بۆ ڕێکخستنی بواری حکومی لەڕوی پێداچونەوەی میلاکات و ناونیشانی وەزیفی و دەرماڵە و خانەنشینی و سوودمەندانی چاودێری کۆمەلأیەتی و کەمکردنەوەی هەندێك خەرجی .
لەڕاستیدا چەمکی چاکسازی زۆر فراوانتر و گشتگیرترە بە بەراورد بەم یاسایە ، چاکسازی پرۆسەیەکی بەبەرنامە داڕێژراوی بەردەوامی درێژخایەنی فرە ڕەهەندی سیاسی ، ئابوری ، کۆمەلأیەتی ، یاساییە .

5- زۆر لەو بابەتانەی مادە و بڕگەی یاسایی بۆ تەرخانکراوە لە یاساکەدا پێویستی بەم یاسایە نیە ، تەنها بە جێبەجێکردنی یاسای سزای عێراقی و یاسای خزمەتی شارستانی و یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران و یاسای میلاك و یاسا پەیوەندیدارەکانی دیکە چارەسەر دەبن .
بۆ نموونە سوود مەند بوون لە دوو ناونیشانی وەزیفی (دوو مووچەیی) ، هەلۆوەشاندنەوەی ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی لە ژێر ناوی سوودمەند بوون لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەلأیەتی و

خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان و بەدەر لە یاسا و ڕێنماییەکان تۆمار کراون ، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی بەدەر لە یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە (زێرەڤانی) ژمارە (34)ی ساڵی (2007)ی هەرێمی کوردستان- عێراق خانەنشین کراون ، یان هەڵوەشاندنەوەی پلە و مەرتەبەی زیاد کە بەدەر لەیاسا بەرکارەکان دراوە بە فەرمانبەران .....هتد.

6- مادەی (7)ی یاساکە باس لە یەکخستنی خانەنشینی دەکات لە پلە گشتیەکانی وەزیفە لە سەر میلاکی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و بەشێوەیەکی گشتی ڕێکخستنی خزمەت و تەمەنی خانەنشینی فەرمانبەران و خاوەن پلە باڵاکان و پەرلەمانتاران و ....هتد ، و ئەوانەی شایستەی موچەیەکی خانەنشینین ئەگەر خزمەتی خانەنشینیان لە (15) ساڵ کەمتر نەبێت و تەمەنیان (45) ساڵی تەواو کردبێت ، بەڵام لە هەمان مادە و لە بڕگەی (شەشەم)دا هاتووە کە ئەم مەرجە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە خانەنشین بوون ، پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەوانەی خزمەتی خانەنشینیان نەگەیشتۆتە (15) ساڵ تا وەکو (3) ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکەیان هاوشێوەی پلە وەزیفییە گشتیەکان بەمەرجێك بڕی خانەنشینی ئەو ماوەیە بدات ، ئەمەش لەڕاستیدا جگە لە ڕەوایەتیدان بە نادادی و جیاکاری کە خۆی لە خۆیدا گەندەڵیە هیچی تر نیە و مەبەست لێی تەنها خانەنشینکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بوو کە خزمەتی خانەنشینیان نەگەیشتبوە (15) ساڵ .

7- له چەندین مادە وبڕگەی ئەم یاسایەدا هاتووە کە پێویستە حکومەت پەیڕەوێك بۆ ڕێکخستنی ئەم بابەتە دەربکات ، ئەمەش دەرگایەك دەکاتەوە بۆ نادادپەروەری و ڕەوایەتی دان بە پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی کەسانێك یان چین و توێژ و خاوەن پلە و پێگەیەك لەسەر حسابی ئەوانی دیکە لە ژێر ناوی یاسای چاکسازیدا . (م4 بڕگەی چوارەم ، مادەی (12) بڕگەی چوارەم ، مادەی (17) ) .

8- بە پێی مادەی (17) ی یاساکە پێویستە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێك دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاساکە ، لەماوەی (60) رۆژ تێنەپەڕێت لە رۆژی دەرچونی یاساکە ، هەروەها لە مادەی (19)ی یاساکەدا هاتووە کە لەدوای (90) رۆژ لە گەیشتنی پەیڕەوی ئاماژە پێدراو لە مادەی (17) دا یاساکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.
ئەوەی تێبینی دەکرێت یاساکە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە بەلاَم هیچ ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی نەبووە لەسەر دابەزینی ڕێژەی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی و بگرە قەیرانەکان قووڵتر بوونەتەوە و بەهەدەردان و گەندەڵی لە هەڵکشاندایە و نەبوونی خزمەتگوزاری و دواکەوتنی موچە بەردەوامە و ...هتد .

## ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵیدا

دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان وەك هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن بەدەر نییە لە کەموکوڕی و گەندەڵی ، بێبەش نییە لە ڕەخنە و تێبینی ، پشکی حزبی و بەرکەوتەی هەڵبژاردن ڕۆڵ دەگێڕن لە پێکهێنانی دەسەڵاتی دادوەریدا . ململانێی سیاسی و دوو ئیدارەیی و دامەزراوەی حزبی ، کاریگەرییان هەیە لەسەر پێشێلکردنی یاسا و جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکان .

دەست وەردان لە کاروباری دادگاکان لە هەرێمی کوردستان بە ڕوونی بەدی دەکرێت ، بەرژەوەندییە سیاسییەکان و ناکۆکیە حزبییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر تێوەگلانی دادگاکان لە ململانێ سیاسییەکان و لەدەستدانی سەربەخۆیی .

هەرچەندە وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا ، سەرۆکی دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند : گەندەڵی پەتایەکی ترسناکە لە هەرێمی کوردستان و زەحمەتە بتوانین ئاستی گەندەڵی دیاری بکەین و زۆر زەحمەتیشە سێکتەرێك لە سێکتەرەکانی کەرتی گشتی ببینینەوە گەندەڵی تێدا نەبێت و گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان مەترسیەکی گەورەیە ، هەڕەشە لە سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەکات .

لەگەڵ ئەوەشدا باسی لە دیاردەی بەرتیل کرد کە لە ژێر کاریگەری قەیرانی دارایی بەشێوەیەکی بەرفراوان سەری هەڵداوەتەوە و ئەو ڕێژەیەی گەندەڵی کە دەگاتە دەستیان کەمترە لە ڕێژە و قەبارەی ڕاستەقینە (1) .

جگە لەوە سەرۆکی دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی داوا یاساییە تۆمار کراوەکانی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی کارگێڕی و

---

1- کەناڵی ڕوداو ، ڕووداوی ئەمرۆ ، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی : جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی تاقیکردنەوەیەکی باشە بۆ ئەم کابینەیە ، سەرچاوەی پێشوو .

دارایی لە دادگاکانی هەرێم بەرز بۆتەوە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو (1) .

هەروەها سەرۆکی دەستەی دەست پاکی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە ڕێکەوتی 2022/8/2 ڕایگەیاند : لە ماوەی نێوان (2017 – 2022) (72) پلە باڵا و پلە تایبەت وەك تۆمەتبار لەلایەن دادوەرانی لێکۆڵینەوەی دەست پاکی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە ، لەبەر ئەوەی ئەو کەیسانە کەیسی سزایی بوون و داخستنی کەیسی سزاییش بە تەنها لە دەسەڵاتی دادوەرە بەرێزەکانە ، دادوەرە بەرێزەکانیش ئەگەر بینیان ئەو کەیسانەی لەبەر دەستیانە بەڵگەی پێویستی لەگەڵدایە ڕەوانەی دادگای دەکەن و بە پێچەوانەشەوە دایدەخەن .

کەیسی پلە باڵاکانیش بەم شێوەیە بووە : وەزیر(6) ، سەرۆکی دەستە(1) ، بریکاری وەزیر(6) ، ڕاوێژکار(5) ، ئەندامی پەرلەمان(1) ، بەڕێوەبەری گشتی(34) ، سەرۆکی فەرمانگەکان(4) ، پارێزگار(1) ، قائمقام(5) ، ئەندامانی ئەنجومەن(8) ، جگە لەوانەی پارێزبەندیان هەیە و سەرو خۆیان ڕەزامەندیان نەداوە بێنە بەردەم دادوەرانی لێکۆڵینەوەی دەست پاکی تا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت .

بە ڕونی ئاماژەیدا بەوەی کە دەستەی دەست پاکی کاری خۆی ئەنجامداوە و سەرجەمیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە ، بەڵام سزا نەدراون ، هۆکاری سزا نەدانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی دادگاکان کە سەر بە ئەنجومەنی دادوەرین .

سەبارەت بە سزای تاوانەکانی گەندەڵی لە سێ ساڵی ڕابردوودا ئاماژەیدا بە سووکی و ڕاگرتنی جێبەجێکردن (وقف التنفيذ)ی بەشێك لە سزاکان و نەگونجانی لەگەڵ تاوانەکانی گەندەڵی (2) .

---

1 – شفق نيوز، ارتفاع كبير في الدعاوى المسجلة بقضايا الفساد في اقليم كوردستان ، سەرچاوەی پێشوو .

2- دەستەی دەسپاکی : لێکۆڵینەوە لەگەڵ 72 بەرپرسی باڵادا کراوە ، 2022/8/2 ، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/223692 .

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی لەڕابردودا باسمان کرد و سەرەڕای هەڵکشانی ڕێژەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ، تا ئێستا دادگایەکی تایبەت بە تاوانەکانی گەندەڵی پێکنەهێنراوە . ئەوەی جێگای سەرنجە لەوبارەیەوە دادوەری لێکۆڵینەوەی دەستپاکی هەولێر ڕایگەیاند ئێمە پێمان باشبوو دادگای تاوانی دەستپاکی کە تایبەت بێت بە کەیسەکانی گەندەڵی بکرێتەوە و فەرمانیشی پێدەرچوو ، بەلاَم دواتر بە فەرمانێکی تر. ئەم دادگایە هەڵوەشێنرایەوە ، لەبەر ئەوەی کەیسەکانی گەندەڵی لەکاتی ئێستادا ژمارەیان زۆر نییە و کەمن ، ناکرێت دادگایەك تایبەت بکرێت بەم کەیسانە و ئەمەش بۆ بڕوا و بۆچونی ئەنجومەنی دادوەری دەگەڕێتەوە ! (1).

لەلایەکی ترەوە بە ڕاشکاوی وەزیری دارایی و ئابوری لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا ڕایگەیاند (الدولة العمیقة) کاریگەری هەیە لەسەر گەندەڵی و ڕێگرە لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان (2) .

هەر بۆیە دەسەلاَتی دادوەری هاوشێوەی دەسەلاَتی یاسادانان لاوازە و وەك پاشکۆی دەسەلاَتی جێبەجێکردن بەدی دەکرێت .

هەموو ئەم گرفتانە هۆکارن بۆ تەشەنەسەندنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ، بەتایبەت گەندەڵی سیاسی ڕێکخراو و دروستبوونی تۆڕی ڕێکخراو لە گەندەڵکاران ، بە شێوەیەك کە دەسەلاَتی دادوەری توانای چەسپاندنی یاسای نەبێت بە سەریاندا .

---

1- نادر هەرکی ، جێگری سەرۆکی دادگەی تێهەڵچونەوەی هەولێر : ئەنجومەنی دادوەری دەڵێت ئێستا ژمارەی دۆسییەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان زۆر نییە و ناکرێت دادگەیەکیان بۆ تایبەتبکرێت ، www.Rudaw.net شركة بث وانتاج اعلامي ، الثلاثاء 2022/7/5 .

2- دانیشتنی ژمارە (16)ی ئاسایی خولی بەهارە ، ڕۆژی دوو شەممە ، 2021/6/28 .

## ئایندەی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان بەقۆناغێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت ، گەندەڵی دارایی و کارگێری بەتایبەتی ئەو گەندەڵیە ڕێکخراوەی لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت لە تەواوی دەسەڵاتەکاندا بلاوبۆتەوە ، تەنانەت دەستەی دەستپاکیشی گرتۆتەوە (1) ، کۆی دامەزراوە و پەیکەری کارگێری حکومەتی هەرێمی کوردستانی توشی ئیفلیجی کردووە ، ڕەنگدانەوەی نەرێنی کردۆتە سەر مافی مرۆڤ و ئازادیەکان لە هەرێمی کوردستان بە جۆرێك زۆربەی پێشبینی و بۆچوون و لێکۆڵینەوە ناوخۆیی و بیانیەکان تیشك دەخەنە سەر شکستی ئەزمونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و نەبوونی دەسەڵاتێکی دروست و ئاماژە بە ئەگەری هەرەسهێنانی قەوارەی سیاسی هەرێم دەکەن .

گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە شێوەی تاوانی ڕێکخراودا تەشەنەی سەندووە لە هەموشی کوشندەتر (گەندەڵی سیاسی ڕێکخراو) بەتایبەتی لە کەرتی نەوت و گاز کە بە ئاڵۆزترین و تەم ومژاوی ترین دۆسیەی گەندەڵی ئەژمار دەکرێت لە دوای ئەویشەوە ئەوەی پەیوەندی بە داهاتی گومرگ و خاڵە سنورییەکان و داهاتی ناوخۆوە هەیە تا ئەو ڕادەیەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات "... بەداخەوە لە هەندێك لە خاڵە سنوریەکان بێ ئیلتیزامی کرا و ئەم داهاتی خاڵە سنوریانە بۆ خەزێنەی حکومەت نەگەڕێندرایەوە ..." و ".... ئەبێ داهاتی ناوخۆیی وەکو خۆی بمێنێتەوە و هەمو لایەك ئیلتیزامی ئەوە بکەن کە داهاتەکە بگەڕێننەوە بۆ خەزێنەی هەرێم.... گەڕانەوەی داهاتەکان بۆ خەزێنەی حکومەت بەردەوام بێت ..."(2) .

---

1- بەرپرسێکی دەستەی دەستپاکی هەرێم بەگەندەڵی تۆمەتبارکراوە ، nrttv.com ، 2022/8/5 . دەستەی دەسپاکی : لێکۆڵینەوە لەگەڵ 72 بەرپرسی باڵادا کراوە ، 2022/8/2 ، سەرچاوەی پێشوو .

2- بڕوانە : کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پێنج شەممە 3/ئادار/2022 ، سەرچاوەی پێشوو .

هەروەها دیاردەی بە قاچاخ بردنی ڕێكخراو لە خاڵە سنوریەكانەوە و بەرتیل و بەكارهێنانی پلە و پۆستی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەت و دزینی موڵك وماڵی دەوڵەت و گەندەڵیەكانی كەرتی وەبەرهێنان و سپی كردنەوەی پارە و....هتد ، دەوڵەمەندبوونی كەمینەیەك لە دەستەبژێری سیاسی و خاوەن پێگەكانی ناو دەسەڵات لە بەرامبەر زۆرینەیەكی هەژار و قەرزاربوونی حكومەت و ئیفلیجبونی دامەزراوەكانی هۆكارن بۆ ناجێگیربوونی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەرێمی كوردستان كە دوور نیە ئەم ناجێگیربوونە پەل بكێشێت بۆ ئاژاوەیەكی ناوخۆیی و دواجار هەڵوەشانی قەوارەی سیاسی هەرێمی كوردستان .

لە بەر ڕۆشنایی ئەو داتا و زانیاری و شیكارییەی بۆ دۆخی هەرێمی كوردستان خستمانە ڕوو ، سەرەڕای بانگەشەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەنجامدانی چاكسازی و هەوڵی نەهێشتنی گەندەڵی ، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی گەندەڵی لە هەڵكشاندایە و قەرزەكانی ئەستۆی حكومەتی هەرێم زیاتر دەبن و باری سەرشانی هاوڵاتیان قورستر و دۆخی گوزەرانیان خراپتر دەبێت ، ئەمەش بەڵگەیەكە بۆ ئەوەی سیاسەتی حكومەتی هەرێم لە بواری چاكسازی و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی سەركەوتوو نەبووە و شكستی خواردووە لە پێشكەشكردنی ئەزمونێكی حوكمڕانی دروست و ڕەشید .

**بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی شکستهێنانی حکومەتی هەرێم لە ئەنجامدانی چاکسازی و دژایەتی کردنی گەندەڵی بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە چەند خاڵێك بدەین :**

**1- حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕووکەش و لە ناو نوسراوەکانیدا یەك حکومەتە بەڵام لە ڕاستیدا سیمای دوو ئیدارەیی و دوو هێزی پێشمەرگە و دوو هێزی ئاسایشی ناوخۆ و دوو دارایی بە ئاشکرا بەدی دەکرێت و نەگونجانی ناو کابینەی حکومەت و تەنانەت دابەشبوونی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (تیمی وەزاری زەرد) و (تیمی وەزاری سەوز) و نەبوونی حکومەتێکی خاوەن بەرنامەی یەکگرتوو بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە ، ئەم ڕاستییەش بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێم نکۆڵی لێناکەن[1].**

**2- لاوازی ئەدای زۆرێك لە وەزیر و سەرۆکی دەستە و بەرپرسانی دامەزراوە حکومیەکان و نەبوونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو ، لە هۆکارە سەرەکیەکانی تەشەنەسەندنی گەندەڵی و ئەنجام نەدانی چاکسازییە .**

**3- حکومەتی هەرێمی کوردستان بابەتیانە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتی (گەندەڵی) نەداوە ، تەنها لە ڕەهەندێکی سیاسی و وەك بانگەشەیەکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە کردووە ، لە کاتێکدا گەندەڵی گرفتێکی فرە ڕەهەندی سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، یاساییە .**

---

**1- لە میانی بەشداری کردنی بەڕێز (قوباد تاڵەبانی) جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە "دیداری مێری" کە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە سازی کردبوو لە ژێرناونیشانی " عێراقێك بۆ هەمووان" ڕێکەوتی 2022/11/1 لە هەولێر ، بە ئاشکرا ڕایگەیاند : ئێستاش جۆرێك لە سیستەمی دوو ئیدارەیی پەیڕەو دەکرێت لە هەرێمی کوردستان ، تەنانەت باسی لەوەش کرد کە هاوشێوەی ناوچەکانی مادەی (140)ی دەستور لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ ، لە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی (140) مان هەیە لە نێوان زۆنی زەرد و زۆنی سەوز ، کە شاری کۆیەیە.**
https://www.youtube.com/watch?v=6eP-9gJoqH4 .

4- حکومەتی هەرێمی کوردستان تێگەیشتنی دروست و زانستی بۆ گەندەڵی نییە ، تێڕوانینێکی ڕاستی نییە بۆ قوڵایی و ڕەگ و ڕیشەی گەندەڵی لە کۆمەڵگای کوردستاندا . هەروەك لە کارنامەی حکومەتدا هاتووە گەندەڵی دیاردەیە و نەبووە بە کلتور ، لە ڕاستیدا گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دیاردەی تێپەڕاندووە و ڕەگ وڕیشەی شۆڕبۆتەوە بە ناو کۆمەڵگادا و هەندێك لە شێوازەکانی گەندەڵی وەك نەریتێکی باوی ناو کۆمەڵگا بوونیان هەیە بۆ نمونە (واستە ، بەرتیل ) .

5- حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی وایە لە ڕێگای دامەزراوەکانی پەرلەمان و دەستپاکی و چاودێری دارایی و دەسەڵاتی دادوەری ...هتد بەدواداچوون و چاودێری و لێپرسینەوە ئەنجام دەدرێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی ، لە ڕاستیدا ئەوەی جێگای مەترسیە لە هەرێمی کوردستان بلاٌوبونەوەی جۆرێکە لە گەندەڵی کە ناسراوە بە(گەندەڵی سیاسی ڕێکخراو) و ئەنجامدانی لە لایەن دەستەبژێری سیاسییەوە کە لە توانای دامەزراوەکانی چاودێری و بەدواداچوون و دادوەریدا نیە بەدواداچوون و چاودێری و لێپرسینەوەیان لێ بکات ، لە لایەکی دیکەوە زۆرێك لەو دامەزراوانەی بەدواداچون و چاودێری و لێپرسینەوە خۆیان گەندەڵیان تێدا بلاٌوبۆتەوە و پێویستە چاکسازیان تێدا بکرێت .

جگە لە دامەزراوە حکومییەکانی بەدواداچوون و چاودێری و لێپرسینەوە کە توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان نیە ، جێگای نیگەرانیە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری سەرەڕای ناکارابیان بەدەر نین لە بلاٌوبونەوەی گەندەڵی تیایاندا و لە نزمترین ئاستدان و ڕۆڵی پاشکۆی حکومەت دەگێڕن .

6- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك زۆرێك لە حکومەتە دواکەوتووەکانی جیهان زانیاری دروست و زانستی لەسەر چەمکی گەندەڵی و پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی نییە ، هەروەك لە کارنامەکەی حکومەتی هەرێمدا هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی نەهێشتنی گەندەڵی دەدات ، ئەمە لە کاتێکدایە گەندەڵی دیاردەیەکە لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵداوە و هەتا مرۆڤایەتی بەردەوام بێت گەندەڵیش بەردەوام دەبێت.

سیاسەتی دروست بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی خۆی دەبینێتەوە لە دژایەتی کردنی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەکەی .

7- ڕێکاری دروست بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و دژایەتی کردنی گەندەڵی خۆی دەبینێتەوە لە دوو پرۆسەی زۆر گرنگ بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانە :

أ – چاکسازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە . لە بونیادنانی تاك پاشان خێزان و دواتر کۆمەڵگا .

ب- دژایەتی کردنی گەندەڵی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ، لە ترۆپکی دەسەڵاتەوە بۆ نزمترین ئاست .

لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەوە ڕێکارەکانی پەیڕەو دەکات ، دەیەوێت چاکسازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە و دژایەتی کردنی گەندەڵی لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەنجام بدات ، ئەوەی شایەنی باسە لە هەردوو پرۆسەکەشدا شکستی هێناوە .

8- حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی وایە چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی بە بڕیاری سیاسی یان فەرمانێکی کارگێڕی ئەنجام دەدرێت ، لەکاتێکدا گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانیە و کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی هەیە و لەسەرجەم کۆمەلگاکاندا بوونی هەیە و ڕیشەکێشکردنی ئەستەمە ، دەکرێت دژایەتی بکرێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەکەی لە ڕێگای زنجیرەیەك ڕێکاری یاسایی ، سیاسی ، کۆمەلایەتی و ئابوری گرێدراو بەیەکەوە .

9- لە هەرێمی کوردستان بانگەشە چاکسازی و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکرێت بەلام ئیرادەیەکی ڕاستەقینە نییە لە لایەن دەسەلاتەوە بۆ چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ، هەموو ئەو هەنگاوانەی حکومەت گرتوێتیە بەر بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێکاری کارگێڕی بۆ ڕێکخستنی بواری حکومی ئەویش بە نا دروستی .

بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی تیمی پسپۆڕ و شارەزا و کەسانی بە ئیرادە و میکانیزمی جیاوازی دەوێت . لە هەموشی گرنگتر پێویستی بە دەسەلاتێکی جێبەجێکاری بەهێزی خاوەن بڕیارە .

10- گەندەڵی بەتایبەتی گەندەڵی سیاسی ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر بەرتەسك کردنی مافی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان کردووە و ڕۆڵی میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سنووردار کردووە ، سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی تاکڕەوی هەنگاوی ناوە ، لە ئەنجامی دروستبوونی گروپێکی حوکمڕان لە یەکگرتنی دەستەبژێرێکی سیاسی خاوەن دەسەڵات و کەسانی خاوەن سەرمایە بە جۆرێك دەستیان بەسەر جومگە هەستیارەکاندا گرتووە و سەروەت و سامانی هەرێمیان قۆرخ کردووە و سەرجەم کەرتە گشتییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە و پشکی تایبەتیان هەیە لە داهاتی وڵات و بارگرانیان خستۆتە سەر ئەستۆی هاوڵاتیان لە ڕێگای باج و ڕەسمی نایاسایی لە بەرژەوەندی کۆمەڵە کەس و کۆمپانیایەك و بوونەتە مایەی قوڵکردنەوەی جیاوازی چینایەتی و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و تاوانە ڕیکخراوەکان و نەهێشتنی متمانەی هاوڵاتی بە حکومەت و لاوازکردنی هەستی نیشتمان پەروەری...هتد.

11- یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستهێنانی حکومەتی هەرێم لە دژایەتی کردنی گەندەڵیدا ، بوونی دەسەڵاتدارانە لەدەرەوەی بازنەی لێپرسینەوە ، کە لەڕاستیدا دەبێت دەسەڵاتداران بە پێوەرێکی باڵاتر و توندتر لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت بە بەراورد بەو کەسانەی لەدەسەڵاتدا نین .

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بدەین بە نامەکەی بیرمەندی ئینگلیز لۆرد ئاکتۆن (BARON ACTON) بۆ ماندل کریتۆن (MANDELL CREIGHTON) ، لە کاتێکدا کۆمەڵە هەلپەرست و بەرژەوەند خوازێك لە هەوڵی دەرکردنی یاسایەك بوون سەبارەت بە پارێزبەندی (پاپا) و پاشا لە لێپرسینەوە .

لۆرد ئاکتۆن لەنامەکەدا دەڵێ : " یاساکەت پەسەند ناکەم کە ئاماژە بەوە دەدات پێویستە لەسەرمان لێپرسینەوە لە پاپا و پاشا نەکرێت هاوشێوەی لێپرسینەوەمان لە کەسانی دیکە ، لە لایەنگریتانەوە بۆ ئەو بڕوایەی کە ئەوان بەدەرن لە هەڵەکردن . گەر بڕوایەك

هەبێت پێویستە پێچەوانەکەی بێت ، بە لێپرسینەوە لەو کەسانەی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست ". پاشان وتە بەناوبانگەکەی دەڵێت : " دەسەلاّت هۆکارێکە بۆ گەندەڵی و دەسەلاّتی ڕەها سەرچاوەی ڕەهای گەندەڵییە " ، " السلطة مفسدة والسلطة المطلقة مفسدة مطلقة "(1).

12- گەندەڵی بە شێرپەنجەی کۆمەڵگاکان ناوزەد دەکرێت . هەربۆیە گەر لە حاڵەتە سەرەتاییەکانیدا بەهەند وەرنەگیرێت و دژایەتی نەکرێت و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر نەدرێت بە خێرایی بلاّو دەبێتەوە بە تەواوی دامەزراوە سیاسی و ئابوری و کارگێڕی و کۆمەلاّیەتیەکاندا ، ئەمەش فرسەتی دژایەتی کردنی گەندەڵی بە مەبەستی پاراستنی کۆمەڵگا لە لێکەوتەکانی لەدەست دەدات و دەچێتە قۆناغێك تەواوی جومگە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتیەکان دادەڕزێنێت .

بەداخەوە هەرێمی کوردستان ئێستا لەم قۆناغە هەستیار و نەخوازراوەدایە و بەردەوام ڕێکارەکانی دژایەتی کردنی گەندەڵی بریتی بووە لە پێدانی ئازار شکێن نەك چارەسەر .

---

1- دیفید أوین ، في المرض وفي القوة ، ترجمة: یوسف الصمعان ، جداول للنشر والترجمة والتوزیع ، الطبعة الاولى 2017 ، بیروت – لبنان ، ص19 .

هەروەها بڕوانە : جمیل مطر ، السلطة مفسدة ، مقالة منشورة في جریدة الشروق ، سەرچاوەی پێشوو .

الفساد : بەمانای تێکچوون یان خراپبوون یان زیان گەیاندن دێت .

المفسدة : بە مانای زیان یان سەرچاوە و هۆکاری "فساد" دێت ، بۆیە گونجاوترە بگوترێت " دەسەلاّت هۆکارێکە بۆ گەندەڵی و دەسەلاّتی ڕەها سەرچاوەی ڕەهای گەندەڵییە ".

بڕوانە : ابراهیم مصطفى - حامد عبدالقادر - احمد حسن الزیات - محمد علي النجار ، المعجم الوسیط ، مؤسسة الصادق للطباعة والنشر ، الطبعة الخامسة 1426 هـ. ق ، ایران - طهران ، ص688 .

- لویس معلوف ، المنجد في اللغة ، الطبعة الخامسة والثلاثون ، 1996 ، ص583 .

هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی ناهەمواردا گوزەردەکات گیرۆدەی زنجیرەیەك قەیرانی ناوخۆیی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و یاساییە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ ، جگە لە پلانی هەرێمی و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی کە هەموویان ئاماژەن بۆ بچوك کردنەوەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان یان هەڵوەشاندنەوەی .

گەر بە شێوەیەکی گشتگیر لە هەرێمی کوردستان دژایەتی کردنی گەندەڵی نەکرێت و ڕیکاری یاسایی نەگیرێتە بەر بەرامبەر بە گەندەڵکاران و چاکسازی لە دامەزراوە کارگێڕی و داراییەکان نەکرێت و چاکسازی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و یاسایی ئەنجام نەدرێت و کێشە دەستوری و یاسایی و سیاسیەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی چارەسەر نەکرێت ، هاوکێشەی هەرێمایەتی و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی ڕەچاو نەکرێت و هەرێمی کوردستان خۆی بە دوور نەگرێت لە بابەتە هەستیار و ناکۆکیە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان بۆ نموونە (لایەنگیری لە کێشەکانی نێوان وڵاتانی کەنداوی عەرەب و ئێران ، لایەنگیری لە کێشەی نێوان ئیسرائیل و ئێران ، لایەنگیری لە کێشەکانی نێوان ئێران و تورکیا ، فرۆشتنی (60٪) پشکی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان بە کۆمپانیای رۆزنەفتی ڕوسی و نیگەرانکردنی ئەمریکا ، لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی کارتی گازی سروشتی و نیگەرانکردنی ڕوسیا...هتد) ، لە هەموشی گرنگتر گەر بڕیاردەری سیاسی خۆی دەرباز نەکات لە تەوقی کەسانی بەرژەوەند خواز و هەلپەرستی بازنەی چواردەوری و پشت بە ڕا و بۆچوون و دیدگای کەسانی بوێر و دڵسۆز نەبەستێت بێگومان قەوارەی سیاسی هەرێم ڕووبەڕووی چارەنوسێکی نەخوازراو دەبێتەوە و دەکەوێتە نێوان بەرداشی گەندەڵی و گرفتە ناوخۆییەکان لە لایەك و هاوکێشە و بەرژەوەندیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لە لایەکی تر، ئەفغانستان و ئۆکراینا وەك نموونە .

یەكێك لە گرنگترین ئەو بابەتانەی ئاماژە بە دۆخی خراپی هەرێمی كوردستان و گرفتی نەبونی حوكمڕانیەكی دروست دەكات بە شێوەیەكی گشتی و پاشەكشەكردنی ئازادیەكان و مافی مرۆڤ و گەندەڵی بە تایبەتی و كاریگەریەكانی لەسەر دیاریكردنی ئایندەی هەرێمی كوردستان وتارە ڕاشكاوەكەی (جینین هینیس پلاسخارت) ( Jeanine Antoinette Hennis Plasschaert ) نێردەی تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكانە كە لە پانێلی (یەكڕیزی و دەستور)ی زانكۆی كوردستان– هەولێر لە ڕێكەوتی 2021/5/19 پێشكەشی كرد .

ئەم وتارەی (جینین هینیس پلاسخارت) هۆشداریەكی ڕاستەوخۆ و ڕوون و ئاشكرا بوو بۆ دەسەلأتدارانی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە دۆخی ناجێگیری هەرێمی كوردستان و گرفتەكانی حوكمڕانی و كاریگەری لەسەر ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێمی كوردستان .

لە سەرەتای وتارەكەیدا داوای كرد : " ئەگەر ڕێگەم بدەن دەمەوێ ئەمڕۆ بە ڕاشكاوی بدوێم و ئامانج لە كۆمێنتەكانم بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئاستەنگەكانە و لەهەمانكاتدا بیر لەوە بكەینەوە هەوڵەكان بە دڵسۆزی و بە شێوەیەكی بونیادنەر بخەینە گەڕ بۆ چارەسەركردنی هەندێك لە كێشە و مەترسیە گشتیەكان .

بە واتایەكی تر : ڕەنگە هەندێكتان پێتان وابێ بۆچونەكانم زۆر ڕاشكاون و تا ڕادەیەك زیادەڕەویشی تێدایە ، بەلأم هەر وەك پەندێكی كوردی هەیە كە دەڵێ (دۆستت ئەوەیە كە دەتگرێنێت) ..." .

لە ڕاستیدا جەخت كردنەوەی (جینین هینیس پلاسخارت) لەسەر ئەوەی دەیەوێت بە ڕاشكاوی بۆچوونەكانی پێشكەش بكات و هێنانەوەی ئەو پەندە كوردیە لەو بارەیەوە دەرخەری ئاستی تیگەیشتنی قوڵیەتی لەسەردۆخی هەرێمی كوردستان و مەترسیەكانی بەردەم قەوارەی سیاسی هەرێم و شێوازی بیركردنەوە و بڕیاری سەركردایەتی سیاسی كورد و بڕوای وایە سەركردایەتی سیاسی كورد وەك زۆربەی سەركردایەتی دەوڵەتە

دواکەوتووەکان حەز بە بیستنی ڕا و بۆچوونی ڕاشکاو و ڕاست و بوێر و بابەتیانە ناکەن ، بڕیاری سیاسی و چارەنوسساز دەدەن لەسەر بنەمای بڕوا و ویستی بڕیاردەر و بە پشت بەستن بە بۆچونی کەسانی خۆبەرە پێشەوە و بەرژەوەندخواز و هەلپەرستی بازنەی دەوریان .

وتەکانی سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە بە هۆی پێگەکەی زانیاری تەواوی لەسەر ڕوودانی کۆمەڵێك گۆڕانکاری سیاسی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی هەیە ڕەنگە ڕوو بدەن و لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان نەبێت .

هەر بۆیە ئەم هۆشداریەیدا بە هەرێمی کوردستان بەو هیوایەی وەك ڕاوێژێك ڕەچاو بکرێت و بە هەند وەرگیرێت .

هەروەها ڕایگەیاند : " ... ئەوەی دەیزانین بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاستی سەربەخۆییەی ئەمرۆ کاتی زۆری ویستووە ، نەك تەنها کات بەڵکو بە نرخێکی گران و قوربانیدانی خەڵکێکی زۆر بە ژیانیان لە پێناو ئەم مەبەستەدا ، بەلاّم وەك هەر شوێنێکی تری ئەم جیهانە ماف و ئازادیەکان نادرێن .." .

هەروەها ئاماژەی بە خاڵێکی زۆر گرنگدا ئەویش: " ... ئەوەی دەیڵێم بەم شێوەیەیە : مەڕوانە ئەم ئۆتۆنۆمییەی ئەمرۆ وەك بابەتێکی جێگیرکراو و چەسپێنراو ، لە پێناو بەردەوامبوونی یەکڕیزی و یەکگرتوویی کارێکی زۆر گرنگە " .

دواتر ڕایگەیاند " لە ڕاستیدا هەروەك حەفتەی ڕابردوو لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشدا ڕونم کردەوە ، سیستەمی فیدراڵی بەهێز نابێت تا پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی بەهێز نەبێت – ئەو پەیوەندیانەش توند دەکرێنەوە لە ڕێگای ئاشتەوایی و یەکڕیزی و تەبایی. سەبارەت بە دۆخی عێراقیش کاتێك بەهێز دەبێت کە ئەو پەیوەندیانەی گەلانی جیاوازی عێراق یەك دەخات پتەو بێت ، زۆر جار ئەو گەلە جیاوازانەش پێویستیان بە ئاشتەوایی ناو کۆمەڵگا هەیە " .

هەروەها " هەرێمی کوردستانی بەهێز، توانای زیاتری هەیە بۆ پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیەکانی . بە پێچەوانەشەوە دابەشبوون بێ هێزی دەهێنیت ، جگە لەوە هەرێمی کوردستانی بەهێز و یەکگرتوو عێراقی فیدراڵی بەهێز دەکات نەك تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ، بەهێزی لە دەرەوە سەرچاوە دەگرێت لە بەهێزی ناوخۆوە " .

جەختی کردەوە لەسەر بلاۆکردنەوەی دیموکراسی و پێدانی کات بۆ جێگیربوونی پرۆسەی دیموکراسی و شۆربوونەوەی و مامەڵەی دروست لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن و پشتیوانی پرۆسەی سیاسی . هەروەها دوپاتی کردەوە " ... دەبێت گرنگی پێدانی سەرکردایەتی سیاسی بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی بێت لە : خزمەتکردنی هاولاْتیانی . و پێویستە گرنگی بەو بڕیارانە بدەن کە لەبەرژەوەندی سەرجەم ئەو گەلانەیە کە لە هەرێمی کوردستان دەژین . ئەو بڕیارانەی بەتەنها لە بەرژەوەندی زۆرینەدایە ناتوانرێت بۆ ماوەیەکی دوورمەودا پارێزگاری لێبکرێت " .

هەروەها باسی لەوە کرد : " تەنانەت بە گەیشتن بە یەك ڕیزیش ناتوانرێت ئەو یەك ڕیزیە بە جێگیر و چەسپیو دابنرێت لە ترسی لەدەستدانی ، بەڵکو پێویستە چاودێری بکرێت بەبەردەوامی . .." و پەیوەندی بەردەوام لەسەر ئاستی بنکەی جەماوەری لەخۆ بگرێت لەگەڵ گفتوگۆ و ئەو ڕێکارانەی دەرخەری ئەوەن ڕای کۆمەڵگاکان و پێکهاتەکان بەهەند وەردەگیرێت لە هەمو کاتێکدا .

جەختی لە سازشکردن کرد لە پێناو یەکلاکردنەوەی کێشەکان و هاوبەشی سیاسی و گرنگیدان بە کردەوە و دەستکەوتەکان نەك بانگەشە و وتارە سەرنج ڕاکێشەکان .

بە ڕوونی جەختی کردەوە لەسەر دژایەتی کردنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی و دورکەوتنەوە لە بەرژەوەندی تەسکی حزبی ، کاری ڕاستەقینە بکرێت لە پێناو

یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە و نەهێشتنی ئاسەواری دوو ئیدارەکەی ڕابردوو (ئیدارەی سەوز ) و (ئیدارەی زەرد) ، بەئامانجی ئاشتەوایی ڕاستەقینە و ئارامی سیاسی .
ئاماژەی بە دۆخی نەگونجاو و نالەباری هەرێمی کوردستان کرد لە ڕوی جیۆپۆلیتیکەوە ، ڕایگەیاند ئەمەش هۆکارێکە کە دەبێت دوو جار بیری لێبکرێتەوە .
لە وتارەکەیدا ئاماژەیدا بە بابەتێکی زۆر گرنگ ئەویش سەرپشك کردنی دەسەلأتی هەرێمی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی یەکڕیزی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادیە سەرەکیەکان و پێشکەوتن لە بواری ئاسایش و چاکسازی ئابوری کە دەمێکە چاوەڕێی دەکرێت و درێژەی خایاند و دەستکردن بە گفتوگۆ کە هەندێك جار بە هۆی ناکۆکیە ناوخۆییەکان ئاسان نیە ، یان شکست هێنان لە ڕێکخستنی نێومالًی هەرێم و ڕیسك کردن بە لەدەستدانی دەستکەوتەکانی .
دەربارەی دەستوری هەرێمی کوردستان نێردەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بە گرنگی زامن کردنی ماف و ئازادیە سەرەکیەکاندا لە نێویاندا مافی سەرجەم پێکهاتە و تایەفەکان و دیاری کردنی پسپۆریەکانی (صلاحيات)ی دەسەلأتەکان ، دوور لە ناکۆکی سیاسی و حزبی و سازش نەکردن لە نێوان دەستەبژێرە حوکمڕانەکان .
هەروەها دوورکەوتنەوە لە دەقی نا ڕوون ، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دەستوری هەرێمی کوردستان ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستوری فیدراڵی (1).

---

1- اقليم كردستان العراق : الوحدة والدستور / كلمة الممثلة الخاصة للامين العام للامم المتحدة السيدة ( جينين هينيس - بلاسخارت ) ، www.uniraq.org في 19/ايار/2021 .

به كورتی دەتوانين پوختەی وتارەكەی (جينين هينيس پلاسخارت) (Jeanine Antoinette Hennis Plasschaert) نێردەی تايبەتی ئەميندارى گشتی نەتەوە يەكگرتووەكان كە لە پانێلی (يەكڕيزی و دەستور)ی زانكۆی كوردستان – هەولێر لە ڕێكەوتی 2021/5/19 پێشكەشی كرد كورت بكەينەوە لە :

1- هۆشداريدان بە شێوەيەكی ڕاستەوخۆ و ڕوون و ئاشكرا بە دەسەڵاتدارانی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە دۆخی ناجێگيری هەرێمی كوردستان و گرفتەكانی حوكمڕانی و كاريگەرە نەرێنيەكانی لەسەر ئايندەی قەوارەی سياسی هەرێمی كوردستان .

2- گۆڕانكاری نێودەوڵەتی و هەرێمی لەئارادايە ، گەر سەركردايەتی سياسی كورد بابەتيانە گرفتەكانی چارەسەر نەكات و ناو ماڵی خۆی ڕێك نەخات و خۆی بۆ ئامادە نەكات ڕەنگە لە بەرژەوەندی هەرێمی كوردستان نەشكێتەوە .

3- بلاّوكردنەوەی ديموكراسی و سازشكردن بۆ چارەسەری گرفتەكان و يەكڕيزی و يەكگرتوويی و ئاشتەوايی و پارێزگاری كردن لە يەكڕيزی .

4- زامن كردن و بەردەوامبونی ئەو فيدراڵييەی هەرێمی كوردستان و پاراستنی قەوارەی سياسی هەرێم پەيوەستە بە :

أ- پاراستن و زامنكردنی ماف و ئازاديە سەرەكيەكانی سەرجەم هاوڵاّتيانی هەرێمی كوردستان بە هەموو نەتەوە و ئاين و ئاينزا و پێكهاتەكانيەوە .

ب- ئەنجامدانی چاكسازی كارگێڕی و دارايی و دژايەتی كردنی گەندەڵی و دووركەوتنەوە لە بەرژەوەندی تەسكی حزبايەتی .

ج- يەكخستنەوەی هێزەكانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هێزی نيشتمانی بە شێوەيەكی ڕاستەقينە .

د- نەهێشتنی ئاسەواری دوو ئيدارەيی بە شێوەيەكی ڕاستەقينە .

هـ- بە پێچەوانەی برگەکانی (أ-ب-ج-د) ڕەنگە دەستکەوتەکان لەدەست بچێت و قەوارەی سیاسی هەرێم روبەڕوی چارەنوسێکی نەخوازراو بێتەوە .

5- دۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕوی جیۆپۆلیتیکەوە هاوکار نییە ، ئەمەش هۆکارێکە کە دەبێت دوو جار بیری لێبکرێتەوە و بەهەند وەربگیرێت بۆ هەر بڕیارێکی چارەنووسساز.

6- گرنگی بوونی دەستور ، پێویستە دەستور زامنی ماف و ئازادیە سەرەکیەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێم بکات و پسپۆریەکانی (صلاحيات)ی دەسەڵاتەکان دیاری بکات ، دەقەکانی ڕوون بێت و ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستوری فیدراڵی .

لە لایەکی ترەوە لە دیمانەیەکی کۆلۆنێڵ (جان تینهۆف) ڕاوێژکاری سەربازی کونسولگەری هۆڵەندا لە هەولێر لە گەڵ کەناڵی (nrt) ڕایگەیاند گەر هەردوو پارتی کوردی ، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان چاکسازی ئەنجام نەدەن گەرەنتی ئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستان ناکرێت (1) .

هەروەها باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق (ماثیو تیولەر)لە میانەی کۆبونەوەی لەگەڵ ژمارەیەك دەزگای میدیایی کە بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ئەرکەکانی لە عێراق ڕێکی خستبوو ڕایگەیاند کۆمەڵێك مەترسی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەن و پێویستە بەرپرسان بە وریاییەوە دۆخەکە هەڵبسەنگێنن (2).

---

1- بڕوانە : چاوپێکەوتنی ڕاویژکاری سەربازی کونسولگەری هۆڵەندا لەگەڵ کەناڵی (nrt) لە 13/یونیو/2021 ، nrttv.com .

2- باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق چەند نهێنییەك لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات ، 2022/5/16 ، nrttv.com .

له ڕێکەوتی2022/5/17 (جینین هینیس پلاسخارت) ( Jeanine Antoinette Hennis Plasschaert ) نێردەی تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وتارێکی پێشکەش کرد لەبەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دۆخی سیاسی عێراق ، ئەوەی تایبەت بوو بە هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە ئاماژەدان بە وتارەکەی لە پانێلی (یەکڕیزی و دەستور)ی زانکۆی کوردستان– هەولێر لە ڕێکەوتی 2021/5/19 و بیرهێنانەوەی کاریگەری نەرێنی ناکۆکی نێوان لایەنەکان و ئاسەواری دوو ئیدارەیی و بەرپرسیاریەتی سەرکردەکان لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان و جەختی کردەوە کە دۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕوی جیۆپۆلیتیکەوە هاوکار نییە .

ڕوونی کردەوە کە لە دوای ساڵێك لە وتارەکەی هیچ گرنگییەکی پێ نەدرا و بەهەند وەرنەگیرا و بگرە ناکۆکیەکان قوڵتر بوونەتەوە و هۆشداریدا لەوەی پێویستە هەرێمی کوردستان بڕاردەیەك دیاری بکات ، ئەوەش مەبەستی لە سەرپشك کردنی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە نێوان هەڵبژاردنی یەکڕیزی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادیە سەرەکیەکان و دژایەتی کردنی گەندەڵی و چاکسازی ئابوری و گفتوگۆ بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکیە ناوخۆییەکان یان شکست هێنان لە ڕێکخستنی نێوخۆی هەرێم و لەدەستدانی دەستکەوتەکان (1) .

---

1- احاطة الممثلة الخاصة للامين العام للامم المتحدة في العراق السيدة جينين هينيس- بلاسخارت المقدمة الى مجلس الامن 17/ايار/2022 ، www.uniraq.org في 17/مايو/2022 .

هەروەها لە ڕێکەوتی 2022/10/4 لە چوارچێوەی بەشداریکردنی (جینین هینیس پلاسخارت) لە دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تایبەت بە دۆخی سیاسی عێراق ، وتارێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان ، لە وتارەکەیدا دەربارەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند : بڕیاربوو پێش سێ ڕۆژ لەمەوبەر و لە یەکی ئۆکتۆبەردا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت ، بەلاَم ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسیەکان و ناکۆکی نێوان هەردوو پارتی سەرەکی گەورەترین ئاستەنگە لەبەردەم پێشکەوتنەکاندا .

لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیدا کە قۆرخکردنی دەسەلاَت ناجێگیربوون و نائارامی دەخولقێنێت .

لەلایەکی ترەوە ڕایگەیاند لێکەوتە سیاسیەکانی ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی خۆیدا و مامەڵە نەکردن لەگەڵ پێشبینی و داخوازیەکانی جەماوەر بە شێوەیەکی دروست و پشت گوێ خستنی بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی باجی قورسی دەبێت و هۆشداریش لەو بارەیەوە دراوە (1) .

---

1- احاطة الممثلة الخاصة للامين العام للامم المتحدة في العراق السيدة جينين هينيس- بلاسخارت المقدمة الى مجلس الامن التابع للامم المتحدة 4/تشرين الاول /اكتوبر2022 ، www.uniraq.org.

بەداخەوە هەنگاو و کردارەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکاندا ڕێ ناکات ، دەستپێشخەری و ئامادەسازی بۆ پێشهات و ئەگەرەکان ناکەن و خوێندنەوەیان دروست نییە بۆ دۆخی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ، سوود وەرناگرن لە ڕا و بۆچوون و پێشنیاری کەسانی دڵسۆز ، پشت بە کەمینەیەکی هەلپەرست و خۆبەرە پێشەوە دەبەستن و زۆر جار مێژووی شکستەکانی ڕابردوو لەبیر دەکەن ، کاتێك بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز یان ناوچەکە لەگەڵ بەرژەوەندی کورد یەك بگرێتەوە ئیتر پێیان وایە ئەم دۆخە تا سەر بەردەوام دەبێت و ئەگەری پێچەوانەکەی چاوەڕوان ناکەن . لەکاتێکدا هاوپەیمانان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی لە ڕۆژگارێکدا بەرژەوەندیەکانی یەکی گرتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی کورد و سوپای عێراقی لە کوەیت دەرکرد ، ڕاپەڕین و پاشان پەرلەمانی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ سەوز بوو و دواتر پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕوخانی ڕژێمی بەعس ، هەموو ئەم ڕوداوانە مەرج نییە تا سەر لە بەرژەوەندی کورد بەردەوام بێت ، پشتیوانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا گەرەنتی ناکرێت ، شکستی کورد لەساڵی 1975 و هەرەسهێنانی حکومەتی ئەفغانستانی هاوپەیمانی ئەمریکای ساڵی 2021 و ڕوداوەکانی ئۆکرایینای ساڵی 2022 باشترین بەڵگەن کە پێمان دەڵێن خاڵی بەهێزی مانەوەی هەر حکومەت و قەوارەیەکی سیاسی لە پشتیوانی دەرەکیدا نیە بەڵکو زیاتر لە پشتیوانی ناوخۆییەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەویش لە ئەنجامی حوکمڕانییەکی ڕەشید.

ستراتیژی ئەمریکا هەمان ستراتیژی سەدەی ڕابردووە کە بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و پاراستنی ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەروەك (جۆ بایدن) سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماژەی پێدا لە وتارەکەی سەبارەت بە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و هەرەس هێنانی حکومەتی ئەفغانستان و گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ دەسەڵات و ڕایگەیاند :

**ئێستا کاتی کشانەوە هاتووە لەم وڵاتە و دوای 20 ساڵ لە جەنگ و ناکرێت داوا لە هێزەکانمان بکەم شەڕ بکەن تاهەتایە لە شەڕی ناوخۆی وڵاتێکی تر ....**

**... ناکرێت هێزەکانی ئەمریکا و نابێت شەڕێك بەرپا بکەن و بمرن لە شەڕێکدا هێزە ئەفغانیەکان نایانەوێت ئەو شەڕە لە پێناو خۆیاندا بکەن ...**

**هەروەها ئاماژەیدا بەوەی... بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵاتەکەی لە ئەفغانستان بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی دەبینیەوە لەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەئامانج نەگیرێت بە هێرشی تیرۆرستی و ڕۆژێك لە ڕۆژان مەبەست لە چالاکیەکانیان لە ئەفغانستان بریتی نەبووە لە بونیادنانی دەوڵەت ... (1) .**

**ئەم وتارەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد پەندی لێوەربگرێت ، ئەمریکا ئامادەبێت وتووێژ و هەماهەنگی بکات لەگەڵ (تاڵیبان) و هێزەکانی بکشێنێتەوە لە ئەفغانستان و پشت بکاتە هاوپەیمانەکانی و ڕێگە بدات تاڵیبان دەسەلات بگرێتەوە دەست ، زۆر ئاساییە ڕێکەوتن لەگەڵ پاشماوەی بەعس و حەشدی شەعبی و لایەنە شیعەکان بکات لە پێناو بەرژەوەندیەکانی ، بێگومان بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیش زۆر زیاترە لە ناکۆکیەکانی نێوانیان .**

**هەربۆیە هەرێمی کوردستان بەم دۆخە ناوخۆییە ناجێگیر و حکومڕانیە شێواوە کە نغرۆی گەندەڵی بووە دوور نیە نارەزایەتیەکان لە ناوخۆدا پەل بکێشن بۆ ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆیی و لەسەر ئاستی دەرەکیش ئەستەمە هەرێمی کوردستان لە توانایدا بێت خۆی ڕاگرێت بەرامبەر هەر دەست تێوەردانێکی دەرەکی یان ڕووداو و هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتی یان هەرێمایەتی کە لەبەرژەوەندی نەبێت ، ڕووداوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن قەوارەی سیاسی هەرێم لەبەردەم مەترسی کەرت بوون یان بچووك کردنەوە یان هەرەسهێناندایە .**

---

1- https://www.france24.com/ar ، 2021/8/16 .

لەهەمانکاتدا هەوڵێکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی بەدی دەکرێت بە ئاڕاستەی بەهێزکردنەوەی حکومەتی فیدراڵی و کردنەوەی بەغدا بە سەرچاوەی بڕیاری سیاسی لە کۆی عێراقدا بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و بە پشت بەستن بە دەستور و دامەزراوە دەستوری و یاساییەکان و بڕیارەکانی دادگای باڵای ئیتیحادی . و چالاکیەکانی دامەزراوە دەستوری و یاساییەکان بەڵگەن بۆ ئەم هەوڵە .

لەم ڕووەوە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە دوو بابەتی گرنگ بدەین یەکەمیان پرۆژە یاسای (گێڕانەوەی پارە بە تالاّنبراوەکانی گەندەڵی) "مشروع قانون استرداد عائدات الفساد" ، دووەمیان کۆنگرەی نێودەوڵەتی (گێڕانەوەی پارە بەتالاّنبراوەکان)ە " المؤتمر الدولي لاسترداد الاموال المنهوبة " کە بە بۆچوونی ئێمە مەبەستی سەرەکی لە پێشکەشکردنی ئەم پرۆژە یاسایە و بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە بارەی گێڕانەوەی پارە بەتالاّنبراوەکان بریتییە لە سنوور دانان بۆ گەندەڵی لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری نەوت وگازدا و لێپرسینەوەی یاسایی لە گەندەڵکاران .

لە ڕێکەوتی 2021/5/23 سەرۆك کۆماری عێراق (دکتۆر بەرهەم ساڵح) پرۆژە یاسایەکی ڕاگەیاند سەبارەت بە (گێڕانەوەی پارە بە تالاّنبراوەکانی گەندەڵی) "مشروع قانون استرداد عائدات الفساد" و ئاماژەی بەوە دا کە دەبێت گەندەڵی کۆتایی پێبێت و پارە دزراو و بەتالاّنبراوەکان بگێڕدرێنەوە و پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بە گژداچوونەوەی گەندەڵی بەپێویست و گرنگی دانا .

هەروەها ڕایگەیاند پرۆژە یاساکە هەنگاوێکە بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی و ڕێوشوێنی کرداری توند لە خۆ دەگرێت بۆ گێڕانەوەی پارە بە تالاّنبراوەکانی عێراق و ڕوبەڕوکردنەوەی گەندەڵکاران بۆ بەردەم دادگا و دواتریش هەنگاوی دیکە بە دوایدا دێت بەمەبەستی گێڕانەوەی ئەو پارە بەتالاّنبراوانە .

پاشان ڕایگەیاند گەندەڵی و تیرۆر دوو دیوی یەك دراون و تەواوکەری یەکتری و خزمەتی یەکتر دەکەن و بەردەوامی بەیەکتر دەدەن و پارە بەتالآنبراوەکانی گەندەڵی سەرچاوەی سەرەکی ئابووری سیاسی تیرۆرە .

جگە لەوەش تیشکی خستە سەر هەماهەنگی و هاوکاری نێوان دەوڵەتان لە ڕێگای مۆرکردنی ڕێکەوتننامە و سوود وەرگرتن لە ئەزمونی ولآتانی جیهان و هاریکاری ڕیکخراو و لایەنە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتیەکان بەمەبەستی دانانی سنورێك بۆ گەندەڵی و گەندەڵکاران و گێڕانەوەی پارە بەتالآنبراوەکان .

هەروەها ئاماژەی دا بەوەی زیانەکانی عێراق بەهۆی گەندەڵییەوە بە ملیارەها دۆلار ئەژمار دەکرێت و بەگوێرەی داتا و زانیارییە حکومی و نێودەوڵەتیەکان کۆی داهاتە نەوتیەکانی عێراق لە ساڵی (2003)ەوە تا پێشکەشکردنی پرۆژە یاساکە نزیکەی (1000 ملیار) دۆلارە و بە پێی ئاماژەکان ئەو بڕە پارەیەی بە هۆی تاوانەکانی گەندەڵییەوە بە قاچاخ براوەتە دەرەوەی عێراق بەلایەنی کەمەوە مەزەندە دەکرێت بە (150 ملیار) دۆلار [1].

---

1- بڕوانە : https://presidency.iq/KU ، 5021/5/23 .

بۆ زیاتر بڕوانە : الحرة ، العراق ، مشروع "استرداد عوائد الفساد" بالعراق.. تفاصيل إجراءات تطال مسؤولين وأرصدة بنكية ، الحرة /خاص –واشنطن 23/مايو/2021 ، alhurra.com/Iraqi ، لە 2021/9/15 وەرگیراوە.

**دوا به دوای پرۆژە یاساکە و لە ڕێکەوتی 2021/9/15 کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی گرێدرا ماوەی دوو ڕۆژی خایاند لەژێر ناوی کۆنگرەی نێودەوڵەتی گێڕانەوەی پارە بەتالأنبراوەکان " المؤتمر الدولي لاسترداد الاموال المنهوبة " بە چاودێری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و بەشداری سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی و ژمارەیەك لە سەرۆکەکانی ئەنجومەنی دادوەری و وەزیرانی داد و دامەزراوە چاودێریەکان ، جگە لە نوێنەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراو و کەسایەتیە یاسایی و ئەکادیمی و ڕاگەیاندکارە پەیوەندداره‌کان بە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی .**

**کۆنگرەکە کۆمەڵێك ڕاسپاردەی دەرکرد سەبارەت بە گێڕانەوەی پارە بەتالأنبراوەکانی عێراق گرنگترینیان :**

**1- پەلەکردن لە کاراکردنی بڕگەکانی هەردوو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ساڵی 2003 و عەرەبی ساڵی 2010 بۆ نەهێشتنی گەندەڵی .**

**2- کارکردن بۆ دۆزینەوەی ڕێکار و میکانیزمی نوێ سەبارەت بە گێڕانەوەی پارە بەتالأنبراوەکان و نەهێشتنی گەندەڵی و سوود وەرگرتن لە میکانیزمی هاوکاری عەرەبی .**

**3- گرنگی بونیادنانی متمانە لەنێوان ئەو دەوڵەتانەی داواکاری دەکەن و ئەو دەوڵەتانەی داواکاریەکەیان ئاراستە دەکرێت بەمەبەستی گێرانەوەی پارەکان ، بەو پێیەی دروستکردنی متمانە ڕێگایەکە بۆ بەهێزکردنی ئیرادەی سیاسی .**

**4- هاندانی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی دوو قۆڵی لە نێوان دەوڵەتەکان (ڕێکەوتننامای هاوکاریکردن لە بواری گێڕانەوەی پارەکان و نەهێشتنی گەندەڵی) و بانگهێشت کردنی سەنتەری عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوەی یاسایی و دادوەری (المركز العربي للبحوث القانونية والقضائية ) بەمەبەستی ئامادەکردنی وێنەی شێوازی داڕشتنی ئەو ڕێکەوتننامانە .**

5- سوود وەرگرتن لە کاری تیمە حکومیەکان و خاون ئەزموون و شارەزاکان کە نەتەوە یەکگرتووەکان دابینیان دەکات لە ڕێگای نوسینگە تایبەتمەندەکانیەوە بۆ گێڕانەوەی پارەکان و هەروەها دامەزراوە تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان .

6- کۆنگرەکە داکۆکی لەسەر بنەمای نیەت پاکی کرد لە جێبەجێکردنی ئەرکە یاساییە نێودەوڵەتیەکان لە بواری گێڕانەوەی پارە بەتالأنبراوەکان و ئەوەی پێویستە بۆ گێڕانەوەی پارە و ئەوانەی دەستکەوتوون بە ڕێگای نا ڕەوا و نایاسایی .

7- بلأوکردنەوەی هوشیاری کۆمەلأیەتی دەربارەی لێکەوتە نەرێنی و وێرانکەرەکانی بەقاچاخ بردنە دەرەوە و ئاشکراکردنی سیاسەتەکانی گێڕانەوەی و ئەکتیف کردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پرۆسەی گێڕانەوەکە لە ڕێگای حوکمڕانیەکی دروست و ڕەشید..(1).

---

1- بغداد - ناس ، انطلقت في العاصمة العراقية بغداد ، الأربعاء ، أعمال المؤتمر الدولي لـ "استرداد الأموال المنهوبة" بمشاركة دولية واسعة 2021/9/15 ، nasnews.com .

بۆ زیاتر بڕوانە : توصيات المؤتمر الدولي "لاسترداد الاموال المنهوبة" ، بغداد 15 – 2021/9/16 ، پاشکۆ ، لا 281 – 283 .

# ئەنجام

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی کە لە ڕابردوودا پێشکەشمان کرد بۆمان ڕووندەبێتەوە گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانیە لەسەرجەم کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە بە ڕێژەی جیاواز ، بنبڕکردنی مەحاڵە ، یەکێکە لە ترسناکترین دەردە کوشندەکان کە دوچاری کۆمەڵگاکان دەبێتەوە و بەرەو لەناوبردنیان دەبات و هۆکاری لەناوچوونی زۆرێك لە شارستانیەت و ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتە گەورەکان بووە ، گەندەڵی وەك شێرپەنجە وایە گەر لە قۆناغەکانی سەرەتادا بەری لێنەگیرێت و سنوردار نەکرێت و لەسەرەوە بۆ خوارەوە دژایەتی نەکرێت تەشەنە دەکات و بلاّو دەبێتەوە بەناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگادا و دواتر بەرەنگاربوونەوەی ئەستەم دەبێت بەشێوەیەك مەگەر بە گۆڕینی دەسەلاّتی سیاسی چارەسەر بکرێت ، گەر لەم قۆناغەشدا چارەسەر نەکرا و گەندەڵی بەردەوامی هەبوو و زیادی کرد و گرفتەکان کەڵەکە بوون ، ڕێگاچارەی کۆتایی هەرەسهێنانی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی و پاشان بونیادنانەوەیەتی دووبارە بە فۆڕمێکی نویێ .

بۆ نموونە کاتێك (گۆرباچۆف) سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت هەوڵی ئەنجامدانی چاکسازیدا لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ولاّتەکەی بە ڕاگەیاندنی سیاسەتی گلاسنۆست (Glasnost) بەمانای ڕوونی و کرانەوە لە بەڕێوەبردنی ولاّت ، پلانێکی بۆ چاکسازی بارودۆخی ئابوری پێشکەش کرد بەناونیشانی پیریسترۆیکا (Perestroika) بەمانای دوبارە بونیادنانەوە ، لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی بەرنامەی چاکسازیەکەی بریتی بوو لە گرنگیدان بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هەنگاونان بەرەو بازاری ئازاد و ڕێگەدان بە فرە حزبی و سەربەخۆیی زیاتری دامەزراوە خۆجێییەکان و ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و...هتد.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە کاری لەسەر باشکردنی پەیوەندیەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەداری و سنوور دانان بۆ خۆ پڕچەك کردن و...هتد .

له دیسەمبەری1988 گۆرباچۆف له وتارێکیدا لەبەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی شەڕی ساردی ڕاگەیاند .

بەڵام بە هۆکاری بڵاوبونەوەی گەندەڵی و بیرۆکراسی لە سەرجەم جومگەکانی دەوڵەت ، و تاکڕەوی حزبی کۆمۆنیست له دەسەڵاتدا و کەڵەکەبوونی گرفتە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ ساڵانێکی زۆر کە دەوڵەتی توشی لاوازی و چەقبەستویی کرد بوو جگە لە کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی سیاسەتە چاکسازیەکانی گۆرباچۆف ئامانجەکەی نەپێکا و بە پێچەوانەوە بووە هۆی هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤێت و هەرەسهێنانی (1).

گەر هەرێمی کوردستان بەم ئاراستەیەی ئێستا لەسەری دەڕوات بەردەوام بێت و بێبەش بێت لە حوکمڕانیەکی ڕەشید و بەڕێوەبردنێکی کارا و ئیرادەیەکی ڕاستەقینە نەبێت بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی لەسەرەوەی ترۆپکی دەسەڵاتەوە بۆ خوارەوە و چاکسازی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێت و گەندەڵی بەردەوامی هەبێت و پرۆسەی دیموکراسی لە پاشەکشەدا بێت و ماف و ئازادیەکان پێشێل بکرێن و ڕۆلی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیا سنووردار بکرێت و سامانی وڵات بەهەدەر بڕوات و قەرزەکانی سەر ئەستۆی حکومەت زیاتر کەڵەکە بێت و داهاتی وڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش نەکرێت و جیاوازی چینایەتی قوڵتربێتەوە و ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە هەڵکشاندابێت و باج و ڕەسم لە زیادبووندا بێت و قەیرانی موچە بەردەوام بێت و کەرتە گشتیەکانی تەندروستی و خوێندن لە دارماندا بێت .....هتد .

---

1- الجزيرة ، غورباتشوف ...رئيس حاول اصلاح الاتحاد السوفياتي ففككه ، Aljazeera .net ، 2016/10/23 .

هەموو ئەمانە و نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی نیشتمانی و کارا کە بتوانێت فشار بخاتە سەر دەسەڵات بەئاراستەی دژایەتی کردنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی نەك بازرگانی کردن بەدەنگی دەنگدەرانی ناڕازی کۆمەڵگای کوردستان و مامەڵەکردن پێوەی لەگەڵ حزبەکانی ناو دەسەڵات بەرامبەر بە پارە و پۆست ، لەگەڵ نەبوونی کۆمەڵگایەکی هوشیار کە بتوانێ گۆڕانکاری ڕیشەیی ئەنجام بدات ، هۆکاری سەرەکین بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و دروستبوونی گروپی گەندەڵکاران و زیادبوونی دیاردەکانی کۆچ و توندڕەوی و تیرۆر و تاوانی ڕێکخراو ، هەروەها دروستبونی بۆشایی لە نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات و لاوازبوونی هەستی نیشتمان پەروەری و لەدەستدانی ڕەوایەتی حکومەت و نەمانی متمانەی هاوڵاتیان بە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری و باوەڕنەمان بە پرۆسەی سیاسی ، خولقێنەری ناجێگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە و بزوێنەری بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەرینە ...هتد .

لە کۆتایدا هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی هەستیاردایە سەرەڕای پلانی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و عێراقی بۆ لەقاڵبدانی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان ، لەسەر ئاستی ناوخۆش دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ناجێگیرە و هەنگاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی و چاکسازی ناوخۆیی زۆر لە دوای ڕوداوەکانەوەن ، کار لە گووتنەوەی دروشم و جێبەجێکردنی یاسای بەناو چاکسازی و نوسینەوەی پەیڕەو و ڕێنمایی و پێکهێنانی لیژنە و بەڵێن و کۆبوونەوە و کۆڕ و پێشنیاردا نەماوە ، کات درەنگە و گۆڕانکاریەکان خێرا و بەردەوامن چارەنووسی هەرێمی کوردستان وا دەخوازێت گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی سیاسیدا بکرێت ئەگەر نا ئەم دۆخە پەل دەکێشێت بۆ توندوتیژی و ئاژاوەی ناوخۆیی و شۆڕشی جەماوەری و دواجار کەرتبوون یان بچووکبونەوە یان هەڵوەشانی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان .

# سەرچاوەکان

## یەکەم / قورئانی پیرۆز

## دووەم / کتێب

1- عبدالخالق فاروق ، اقتصاديات الفساد في مصر : كيف جرى افساد مصر والمصريين (1974- 2010) ، القاهرة، مكتبة الشروق الدولية ، الطبعة الاولى 1432 هـ –ابريل 2011م .

2- د. فاروق سعد المحامي ، تراث الفكر السياسي قبل الامير وبعده ، الطبعة الرابعة والعشرون 2002م ، دار الافاق الجديدة - بيروت ، دار الجيل –بيروت – القاهرة – تونس.

3- العلامة ولي الدين عبدالرحمن بن محمد (ابن خلدون) ، المقدمة ، المحقق عبدالله محمد الدرويش ، الجزء الاول ، دار يعرب - دمشق ، الطبعة الاولى ، 1425-2004 م .

4- عبدالرحمن الكواكبي ، طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد ، طبعة خاصة توزع مجانا مع جريدة (المدى) ، دار المدى للثقافة والنشر 2004 .

5- الشيخ/ محمد الغزالي ، الفساد السياسي في المجتمعات العربية والاسلامية (أزمة الشورى) ، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع ، طبعة جديدة ومحققة ، يناير 2005م .

6- صمويل هنتجتون ، النظام السياسي لمجتمعات متغيرة ، ترجمة سمية فلو عبود ، بيروت دار الساقي ، الطبعة الاولى 1993 .

Sam Vaknin ,Crime and Corruption , united press international,Skopje,Macedonia,2003, -7

8- أ.د. هاشم الشمري و د. ايثار الفتلي ، الفساد الاداري والمالي واثاره الاقتصادية والاجتماعية ، دار اليازوري العلمية ، 2012 .

9- مكتب الامم المتحدة المعني بالمخدرات (UNODC) ، الاتفاقيات الدولية لمراقبة المخدرات ، طبعة منقحة 2013 ، اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الاتجار غير المشروع في المخدرات والمؤثرات العقلية لسنة 1988 .

10- الائتلاف من اجل النزاهة والمساءلة- امان ، النزاهة والشفافية والمساءلة في مواجهة الفساد ، الطبعة الرابعة 2016 .

11- ديفيد أوين ، في المرض وفي القوة ، ترجمة: يوسف الصمعان ، جداول للنشر والترجمة والتوزيع ، الطبعة الاولى 2017 ، بيروت – لبنان .

12- ابراهيم مصطفى - حامد عبدالقادر - احمد حسن الزيات - محمد علي النجار ، المعجم الوسيط، مؤسسة الصادق للطباعة والنشر ، الطبعة الخامسة 1426 هـ. ق ، ايران - طهران.

13- لويس معلوف ، المنجد في اللغة ، الطبعة الخامسة والثلاثون ، 1996 .

## سێیەم / تێز و نامەی دکتۆرا و ماستەر

1- حاحة عبدالعالي ، الاليات القانونية لمكافحة الفساد الاداري في الجزائر ، اطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه علوم في الحقوق تخصص قانون عام ، جامعة محمد خيضر بسكرة ، كلية الحقوق والعلوم السياسية قسم الحقوق ، 2013/2012 .

2- خالد بن عبدالرحمن بن حسن بن عمر ال الشيخ ، الفساد الاداري : انماطه واسبابه وسبل مكافحته " نحو بناء نموذج تنظيمي" ، اطروحة مقدمة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة دكتوراه الفلسفة في العلوم الامنية ، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية ، كلية الدراسات العليا قسم العلوم الادارية ، الرياض 1428هـ – 2007م .

3- موري سفيان ، اليات مكافحة الفساد الاقتصادي الدولي ، اطروحة لنيل درجة دكتوراه في العلوم – تخصص القانون ، جامعة مولود معمري تيزي وزو – كلية الحقوق والعلوم السياسية ، تاريخ المناقشة : 12/نوفمبر 2018 .

4- بشار محيسن حسن الامارة ، دور السلطة التشريعية في مكافحة الفساد الوظيفي ( دراسة مقارنة) ، رسالة ماجستير ، كلية الحقوق ، جامعة النهرين ، 2012 .

5- باديس بوسعيود ، ماسسة مكافحة الفساد في الجزائر ، 1999-2012 ، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية ، تخصص التنظيم والسياسات العامة جامعة مولود معمري – تيزي وزو ، كلية الحقوق والعلوم السياسية .

6- حوحي كريمة ، الفساد السياسي في الوطن العربي – حالة الجزائر ودورها في اعاقة التنمية منذ 1987م الى 2017م ، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماستر في العلوم السياسية تخصص سياسات عامة وتنمية ، جامعة الدكتور مولاي الطاهر سعيدة ، كلية الحقوق والعلوم السياسية قسم العلوم السياسية .

7- ضامن محمد عقله الهاشم ، مكافحة الفساد الاداري والمالي في ضوء التشريعات الاردنية دراسة مقارنة باتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2003 ، رسالة ماجستير ، كلية الدراسات القانونية العليا جامعة الاسراء الخاصة 2010 .

8- فهد بن محمد الغنام ، مدى فاعلية الاساليب الحديثة في مكافحة الفساد الاداري من وجهة نظر اعضاء مجلس الشورى في المملكة العربية السعودية ، رسالة مقدمة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير في العلوم الادارية ، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية ، كلية الدراسات العليا قسم العلوم الادارية ، الرياض 1432 هـ – 2011م .

9- سمر احمد محمد الدمنهوري ، جرائم الفساد وسبل مكافحتها واثرها على الايرادات الضريبية كمصدر جبائي للدولة ، اطروحة لاستكمال متطلبات الحصول على درجة

الماجستير في المنازعات الضريبية، جامعة النجاح الوطنية ، كلية الدراسات العليا، نابلس- فلسطين، 2017 م .

10- اشرف محمد زهير فخري المصري ، الفساد في السلطة الوطنية الفلسطينية واثر محاربته في تعزيز الانتماء الوطني للفرد الفلسطيني (1994-2006) ، اطروحة لاستكمال متطلبات الحصول على درجة الماجستير في التخطيط والتنمية السياسية ، جامعة النجاح الوطنية ، كلية الدراسات العليا ، نابلس- فلسطين ، 2010م .

11- احمد بن عبدالله بن سعود الفارس ، تجريم الفساد في اتفاقية الامم المتحدة - دراسة تاصيلية مقارنة ، رسالة مقدمة استكمالا لمتطلبات الحصول على درجة الماجستير في قسم العدالة الجنائية تخصص التشريع الجنائي الاسلامي ، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية /كلية الدراسات العليا /قسم العدالة الجنائية /تخصص التشريع الجنائي الاسلامي ، 1429هـ - 2008م ، الرياض .

12- شيخ بن مغنية خيرة ، اليات مكافحة الفساد ، مذكرة نهاية الدراسة لنيل شهادة الماستر ، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم ، كلية الحقوق والعلوم السياسية - قسم القانون العام ، 2019 .

13- قاجي حنان ، دور المنظمات الدولية في مكافحة الفساد ، مذكرة لنيل شهادة الماستر في الحقوق ، جامعة عبدالرحمان ميرة – بجاية ، كلية الحقوق والعلوم السياسية ، 2015–2016 .

14- محمد بن احمد بن علي الكثيري ، اليات مكافحة جريمة الفساد المالي في المواثيق الدولية والنظام السعودي ، رسالة مقدمة لاستكمال متطلبات الحصول على درجة الماجستير في القانون العام ، المملكة العربية السعودية – وزارة التعليم – كلية الشرق العربي للدراسات العليا قسم القانون ، 1439 هـ – 2018 م .

15- خالد صابرين و بن مرزوق عبير ، جهود منظمة الشفافية الدولية في مكافحة الفساد الاداري ، مذكرة مكملة لمقتضيات نيل شهادة الماستر اكاديمي ، جامعة محمد بوضياف – المسيلة ، كلية الحقوق والعلوم السياسية – قسم الحقوق ، 2019– 2020 .

## چوارەم / توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و وتار و ڕاپۆرت

1- د. كمال امين الوصال ، الفساد : دراسة في الاسباب والاثار الاقتصادية ، مجلة التجارة والتمويل ، كلية التجارة ، جامعة طنطا ، مصر ، عدد2 ، 2008م .

2- د. شريف حسن البوشي ، المشروعية الدستورية والتحول الديمقراطي ، المعهد المصري للدراسات ، دراسات سياسية ، 25/ديسمبر /2019 .

3- عامر خياط ، (مفهوم الفساد) ، مقال في كتاب " المشاريع الدولية لمكافحة الفساد والدعوة للاصلاح السياسي والاقتصادي في الاقطار العربية " ، بحوث ومناقشات ندوة المنظمة العربية لمكافحة الفساد ، بيروت 2006 .

4- أ.د.محمود عبدالفضيل ، الفساد وتداعياته في الوطن العربي ، المستقبل العربي ، المجلد 22، العدد 243 ، ايار 1999 .

5- حمدي سليمان القبيلات وفيصل عقده شطناوي ، مكافحة الفساد في ضوء قانون هيئة مكافحة الفساد الاردني رقم (62) لسنة 2006 ، دراسة مقارنة باتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد ، دراسات ، علوم الشريعة والقانون ، الجامعة الاردنية ، عمادة البحث العلمي ، الاردن ، المجلد 35 ، العدد 2 ، 2008 .

6- د. عبدالله بن حاسن الجابري ، الفساد الاقتصادي انواعه. اسبابه . اثاره وعلاجه ، قسم الاقتصاد الاسلامي ، جامعة ام القرى ، طبعة تمهيدية ، المؤتمر العالمي الثالث للاقتصاد الاسلامي .

7- مدرس علي سكر عبود ، تحليل صور واسباب الفساد المالي والاداري –دراسة استطلاعية لعينة مختارة في محافظة الديوانية ، المعهد التقني في الديوانية ، مجلة القادسية للعلوم الادارية والاقتصادية ، المجلد 12 ، العدد 1 ، لسنة 2010 .

8- نور شدهان عداي و عبدالكاظم داخل عجلان ، الفساد واثره على الاقتصاد العام ، دراسة ، وزارة المالية /الدائرة الاقتصادية قسم السياسة الضريبية .

9- د. هشام مصطفى محمد سالم الجمل ، الفساد الاقتصادي واثره على التنمية في الدول النامية واليات مكافحته من منظور الاقتصاد الاسلامي والوضعي ، جامعة الازهر - مجلة كلية الشريعة والقانون بطنطا ، العدد الثلاثون – الجزء الثاني ، مصر ، يناير ، 2015 .

10- د. نزار عبدالامير تركي الغانمي ، حمد جاسم محمد الخزرجي ، الفساد المالي والاداري ودوره في تحجيم الاقتصاد العراقي بعد الاحتلال الامريكي للعراق عام 2003 ، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي رئاسة جامعة كربلاء ، بحث قدم في المؤتمر العلمي السنوي الثالث عشر لكلية القانون ،2017 .

11- الدكتور احمد ابو دية ، الفساد : سبله واليات مكافحته ، منشورات الائتلاف من اجل النزاهة والمسائلة – امان 2004 ، الطبعة الاولى –شباط 2004 .

12- المرسي السيد حجازي ، التكاليف الاجتماعية للفساد ، مجلة المستقبل العربي –بيروت ، العدد266 ، ابريل 2001 .

13- د. حمدي الخواجا ، اثر الفساد على الجوانب الاقتصادية والاجتماعية ، ورقة عمل مقدمة في " الورشة التدريبية بعنوان الموروث الديني ودوره في محاربة الفساد " رام الله /فلسطين ، 2011/6/11 ، هيئة مكافحة الفساد –وزارة الاوقاف والشؤن الدينية .

14- د. ابتهال محمد رضا داود ، الفساد الاداري واثاره السياسية والاقتصادية مع اشارة خاصة الى تجربة العراق في الفساد ، بحث منشور في مجلة دراسات دولية ، العدد الثامن والاربعون ، 2011 .

15- سهيلة ارزقي امنصوران ، تاثير الفساد الاقتصادي على النشاط التنموي في البلاد النامية دراسة تحليلية ، كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير /جامعة الجزائر ، مركز الدراسات الاقليمية – دراسات اقليمية 6 (15) .

16- د. فريجة محمد هشام ، ضرورة التعامل باسلوب الادارة بالاهداف كاداة للادارة الالكترونية ، مجلة الاقتصاد الخليجي ، العدد (28) حزيران 2016 .

17- بوزيد سايح ، سبل تعزيز المساءلة والشفافية لمكافحة الفساد وتمكين الحكم الراشد في الدول العربية ، مجلة الباحث ، عدد10 ، 2012 .

18- د. نعمات محمد صفوت ، دور قواعد القانون الدولي في مكافحة الفساد ، المجلة القانونية (مجلة علمية محكمة نصف سنوية) ، جامعة القاهرة ، المجلد 7 العدد1 الربيع 2020 .

19- د. شريهان ممدوح حسن احمد ، جهود مكافحة الفساد الاداري والمالي في المملكة العربية السعودية "دراسة مقارنة" ، دراسة منشورة في المجلة القانونية ،جامعة القاهرة ، كلية الحقوق فرع الخرطوم ، المجلد 4 ، العدد 4 ، 2018 .

20- د.زياد عبدالوهاب النعيمي ، د. احمد طارق ياسين ، اليات مكافحة الفساد الاداري في ضوء احكام القانون الدولي ، مركز الدراسات الاقليمية – دراسات اقليمية العدد(40) .

21- د. هندة غزيوي ، الجهود العربية والدولية لمكافحة الفساد " من منظور قانوني" ، مجلة البحوث والدراسات الانسانية ، الجزائر ، العدد12-2016 .

22- ايمن احمد محمد ، الفساد والمسائلة في العراق ، ورقة سياسات ، مؤسسة فريدريش ايبرت ، مكتب الاردن والعراق ، ايلول 2013 ، بغداد – العراق .

23- ڕاپۆرتی چوارەم ، چاودێری و هەڵسەنگاندنی هەنگاوەکانی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بلاٌوکراوەکانی ڕێکخراوی ستۆپ زنجیرەی (29) ساڵی 2021 ، چاپخانەی کامبرج – هەولێر .

24- ڕاپۆرتی پێنجەم ، هەڵسەنگاندنی چاکسازی دارایی لە کابینەی نۆیەمدا ، گرفتەکانی بەڕێوەبردنی داهاتی ناوخۆ ، بلاوکراوەکانی ڕێکخراوی ستۆپ زنجیرەی (32) ساڵی 2022 ، چاپخانەی کامبرج – هەولێر.

25- هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (2013/11/6 – 2018/11/6) ڕاپۆرتی سیانزەهەم ، ئابی 2019 ، ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان .

26- ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، ساڵی سێیەم – خولی گرێدانی بەهارە (1ی ئازاری 2021 بۆ 31ی ئابی 2021، ڕاپۆرتی شەشەم لە خولی پێنجەم ، ئەیلولی 2021 ، لە بلاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (70) .

27- ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، ساڵی چوارەم – خولی گرێدانی پایزە (1ی ئەیلولی 2021 بۆ 28ی شوباتی2022، ڕاپۆرتی هەشتەم لە خولی پێنجەم ، ئازاری 2022 ، لە بلاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (76) .

28- ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، خولی گرێدانی یەکەم لە ساڵی یەکەم ، لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (6ی تشرینی دووەمی 2018 – 31ی ئابی 2019) ، ڕاپۆرتی یەکەم لەخولی پێنجەم ، ئەیلولی 2019 ، لە بلاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (54) .

29- ڕاپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، ساڵی دووەم - خولی گرێدانی بەهارە ، (1ی ئازار 2020 بۆ 31ی ئابی 2020)، ڕاپۆرتی سێیەم لەخولی پێنجەم ، ئەیلولی 2020 ، لە بلاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (60) .

30- هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی /1ی ئازاری 2021 بۆ 28ی شوباتی2022، ڕاپۆرتی نۆیەم لە خولی پێنجەم ، مایسی 2022 ، لە بلاْوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (79).

31- دەستە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان پەیوەستبوون بە یاسا و پێشێلکاریدا ، ڕاپۆرتی پێنجەم ، بەشێك لە پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ، شوباتی 2021 ، لە بلاْوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (67) .

## پێنجەم / دەستور و یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی و بڕیارەکان

1- الدستور العراقي الدائم لعام 2005م .

2- قانون انضمام جمهورية العراق الى اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2004، رقم 35 في 2007/12/8 ، الوقائع العراقية ، العدد 4047 ، 2007/8/30 .

3- (الامر رقم 30 لسنة 2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا .

4- قانون رقم (25) لسنة 2021 ، قانون التعديل الاول (الامر رقم 30 لسنة 2005) قانون المحكمة الاتحادية العليا .

5- بڕیارەکانی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە(22و 23 )ی ساڵی2017 .

6- قرار المحكمة الاتحادية العليا ، العدد: 59/ اتحادية /2012 وموحدتها 110/ اتحادية / 2019 في 2022/2/15 .

7- یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 ، یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق .

8- یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2007 ، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی - عێراق.

9- یاسای ژمارە (2)ی ساڵی2015، یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان .

10- یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 ، یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

11- ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی 2019 ، ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا .

12- ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2021 ، ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا .

13- ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی2018، ڕێنمایی تایبەت بە بەستن و خوێندنەوەی پێوەری ئاوی خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان .

14- ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی 2021، هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بە بەستن و خوێندنەوەی پێوەری ئاوی خواردنەوە ژمارە(1)ی ساڵی2018 .

15- یاسای ژمارە(12)ی ساڵی2010 یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان – عێراق .

16- یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2021 ، یاسای پاراستنی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو وئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

17- یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 1992 .

18- بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی پەرلەمانی کوردستان .

19- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، 2018/7/17 .

20- یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2021 یاسای (هەمواری یەکەمی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (22)ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان – عێراق).

21- وەقایعی کوردستان، ژمارە (276) ساڵی بیست و یەکەم ، 23 کانونی یەکەم 2021.

22- بڕیاری ژمارە (8)ی ساڵی 2021 ی پەرلەمانی کوردستان ، لە 2021/6/28 ، سەبارەت بە بەکار هێنانی پێگەی پەرلەمان بۆ بەرژەوەندی تایبەت .

23- مشروع قانون استرداد عائدات الفساد ، 2021/5/23 .

24- ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، بە ئیمزای دادوەر(عبدالجبار عزیز حسن) سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان - عێراق ،2022/5/17 .

25- دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی خولی پایزە ، ڕۆژی چوار شەممە ، 2022/9/21 .

26- دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی خولی پایزە ، ڕۆژی سێ شەممە ، 2021/10/26 .

27- دانیشتنی ژمارە (16)ی ئاسایی خولی بەهارە ، ڕۆژی دوو شەممە ، 2021/6/28 .

28- دانیشتنی ژمارە (10)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان ، ڕۆژی چوار شەممە ، 2022/6/29 .

## شەشەم/ ڕێکەوتننامە و بڕیار و کۆنگرە و ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی

1- اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الاتجار غير المشروع في المخدرات والمؤثرات العقلية لسنة 1988 .

2- اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد لعام 2003 .

3- الاتفاقية العربية لمكافحة الفساد لعام 2010 .

4- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (34/169) لعام 1979 .

5- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (51/59) لعام 1996 .

6- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (51/191) لعام 1996 .

7- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (52/87 ) لعام 1997 .

8- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (53/176 ) لعام 1999 .

9- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (54/128 ) لعام 1999 .

10- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (54/205) لعام 1999 .

11- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (55/25) لعام 2000 .

12- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (55/61) لعام 2001 .

13- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (55/188) لعام 2001 .

14- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (55/255) لعام 2001 .

15- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (56/260) لعام 2002 .

16- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (57/169) لعام 2003 .

17- الامم المتحدة ، الجمعية العامة ، قرار رقم (58/4) لعام 2003 .

18- مؤتمر الامم المتحدة التاسع لمنع الجريمة ومعاملة المجرمين ، القاهرة ، مصر ، 28/نيسان.ابريل — 5/ايار. مايو 1995 .

19- الامم المتحدة ، مؤتمر الدول الاطراف في اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد، تقرير مؤتمر الدول الاطراف في اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد عن اعمال دورته السابعة المعقودة في فيننا ، من 6- 10 تشرين الثاني /نوفمبر 2017 ، صدرت في 23/نوفمبر 2017 .

20- المؤتمر الدولي لـ "استرداد الأموال المنهوبة" ، بغداد 2021/9/15 .

21- World Bank , 1997,: 102 . البنك الدولي للانشاء والتعمير، تقرير عن التنمية في العالم (1997) ، الحد من الفساد والتفرقات التحكيمية للدولة ، مركز الاهرام للترجمة والنشر (مترجما) ، القاهرة ، 1997 .

22- مؤشر مدركات الفساد ، منظمة الشفافية الدولية TRANSPARENCY INTERNATIONAL ، بلاوكراوەی سالانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی .

## حەوتەم / سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان

1- جميل مطر ، السلطة مفسدة ، مقالة منشورة في جريدة الشروق ، www.shorouknews.com ، 29/يونيو/2016 .

2- د. علي وتوت ، توصيف ظاهرة الفساد ، النبأ ، العدد79 ، تشرين الثاني 2005 ، annabaa.org/nbahome/nba79/019.htm .

3- حمودي جمال الدين ، الفساد الاداري - الجزء الثاني – اسبابه – انواعه – اشكاله –اثاره ، الحوار المتمدن ، العدد 4726 ، 2015/2/20 ، www.ahewar.org .

4- عماد صلاح عبدالرزاق الشيخ داود ، الفساد والاصلاح – دراسة ، من منشورات اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، 2003 ، تم نشر هذا الكتاب واعدادها اليا بواسطة المكتبة الشاملة ، www.shamela.ws .

5- د. ناصر عبيد ناصر ، تفكيك ظاهرة الفساد ، النبأ ، العدد 80 ، كانون الثاني 2006 ، www. annabaa.org.

6- البنك الدولي : الفساد " العدو الاول للشعب " بالبلدان النامية ، www.albankaldawli.org ، 2013/12/19 .

7- gopacnetwork.org ، 2021/2/24 .

8- محمد الشياضمي – الدوحة ، في ختام مؤتمرها بالدوحة.. انتخاب ال محمود رئيسا للمنظمة العالمية للبرلمانيين ضد الفساد ، www.aljazeera.net ، 2019/12/10 .

9- مؤشر مدركات الفساد ، منظمة الشفافية الدولية ، www.transparency .org /cpi .

10- ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، www.gov.krd/arabic/government .

11- https://gov.krd/news-and-announcements/ ، 2019/7/10 .

12- ماڵپەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، کارنامە، https://gov.krd/government/agenda .

13- https://gov.krd/the-governments-mission/reforms/ پەرتوکی چاکسازی و خزمەتگوزارییەکانی دوو ساڵی یەکەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان 2019/7/10 تاکو 2021/5/1 .

14- بەرنامەی هەنگاوی نۆیەم ، هەنگاوەکانی چاکسازی لە دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە ،2022/3/22 ، www.kurdistan24.net .

15- اقتصاد الدول العربية ، بارزاني : ديون كوردستان العراق اكثر من 28 مليار دولار تشمل ديون خارجية وداخلية ورواتب متاخرة لموظفي الدولة ، 2020/10/5 ، www.aa.com.tr/ar/اقتصاد .

16- رئيس حكومة اقليم كوردستان يقدم الى البرلمان تقرير اول عام من عمل الحكومة ، www.gov.krd/arabic/government .

17- المسلة ، مسؤل بحكومة الاقليم يتحدث عن حجم ديون كوردستان : تجاوزت 31 مليار دولار ، almasalah.com .

18- RUDAW ، سكرتير مجلس وزراء اقليم كوردستان : الدين الحكومي ارتفع ل 31 مليار و637 مليون دولار ، 2021/6/29 ، www.rudaw.net/arabic .

19- درەو Draw ، www.drawmedia.net ، 2022/6/15.

20- اقليم كردستان العراق : محاكمات معيبة لصحفيين ونشطاء – على محاكم الاستئناف النظر في المحاكمات السافرة،https://www.hrw.org/ar/news/2021/04/22.

21- تقليص متزايد لحرية التعبير في إقليم كردستان العراق - تقرير للأمم المتحدة ، 12ايار/مايو 2021. https://www.ohchr.org/ar/2021/05/freedom-expression-increasingly-curtailed-kurdistan-region-iraq-un-report.

22- اقليم كردستان العراق : اعتقالات تعسفية واختفاء قسري للنشطاء والصحفيين ، www.amnesty.org ، 2021/6/15 .

23- كەناڵی ڕووداو ، ڕووداوی ئەمڕۆ، سەرۆكی دەستەی دەستپاكی : جێبەجێكردنی یاسای چاكسازی تاقیكردنەوەیەكی باشە بۆ ئەم كابینەیە ، 20/اكتوبر/2020 ، www.rudaw.net .

24- شفق نيوز، ارتفاع كبير في الدعاوى المسجلة بقضايا الفساد في اقليم كوردستان ، 2021/12/9 ، شفق NEWS ، shafaq.com .

25- بەرنامەی زووم ، پەرلەمانتارانی سەر بە دەسەڵات لە نێوان بەڵێن و كرداردا ، nrttv.com ، 2021.

26- ئەنجومەنی وەزیران ، بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بە نەوت وگازی هەرێم ، بە نادەستووری و نادادپەروەرانە دادەنێت ، 23/شوبات/2022 https://gov.krd/news- .

27- اجتماع الرئاسات الأربع في كوردستان يرد بست نقاط على قرار المحكمة الاتحادية بشأن النفط والغاز "قرار المحكمة العليا الاتحادية مخالف لنص وروح ومبادئ النظام الاتحادي الحقيقية ، وانتهاك صريح ومعلن للحقوق والصلاحيات الدستورية لإقليم كوردستان ، 2022/2/28 ، https://www.kurdistan24.net/ar " .

28- كۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی (مەسرور بارزانی) سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان ، پێنج شەممە 3/ئادار/2022 ، دەربارەی دۆخی ئێستای هەرێمی كوردستان و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی و مافە دەستوورییەكانی هەرێم و دوایین گۆڕانكاری و پێشهاتەكانی عێراق و ناوچەكە. https://gov.krd/government/the-prime-minister

29- مەسرور بارزانی : هەركەسێك سكاڵای لەسەر گەندەڵی هەیە با پێشكەشی دادگای بكات، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/222085 ، 2022/6/21.

30- نص كلمة رئيس حكومة إقليم كوردستان في منتدى الطاقة العالمي في دبي ، https://gov.krd/arabic/government/the-prime-minister/activities/posts/2022/march/

31- كۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ، د. شێرکۆ جەودەت ، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ، سلێمانی 2022/3/5 ، سەبارەت بە کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2022/3/3.

32- کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی علی حەمە سالح ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ، 2022/3/2 .

33- کەناڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یوتیوب ، Kurdistan Regional Government youtube ، چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتیەکان ، www.gov.krd/arabic/government ، 2021/8/31 .

34- https://gov.krd/dmi-ar/activities/news-and-press-releases/2021/september في 2021/9/4 .

35- دەستەی دەسپاکی : لێکۆڵینەوە لەگەڵ 72 بەرپرسی بالآدا کراوە ، 2022/8/2 ، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/223692 .

36- نادر هەرکی ، جێگری سەرۆکی دادگەی تێهەڵچونەوەی هەولێر : ئەنجومەنی دادوەری دەڵێت ئێستا ژمارەی دۆسییەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان زۆر نییە و ناکرێت دادگەیەکیان بۆ تایبەتبکرێت ، www.Rudaw.net شركة بث وانتاج اعلامي ، الثلاثاء 2022/7/5 .

37- بەرپرسێکی دەستەی دەستپاکی هەرێم بەگەندەڵی تۆمەتبارکراوە ، nrttv.com ، 2022/8/5 .

38- https://www.youtube.com/watch?v=6eP-9gJoqH4 .

39- اقليم كردستان العراق : الوحدة والدستور / كلمة الممثلة الخاصة للامين العام للامم المتحدة السيدة ( جينين هينيس - بلاسخارت ) ، www.uniraq.org في 19/ايار/2021 .

40- چاوپێکەوتنی ڕاویژکاری سەربازی کونسولگەری هۆڵەندا لەگەڵ کەناڵی (nrt) لە 13/ یونیو/2021 ، nrttv.com .

41- باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق چەند نهێنییەك لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات ، 2022/5/16 ، nrttv.com .

42- احاطة الممثلة الخاصة للامين العام للامم المتحدة في العراق السيدة جينين هينيس-بلاسخارت المقدمة الى مجلس الامن 17/ايار/2022 ، www.uniraq.org في 17/مايو/2022 .

43- احاطة الممثلة الخاصة للامين العام للامم المتحدة في العراق السيدة جينين هينيس-بلاسخارت المقدمة الى مجلس الامن التابع للامم المتحدة 4/تشرين الاول /اكتوبر2022 ، www.uniraq.org.

44- https://www.france24.com/ar ، 2021/8/16 .

45- https://presidency.iq/KU ، 5021/5/23 .

46- الحرة ، العراق ، مشروع "استرداد عوائد الفساد" بالعراق.. تفاصيل إجراءات تطال مسؤولين وأرصدة بنكية ، الحرة /خاص –واشنطن 23/مايو/2021 ، alhurra.com/Iraqi .

47- بغداد - ناس ، انطلقت في العاصمة العراقية بغداد ، الأربعاء ، أعمال المؤتمر الدولي لـ "استرداد الأموال المنهوبة" بمشاركة دولية واسعة 2021/9/15 ، nasnews.com .

48- الجزيرة ، غورباتشوف ...رئيس حاول اصلاح الاتحاد السوفياتي ففككه ، Aljazeera .net ، 2016/10/23 .

# پاشکۆکان

بأسم الشعب

مجلس الرئاسة

## قرار رقم (٣٤)

بناءً على ما أقره مجلس النواب طبقاً للمادة (٦١ /رابعاً) من الدستور و استناداً إلى أحكام المادتين (٧٣ / ثانياً) و (١٣٨ / سادساً) من الدستور .

قرر مجلس الرئاسة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٢ /٨ /٢٠٠٧
إصدار القانون الآتي :

## رقم (٣٥) لسنة ٢٠٠٧

## قانون

## انضمام جمهورية العراق إلى اتفاقية الأمم المتحدة لمكافحة الفساد لعام ٢٠٠٤

المادة (١) :

تنضم جمهورية العراق إلى اتفاقية الأمم المتحدة لمكافحة الفساد لعام ٢٠٠٤ التي دخلت حيز النفاذ في ١٤ /١٢/ ٢٠٠٥ .

المادة (٢) :

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

| | | |
|---|---|---|
| طارق الهاشمي | عادل عبد المهدي | جلال طالباني |
| نائب رئيس الجمهورية | نائب رئيس الجمهورية | رئيس الجمهورية |

### الأسباب الموجبة

بهدف دعم التعاون الدولي في مجال منع ومكافحة الفساد و ما توفره اتفاقية الأمم المتحدة لمكافحة الفساد لسنة ٢٠٠٤ من امتيازات وإمكانات للتعاون والتدريب في هذا المجال ولغرض الانضمام إلى الاتفاقية المذكورة ، شرع هذا القانون

# قرارات وتوصيات الجلسة رقم (22) الاثنين/ 25 ايلول / 2017

**اولاً -أستذكرت رئاسة المجلس في مثل هذه الايام بداية العام الهجري الجديد وذكرى ثورة الامام الحسين (عليه السلام) في الدفاع عن الحق والعدل.**

**ثانياً- أكدت رئاسة المجلس موقف مجلس النواب الرافض للاستفتاء في كردستان وان هذا الفعل معدوم الأثر قانوناً، وأكد على ضرورة التحرك الجاد من قبل الحكومة لأتخاذ كافة الاجراءات اللازمة للحفاظ على وحدة العراق.**

**ثالثاً- قررت رئاسة المجلس أستضافة السيد رئيس مجلس الوزراء في جلسة يوم الاربعاء القادم 2017/9/27 لغرض مناقشة موضوع الاستفتاء في أقليم كردستان.**

**رابعاً- تم التصويت بالموافقة على مضامين قرار مجلس النواب بخصوص الاستفتاء في اقليم كوردستان وسيتم صياغتها قانونياً وعرضها على المجلس في جلسة يوم الاربعاء القادم، نص القرار-:**

**) قرر مجلس النواب الإجراءات التالية:**

**-1إجراء الإستفتاء من قبل سلطة إقليم كردستان غير دستوري ومخالف لأحكام المادة (1) منه التي نصت على (أن هذا الدستور ضامن لوحدة العراق.(**

**-2إلزام القائد العام للقوات المسلحة بإتخاذ كافة الإجراءات الدستورية والقانونية للحفاظ على وحدة العراق وإصدار أوامره للقوات المسلحة بالعودة والإنتشار في المناطق التي كانت فيها قبل تاريخ 2014/6/10 والسيطرة على كافة المناطق المتنازع عليها وبضمنها كركوك وضبط الأمن فيها.**

**-3الحفاظ على الروابط الوطنية والإجتماعية للمواطنين الكورد بإعتبارهم مكون أساسي من مكونات الشعب العراقي.**

**-4التأكيد على تنفيذ القرارات المتخذة من قبل المجلس الوزاري للأمن الوطني في جلسته الأخيرة .**

**-5التأكيد على تنفيذ إستراتيجية المصالحة الوطنية على قاعدة تغليب الهوية الوطنية لأبناء الشعب العراقي.**

6–العمل على إعادة النازحين إلى مناطقهم وتهيئة جميع الوسائل لتحقيق هذا الهدف ومن بينها إعادة إعمار المناطق المتضررة.

7-إتخاذ الإجراءات التنفيذية الصادرة من السلطات التنفيذية والتشريعية والقضائية الخاصة بالأزمة الأخيرة ومنها إقالة محافظ كركوك.

8-إستمرار جميع الموظفين الكورد من مختلف المناطق بالإستمرار في عملهم وضمان أمنهم ممن لم يشاركوا في هذا الإستفتاء.

9-على الحكومة إستدعاء السفراء والممثلين في الدول التي لديها ممثليات ومكاتب في الإقليم لغرض بيان موقفهم الصريح بخصوص الإستفتاء.

10-غلق المنافذ الحدودية التي تقع خارج سيطرة السلطة الإتحادية وإعتبار البضائع التي تدخل من غير هذه المنافذ بضائع مهربة.

11-على الحكومة إعادة الحقول الشمالية في كركوك والمناطق المتنازع عليها والمختلطة إلى إشراف وسيطرة وزارة النفط الإتحادية ومنع أي سيطرة لأي قوة تابعة للأحزاب الكوردية.

12-منع كافة الشركات التي تقوم الآن بالتنقيب في المناطق المتنازع عليها والمختلطة وتقاضي هذه الشركات دولياً.

13-منع تهريب النفط وعدم السماح بالتصدير إلا من خلال الحكومة الإتحادية.

خامساً- تم التصويت بالموافقة على صيغة قرار بخصوص موضوع الدور الثالث وتحسين المعدل، نص القرار:- (1- السماح لطلبة الصف السادس الاعدادي بمنحهم فرصة إداء أمتحان الدور الثالث. 2- السماح لطلبة الصف السادس الاعدادي بمنحهم فرصة تحسين المعدل .(

سادساً- تم التصويت بالموافقة على صيغة قرار بخصوص إلغاء قرار وزارة التعليم العالي والبحث العلمي القاضي بمنع المستضافين من النقل الى جامعات سكناهم، نص القرار:- ( إلغاء قرار وزارة التعليم العالي والبحث العلمي القاضي بعدم السماح للطلبة المستضافين للعام 2016- 2017 بالنقل الى جامعات مناطق سكناهم أسوةً بالطلبة الآخرين وفقاً للانظمة والتشريعات الصادرة من وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.(

سابعاً- تم التصويت بالموافقة على مرشحي عضوية اللجنة التحقيقية بخصوص المخطوفين وهم كل من السيدات والسادة النواب (عبد الاله علي محمد، أسكندر جواد حسن، عمار

**طعمة عبد العباس، ماجد الغراوي، كامل الزيدي، على البديري، احمدطه الشيخ، عباس جابر المطيوي، منى العميري، عباس حسن موسى، حسن محسن، عبدالجبار رهيف، امل مرعي، ضياء الدوري، مطشر السامرائي، احمد المشهداني، طلال الزوبعي، عائشة المساري، لقاء وردي، احمد عطية، خميس عبد اللطيف، ناهدة زيد، رعد حميد كاظم، صلاح مزاحم، خالد محمد علاوي، حسن توران، احمد المدلول، علي جاسم، فرح باسل، حامد عبيد، عبد الكريم عبطان، محمد ناصر، ماجد جبار، صباح مهدي، زانا قادر، شيرين رضا، غازي فيصل.(**

**مع التقدير...**

شؤون المجلس

العدد: ش.ل/١/٩/

التاريخ: / / ٢٠١

**قـــرار نيابـــي**
**مجلـــــس النـــــواب**
**رقـــــم (       ) لسنـــــة ٢٠١٧**

قرر مجلس النواب بجلسته الثالثة والعشرون والمنعقدة بتاريخ ٢٧/ أيلول / ٢٠١٧ من الفصل التشريعي الاول السنة التشريعية الرابعة / الدورة الانتخابية الثالثة واستناداً الى احكام المادة ( ٥٩/ ثانياً ) من الدستور واستشعاراً من مجلس النواب بواجبه الوطني والدستوري كممثل للشعب العراقي بجميع مكوناته وحرصاً على وحدة العراق وسلامة ارضه ومواطنيه وبموجب السلطة الممنوحة لهُ وفق الدستور الذي اقره جميع ابناء الشعب العراقي ومنهم القادة الكرد الساعين للأنفصال عن الوطن فأنه يؤكد على خطورة الاوضاع الحالية وتداعياتها التي تهدد مصير الوطن بسبب اصرار سلطة اقليم كوردستان على اجراء الاستفتاء والقيام بتنفيذهِ في الخامس والعشرين من ايلول الجاري رغم صدور قرار من مجلس النواب العراقي بعدم دستورية وقانونية هذا الاستفتاء في جلسته الاعتيادية السابعة عشر في ١٢/ايلول /٢٠١٧ وتجاهل سلطة الاقليم للمناشدات من جميع المؤسسات العراقية للرجوع عن اجراء الاستفتاء وكذلك مناشدات الدول الاقليمية والمنظمات الدولية كمنظمة التعاون الاسلامي وجامعة الدول العربية والمجتمع الدولي متمثلاً بالأمم المتحدة ومجلس الامن وعدم تنفيذ قرارات القضاء الاتحادي الواردة في الامر الولائي الصادر من المحكمة الاتحادية على عرائض الدعاوى المقامة بهذا الصدد القاضي بإيقاف اجراء الاستفتاء لكل ما تقدم فقد ناقش المجلس في جلستهِ المشار اليها انفاً تلك الاحداث والتطورات واستمع لأراء السادة النواب من مختلف الكتل.

اصدار القرار الأتي:

١- ان اجراء الاستفتاء من قبل سلطة اقليم كوردستان غير دستوري ومخالف لأحكام المادة (١) منهُ والتي نصت على ( ان هذا الدستور ضامن لوحدة العراق ) وعليه يعد باطلاً كما تبطل كل الاجراءات المترتبة عليه.

٢- الزام القائد العام للقوات المسلحة باتخاذ كافة الاجراءات الدستورية والقانونية للحفاظ على وحدة العراق وحماية مواطنيه لإصدار اوامره للقوات الامنية بالعودة والانتشار في جميع المناطق المتنازع عليها وبضمنها كركوك وفقاً لما كان عليه الحال قبل تاريخ ١٠/٦/٢٠١٤.

٣- التأكيد على تنفيذ القرارات المتخذة من قبل المجلس الوزاري للأمن الوطني في جلسته الاخيرة لاسيما قراره بالمتابعة القضائية للمسؤولين عن تنفيذ الاستفتاء ومن بينهُ رئيس سلطة الاقليم المنتهية ولايتهُ وتقديمهم للمحاكمة وفقاً للقوانين العراقية النافذة وكذلك سائر الموظفين الكرد العاملين في مؤسسات الدولة الاتحادية.

Iraq - Baghdad
Conference Palace
Parliament Council

E-mail:press@parliament.iq
E-mail:Parliament.iq@Gmail.com
www.parliament.iq

العراق - بغداد
قصر المؤتمرات
مجلس النواب

جمهورية العراق
مجلس النواب

٤- غلق المنافذ الحدودية التي تقع خارج سيطرة السلطة الاتحادية واعتبار البضائع التي تدخل منها بضائع مهربة ومناشدة دول الجوار العراقي لاتخاذ التدابير اللازمة لمساعدة الحكومة العراقية على تنفيذ هذا القرار.

٥- على الحكومة اعادة الحقول الشمالية في كركوك والمناطق المتنازع عليها لأشراف وسيطرة وزارة النفط الاتحادية ومنع التدخل لأي من الاحزاب النافذة في تلك المناطق.

٦- اتخاذ الاجراءات الكفيلة لتنفيذ قرارات السلطات التنفيذية والتشريعية والقضائية الخاصة بإقليم كوردستان لاسيما قرار اقالة محافظ كركوك.

٧- على الحكومة استدعاء السفراء والممثلين في الدول التي لديها ممثليات ومكاتب في الاقليم لغرض ابلاغهم بأغلاق تلك الممثليات والقنصليات ونقلها الى محافظات خارج اقليم كوردستان.

٨- دعوة فخامة رئيس الجمهورية المحترم للقيام بواجباته المنصوص عليها بالدستور خاصة المادة (٦٧) منه باعتبارهُ رمز وحدة الوطن والممثل لسيادة البلاد و الساهر على ضمان الالتزام بالدستور والمحافظ على استقلال العراق وسيادته ووحدة وسلامة اراضيه.

٩- التأكيد على تنفيذ استراتيجية المصالحة الوطنية على قاعدة تغليب الهوية الوطنية لأبناء الشعب العراقي.

١٠- العمل على اعادة النازحين الى مناطقهم وتهيئة جميع الوسائل لتحقيق هذا الهدف ومن بينها اعادة اعمار المناطق المتضررة.

١١- استمرار جميع الموظفين الكرد من مختلف المناصب في عملهم وضمان أمنهم ممن لم يشاركوا في هذا الاستفتاء.

١٢- الحفاظ على الروابط الوطنية الاجتماعية مع المواطنين الكرد باعتبارهم مكون اساسي من مكونات الشعب العراقي.

١٣- على الحكومة عدم قبول الحوار المشروط الا بعد الغاء نتائج الاستفتاء.

د. سليم عبد الله الجبوري
رئيس مجلس النواب
/ محرم / ١٤٣٩ هـ
/ ايلول / ٢٠١٧م

Iraq - Baghdad
Conference Palace
Parliament Council

E-mail:press@parliament.iq
E-mail:Parliament.Iq@Gmail.com
www.parliament.iq

العراق - بغداد
قصر المؤتمرات
مجلس النواب

Iraqi Kurdistan Parliament
Kurdistan – Erbil



پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

No:
Date:

بەروار: ٢٠٢٢/٩/٢٢

## بەڕێز/سەرۆکایەتی پەرلەمان

## بابەت/ داوای دانیشتنی پەرلەمان

ئاماژە بە ماددەی ( ٦٦ ) بڕگەی (یەکەم) لە پێڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئێمەی پەرلەمانتارانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە داواکارین لە بەڕێزتان کە دانیشتێکی تایبەتی پەرلەمان سازبکەن بە ئامادەبوونی بەڕێزان (سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی) سەبارەت بە بەپرسی نەناردنی پڕۆژە یاسای بودجە بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە لە ساڵی ٢٠١٣ وە تا ئێستا حکومەتی هەرێم هیچ پڕۆژە یاسایەکی بودجەی نەناردووەتە پەرلەمان، کە بەپێی ماددەی (٩٨) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك و بەر لەساڵی دارایی، ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژە یاسای بودجە بنێرێتە پەرلەمان.

لەگەڵ ڕێزدا

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ | ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سرچنار أحمد | | ١١ | ابوبکر هەڵەدنی | |
| ٢ | د.اسماعیل سگێری | | ١٢ | مژده محمود | |
| ٣ | شیرین امین | | ١٣ | سیپان ئامێدی | |
| ٤ | علی حمە صالح | | ١٤ | کاوە عبدالقادر | |
| ٥ | سیروان بابان | | ١٥ | شایان کاکە صالح | |
| ٦ | دیاری انور | | ١٦ | جلال محمد أمین | |
| ٧ | ئاشنا عبدالله | | ١٧ | رویال أحمد [illegible] | |
| ٨ | هلز أحمد | | ١٨ | مصطفى عبدالرحمن | |
| ٩ | د.شێرکۆ جەودەت | | ١٩ | هەژار بورهان قانع | |
| ١٠ | عمر گوڵپی | | ٢٠ | عوسمان علی سمایل | |

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان
بەناوی گەلەوە
پەرلەمانی کوردستان - عێراق
ژمارەی بڕیار: ٨
مێژووی بڕیار: ٢٠٢١/٦/٢٨

## بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١

پشت بە حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٤٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، و دوابەدوای دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٦) ڕۆژی ٢٠٢١/٦/٢٨، و لەسەر داوا و بەدەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوونی ڕاستیەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی پێگەی پەرلەمان بۆ بەرژەوەندی تایبەت، لەم بەڕێزانەی خوارەوە:-

١. بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم. (سەرۆکی لیژنە)
٢. چیا حمید شریف. (ئەندام)
٣. شنۆ ئەشقی عبداللە. (ئەندام)
٤. روپاك احمد رحمان. (ئەندام)
٥. اسماعیل علي طە. (ئەندام)
٦. روبینە اویملك عزیز. (ئەندام)
٧. همداد صباح بلال. (ئەندام)

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢١/٦/٢٨ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق**

پشت بە حوکمی برگە (1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی سالّی (1992) هەموارکراو و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق لە دانیشتنی رۆژی (2006/7/4) بڕیاری دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

**یاسای ژمارە( 4 ) ی سالّی 2006**
**(یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان– عیراق)**
**دەروازەی یەکەم**
**حوکمە گشتیەکان**
**بەشی یەکەم**
**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:**
ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن.
**یەکەم.** هەرێم: هەرێمی کوردستان – عیراق.
**دووەم.** حکومەت: حکومەتی هەرێم.
**سێیەم.** ئەنجومەن: ئەنجومەنی بالاّی وەبەرهێنان.
**چوارەم.** سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەنی بالاّی وەبەرهێنان.
**پێنجەم.** دەستە: دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا.
**شەشەم.** سەرۆکی دەستە: سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.
**حەفتەم.** پرۆژە: چالاکیەکی ئابووریە یان پرۆژەیەکی وەبەرهێنەرییە کەکەسێکی سروشتی یان یاسایی(مەعنەوی) دایدەمەزرێنێت لەسەر زەویەکی تەرخانکراو بۆی ، بە سەرمایەکی، نیشتمانی، یان بیانی، وحوکمەکانی ئەم یاسایەو ئەو پەیرەو ورێنماییانەی بە گوێرەیەوە دەرچوون، لەسەریان پیادە دەکرێن.
**هەشتەم.** باج ورەسمەکان: هەموو ئەو جۆرە باج و رەسمانە دەگرێتەوە کە بە پێی یاساکانی کارا دیارکراون.
**نۆیەم.** وەبەرهێن: ئەوکەسە سروشتیە یان یاساییە (مەعنەوی)یە کە سامانەکەی لە هەرێمدا بەپێی ئەم یاسایە وەبەردێنێت، چ نیشتمانی بێت یان بیانی.
**دەیەم.** لایەنە تایبەتمەندەکان: هەموو ئەو لایەنە حکومیانە دەگرێتەوەکە بەرپرسن لەو کەرتەی پەیوەستە بە کاروباری پرۆژەکە.
**یازدەم.** سەرمایەی وەبەرهاتوو: بەهای خەملێنراو بە دراوی بیانی یان نیشتمانی کە لە پرۆژەکەدا وە بەر هاتووە .
**دوازدەم.** سەرمایەی بیانی: ئەو سامانە دراویە، شتومەکە جەستەییانە، یان مافانەیە کە نرخێکی دارایی هەیە ووەبەرهێنی بیانی لە هەرێمدا وەبەری دێنێت.

## بەشی دووەم
## بوارەکانی وەبەرهێنان

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پرۆژانە پیادە دەکرێن کە دەستە لە یەکێك لەو کەرتانەی خوارەوە دا رەزامەندیان لەسەر دەدات:

**یەکەم.** پیشەسازییە گۆڕاوەکان(التحويلية) وکارەبا وئەو خزمەتگوزاریانەی پێیانەوە بەندن.

**دووەم.** کشتوکاڵ بەهەر دوو لایەنیەوە، رووەکی وئاژەڵی، ودارستان وئەوخزمەتگوزاریانەی پێیانەوە بەندن.

**سێیەم.** هوتێل وپرۆژەکانی گەشتیاری وکات بەسەربردن وشارەکانی یاری.

**چوارەم.** تەندروستی وژینگە

**پێنجەم.** توێژینەوەکانی زانستی وتەکنۆلۆژی وتەکنۆلۆژیای زانیاریەکان.

**شەشەم.** گواستنەوە وگەیاندنی سەردەم.

**حەفتەم.** بانکەکان وکۆمپانیاکانی دڵنیاکاری (تأمین) ودەزگا داراییەکانی دیکە.

**هەشتەم.** پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری، وەك بنیاتنان وئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن ورێگاوبان وهێڵی شەمەندەفەر وفرۆکەخانە وئاودێری وبەنداوەکان.

**نۆیەم.** ناوچە ئازادەکان وبازارە بازرگانیە سەردەمی یەکان وئەو خزمەتگوزاریە راوێژکاریانەی پێیانەوە بەندن.

**دەیەم.** فێرکردن لەهەموو قۆناغەکان دا، لە چوارچێوەی سیاسەتی فێرکاری لە هەرێمدا.

**یازدەم.** هەر پرۆژەیەك لە هەر کەرتێکی دیکەی کە ئەنجومەن رەزامەندی لەسەر خستنەبەر حوکمەکانی ئەم یاسایەی بدات.

## بەشی سێیەم
## رەفتار لەگەڵ وەبەرهێنی بیانی

**مادەی سێیەم:**

رەفتار لەگەڵ وەبەرهێن وسەرمایەی بیانی وەك وەبەرهێن وسەرمایەی نیشتمانی دەکرێت ووەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە هەموو سەرمایەی ئەو پرۆژەی بەناو بێت کە بەپێی ئەم یاسایە، لە هەرێمدا دایدەمەزرێنێت.

## بەشی چوارەم
## تەرخانکردنی زەوی وزار

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** دەستە، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت وفەرمانگە پەیوەندارەکان، دەستنیشانی ئەو شوێنانە دەکات کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی هەر پارێزگایەك تەرخان دەکرێن ولە ئایندەدا بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێن و لەسەر وێنەی تۆمارەکانیاندا ئاماژە دادەندرێت کە ئەم شوێنانە تایبەتن بە مەبەستەکانی دەستە.

**دووەم.** فەرمانگە پەیوەندارەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەدا دەستنیشانی هەر شتێك دەکەن کە پرۆژە پێویستی بێت لە زەوی وزاری نێو نەخشەی بنەڕەتی شارەکان ودەرەوەیاندا وتەرخانیان دەکەن بە شێوەی کرێ وبانەوانی (مساطحة)، بە نرخێکی هاندەر وبەپێی ئەو رێکسازیانەی دەستە دایان دەنێت، بەدەر لە حوکمەکانی یاسای کارای فرۆشتن وبەکرێدانی سامانەکانی میری لە هەرێمدا.

**سێیەم.** ئەنجومەن بۆی هەیە، لە سەر پێشنیاری دەستە، ئەو زەویانەی کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراون بەپێی ئەم یاسایە، بە نرخێکی هاندەر کە دەستە پێشنیاری دەکات یان بەخۆڕایی بەناویان بکات، بە مەرجێك سروشت و گرنگیی ئەو پرۆژانە وپێویستیەکانی بەرژەوەندی گشتی لە کاتی بەناوکردندا لەبەرچاو بگیرێت. ئەمەش بەدەر لە حوکمەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی سامانەکانی میریی کارا لە هەرێمدا.

**چوارەم.** لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەتمەند، ئاماژەی گلدانەوە لەسەر ئەو زەویانە دادەندرێت کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراون، ونابێ ئەم ئاماژەیە لابىردرێت تەنها بە رەزامەندیەکی نووسراوی دەستە نەبێت، دوای ئەوەی کە وەبەرهێن هەموو پابەندیەکانی خۆی جێبەجێ دەکات.

**پێنجەم.** لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانیدا، دەستە دەسەڵاتی هەیە ئەو زەویانە بەناوی خۆی بکات کە موڵکی دەوڵەتن، وەك موڵکێکی صرف و بەبێ پارە. هەروەها ئەو زەویانەش بەناوی خۆی بکات کە مافی رەفتارکردنیان (حق التصرف)، بەسەرەوە هەیە، دوای کوژاندنەوەی مافەکانی رەفتارکردن لەسەریاندا وقەرەبوو کردنەوەیەکی دادپەروەرانە وگونجاوی خاوەنەکانیان بەپێی یاساو پەیڕەو و رێنماییە رەچاوکراوەکان لەم بارەیەوە.

**شەشەم.** وەبەرهێن مافی کڕین وبەکرێ گرتنی ئەوزەوی وخانوبەرانەی هەیە کە پێویستن بۆدامەزراندن وفراوانکردنوو و هەمە جۆرکردن وپەرەپێدانی پرۆژەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ولە سنووری ئەو رووبەر وئەو ماوەی لە رۆشنایی ئامانجەکانی پرۆژەکە وپێداویستی راستەقینەیدا دەخەملێنرین، بەرەچاوکردنی حوکمەکانی برگەی (3) ی ئەم مادەیە.

**حەفتەم.** ئەو زەویانەی پێویستن بۆ ئەو پرۆژە وەبەرهێنەرانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە ئەنجام دەگەیەندرێن جیادەکرێنەوە لە سنووری ئەو رووبەرەی کە لە رۆشنایی ئامانجەکانی پرۆژەکە وپێداویستی ڕاستەقینەی دەخەملێنرێن بە پێی ئەو مەرجە تایبەتیانەی کە لە لایەن دەستەوە دیاردەکرێن بە دەر لەو حوکمانەی کە لەم بارەوە رەچاوکراون.

**هەشتەم.** گۆڕینی شوێنی پرۆژەکە دەکەوێتە ژێرباری هەمان بنەماو مەرجەکانی تەرخانکردنی شوێنی پرۆژەکە، کە یەکەم جار رەچاو کراون.

**نۆیەم.** لایەنەکانی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستە، خزمەتگوزاریە گشتییەکانی وەك ئاوو کارەبا وئاوەڕۆو رێگای گشتی وپەیوەندییەکان وشتی دیکەش بۆ سنووری پرۆژەکە فەراهەم دەکەن بە مەرجێك برێکی پێویست لە بودجە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت.

**دەیەم.** جگە لەوەی کە وەبەرهێنی بیانی، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، مافی موڵکداریێتی و بەکرێگرتنی زەوی و ئوتومبێلی بەرهەمهێنانی هەیە، مافی ئەوەشی هەیە خانوو بەرەی نیشتەجێ کردن وئوتومبێلی بەرهەم نەهێن، وئەوەی پرۆژە پێی دەوێت بیانکرێت یان بەکرێیان بگرێت لە پێناو بەرژەوەندی پرۆژە وەبەرهێنەرەکەی، دوای وەرگرتنی رەزامەندی دەستە لەسەریدا وبەپێی ئەومەرجانەی کە لەلایەن دەستەوە بۆ ئەم مەبەستە دیار دەکرێن.

## دەروازەی دووەم
## بەخشینە کان وپابەندیەکان
### بەشی یەکەم
### بەخشینەکانی باج وگومرگ

**مادەی پێنجەم:**

**یەکەم.** پرۆژە لە هەموو وباج رەسمە ناگومرگیەکان دەبووردرێت بۆ ماوەی (10) سال لە رۆژی دەست پێکردنی به پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی، یان لە رۆژی بەرهەمهێنان بە کردەنی.

**دووەم.** ئامێرو دەزگا و کەرەستەومەکینە هاوردەکانی پرۆژە لە رەسم و باجەکان ومەرجی مۆڵەت بەدەست هێنانی هاوردن دەبووردرێن، بەمەرجێ لە خاڵەکانی دەربازبوونی سنوورەکانی هەرێمەوە بێنە ژوورەوە ودەبێ لە ماوەی (2) دووساڵ لە رۆژی رەزامەندی سەرۆکی دەستە لەسەر لیستەکان، بهێندرێنە ناو هەرێم، وەتەنها بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکاربێن. بە پێچەوانە، ئەو لێخۆشبوونانە ناگرنەوەو وەبەرهێن ناچاردەکرێت باجەکە بدات و دووهێندەی باجەکەش غەرامەی لێوەردەگیرێت.

**سێیەم.** لە رەسم و باجی ئەو پارچە یەدەگە هاوردانەی پرۆژەکە دەبووردرێت بە مەرجێك بەهاکەیان لە (15٪)ی بەهای ئامێرو مەکینەکان پتر نەبێت، ئەویش بە بریارێکی پێشینەی سەرۆکی دەستە ورەزامەندی لەسەر لیستەکانی وچەندایەتیان دەبێت.

**چوارەم.** لە ئامێرو دەزگا ومەکینە وکەرەستە پێویستەکان بۆ فراوانکردن یان پەرەپێدان یان نوێ کردنەوەی پرۆژە دەبووردرێن.

**پێنجەم.** رەسمی گومرگ بۆ ماوەی (5) ساڵ لە سەر ئەو کەرەستانەی بۆ بەرهەمهێنان هاوردراوون دەبووردرێن، بە مەرجێك جۆر وبرەکانیان لەلایەن دەستەوە دیار بکرێن، بەڵام دەبێ بە پلەی یەکەم ئەو کەرەستە خاوە خۆماڵیانەی لە هەرێمدا چنگ دەکەون وبۆ پرۆژەکە بەکەلك دێن لەلایەنی چەندی چۆنیەوە بەکاربێن .

**شەشەم.** وەبەرهێن، بۆی هەیە، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەموو پێداویستیەکانی پرۆژەکە هاوردە بکات، وەك ئامێر ومەکینە ودەزگا وکەرەستە ، ئەو هاوردانەش لە هەموو باجی خاڵەکانی گومرگی سنووری هەرێم دەبەخشرێن، بە مەرجێك تەنیا بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکاربێن.

### بەشی دووەم
### بەخشینە کانی سەربار

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** بەپێی بەرژەوەندییەکانی گشتی لە هەرێمدا دەستە بۆی هەیە هاندان و ئاسانکاری زیاتر بۆ ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریە وەبەرهێنانەی رێپێدراوون بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، پێشکەش بکات، کە یەك لەم دوو ئاکارەیان تێدا بەدی بکرێت بەپێی ئەو رێکسازیانەی دەستە بۆ ئەم مەبەستە دایان دەنێت:

أ) ئەو پرۆژانەی لـە ناوچە کەم پەرەسەندووەکاندا دادەندرێن.

**ب)**ئەو پرۆژانەی بە هاوبەشیی وەبەرهێنی بیانی ونیشتمانی دادەمەزرێن.

**دووەم:** دەستە بۆی هەیە بەخشینی سەربار بدات لـە رەسمی شتە کڕاوەکانی وەك کەل و پەل و رایەخ وپێداویستیەکانی بە سەردەم کردن ونوێ کردنەوە هەر(3) ساڵ جارێك بەو پرۆژە وەبەرهێنە خزمەتگوزاریانەی کە بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێن، بەپێی سروشـتیان وبەتایبـەتی پرۆژەکـانی هۆتێل ونەخۆشخانە وشارە گەشت و گوزارییەکان و زانکۆو قوتابخانەکان، بەمـەرجێك تـەنها بۆ پرۆژەکە بەکار بێن ولەماوەی ساڵێك لەرۆژی دەرچـوونی رەزامەنـدی سـەرۆکی دەسـتە لەسەر لیستەکانی شتە کڕاوەکان و چەندێتیان بهێندرێنەوە ناو هەرێمەوە.

## بەشی سێیەم
## گرەنتیە یاساییەکان

**ماددەی حەفتەم:**

**یەکەم.** وەبەرهێن بۆی هەیە پرۆژەکەی وەبەرهێنانی دڵنیا (تأمین) بکات لەلایەن هەر کۆمپانیایـەکی دڵنیاکاری کە بەگونجاو دەزانێت، بیانی یان نیشتمانی، کە بەهۆیەوە لەسەر هەموو لایەنەکانی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات دڵنیای بکات.

**دووەم.** وەبەرهێن بۆی هەیە کار بەکریکاری خۆجێی وبیانی پێویست بۆ پرۆژەکە بکـات لـە گـەڵ پێشخستنی کرێکاری خۆماڵی لە کارپێکردندا، بەپێی یاساکانی کارا لەهەرێمدا.

**سـێیەم.** وەبـەرهێنی بیـانی بـۆی هەیـە سـوود وقـازانجی سـەرمایەکەی بـۆ دەرەوە بنێرێـت بـەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**چوارەم.** کرێکارە ناعیراقییـەکانی پرۆژەکەوئەوانـەی لـە دەرەوەی هەرێمـدا مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکەن بۆیان هەیە پارە وکرێیەکانیان بۆ دەرەوە رەوانە بکەن.

**پێنجەم.** وەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە سـەرمایەکەی رەوانـەی دەرەوەبکاتـەوە لـەکاتی پاکتـاوکردنی پرۆژەکەی، یان رەفتارکردنی لەسەریدا بەجۆرێك لەگـەڵ حوکمـەکانی یاسـاو رێکارەکـانی گومرگی وباجیی کارا لـە هەرێمدا ناکۆك نەبێت.

**شەشەم.** وەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە پرۆژە وەبەرهێنـەکەی بخاتە سەر ناوی وەبەرهێنێکی دیکەی بیانی یان وەبەرهێنێکی نیشتمانی. یان لـە بەشی خـۆی لــە پرۆژەکـە دەرچـێت بـۆ هاوبەشـەکەی، بەرەزامەنـدیی دەسـتە. وەبـەرهێنی نـوێ جێگـەی وەبـەرهێنی کـۆن دەگرێتـەوە لـەو مـاف وپابەندیانەی لـە پرۆژەکە دا کەوتوونەتەوە.

**حەفتەم.** وەبەرهێن بۆی هەیە بۆ بەرژەوەندی پرۆژە رێپێدراوەکەی بەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە، حیسابێك بە دراوی نیشتمانی، بیانی یان بە هەردووکیان لـە یەکێك لە بانقەکانی هـەرێم یـان لـە دەرەوە بکاتەوە.

**هەشتەم.** وێرای لەبەرچاوگرتنی یاساکانی کارا سەبارەت بە ئەنجومەنەکانی کۆمپانیاکانی هاوکاری ، ئەو پرۆژانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمارکراون و شێوە یاساییەکەیان هـەر چـۆنێك بێت بە پرۆژەکـانی کـەرتی تایبـەت دادەنـدرێن، سروشـتی یاسـایی ئـەو سـامانانەی تێیانـدا پشکداری کراوە هەر چۆنێك بێت.

**نۆیەم.** بە پێی ئەم یاسایە، وەبەرهێن مافی هەیە نهێنی زانیارییــە هونــەری و ئابووریــەکانی تایبــەت بــە پرۆژەکەی پارێزگاری لێبکرێت ودەست پێشخەریە وەبەرهینەریەکانی بپارێزرێت، ئەمەش بـە پێی حوکمەکانی ئەو یاسا ورێسا ورێنماییانەی لــە هەرێمـدا کـاران. هەرکەسێك زانیاریـەك سـەبارەت بـە دەستپیشـخەریەکانی بەرهـەمهێنی ولایەنــە هونـەری وئـابووری ودارایــەکانی پرۆژەکەی بلاو بکاتەوە کە بەحوکمی فەرمانەکەی بەدەستی کـەوتوون، بـە پێـی یاسـا سـزا دەدرێت.

## بەشی چوارەم
## پابەندییەکانی وەبەرهێن

**مادەی هەشتەم:**

دەبێ وەبەرهێن بەمانەی خوارەوە پابەند بێت:

**یەکەم.** پێناسەی بواری وەبەرهێنانی خۆی بکات سـەبارەت بـەو پرۆژانـەی پێشـتر ئـەنجامی داوون وباری دارایی وئەو گرێبەستانەی جێبەجێی کردوون دەست نیشان بکات.

**دووەم.** دەستە، بە تەواوبوونی پرۆژەکە ودەستکردن بـە پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـەکانی یـان بەرهەمهێنانی راستەقینەی، ئاگادار بکاتەوە.

**سێیەم.** ئاسـانکاری پێویسـت بـۆ فەرمانبـەرانی تایبەتمەنـدی دەسـتە دابـین بکـات، سـەبارەت بـە کۆکردنەوەو بەدەست خستنی زانیاری پێویست دەربارەی لایەنە هەمە جۆرەکانی پـرۆژە بـۆ مەبەستەکانی دەستە.

**چوارەم.** تۆماری تایبەتی ئەوکەرستە هاوردانەی پرۆژەکە بکاتەوە، کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە رەسمی گومرگ بەخشراون.

**پێنجەم.** پاکی ژینگـە وئاسـایش وتەندروسـتی گشـتی بپارێزێـت وپابەنـدبێت بـە سیسـتەمی پێوانـە وکۆنترۆلکردنی چۆنایەتی بەپێی پێوەرە نێونەتەوەییەکان.

**شەشەم.** مەشق بەکریکاری خوجێی پرۆژەکە بکات ورایان بهێنێت.

## بەشی پێنجەم
## رێکارە یاساییەکان لە کاتی سەرپێچی کردنی وەبەرهێنەر

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم.** لە کاتی سەرپێچی کردنی وەبـەرهێن لــە حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە، یـان لــە یـەکێك لــە برگەکانی گرێبەستی مۆرکراو لــە نێـوان ئـەو لایەنـە تایبەتمەندەکانـدا، دەسـتە سەرپێچـیکار ئاگاداردەکاتــەوە وداوای لێــدەکات یەکســەر ئــەو چــالاکیەی بۆتــە هــۆی سەرپێچــیەکە بوەستێنێت وماوەیەکی گونجـاوی بـۆ دیـاری دەکـات کـە گونجـاو بێـت لەگـەڵ سروشـتی سەرپێچیەکە بۆ لادان ونەهێشتنی شوێنەوارەکانی.

**دووەم.** لــە حالـەتێکــدا وەبــەرهێن پێیــداگرت لەســەر رانــەگرتنی سەرپێچــیەکە ولانــەبردنی شوێنەوارەکانی بەپێی حوکمەکانی برگە(1)ی سەرەوە، دەسـتە، زەویەکـەی لێ دەسـێنێتەوە، وئەو بینایانەی لەسەریشی دروست کراوون، ئەگەر هەبن، بەناوی خۆی تۆماریان دەکات بـە

نرخی کەرەستەکان بە هەلکەندراوی، بەپێی یاسا. ئەو بەهایەش دەکەوێتە ئەستۆی وەبەرهێنی نوێ کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەو زەویەی بۆ تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی پرۆژەکە تەواو بکات. سەرپێچیکاریش بەرپرسە لەهەر زەرەرو زیانێك کە لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی پابەندییەکانی بێنە ئاراوە.

**سێیەم.** ئەگەر خاوەن پرۆژەکە، بەبێ رەزامەندی دەستە هەموو ئەو زەویەی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە، یان بەشێکی لە ژێرەوە بەکرێ دا، یان بەکاری هێنا بۆ مەبەستێکی دی لە پرۆژەکەدا ، زەویەکەی یان ئەو بەشەی بەکرێی داوە یان ئەو بەشەی کە بۆ مەبەستێکی دیکەی بەکار هێناوە لێ دەسەندرێتەوە. ئەو کاتە خاوەن پرۆژە دەبێ دوو هێندەی کرێی هاوتا(أجر مثل)بدات لە بری بەکرێدانی زەویەکە یان بەکارهێنانی بۆ مەبەستێکی دیکەی پرۆژەکە. ئەو پارانەش بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەتی کارا لە هەرێمدا وەردەگیرێتەوە. لە حالەتی لێوەرگرتنەوەی هەموو زەویەکەی، مامەلە لەگەل وەبەرهێنی سەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی برگە(2)ی سەرەوە دەکرێ، سەبارەت بەو بینایانەی کە لە کاتی لێوەرگرتنیەوە لەسەری دروست کراون.

## دەروازەی سێیەم
## پێکهاتە وەبەرهێنەریەکان
## بەشی یەکەم
## دەستەی وەبەرهێنان و پێکهاتە و ئەرکەکانی

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم.** دەستەیەك دادەمەزرێت بەناوی (دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان) وکەسایەتیەکی یاسایی وسەربەخۆیی دارایی و کارگێری دەبێ، وبۆی هەیە هەموو رەفتارە یاساییەکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەنجام بدات.

**دووەم.** دەستە، سەرۆکێکی دەبێت بە پلەی وەزیر وگشت ماف ودەسەلاتێکی وەزیری دەبێت وخۆی بەرپرسە لە ئاراستەکردنی کارەکان وسەرپەرشتی وچاودێریی چالاکیەکانی وهەرشتێك کە پەیوەندی بە ئەرکوفەرمانەکان وکاروبارەکانی دیکەی دەستەوە هەبێت. ئەو فەرمانگانەی خوارەوەشی پێوە بەندن:

**أ)** فەرمانگەی لێتۆژینەوە وزانیاریەکان،

**ب)** فەرمانگەی بەرێکردن وهەلسەنگاندن ومۆلەتپێدانی پرۆژەکان،

**ج)** فەرمانگەی کاروباری یاسایی وکارگێری ودارایی،

**د)** فەرمانگەی شارو ناوچە پیشەسازیەکان.

**سێیەم.** بارەگای دەستە لە هەولێر، پایتەختی هەرێم دەبێت وچەند لقێکی لە پارێزگایەکان دەبێت و هەر لقێك فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەری گشتی بەرێوەی دەبات.

**چوارەم.** دەستە بۆی هەیە لەکاتی پێویست، چەند بەش وهۆبەیەك بێنێتە کایەوە ولێکیان بدات، یان لایان بدات.

**پێنجەم.** پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستە ولقەکانی وئەرکوفەرمان ودەسەڵاتەکانیان بە پێڕەوێک دەکرێت کە دەستە دایدەنێت وئەنجومەن پەسەندی دەکات.

**شەشەم.** دەستە کەشی لەبار بۆ وەبەرهێنان دەرەخسێنێت کە بووژانەوەی ئابووری لە هەرێمدا بێنێتەدی وستراتیژی وپلان وسیاسەتی وەبەرهێنان ئامادە دەکات ودەیخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ پەسەند کردنی وهەماهەنگی لە نێوان لقەکانی لە هەرێمدا دەکات.

**مادەی یازدەم:**

مەرجە ئەو کەسەی کە لەیەکێك لە پۆستەکانی سەرۆکی دەستە وبەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکاندا دادەمەزرێت:

**یەکەم.** بەلایەنی کەمەوە، خاوەن بڕوانامەیەکی زانکۆیی سەرەتایی بێت کە پەیوەندی هەبێت بەو فەرمانەی لێی دادەمەزرێت،

**دووەم.** شارەزا بێت وکاری کردبێت لە بواری پسپۆریەکەیدا بۆ ماوەی حەوت ساڵ، بەلای کەمەوە.

**مادەی دوازدەم:**

دەبێ گشت وەزارەت و دەزگاو فەرمانگەکانی پەیوەندیدار لە هەرێمدا پابەندبن بەو بڕیارانەی تایبەتن بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ولە دەستەوە دەردەچن.

**ماددەی سیازدەم:**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و یاسایی(مەعنەوی) ناوەوە ودەرەوەی هەرێم مۆربکات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکوفەرمانانەی پێیان دەسپێرێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی دەستە. ماف و ئەرکەکانیشیان لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دەستنیشان دەکرێن.

## بەشی دووەم
## ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم.** ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان لە هەرێمدا پێك دێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەك سەرۆك وجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە جێگری ولەکاتی ئامادەنەبوونی جێی دەگرێتەوە وبە ئەندامێتی وەزیرانی: دارایی وئابووری وبازرگانی وشارەوانی وپلاندانان وکشتوکاڵ وپیشەسازی وسەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.

**دووەم.**

**1)** سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە داوا لە وەزیرێکی دیکە بکات کە بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بکات کە تایبەت بێت بە وەزارەتەکەیەوە.

**2)** سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە داوای ئامادەبوونی نوێنەری کەرتی تایبەتی پەیوەنددار بە پرۆژەکە بکات

**3)** ئەنجومەن پێڕەوی ناوخۆی دادەنێت، سەبارەت بە کۆبونەوەی ئەنجومەن و دەرکردنی بڕیارەکان تیایدا.

**سێیەم.** ئەنجومەن ئەو دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

1) دانانی ئەو سیاسەت وستراتیژیانەی پەیوەنددارن بە وەبەرهێنان ودەستە پێشنیاریان دەکات لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێم.

**2)** پەسەند کردنی پلان وبەرنامەی چالاکی دەستە لە چوارچێوەی پلانی گشتی هەرێمدا.

3) تێڕوانینی ئەو ڕاپۆرتە خولەییانەی سەرۆکی دەستە سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی کار لەدەستەدا پێشکەشی دەکات وئەو پرسانەی پەیوەستن بەبارو کەشی وەبەرهێنان لە هەرێمدا وچی پێویستە لەبارەیانەوە بکرێت.

4) تێڕوانینی پێگەی دارایی دەستە وپەسەندکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی.

5) پەسەند کردنی گرێبەستی ئەو قەرز وئاسانکاریە دەستەبەریانەی پێشکەش بەدەستە دەکرێن بەدەستەبەری حکومەت وبانکەکان ودەزگا داراییەکانی تایبەتمەند بە پێی ئەو ڕێکار وسیستەمانەی داندراون. بەمەرجێ مەبەستەکانیان تەنها بۆ دارایی کردنی ئەو چالاکیانە بێت کەدەستە لە سنوری تایبەتمەندیەکانیدا ئەنجامیان دەدات.

6) دانانی سیستەمێك بۆ چاودێری وبەدواداچوون وهەڵسەنگاندنی کارەکانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ ئەوەی لەو کۆسپ وتەگەرانەی دێنە ڕێیان تێبگەن وکاربکەن بۆ زاڵبوون بەسەریاندا.

7) پەسەند کردنی پێڕەوی ناوخۆی دەستە.

## بەشی سێیەم
## بودجەی دەستە

**مادەی پازدەم:**

دەستە بودجەیەکی هەیە لە نێو بودجەی گشتی هەرێمدا.

# دەروازەی چوارەم
# مۆڵەتپێدانی پرۆژەکان وناوبژیوانی
## بەشی یەکەم
## ڕێکارەکانی مۆڵەت پێدانی پرۆژەکان

**مادەی حەڤدەم:**

**یەکەم:** لە پێناوی سوودوەرگرتن لەو بەخشین وتایبەتکاریانەی (امتیازات) لەم یاسایە داهاتوون، پێویستە وەبەرهێن مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەکەی لە لایەن دەستەوە بەدەست بێنێت.

**دووەم:** دەستە، لەسەر داوای وەبەرهێن، مۆڵەت بە دامەزراندنی پرۆژە دەدات، بەپێی ئەو مەرجانەی لەلایەن دەستەوە دەستنیشانکراوون. پێویستە دەستەش لەمیانەی(30)ڕۆژ لە ڕۆژی تەواوکردنی پێداویستی ومەرجەکانی هونەری ویاسایی وئابووری، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بڕیار لەبارەیەوە بدات، وێڕای لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕێکسازی وپێوەرانەی دەستە دایان دەنێ.

**سێیەم:** دەبێ دەستە ڕاو بۆچوونی لایەنە تایبەتمەندەکان وەربگرێت سەبارەت بەکەڵك وسوودی دەرکردنی مۆڵەتی دامەزراندنەکە ودەبێت ئەو لایەنانەش ڕای خۆیان دەربڕن بەڕەزامەندی، ڕەت کردنەوەی، یان هەموارکردنی لەماوەیەك لە (30)ڕۆژ تێپەڕنەکات لەڕۆژی ڕەوانەکردنی داواکەیەوە بۆی لەلایەن دەستەوە.وەڵام نەدانەوەی ئەم لایەنەش بەڕەزامەندی دادەنرێت وەئەگەر ڕەتی کردەوە دەبێ بڕیارەکەی پاساوی هەبێت.

**چوارەم:** ئەگەر داوای دامەزراندنەکە ڕەت کرایەوە، داواکار بۆی هەیە ڕەخنە بگرێت لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەن لەماوەی(15)ڕۆژدا لە ڕۆژی پێراگەیاندنیەوە بە بڕیاری ڕەت کردنەوەکە وسەرۆکی ئەنجومەنیش لەماوەی(3)ڕۆژدا بڕیار لەسەر ڕەخنەکە دەدات وبڕیارەکەشی لەم بارەیەوە کۆتاییە.

## بەشی دووەم
## ناوبژیوانی

**مادەی هەژدەم:**

کێشەکانی وەبەرهێنان بەپێی گرێبەستی مۆرکراو لە نێوان هەردوو لادا یەکلا دەکرێنەوە. ئەگەر لە گرێبەستەکەش هیچ برگەیەکی وا نەبوو ئەوا بە رێگەیەکی دۆستانە و بەرەزامەندی هەردوو لایەن چارەسەردەکرێن، لە حاڵەتێکدا رەزامەندی هەردوو لایەن بەدەست نەهات، هەردوو لا بۆیان هەیە هانا بەرن بۆ ئەو ناوبژیوانیەی کە حوکمەکانی لە یاسا رەچاوکراوەکانی هەرێمدا دیارکراوون، یان بەپێی حوکمەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی هەر رێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی، یان دووقۆڵی کە عیراق لایەنێك بێت تیایاندا.

## بەشی سێیەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی نۆزدەم:**

نابیّ وەبەرهێن ئەو زەویانە بەناو بکات کە نەوت وغاز یان هەر سامانێکی کانزایی بەنرخ یان سەنگینی تیابێت.

**ماددەی بیستەم:**

دەبیّ ئەو وەبەرهێنەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی هاوکاریی ئەنجام دەدات دەستەبەری پێویست پێشکەش بکات بۆ پارێزگاری لەسامانی هاوکارەکان ودەبیّ دەستە رێکاری دڵنیاکاری و بانکەوانی پێویست بگرێتە بەر بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

ژمێرکاری دەستە لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە وردکاری دەکرێت.

**ماددەی بیست ودووەم:**

ئەوحاڵەتانەی دەقێکی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە، دەکەوێتە بەر ئەو رێسا گشتیانەی لە یاساکانی دیکەی پەیوەندداردا هاتوون، بە مەرجێك حوکمەکانی لەگەڵ حوکمی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نەبن. لەکاتی ناکۆکی لە نێوانیاندا، حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێن.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە رێنماییەکانی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

دەبیّ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنەکانی پەیوەنددار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی بیست وپێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە رۆژنامە فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عیراق**

10

## هۆی دەرکردنی یاساکە

بە ئامانجی دروستکردنی کەش و هەوایەکی هاندەر بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ولابردنی کۆسپەکانی یاسایی لە بەردەمیدا وماوەدان بۆ کارپێکردنی سەرمایەی نیشتمانی و بیانی بەیەکەوە وبەتەنها لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، بەو شێوەیەی هاوکارییەکی کاریگەر لە پرۆسەی بوژانەوەی ئابووری بکات وبۆ ئەوەی ئاسانکاری و پشتگیری هاندەر بدرێ ولەهەندێ باجی سەرمایەکانی وەبەرهێنراو ببوردرێت ولە پێناو هێنانەکایەی دەستەیەکی وەبەرهێنانی تایبەتمەند بۆ رێکخستنی لایەنە هەمە جۆرەکانی پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا ئەم یاسایە داندرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (62) **ساڵی شەشەم –ی رۆژی** 2006/8/27 **رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاوکراوەتەوە.**

11

**بەناوی خودای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عێراق**

**پشت بە حوکمی برگەی ( 1 ) لە ماددەی ( 56 ) یاسای ژمارە ( 1 ) ساڵی 1992 ی هەموار کراو وە لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان – عیراق پێشکەشی کردبوو، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە ( 8 ) نائاسایی کە لە رۆژی 2007/8/6 بەستزا بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:**

**یاسای ژمارە ( 22 )ی ساڵی 2007**

**یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی . عێراق**

**بەشی یەکەم**

**( پێناسەکان )**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم :حکومەتی فیدراڵی:** حکومەتی کۆماری عێراقی فیدراڵی.

دووەم :**دەستووری فیدراڵی:** دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵی.

**سێیەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستانی – عێراق.

**چوارەم :سەرۆکی هەرێم:** سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**پێنجەم :پەرلەمان:** ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق.

**شەشەم :حکومەتی هەرێم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**حەوتەم :ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان– عێراق.

**هەشتەم :ئەنجومەنی هەرێمی:** ئەنجومەن هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان–عیراق

**نۆیەم :وەزارەت:** وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم.

**دەیەم :وەزیر:** وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم.

**یازدەم : نەوت:** هەر هیدرۆکاربۆناتێکی سروشتی یان هەر هیدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵاوی

سروشتی چ لە دۆخی گازی یان شلی بێ ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەتوانرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ حەشارگە کە.

**دوازدەم : نەوتی خاو:** هەموو هیدرۆکاربۆناتەکانی شل لە دۆخە سروشتییەکەی یان لە گازی سروشتییەوە بەهۆی خەستکردنەوە یان هەر هۆکارێکی پوختکردنی دیکەوە بەرهەمهێنرابێت.

**سێزدەم : گازی سروشتی:** هەموو هیدرۆکاربۆناتەکانی گازی کە بە سستی لە دۆخە سروشتییەکەیدا مابێتەوە، لەوانەش گازی تەڕ، گازی وشك، ئەو گازەی لە بەرگی بیر هەیە (Casing)و ئەو گازەی لە پرۆسەی پوختکردنی هیدرۆکاربۆنی شل لە گازی تەڕمابێتەوە، جگە لە نەوتی خاو.

**چواردەم : گازی سروشتی بەیاوەر:** گازی بەرهەمهێندراو، وتێکەڵاو لەگەڵ نەوتی خاو لە ژێر بارودۆخی حەشارگەییدا.

**پانزدەم : کێڵگەی نەوت:** حەشارگە یان کۆمەڵێك لە حەشارگەکانی نەوتی لە پێکهاتەکانی جیۆلۆجی زانراو یان دیاردەیەکی جیۆلۆجی کە نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێ بە شێوەیەکی بازرگانی وە بەپێی تەکنۆلۆژیایەکی ئاسایی وسوودێکی ئابووری هەبێ.

**شانزدەم: کێڵگەی ئێستا:** ئەو کێڵگە نەوتیەی کە تا پێش 2005/8/15 بەرهەمی بازرگانی هەبوو.

**حەڤدەم : کێڵگەی ئاینده:** ئەو کێڵگە نەوتیە کە تا پێش 2005/8/15 بەرهەمی نەبووە و هەر کێڵگەیەکی نەوتی دۆزراوە یان لە ئەنجامی پرۆسەکانی دۆزینەوەی ئایندە دا دەدۆزرێتەوە.

**هەژدەم : پرۆسەکانی نەوت:** بەدواداگەڕان و دۆزینەوە بە مەبەستی پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، بە بازارکردن، عەمبار کردن، گواستنەوە، پاڵاوتن، فرۆشتن و هەناردنی نەوت یان بنیادتنان و دانان و دامەزراندنی هەر هەیکەلێکی دەزگاکان و مەکینەکان بۆ مەبەستی ئاماژە بۆکراو و دوکوتایی هێنان بە مۆڵەت و یان لابردنی هەریەکێك لەو هەیکەل و دامەزراو وبیناکان.

**نۆزدەم : موڵکە جێگیرەکان:** هەر سامانێکی نەگوازراوە چ گشتی بێ یان تایبەتی.

**بیستەم : مۆڵەتی بەدواگەران:** مۆڵەتێکە بەپێی ماددەی بیست و یەکی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچێت.

**بیست ویەك : مۆڵەتی ڕێپێدان:** ئاگادارکردنەوە یان ئەو ڕەزامەندیەی کە لە وەزیرەوە بە پێی ماددەی بیست و چواری ئەم یاسایە دەردەچێت.

**بیست و دوو : مۆڵەت:** ڕێگەدان بە گرێبەستی نەوت، یان ڕێگەدان بە گەڕان بە دوای نەوتداو

یان هەر ریکەوتنیکی تایبەتی پێی.

**بیست و سێ: کەس:** هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی یان هەر دامەزراویکی یاسایی دیکە.

**بیست وچوار: کەسی ڕێپێدراو:** ئەو بەڵێندەرەی کە گرێبەستی نەوتی لە خوی دەگرێت یان ئەو کەسەی بەپێی مۆڵەت یان ڕێپێدان بەرپرسیاریەتی دەخرێتە ئەستۆی.

**بیست و پێنج : بەڵێندەر:** هەر کەسێك لەبواری نەوت دا لەگەڵ وەزارەت گرێبەست گرێدەدا.

**بیست وشەش : بەرهەم هێنانی بازرگانی:** بەرهەم هێنانی ڕۆژانە کە لە(5000) پێنج هەزار بەرمیل کەمتر نەبێ و لە ماوەی(12) دوازدە مانگدا.

**بیست وحەوت : گرێبەستی نەوت:** هەر گرێبەستێك گرێدەدرێ یان ریگەدان یان لاری نەبوون یان هەر مولەتێك بەپێی ماددەی (23) بیست وچواری ئەم یاسایە دەدرێت.

**بیست وهەشت : ناوچەی گرێبەست:** ئەو رووبەرەی لە گرێبەستی نەوت دا دراوە.

**بیست ونۆ: گرێبەستی بەشدار کردن لە بەرهەمهێناندا:** نمونەی گرێبەستی نەوت کە ناوە ناوە لەوانەیە دەخرێتە بەرچاو و هەموار دەکرێت لەلایەن وەزارەتەوە، کە جگە لەهەندێ لە کاروباری دیکەوە، مەترسی ئابووری و هونەریشی تێدایە، کە بەڵێندەر بەڵێنی پێدەدات لە بەرامبەر بەشێك لە بەرهەمەکەدا کە بۆی هەیە وەکو بنەمایەك بۆ دانوستاندنەکان لە گرێبەستی نەوتی دا پشتی پێ دەبەسترێ لە نێوان وەزارەت و ئەو کەسانەی کە ئارەزوویان لە جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوتی دا هەیە.

**سی : داهاتەکان:** داهاتەکانی حکومەتی هەرێم کە لە پرۆسەکانی نەوت بەدەست دەکەون، لەوانەش فرۆشتنی نەوت و گازو مولکانە و پاداشتی ئیمزاکردن و بەرهەمهێنان لەو گرێبەستانەی نەوتی لە نێوان کۆمپانیا بیانییەکان و ناوخۆییەکان بەستراوە.

**سی ویەك : مولکانە:** ڕێژەیەك لە نەوتی بەرهەمهێنراو کە مسۆگەرە، کە بۆ حکومەتی هەرێم لە ناوچەی گرێبەستەکەدا دابین دەکرێ.

**سی و دوو : خاڵی دابین کردن:** ئەو شوێنەی لە دوای پرۆسەی دەرهێنانی دێ کە نەوتی خاو و گازی سروشتی ئامادەن بۆ فرۆشتن و وەرگرتن بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتی، واتە ئەو شوێنەی کە کەسێك مافی موڵکداری نەوتی هەیە تیادا بەپێی برگەی حەوتەم لە ماددەی سێیەم لەم یاسایەدا.

**سی وسێ : سندوقی ژینگە:** ئەو سندوقەیە کە داهاتەکان لە خو دەگرێت و بەپێی ئەم یاسایە دا دیاری دەکرێت، وبەڵێندەرەکان بەبەشداری کردن تێیدا بەپێی مەرجەکانی گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان وبەپێی ماددەی سی و حەوت لەم یاسایەدا پابەند دەبێت.

**سی وچوار : كونترول كردن:** كونترول كردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ زۆرینەی دەنگەكان دامەزراوی مەبەست، لە كۆبوونەوەكانی هەڵگری پشكەكان .

**سی وپێنج : سەركار:** كەسی ڕێپێدراو یان هەركەسێكی دیكە لە مۆڵەتەكەدا ناوی هاتبێ بۆ ئەوەی پڕۆسەكانی نەوت بەڕێوەببات.

**سی و شەش : حەشارگە:** پێكهاتەی بەردی ژێر زەوی كە نیشتنی سروشتی تاكی هەیە و سەربەخۆیە لەو هیدرۆكاربۆناتەی كە توانای بەرهەمهێنانی نەوتی هەیە كە بە سیستەمی پاڵەپەستۆی سروشتی یەكگرتوو جیادەكرێتەوە.

**سی و حەوت: بیر:** كون كردنی ڕووی زەوی، كە هەڵكۆڵین و بڕینی پێكهاتەكانی بەردی ژێر زەوی دەگرێتەوە، بەمەبەستی دۆزینەوە لەپێناو بەدواگەران یان بەرهەمهێنانی نەوت.

## بەشی دووەم

## (چوارچێوەی پیادەكردنی یاساكە)

### ماددەی دووەم:

یەكەم: حوكمەكانی ئەم یاسایە پیادەدەكرێ بەسەر:

1- پڕۆسەكانی نەوتی كە جێ بەجێ دەكرێت لەلایەن كۆمپانیاكانی گشتی یان تایبەتی عێراقی بێ یان بیانی.

2- هەموو چالاكیەكانی پەیوەستن بە پڕۆسەكانی نەوت.

دووەم: بە پێی حوكمەكانی ماددەی (115) و هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەمی (121)ی دەستووری فیدراڵی ، هیچ یاسایەكی فیدراڵی یان ڕێككەوتن یان گرێبەست یان یاداشتی لەیەك گەیشتن و هەر بەڵگەیەكی دیكەی فیدراڵی تایبەت بە پڕۆسەكانی نەوت جێبەجێ ناكرێت تاوەكو دەسەڵاتی تایبەتمەندی خۆی لە هەرێم دا ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێكردن نەدات.

## بەشی سێیەم

## (موڵكداریەتی نەوت و مافەكانی حكومەتی هەریم)

### ماددەی سێیەم:

یەكەم: موڵكداریەتی نەوت لە هەرێم دا، بەپێی ئەوەدایە كە لەماددەی (111)ی دەستووری

فیدراڵ دا هاتووه، حکومەتی هەرێم بەشی هەیە لە داهاتەکانی ئەو نەوتەی لە کێڵگەکانی بەرهەمهێن بەدەست دەهێنرێ پێش 2005/8/15 لەگەڵ بەشی گەلی عێراق بەگشتی و ئەم یاسایە و ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵی دەسازێ .

دووەم: حکومەتی هەرێم بەشی هەیە لە داهاتەکانی نەوتی کێڵگەکانی بەرهەمهێن دوای 2005/8/15 بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

سێیەم: حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دا بەشداری دەکات لە بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە کێڵگەکانی بەرهەمهێن پێش 2005/8/15 لە هەرێم دا بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەم لەماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵ دا.

چوارەم: حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی هەموو پرۆسەکانی نەوت دەگرێتە ئەستۆ، بە پێی ماددەی (115) وە بە خو گونجاندن لەگەڵ ماددەی (112) لە دەستووری فیدراڵدا، وەزیریش بۆی هەیە لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی ڕێگا بەلایەنی سێیەم بدا کە پرۆسەکانی نەوت جێبەجێ بکات لە پێناو زیادکردنی داهاتەکان لە سامانی نەوتی هەرێم دا.

پێنجەم: حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی بە بازار کردنی بەشی هەرێم کە لە نەوتی دەرهێنراو لە پرۆسەکانی نەوت لە خاڵی دابین کردن دا دەگرێتە ئەستۆ، و مافی ئەوەی هەیە مۆڵەتی بە بازار کردنی ئەو بەشەی بە لایەنی سێیەم بدات.

شەشەم: حکومەتی هەرێم بەشەکەی خۆی وەردەگرێت لە هەموو داهاتەکانی کە لە پرۆسەکانی نەوتی بە دەست دەکەوێت بۆ سوودی گەلی هەرێم بە پێی ماددەی پانزدەم لەم یاسایەدا و ماددەی (112) لە دەستووری فیدراڵ دا.

حەوتەم: بۆ هەر کەسێك هەیە لە خاڵی دابین کردنی مافی موڵکداریەتی نەوت بەدەست بێنێت بەشێوەیەکی قەتیسماوی.

**ماددەی چوارەم:** ئەنجومەنی هەرێمی بەم شێوەیەی خوارەوە پێك دە هێنرێت:-

1 - سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران - سەرۆك.

2- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران - جێگر.

3 - وەزیری سامانە سروشتییەکان - ئەندام.

4 – وەزیری دارایـــــــــــــــــــی وئابووری– ئـــــــــەندام.

5. – وەزیری پلان دانـــــــــــــــــــان– ئـــــــــەندام.

**ماددەی پێنجەم : ئەنجومەنی هەرێمی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

1– دانانی پرینسیپەکانی گشتی بۆ سیاسەتەکانی نەوت و پلانی بەدواگەران و پە رە پێدانی گێلگەکان لە هەرێم دا لەگەل هەموارکردنیان.

2– پێدانی رەزامەندی بۆ ئەو گرێبەستانەی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوتی.

3– دیـار کردنـی ئاسـتی بەرهـەمهێنان هـەرێم دا بەشـیوەیەك لەگـەل برگـەی دووەمـی مـاددەی (112)ی دەستووری فیدرالی بگونجێت.

## بەشی چوارەم
## ( ئەرکەکانی وەزارەت و وەزیر )

**ماددەی شەشەم**:وەزارەت یان رێپێدراوەکەی ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکـەم: رێکخسـتن و سەرپەرشـتیکردنی پرۆسـەکانی نـەوت، بەرپرسـیاریەتی وەزارەت ئەمانـە دەگرێتەوە، دارشتن ورێکخستنی وچاودێری کردنـی سیاسەتی پرۆسەکانی نـەوت، سەرباری رێکخسـتن و پـلان دانـان و پیـادەکردن و سەرپەرشـتی کـردن و پشـکنین و ووردبینـی بـۆ جێبەجێکردنی هـەموو پرۆسەکانی نـەوت کە لەلایـەن هـەموو ئـەو کەسـانەوە ئـەنجام دەدرێت، هەروەها هەموو چالاکیەکانی پەیوەست پێیەوە لەوانەش بەبازارکردنی نەوت.

دووەم: گفتوگــۆکردن وئەنجامــدانی رێککەوتننامــەکان وجێبــەجێکردنی هــەموو مۆڵەتــەکان لەوانەش ئەو گرێبەستە نەوتیانەی کە حکومەتی هەرێم ئەنجامی دابێت.

**ماددەی حەوتەوم**:بەپێی ئەم یاسایە وەزیر دەسەلات و ئەرکەکانی دەگرێتە ئەستۆ، وە ئەونەش دەگرێتەوە کە لەناو مۆڵەتەکانیش هاتووە لە پێناو هێنانەدی ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: مسۆگەرکردنی بەرێوەبردنی راست و رەوانی سامانەکان نەوتی.

دووەم: کـار کـردن لـە پێناومسۆگەرکردنی پەرەپێـدانی پیشەسـازی نـەوت بـەجۆرێك زیانـەکانی ژینگە کەم بکاتەوە، و گەشەپێدانی ئابووری بەردەوام مسۆگەر بکات و هانی وەبەرهێنان بـدات،

بەجۆرێك پەرەپێدانی پلانە دوورهاویێژەکان بۆ هەرێم لە خۆ بگرێ وە دەبێ هۆشمەندانە و لەگەڵ پێشکەوتووترین شێوازی پیشەسازی نەوتدا کۆك بێت.

## دەزگاو چالاکیەکانی پرۆسەی پالاوتن و پاشکۆکانی

**ماددەی هەشتەم:** وەزارەت ئەمانە دەگریتە ئەستۆ :

یەکەم: ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی هەموو دەزگاکانی بەکارهاتوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پرۆسەکانی نەوت دا، و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەکاردێن لە بەرهەمهێناندا وپالاوتن و گواستنەوە کە هێڵەکانی بۆڕیش ، وێستگەکانی دەمەوانە، وێستگەکانی پاڵدەر، وێستگەکانی پالەپەستۆکارەکان وە هەموو ئەو ئامیرانەی کە پێدەبەسترێتەوە، وەهەروەها دابەش کردن لەوانەش گشت سەنتەر و بینایەکان، بۆ چاککردنی ودۆزینەوە وبەرهەمهێنانی نەوت.

دووەم: ڕێکککخستن و سەرپەرشتی کردنی هەموو پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە پالاوتن و پاشکۆکانی کە پالاوتن و عەمبار کردن و گواستنەوەو دابەشکردنی هەموو بەرهەمی پترۆکیمیاوییەکان دەگرێتەوە.

سێیەم: پیشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست بۆ بەکارهێنانی دەزگاکانی لەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە بۆ حکومەتی فیدڕالی وە بۆ هەموو هەرێمەکان وپارێزگاکانی دیکەی بەرهەمهێن بە پێی ئەم یاسایە بۆ سوودی گەلی عێراق و لەگەڵ سیاسەتی فیدراڵی عێراقیدا بگونجێت کە حکومەتی فیدڕاڵی وحکومەتی هەرێم لەسەری کۆکن.

چوارەم:: دابین کردنی هەر هێڵێك بۆ تۆڕی بۆڕییەکان کە قەبارەی یەدەگی هەیە بۆ هەرکەسێك مامەڵەی یاسایی لەگەڵ چالاکییەکانی نەوت لە عێراقدا دەکات، وەزیر بۆی هەیە بەپێی مەرجەکانی کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە مۆڵەت بەوجۆرە توانایانە بدات .

## هاندانی وەبەرهێنان

**ماددەی نۆیەم:** وەزارەت ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: هاندانی کەرتی گشتی و تایبەتی بۆ وەبەرهێنانی پرۆسەکانی نەوت، بۆ مسۆگەرکردنی هێنانەدی بەڕێوەبردنێکی کاریگەر بۆ سامانەکانی نەوت لە هەرێم دا، بەجۆرێك بەرزترین داهاتەکانی نەوت لە خۆ بگرێ لە پێناو سوودی گەلی هەرێم وعێراقدا.

دووەم: هاندانی بنیاتنانی دەزگاکانی تازە تایبەت بە پرۆسەکانی پالاوتن و پاشکۆکانی،

لەوانـەش پالاوگـەو هێڵـی بۆڕیـەکان، هـەرکاتێك لـەتوانادابێ لەلایـەن کـەرتی تایبـەت یـان بەهاوبەشی کردنیان.

## بەشی پێنجەم
## ( دامەزراندنی کۆمپانیا گشتییەکان )

### کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت (KEPCO)

**ماددەی دەیەم:**

یەکەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت کە کۆمپانیایەکی گشتی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە وە سەربەخۆیە لە رووی دارایی و کارگێڕییەوە.

دووەم: سـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجومـەنی کـارگێڕی لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە دادەمـەزرێن دوای پەسندکردنی لەلایەن زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، بەمەرجێك دەبێ سەربەخۆ بن لە وەزارەت دا و پسپۆربن لە بواری نەوت یان تایبەتمەندی دیکەی هونەری یان کارگێڕیان هەبێ.

سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هـەموو ئەنـدامانی ئەنجومـەنی کـارگێڕی بـە(5) پێـنج سـاڵ دیـاری دەکرێت، بە پەسند کردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان نوێ دەکرێتەوە.

چوارەم: کۆمپانیا بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی بۆی هەیە:

أ- ڕکابەری کردن لەگەڵ کۆمپانیـای دیکـەوە بۆ بەدەست هێنـانی مۆڵـەتی ڕێپێدانی تایبـەت بـە کێڵگەکانی ئایندەوە.

ب- ئەنجامـدانی ڕێککەوتننامـەکانی هاوبەشـیکردن و هاوشـێوەکانی لـە ڕێککەوتنـەکانی کارکردن لە هەرێم دا یان لەناوچەکانی دیکەی عێراقدا یان لە دەرەوە.

ج- دامەزراندنی کۆمپانیاکانی بە کارخستنی سەربەخۆی بێت و بە مولکداریـەتی خـۆی بێت تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت کە پەیوەستە بەکێڵگەکانی ئایندەدا.

پێنجـەم: ئەنجومـەنی وەزیـران بـۆی هەیـە بـە پەسـندکردنی زۆرینـەی ڕەهـای ئەنـدامانی پەرلـەمان کۆمپانیاکە بکاتە کۆمپانیای پشکدار، پشکەکانی بخرێتە بەرچاوی هاوڵاتیانی عێراق.

## کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت (KNOC)

**ماددەی یازدەم:**

یەکەم: کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت دادەمەزرێ، کە کۆمپانیایەکی گشتی، خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە وە سەربەخۆیە لەبواری کارگێڕی و داراییەوە.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن دوای پەسند کردنی لەلایەن زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، بە مەرجێك دەبێ لە وەزارەت سەربەخۆ بن، پسپۆڕبن لە بواری نەوت یان تایبەتمەندی دیکەی هونەری و کارگێڕیان هەبێ.

سێیەم:ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی بە (5 ) پێنج ساڵ دیاری دەکرێت، بە پەسندکردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەتوانرێ نوێ بکرێتەوە.

چوارەم: بەڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی کۆمپانیا بۆی هەیە :

1- ڕکابەری لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە بکات بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی تایبەت بەبەڕێوەبردنی کێڵگەکانی ئێستا.

2-ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەی هاوبەشیکردن لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت کە شارەزاییان هەیە و ناودەنگیان باشە لە پرۆسەکانی نەوت دا، بۆ بەهێزکردنی بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی ئێستا بۆ بەدەست هێنانی پتری داهاتەکان بە خێرایی.

3- ڕکابەری کردن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی تایبەت بە کێڵگەکانی ئایندە و هەریەکەو بەپێی دۆخی تایبەتی خۆی.

## کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازارکردنی نەوت (KOMO)

**ماددەی دوازدەم:**

یەکەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازارکردنی نەوت دادەمەزرێ، وەکو کۆمپانیایەکی گشتی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە وە سەربەخۆیە لە بواری دارایی و کارگێڕیەوە.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن و دوای پەسند کردنی لەلایەن زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، بە مەرجێك دەبێ لە وەزارەت سەربەخۆ بن، پسپۆڕبن لە بواری نەوت یان تایبەتمەندی دیکەی هونەری و کارگێڕیان هەبێ.

سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی بە (5) پێنج ساڵ دیاری دەکرێن، بە پەسندکردنی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەتوانرێ نوێ بکرێتەوە.

چوارەم: کۆمپانیاهەلدەستێت بە بازارکردن یان ڕێکخستنی بە بازارکردنی نەوتی کە لە پرۆسەکانی نەوتی بەدیهاتووە، وە بۆی هەیە هەڵبستێت بە بازارکردنی بەشی بەڵێندەر لەم نەوتە بەپێی ڕێککەوتن لەگەلیان بەگویرەی گرێبەستی بەشداری کردنی بەرهەم .

## کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالاوتن و پاشکۆکانی (KODO)

**ماددەی سێزدەم:**

یەکەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالاوتن و پاشکۆکانی دادەمەزرێ، وەکو کۆمپانیایەکی گشتی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە وە سەربەخۆیە لە بواری دارایی و کارگێرییەوە.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دوای پەسند کردنی بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دادەمەزرێ، وسەربەخۆ دەبن لە وەزارەت، دەبێ پسپۆری نەوت بن یان تایبەتمەندیەکانی دیکەی هونەری و کارگێری گونجاویان هەبی.

سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری بە (5) پێنج ساڵ دیاری دەکرێت، بەپەسند کردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ نوێ بکرێتەوە.

چوارەم: کۆمپانیای (KODO) ئەمانە ئەنجام دەدات:

1-بەڕێوەبردنی هەموو دەزگاکانی میری تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت بەپێی برگەی یەکەم لە ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە وە کاردەکات بۆ دابین کردنی ئەم جۆرە دەزگایانە لەوانەش تۆڕە سەرەکییەکانی هێڵی بۆرییەکان بۆ هەر دامەزراویك پەیوەندی هەبێت بە کەرتی گشتی و تایبەتیەوە کە لە هەرێمدا کاردەکەن.

2- ڕکابەریکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەوە بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتەکان دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی ، وە مافی ئەوەی هەیە هەلبستێت بە کارەکانی بەگەڕخستنی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوتی وە ڕێککەوتنەکانی هاوبەشی کردن یان گرێبەستنی هاوشێوەی ئەنجام بدات ، چ لە هەرێم بێت و یان لە هەرێمەکان و پارێزگاکانی تردا.

3- بە هاوبەشی کردن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهان یان لەگەڵ کەرتی تایبەت لە پرۆسەکانی نەوتی تازەو بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی.

4- بەڕێگەدان بەلایەنی سێیەم بۆ بەڕێوەبردنی هەریەکێك لە دەزگاکانی و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی.

## ڕێکخستنی کۆمپانیا گشتیەکان

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم: وەزارەت ڕێکخستنی ئەم دەزگایانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:**

**1- کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمـــــــــــــــێنان (KEPCO).**

**2- کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نـــــــــــــــــــــــەوت (KNOC).**

**3- کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نـــــــــــــــــــــەوت (KOMO).**

**4- کۆمپانیای کوردســــتان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی (KODO).**

**دووەم: بـۆ ئەنجومـەنی کـارگێڕی هـەر کۆمپانیایـەکی ئامـاژە بـۆکراو لـە برگـەی/ یەکـەمی ئـەم ماددەیـە، پـەیڕەوێکی تایبـەت بـەخۆی دەربکـات، کـە هەیکـەل و ڕێکخسـتن و دەسـەڵاتەکانی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لە خۆی بگرێ.**

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە پێشنیاری دامەزراندنی کۆمپانیای دیکە بکات بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدان و بەرهـەمهێنانی نـەوت وپـاڵاوتن، هـەروەها خزمەتگوزاریـەکانی کـڕین و دابـین کـردن بـۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوت بە شێوەیەکی کاریگەر.**

## بەشی شەشەم

## ( بەڕێوەبردنی داهات و بەشە تایبەتیەکان )

## سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان(KOTO)

**ماددەی پازدەم:**

**یەکـەم: سـندوقی کوردسـتان بـۆ داهاتـە نەوتیـەکان دادەنـرێ، وکەسـایەتی مەعنـەوی هەیـە وە سەربەخۆیە لە بواری دارایی وکارگێڕی .**

**دووەم: ســەرۆك ئەنــدامانی ئەنجومــەنی کــارگێڕی لەلایــەن ئەنجومــەنی وەزیرانــەوە دوای پەسندکردنی لەلایەن زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دادەمەزرێن، بە مـەرجێك دەسـەڵات و بەرپرسیاریەتیان بە یاسا دیاری بکرێت.**

**سـێیەم: پێویسـتە وەزارەت هـەموو زانیاریـە داراییـە پێویسـتەکانی پەیوەسـت بـە مۆڵەتـەکان و گرێبەستەکان بە سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان (KOTO) بدات.**

چوارەم: بەپێی حوکمەکانی هەر دوو ماددەی (112) ، (115) ی دەستووری فیدراڵی و بەپێی حوکمەکانی کە لەم  یاسایە دا هاتووە، سندوق داهاتە بە دەست هاتووەکانی لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە کێڵگەکانی ئێستاو ئاینده لەجیاتی گەلی هەرێم وەردەگرێت.

پێنجەم: تاوەکو مەرجەکانی ئاماژەیان بۆ کراوە کە لە ماددەی نۆزدەمی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێن، سندوقەکە دوو حیسابی بە دەستەوە دەگرێ: یەکەمیان داهاتە بەدەست هاتووەکان لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەتن بە کێڵگەکانی ئیستا (حیسابی کێڵگەکانی ئێستا)، هی دیکە داهاتەکانی بەدەست هاتوو لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەتن بە کێڵگەکانی ئاینده (حیسابی کێڵگەکانی ئاینده)، هەردوو حیساب بەشێك لە داهاتی گشتی هەرێم پێکدێنن و دەکەوێتە ژێر چاودێری پەرلەمان.

شەشەم: حیسابی کێڵگەکانی ئێستاو حیسابی کێڵگەکانی ئاینده بۆ وردبینی سەربەخۆ ملکەچ دەبن، وە سەیرکردنی بۆ هاوولاتیان ڕەوایە. سندوقەکە بەرپرسیاریەتی خۆی بەپێی پرەنسیپ و پێوانەی تایبەتی بەدەستپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازیەکانی دەرهاتوو ئەنجام دەدات کە لە سەرچاوەی Extractive Industries Transparency Initiative (EITI) ئاداری 2005 داهاتووە.

**ماددەی شازدەم:**

ئەرکی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان بەپێی یاسا ڕێکدەخرێ، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ئەو داهاتانە و دابەشکردنیان بەپێی نوێترین پێوانەکانی نێو دەوڵەتی تایبەت بە شەفافیەت و بەرپرسیاریەتی.

**ماددەی حەڤدەم:**

کارەکانی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان لە ژێر چاودێری پەرلەمان دەبێت.

## بەشی حەوتەم

## ( هاوکاری کردنی حکومەتی فیدراڵی )

**ماددەی هەژدەم:**

بەپێی مەرجەکانی لە ماددەی نۆزدەم ئەم یاسایە دا هاتووە حکومەتی هەرێم ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو لەکێڵگەکانی ئێستای هەرێم دا وە بە شێوەیەکی هاوبەشدا.

دووەم: هاوکاری کردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ دانانی سیاسەتی ستراتیژی لە پێناو

پەرەپێدانی سامانی نەوت و گاز لە هەرێم دا وهاوسەنگ بێت لەگەڵ چالاکیەکانی نەوتی دیکەوە لە ولاتدا بە جۆرێك بەرزترین سوودی بۆ گەلی عێراق بێتە دی، بە پشت بەستن بەتازەترین تەکنەلۆژیاو پرەنسیپەکانی بازارو هاندانی وەبەرهێنان بەپێی ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵی.

سێیەم: هاوکاری کردن لەگەڵ (ئەنجومەنی فیدراڵی نەوت و گاز) کە بەپێی ڕککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دادەمەزرێ بۆ ئەوەی گرێبەستەکان ئەنجام بدرێن وە پێوانەکان ونموونەکانی گرێبەستەکان و مەرجەکانی بازرگانی دابڕێژرێت بۆ گفتوکو کردن لەگەل ئەو بەلێندەرانەی کە لە عێراقدا کاردەکەن.

چوارەم: ڕەزامەندی نواندن لەسەر دانانی هەموو داهاتەکانی لە پرۆسەکانی نەوت لە هەرێم دا بە دەست دەهێندرێن لە سندوقی گشتی داهاتە نەوتیەکانی تایبەت بە عێراقدا.

**ماددەی نۆزدەم:**

بنەمای هاوکاری وڕێککەوتن کە لەماددەی هەژدەمی ئەم یاسایە ئامارەی بۆ کراوە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەبێ:-

یەکەم: دانانی هەموو داهاتە نەوتیەکان لە هەموو عێراقدا بە دەست دەهێندرێ بە سندوقی گشتی داهاتە نەوتیەکان، بەمەرجێك لەلایەن دەستەیەکی هاوبەش و بەپێی ماددەکانی (106، 112، 121) لە دەستووری فیدراڵی دا بەڕێوە ببری و حیسابی ئەو سندوقە لە بانکێکی جیهانی بەناوبانگ هەڵگیرێ و حیسابێکی تایبەتی بەناوی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان بکرێتەوە، مانگانە بەشی هەرێمی کە لەسەری ڕێککەوتوون لێی دابنرێت، بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر دەسەلاتی ڕەهای حکومەتی هەرێم بەجۆرێك بە یاسایکی فیدراڵی بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێکبخرێ.

دووەم: پێویستە سەرلەنوێ هەیکەلی پیشەسازی نەوت لە عێراقدا دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گونجاوی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقی مسۆگەر بکرێت و هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت بکرێت بە جۆرێك لەگەڵ حوکمەکانی برگەی دووەم لە ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵی بگونجێت، بەجۆریك بەرزترین سوودی بۆ گەلی عێراق بە زووترین کات، ئەنجام بدات.

سێیەم: کێڵگەکانی ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیەوە بەیەکەوە بەڕێوە دەبرێ، بە جۆرێك حکومەتی هەرێم نوێنەرایەتیەکی گونجاویان لە ئەنجومەنی فیدراڵی نەوت و گازدا هەبێ و دەبێ هاوبەش بێ لەبەڕێوەبردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقی بە جۆرێك لەگەڵ ماددەی (105)ی دەستووری فیدراڵی دا بگونجێت.

چوارەم: پێویستە حكومەتی فیدراڵی، هیچ پرۆسەیەكی نەوتی تازە لەو ناوچانەی كە ناكۆكی لەسەر هەیە ئەنجام نەدات بەپێی ڕەزامەندی حكومەتی هەرێم، تاوەكو ڕیفراندۆمی گشتی بەپێی ماددەی (140)ی دەستووری فیدراڵی ساز دەكرێ .

پێنجەم: هەر چالاكیەك بە پێچەوانەی برگەی چوارەمی ئەم ماددەیە تایبەت بەپرۆسەكانی نەوت لەناوچەكانی ناكۆكی لەسەر هەیە ئەوەی بریاری گەڕاندنەوەی بۆ سەر هەرێم پێدراوە بەپێی ماددەی 140 لەدەستووری فیدڕالی دا ، مامەڵە لەگەڵ ئەو چالاكیانەدا لەبەر رۆشنایی حوكمەكانی ئەم یاسایەو ماددەی (112) یەكەمودووەم لەدەستووری فیدڕالی دا دەكرێ.

**ماددەی بیستەم:**

تاوەكو مەرجەكانی لە ماددەی نۆزدەمی ئەم یاسایە دا بەتەواوەتی جێبەجێدەكرێ، حكومەتی هەرێم مافەكانی بەپێ ی ماددەكانی 112، 115و برگەی سێیەم لە ماددەی (121)ی دەستووری فیدڕالی دا بەڕێوەدەبات، داهاتەكان لەلایەن سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتیەكان بەپێ ی ماددەی پازدە ئەم یاسایە وەردەگیرێ.

## بەشی هەشتەم

## (مۆڵەتەكان)

### دابەشكردنی زەوی و زار بۆ چەند پارچەیەك

**ماددەی بیست ویەك:**

بۆ مەبەستی ئەم یاسایە هەرێم دابەش دەكرێت یان هەندێ لەبەشەكانی بۆ چەند پارچەیەك لەزەوی، وهەرپارچەیەك بە سیستەمی ئەحداسیاتی چوارجای جیهانی (UTM) Universal Transverse Mercator وسیستەمی ئەحداسیاتی گۆیی (جوگرافی) دیاریدەكرێت.

### مۆڵەتی بەدواگەران

**ماددەی بیست ودوو:**

یەكەم: وەزیر بۆی هەیە لە دوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی هەرێمی مۆڵەتی بەدواگەران بۆ ناوچەیەكی دیاریكراو وە بۆ ماوەیكی دیاریكراو بۆ كەسێك یان كۆمەڵێ كەس بدات.

دووەم:

1- هەڵگری مۆڵەتی بەدواگەران مافی ئەوەی هەیە ڕووپێوكردنی جیۆلۆجی و جیۆفیزیایی و جیۆكیمیاویی ئەنجام بدات و هەروەها ڕووپێوكردنی جیوتەكتیكی لە چوارچێوەی ناوچە یكی دیاریكراو وە بۆ ماوەیكی دیاریكراو .

2- پێویسته کەسی ڕێپێدراوی خاوەن مۆڵەت ، کە ڕاپۆرتەکانی دەربارەی ئەو پێشکەوتنەی لە بەدواگەران بەدەستی هێناوە و ئەنجامەکانی پێشکەش بکات، لەگەڵ پاراستنی نهێنی ئەو زانیاریانە.
3- مۆڵەتی بەدواگەران مافی هەڵکەندن و هەر تایبەتکاریەکی زێدەی دیکە بە هەڵگرەکەی نادات بۆ ئەوەی ببێتە گرێبەستێکی نەوتی.
سێیەم:
1- هەڵگری مۆڵەتی بەدواگەران بۆی هەیە کوتایی بە مۆڵەتەکەی بهێنێ، بە مەرجێك بە نووسراو ئاگاداریەك پێشکەش بە وەزیر بکات دوای ئەوەی ئەو کەسە ڕێپێدراوە هەموو پابەندیەکانی لە چوارچێوەی مۆڵەتەکە جێبەجێ کردبێت.
2- وەزیر بۆی هەیە لە دوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی هەرێمی مۆڵەتەکە هەڵبووەشێنێتەوە دوای ئەوەی بە نوسراوئاگاداریەك ئاراستە هەڵگرەکەی بکات، ئەگەر بە مەرجەکانی مۆڵەتی بەدواگەران پابەند نەبوو بێت.

**ماددەی بیست وسێ:**
نابێ مۆڵەت بدرێت بە ناوچەیەك کە لەژێر گرێ بەستی نەوتی یان مۆڵەتی بەدواگەران دابێ، ئەگەر ئەو مۆڵەتە لەگەڵ مافەکانی کەسی ڕێپێدراو ناکوك بێت.

## دۆزینەوەو پەرەپێدان

**ماددەی بیست وچوار:**
یەکەم: وەزیر بۆی هەیە لە دوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی هەرێمی گرێبەستێکی نەوت بۆ دۆزینەوەو پەرەپێدانی ناوچەیەکی دیاری کراو ئەنجام بدات لەگەڵ کەسێك یان چەند کەسێك بەمەرجێك ئەو کەسانە ڕێککەوتننامەی بەگەڕخستنی هاوبەش ئەنجام بدات بەپێی ماددەی سی یەم لەم یاسایە دا، وە لەلایەن وەزیرەوە پەسەند کرابێت، و دەکرێ کەسێك یان کەسەکان، کۆمپانیای تایبەتی لە هەرێم دا یان لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا یان کۆمپانیای بیانی بچێتە پاڵیانەوە.
دووەم: گرێبەستنی نەوت پشت بە گرێبەستنی بەشدار کردنی بەرهەمهێنانەوە ببەستێ یان گرێبەستی دیکە کە وەزیر وایدادەنێ داهاتی پتر بۆ گەلی هەرێم بەدەست دێنن و لە ماوەی گونجاودا بەپێی ئەوەی لە بەشی دەیەمی ئەم یاسایە دا هاتووە.

سێیەم: بۆ ئەوەی کەسەکە لێهاتوو بێ بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی نەوت پێویستە:

1- توانای دارایی و زانیاری و توانایی و تەکنۆلۆژیایی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانی پرۆسەکانی نەوت لە ناوچەی گرێبەستەکە ئەنجام بدات، شارەزایی باشی بەدەست هێنابێت لەمیانەی جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوتی هاوشێوە وە بەڵگەی پشت پێ بەستووی بۆ سەلماندنی ئەوەش پێشکەش بکات.

2- پابەند بوون بە هاولاتیەتی و هاوبەرپرسیاریەتی باش و پابەندبوون بە (10) دە لە پرەنسیپیەکانی بەڵگەنامەی جیهانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 2000/7/26 دەرکراوە (The ten principles of the global com pact launched by the united nations on 26 JULY2000)

چوارەم:

1- گرێبەستنی نەوت مافێکی تایبەتی بۆ بەڵێندەر فەراهەم دەکات بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوت لە ناوچەی گرێ بەستەکە دا لەگەڵ سەرپێچی نەکردن لە ماددەی بیست وپێنجی ئەم یاسایە.

2- گرێ بەستنی نەوت، نەوتی خاو و گازی سروشتی و نەوتە خاوەکانی دیکە دەگرێتەوە.

پێنجەم: پێویستە بەلێندەر :

1-لەمیانەی (48)چل و هەشت کاتژمێردا لە حاڵەتی دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەی گرێبەستەکەدا، ئاگاداریەکی نووسراو ئاراستەی وەزیر بکات.

2- زانیاریەکانی تایبەت بە دۆزینەوەی نەوت بەو شێوازەی کەلە پیشەسازیەکانی نەوتدا پەیرەودەکرێت پێشکەشی وەزیری بکات.

شەشەم: گرێبەستی نەوت بەڵێندەر پابەند دەکات بە تەواوکردنی پرۆسەکانی نەوت بەپێی پرۆگرامەکانی کارو پلان و بودجەی پەسندکراو لەلایەن وەزیرەوە یان وەکو لە گرێبەستەکەدا هاتووە.

## مۆڵەتی ڕێپێدان

### ماددەی بیست وپێنج:

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە لە دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی مۆڵەتی ڕێبپێدان بە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بدات کە تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراو لەپێناو :

1–دامەزراندن و دانان و بەکارخستنی دەزگاکان و مەکینەو کەرستەکان.

2– جێبەجێ کارەکانی دیکە.

دووەم:

1– هەڵگری مۆڵەت بۆی هەیە کوتایی بە مۆڵەتەکەی بهێنێ بەمەرجێك بەنوسراو ئاگاداریکی پێشکەش بە وەزارەت بکات تێیدا روونی بکاتەوە کە ئەو هەموو پابەندییەکانی جێبەجێ کردووە، وە بروانامەی لەسەر جێ بەجێ کردنی کاری وەرگرتبێت .

2– ئەگەر هەڵگری مۆڵەت بە مەرجەکانی پابەند نەبێ، وەزیر بۆی هەیە دوای ئەوەی بە نوسراو ئاگادار کردنەوەیەکی ئاراستە دەکات مۆڵەتەکەی هەڵبووەشێنتەوە.

3– وەزیر بە نوسراوئاگاداریەکی تایبەت بە پابەند نەبوون یان کوتایی هێنانی مۆڵەت ئاراستەی هەر کەسێکی ڕێپێدراو دەکات کە دەتوانێ پرۆسەکانی نەوت لە نێو رووبەری پێیدراو بە پێی مۆڵەتەکەی جێبەجێ بکات.

سێیەم: وەزیر ئاگاداریەك ئاراستەی هەڵگری مۆڵەتەکان یان ئەو کەسانەی ڕێپێدراوی دیکەن کەلە نێو ئەو رووبەرەی پێیان دراوە دەکات، دەربارەی هەماهەنگی پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بەخۆیان.

چوارەم: گرێبەستی نەوت یان مۆڵەتی ڕێپێدان بۆ خەڵکانی دیکە، دابین کردنی پێداویستەکانیان لە ناوچەی گرێبەستە مسوگەر دەکات بەمەرج وتایبەتمەندی شیاودا.

## بانگێشەو بەخشینەکان

### ماددەی بیست و شەش:

یەکەم:

1– وەزیر بەڕاگەیاندنێکی گشتییەوە بانگێشە دەکات بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانی مۆڵەت.

2– وەزیر شێوازی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بۆ پێدانی مۆڵەتەکان هەڵدەبژێرێ ئەگەر بەرژەوەندی گشتی ئەوە بخوازێ.

دووەم:

1– لە داوایەکەدا ناوچەی گرێبەستو، کارە پێشنیارکراوەکانو پێوانەکانی کە پشتی پێدەبەسترێت لە پێشکەشکردنی داواکارییەکان دیاریدەکرێت، هەروەها ڕەسمەکانی کە لەگەڵ

داواییەکە دەدرێ دیاریدەکرێتو ڕێگاو ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داوایەکە روون دەکرێتەوە.

2- وەزارەت پابەندنییە بە پێدانی مۆڵەت بۆ ئەو کەسانەی کە داواکاریان پێشکەشکردووە، ئەگەر دەقی داواییەکە پێچەوانەی ئەوە نەبێ.

سێیەم: دەبێ داواکردنی مۆڵەت بەم مەرجانەی خوارەوە پابەند بێ:.

1- دابینکردنی ساغ و سەلامەتی وتەندروستی گشتیوروخسارکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی لە پرۆسەکانی نەوت کاردەکەن وەهەروەها بۆ هەموو ئەوانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە.

2- پاراستنی ژینگەو خۆپاراستن لە پیسبوونو کەمکردنەوەو چارەسەرکردنیو خۆپاراستن لەهەر زیانێکی ژینگە کە لە ئەنجامی پرۆسەکانی نەوتە وە دێتە ئاراوە.

3- هاولاتیانی هەرێم وناوچەکانی دیکەی عێراق بەرترین بۆ ڕاهێنانو دامەزراندن لە پرۆسەکانی نەوتی دا.

4- هاولاتیانی هەرێمو ناوچەکانی دیکەی عێراق بەرترین بۆ فەراهەمکردنی کالاو خزمەتگوزاریەکان.

چوارەم: وەزارەت هیچ مۆڵەتێکی تایبەتی بەناوچەیەك نادات، تەنیا دوای لەبەرچاوگرتنی هەموو داواکارییەکانی پێشکەشکراونو کە بەدەنگەوە هاتوون وبەداوایەکەوە پابەندبوون.

## بەشی نۆیەم

## (مافەکانو پابەندییەکانی کەسی ڕێپێدراو)

### ماددەی بیستو حەوت:

یەکەم: نەوت بەپێی ئەمانەی خوارەوە بەرهەمدەهێنرێ:-

1- گرتنەبەری باشترین شێواز بۆ مسۆگەرکردنی بەرزترین ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوت لەیەك پێکهاتەو یان بەیکەوە لە چەند پێکهاتەیەك.

2- پێویستە بەپێی باشترین شێوازەکانی لە پیشەسازیەکانی نەوتدا بێتو پەیرەوکردنی پرەنسیپەکانی ئابووری پشت پێ بەستراو وەکو لە ماددەی سی وحەوتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

3- زێدەڕۆیی لەبەکارهێنانی نەوتو ووزە لە حەشارگەیەکەوە قەدەغە بکرێ.

دووەم: کەسانی ڕێپێدراو پابەندن بەهەڵسەنگاندنی بەردەوامی ستراتیژیەتی بەرهەمهێنانی نەوتو، پەیرەوکردنی چارەسەرکردنی تەکنیکی هەنگاوەکانی پێویست لە پێناو هێنانەدی ئەو

ئامانجانەی لەبڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**ماددەی بیستو هەشت:**

یەکەم: بوونی مۆڵەتەکانی نەوتی بەرکار لەناوچەکەی گرێبەست دا فەراهەمکردنی مۆڵەتی دیکە قەدەغەناکات بۆ دۆزینەو وگەڕان بەدوای سامانی سروشتی دیکەی جگە لە نەوت بەمەرجێك ئەو چالاكیانە كۆسپ نەخاتە بەردەم کاری دروستی پرۆسەکانی نەوتو بایەخپێدانی.

دووەم: ئەگەر مافو پابەندیەکانی هەڵگری مۆڵەتەکانی لەبڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ناكۆك بوو،ئەنجوومەنی هەرێمی بۆی هەیە لایەنی باشتر پێشبخات لە ژێر ڕۆشنایی مەرجی دیاریکراو بەپێی ڕێنماییەکانی لێیەوە دەردەچن دەستنیشان بکرێ بەبێ ئەوەی قەرەبۆکانی لایەنەکەی دیکەوە فەراموش بکات کە لە ئەنجامی ئەوەوە سەری هەلدەدات .

**ماددەی بیستو نۆ:**

یەکەم:

1- کەسی ڕێپێدراوی هەڵگری مۆڵەت مافی بەکارهێنانی ئەمانەی خوارەوەی نیە:-

أ- هەر موڵكێكی گشتی بەبێ ڕەزامەندی لایەنەکانی پەیوەندیدار.

ب- هەر موڵكێكی تایبەت بە حکومەتی هەرێم بەبێ ڕەزامەندی لایەنەکانی پەیوەندیدار.

ج- هەر موڵكێكی تایبەتی بەبێ قەرەبووکردنەوەیەکی باش بۆ خاوەنەکەی.

2- مولكدار دەتوانێ مۆلکە جێگیرەکانی لەناوچەی مۆڵەت پێدراو بەکار بهێنێ بەمەرجێك تێکەلاوی لەگەل پرۆسەکانی نەوتی روو نەدات.

3- مۆڵەت چۆنیەتی بەکارهێنانی دامەزراوەکانی گشتی وسەرچاوە سروشتییەکان دیار دەکات، لەوانەش دار و چەولم وبەرد و ئاو.

4 - مۆڵەت کەسی ڕێپێدراو لە پابەندیەکانی لەبەرامبەر پەیرەو ویاساکانی بەرکار لە هەرێمدا نابورێ، تەنیا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیەکانی لایەنەکانی پەیوەندیدار سەبارەت بەوەوە.

دووەم:

1- دەبێ کەسی ڕێپێدراو قەرەبووی دادپەروەرانەو هۆشمەندانە لەکاتی پرۆسەکانی نەوت دا بکاتەوە، ئەگەر:.

أ- هەلسوکەوتی خراپی لەگەڵ موڵكەکانی خەڵكی دیکە کردو بووە هۆی زیان پێگەیاندنی.

ب- دەستدرێژیکردنی بەئەنقەست بۆ سەرچالاكییە ڕپێدراوەکان.

2- ئەگەر بەهای قازانجەکانی لە مۆڵەتەکەدا بەدەست هاتوون زیادی کرد، لەئەنجامی

ئەنجامدانی دەستڕێژەی کە لە بڕگەی دووەمی (1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەو قەرەبۆیەی کە پێویستە لەلایەن کەسی ڕێپێدراوەوە بدرێ، نابێ لەبڕی زیانەکە کەمتر بێت.

سێیەم: قەرەبووی دادپەروەرانەو شیاو بەپێی ئەم ماددەیە لەلایەن وەزارەتەوە دەخەملێندرێ، دوای بینینی هەموو نارەزاییەکانی لەلایەن هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدارەوە پێشکەشکراون، کەسی ڕێپێدراو مافی ئەوەی هەیە داوای ناوبژیوان بکات بەپێی بەندەکانی ناوبژیوانی، هەروەها ئەو کەسەی زیانی پێدەگات مافی ئەوەی هەیە پەنا بۆدادگای تایبەتمەند ببات لە هەرێم دا بۆ نارەزایی دەربرین لەسەر بڕیارەکانی قەرەبووکردن.

**ماددەی سییەم:**

لەدەقی مۆڵەتەکەدا هاتووە کە وەزیر ڕەزامەندی پێدان لە ئەستۆبکرێت کە بدات یان لە وانەی خوارەوە ئاگادار بکرێتەوە:

یەکەم: ڕێککەوتننامەکانی بەکارخستنی هاوبەشیو هەناردنە دەرەوەو ڕێکەوتنەکانی دیکەی تایبەت بەپرۆسەکانی نەوت جگەلە هەر گۆڕانکاریەکی ئەم ڕێکەوتننامانە.

دووەم: هەر گۆڕانکاریەکی بۆ کونترول کردنی کەسی ڕێپێدارو .

سێیەم: هەر ڕێپێدانێك چ گواستنەوە یان گۆڕینەوە، ڕەوانەکردن، نوێکردنەوەو لەیەکدانو بارمتەو هەر ڕەفتارێکی یاسایی دیکەی تایبەت بە مۆڵەتەکە.

**ماددەی سیویەك:**

ئەگەر لە مۆڵەتەکەدا لە کەسێك زیاتر هەبوو جگە لەکەسی ڕێپێدارو پابەندیو بەپرسیاریەتیەکانی هەموویان هاوبەرپرسیاریەتیە و هاوشانە لەچوارچێوەی مۆڵەتەکەدا چ بەشێوەیەکی هاوبەش یان تاك بێت.

**ماددەی سیودوو:**

یەکەم: هەرێم مافی ئەوەی هەیە خاوەنداریەتی هەموو بەیاناتو زانیاریەکان بکات، چ سەرەتاییو تێکەڵاو، چارەسەر لێکدانەوەیە یان شرۆڤەکردنی تایبەت بەنەوتو پرۆسەکانی نەوت لە هەرێم دا.

دووەم: لەگەڵ سەرپێچی نەکردن لە بڕگەی یەکەم لەم ماددەیەدا کەسانی ڕێپێدراوەکان دەتوانن ڕووپەرێك لە بەیاناتو زانیاریەکانی لە میانەی مۆڵەتەکەدا بەدەست هاتووە، بەکاری بێنیت بە مبەستی مۆڵەتەکە و بەشێك یان هەمووی وەکو لە مۆڵەتەکەدا هاتووە بەبێ ئەوەی مافی بەخاوەنبوونی ئەو بەیاناتانەی هەبێت لە کاتی هەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکەدا.

سێیەم:
ڕەوانە کردنی بەیانات و زانیاریەکانی بۆ دەرەوە کە لە ماوەی پرۆسەکانی نەوت بەدەستهاتوون، بەشێوەیەکی ئازاد لەلایەن کەسانی ڕێپێدراوەوە دوای ڕەزامەندی وەزیر، بەمەرجێك لەکاتی داواکردندا دانەیەکی ئەسڵی لە هەموو بەیانات و زانیاریە ئەلیکترۆنیەکان بە وەزیر بدرێ یان حاڵەتی کاکلەیی یان بەردەلانی و شلەمەنی فیزیکییەکان یان بەبەشێکیان کە بەکاردەهێنرێ و لە هەرێم دا بهێلدرێتەوە.

**ماددەی سی و سێ:**
پشکێنەری گشتی لە وەزارەت چاودێریکردنی کەسی ڕێپێدراو دەگرێتە ئەستۆ، کەسی ڕێپێدراویش دەبێ هەموو تۆمارەکانی لەلایەتی پێشکەشی بکات بۆ مەبەستی وردبینیکردن ئەگەر پێویستی کرد.

**ماددەی سی وچوار:**
یەکەم:
أ- وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە بەپێی مەرجەکانی تێیدا هاتووە وە ئاگاداری ئەنجوومەنی هەرێمی بکاتەوە .
ب- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت مافەکان و پابەندییەکانی لە مۆڵەتەکەدا هاتووە ناگۆڕێت کە تایبەتە بە قۆناغی دوای تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتەکە.
دووەم: ئەگەر مۆڵەتە دیاریکراوەکە بەپتر کەسێکی ڕێپێدراو درابێت وبارودۆخێك یان سەر لێشێوێنیك دروست بوو، بۆی هەیە وەزارەت هانبدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە، بۆ وەزیر هەیە مۆڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە یان مۆڵەتی ئەو کەسانەی هەڵیان کردووە یان کارێکیان کردبێ بووبێتە هۆی دروست بوونی ئەو بارودۆخە هەڵوەشێنێتەوە بە مەرجی کەسە ڕێپێدراوەکانی دیکەش بەو مەسەلەیە ئاگاداربکرێتەوە.
سێیەم: کاتێ وەزیر بریاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە دەدات بەپێی برگەی دووەم ئەم ماددەیە، هەرخۆی بەرژەوەندی ئەو کەسە ڕێپێدراوانەی کە مۆڵەتەکەیان هەڵوەشاوەتەوە دەگرێتە ئەستۆ کە بۆ هێنانە دی سوودە باڵاکانی گەلی کوردستان بەکاردێت.

**ماددەی سی وپێنج:**
یەکەم: دەبێ کەسی ڕێپێدراو زەمان وپشتگیری و بەرگری لە حکومەتی هەرێم بکات لە هەموو ئەو

داوایانەی لەلایەنەکانی دیکەوە بەرزدەکرێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی پرۆسەکانی نەوتیەوە پەیدادەبێ.

دووەم: کەسی ڕێپێدراو پێویستە ئینشورەنسی (insurance) پێویستی هەبێ بۆ داپۆشینی ئەگەری بەرپرسیاریەتیەکان بەپێی برگەی یەکەم لەم ماددەیەداو بەپێی ئەو برە پارانەی کە وەزارەت ناوە ناوە جەختی لەسەر دەکات.

**ماددەی سی وشەش:**

یەکەم: کەسی ڕێپێدراو هەموو ئەو شتانەی لە پرۆسەکانی نەوت لە ناوچەی گرێبەستەکە لاببات و پاکیان بکاتەوە لەو حاڵەتانەی خوارەوە:

1- کاتێ کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکە یان هەلوەشاندنی.

2- کاتێ پێویستی بەئەنجامدانی پرۆسەکانی نەوت نامێنێ.

دووەم: لەگەڵ سەرپێچی نەکردن بەهیچ بەرپرسیاریەتێکی سزایی پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە لە پرۆسەکانی نەوت بەبێ مۆڵەت بەشداریدەکات:-

1- هەرێم قەرەبوو بکاتەوەو بەنرخێکی یەکسان بەنرخی بازاڕی نەوت لەو برە دەرهێنراوەو بەرهەمهێنراوە یان هەناردراوە، لەگەڵ بژاردنی سوودەکانی دواکەوتن، بەمەرجێك نابێ لەڕێژەی یاسایی ئەو سوودانە ڕەت بێ کە وەزیر بڕیاری لەسەر دەدات.

2- دەبێ غەرامەکانی هەموو دامەزراو مەکینەو ئامێرەکانی لە پرۆسەکانی نەوت بەکار هاتوون یان غەرامەی لابردنیان بدات یان تێچووی لابردنیان بدات.

3- پاککردنەوەی ئەو پیسیەی لەئەنجامی پرۆسەکانی نەوت پەیدا بوون یان بژاردنی خەرجی ئەو پاککردنەوە بۆ هەرێم.

سێیەم: بەرپرسیاریەتیەکانی لە برگەی دووەم لەم ماددەیەدا هاتووە ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن لە پرۆسەکانی نەوت بەشێوەیەکی تاك یان کۆمەڵ دەیانگرێتەوە.

## بەشی دەیەم
## (گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان)
## مەرجەکانی گرێبەست

**ماددەی سی وحەوت:**

یەکەم: مەرجی گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان ئەمانەن:

1- ماوەی دۆزینەوەی (5) پێنج ساڵە بۆ دووماوە دابەشدەبێت یەکەم (3)سێ ساڵەو دووەم (2)دووساڵە،ودەکرێ بۆ (7) حەوت ساڵ درێژبکرێتەوە بەڕادەی کۆتایی.

2- تەنازولکردن (reliquishment) لە (25٪) بیست وپێنج لە سەدا لەناوچەی گرێبەستی

ئەسڵی دوای ماوەی دۆزینەوە و(25٪) بیست‌وپێنج لەسەدای دیکە لەناوچەکانی دیکە دوای هەر ماوەیکی درێژکردنەوە. ئەگەر ڕێژەی سەدای لەو تەنازولکردنانە بەشێك بێت لەهەر ناوچەیەکی دۆزراوە (discovery area) ئەم ڕێژانە کەمدەکرێتەوە تاوەکو ئەو ناوچەیە نەگرێتەوە. دەکرێ لەکۆتایی هەر ساڵێکدا لە ماوەی گرێبەستەکە بە ئارەزووی خۆی تەنازولبکرێ.

3 – پابەندبوون بەکارەکانی دۆزینەوە دەکرێ گفتوگۆی لەسەربکرێ، بەشێوەیەکی ئاسایی کڕین‌و لێکدانەوەی هەموو بەیاناتەکانی هەیە لە خۆ دەگرێ لەوانەش بەیاناتەکانی بوومەلەرزەی لەبەردەستدا هەیە و مەسحی بوومەلەرزەیی لەماوەی یەکەمی دۆزینەوە لەگەل هەڵکەندنی بیری دۆزینەوە لەماوەی دووەمی دۆزینەوە و هەڵکەندنی بیر لە هەر ساڵێك لە ساڵەکانی درێژکردنەوەدا.

4– پاش بەکۆتاهاتنی ماوەی دۆزینەوە، ماوەی پەرەپێدان دەست پێ دەکات ماوەکەی (20) بیست ساڵەو ئەگەر بەڵێندەر ماوەیەکی دیکەی ویست بەهەمان مەرجەکان‌و پێوانەکانی لە گرێبەستەکەدا جێگرە، درێژدەکرێتەوە بۆ ماوەی (5) پێنج ساڵی دیکەوە لەگەڵ بوونی توانا بۆ گفتوگۆکردن بۆ درێژکردنەوەی بۆ ماوەیەکی دیکەی تر.

5– ڕێژەی موڵکانە (Royalty) لە (10٪) دە لە سەدا کەمتر نابێ،و بەپێی ماددەی چلویەکەمی ئەم یاسایە دەدرێت.

6– خەرجیەکانی گەڕاوە لە بەرهەمهێناندا دادەشکێ، دوای داشکانی موڵکانە (ریع)و بەڕادەی زۆری ڕێژەی (45٪) چل‌وپێنج لە سەدا بۆ نەوتی خاو تێپەڕ نابێت‌و ڕێژەیەك لە سەدا شەست(60٪) لەگازی سروشتی تێپەڕناکات.

7.– بەشداریکردن لەبەرهەمهێناندا، لەو بەرهەمەی کەماوەتە دەکرێت دوای داشکاندنی ڕێژەی موڵکانەو خەرجیەکانی گەڕاوە کە ڕێگای پێدراوە بەپێی ئەو هاوکێشەیەی داهاتەکۆبۆوەکان‌و خەرجیەکۆبۆوەکانی نەوت لەبەرچاودەگرێ بەجۆرێك دەبێ قازانجی گونجاوی بەڵێندەر لەخۆی بگرێ.

8– دانی کرێی ساڵانە بۆ بانی زەویەکان لەماوەی قۆناغەکانی دۆزینەوە و پە رەپێداندا.

9– بەشداریکردنی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دۆزینەوەو پەرەپێدان‌و بەرهەمهێنان بەپێی مەرجەکانی لە گرێبەستەکەدا هاتووە.

10– پابەندبوون بەدانی ئەو بڕە پارانەی لەسەری ڕێکەوتن بۆ سندوقی ژینگە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم بۆ پاڵپشتی کردنی ژینگەی هەرێم بەکاربهێنێ بە قەتیسماوی .

11– مەرجەکانی مسۆگەر کردنی ساغ‌و سەلامەتی‌و تەندروستی‌و خۆشگوزەرانی‌و پاراستنی ژینگە، ڕاهێنان‌و ئامادەکردنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی

بەجۆرێك دەبێ لەگەڵ مەرجەكانی لە ماددەی بیستو شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بگونجێت.

دووەم: ئەگەر وەزیر وایدانا كە گرێبەستی نەوت مەترسییە بازرگانیەكان گەورەیە یان پێویستی بەپشتیوانی پارەی زۆرە لەسەرەتای وەبەرهێناندا، وەزیر بۆی هەیە لە دوای رەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی رێژەی موڵكانەی جێگیر لە بڕگەی یەكەمی (7) لەم ماددەیەدا كەمبكاتەوە،و بڕی خەرجی گەراوەو جێگیر لە بڕگەی یەكەمی (6) لەم ماددەیەدا بەپێی مەترسییەكان زیاد بكات.

سێیەم: ئەگەر وەزیر وایدانا كە گرێبەستی نەوت مەترسییە بازرگانیەكان كەمە، وەزیر بۆی هەیە لە دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجوومەنی هەرێمی رێژەی موڵكانە بۆ بەرزترین ئاست زیادبكات وەكو لە بڕگەی یەكەمی (7)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ورێژەی خەرجیەكانی گەڕاوە بەكەمترین ئاست كەمبكاتەوە وەكو لەبڕگەی یەكەمی (6)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

چوارەم: مەرجەكانی گرێبەست باشترین شێوازەكانی پیشەسازە نەوتیەكان لەخۆی دەگرێ، بەكارهێنانی شێوازەكان دەگرێتەوەو وەرگرتنی رێكارەكانی پەیرەوكراو لە پیشەسازە نەوتیەكانی جیهانی لەخۆ دەگرێ، لەلایەن بەكارهێنەرانی بەتوانا بەپێی مەرجو بارودۆخەكانی هاوشێوە بۆ پیادەكردنی تایبەتی بە پرۆسەكانی نەوت كە ئامانجی دابینكردنی:-

1- پاراستنی سامانە نەوتییەكان كە بەكارهێنانی هۆیەكانی پێویست بۆ زیادكردنی بەرهەمهێنانی هیدرۆكاربۆنات بەشێوەیەكی تەكنیكیو ئابووری باش لەخۆ دەگرێت لەگەڵ كۆنترۆڵكردنی لەیەك بەستراو لەنزمبوونی پەدەگیەكانو كەمكردنەوەی لێچوونی سەر رووی زەوی.

2- سەلامەتی لەكاركردن كە پێویست بەبەكارهێنانی رێگاكانو وەرگرتنی رێكارەكانی سەلامەتی پیشەیی بەهێزدەكاتو رووداوەكان كەمدەكاتەوە.

3- پاراستنی ژینگە كە پێویست بەوە دەكات رێگاكان و ئەو هەلسوكەوتانە بەكاربهێنن كە كارلیكردن لە پرۆسەكانی نەوت لەسەر ژینگە كەمدەكاتەوە.

**ماددەی سیوهەشت:**

یەكەم: لەگرێبەستی نەوت دا مەرجەكانی پەیرەوكراو دیاریدەكرێت كە پەیوەستە بەگازی سروشتی بەیاوەر و گازی سروستی بێ یاوەر، بەجۆرێك پەرەسەندنی گازی سروشتی لەهەرێم دا ئاساندەكات.

دووەم: ئەو مەرجانە هەندێ خاڵی تێدایە، زۆرترین سوودی لە بڕەكانی زیادە لەگازی سروشتی بەرهەمهێندراو مسۆگەر دەكات، وە چەند خاڵی دیكەش لە سووتانی گازی سروشتی كەمدەكاتەوەو بەپێی پێوانەكانی نێودەوڵەتی پەیرەوكراو لەو پیشەسازیەدا.

سێیەم: بەپێی گرێبەستی نەوت وەزیر ڕێگای هەڵسەنگاندنی گازی سروشتی دیاریدەکات بەپێی ڕێنماییەکانی تایبەتی بەجۆرێك دەبێ بەمەرجی بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی پەیڕەوکراو لەو پیشەسازیەدا بێ،و ئاستێکی بەرزی داهاتەکان بۆ گەل لە هەرێمو عێراقدا مسۆگەردەکات.

**ماددەی سی‌ونۆ:**

وەزارەت بۆی هەیە گرێبەستی خزمەتگوزارییەکان وبەڕێوەبردنی کێڵگەکان و دامەزراندنو دابین کردنو بنیاتنانو ڕاوێژکاریو هەرگرێبەستێکی دیکەی بۆ بەڕێوەبردنی سامانە نەوتییەکان لە هەرێم دا ئەنجام بدات بەشێوەیەکی کاریگەر، ئەو گرێبەستانە خاڵەکانی هاندان لەخۆی دەگرێ بۆ هاندانی بەڵێندەر بۆ ئەنجامدانی کارو تەواوکردنی بەماوەیەکی کەمو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە بەهایەکی بەرزی هەیە.

## سیستەمی باج

**ماددەی چلەم:**

یەکەم: بەڵێندەر و کەسی ڕێپێدراو وهەرکەسێك پەیوەندی بەپرۆسەکانی نەوت هەبێ پێویستە دانی باجی داسەپاو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بخەنە ئەستویان لەوانەش:

1- باجی ڕووی زەوی.

2- باجی دەرامەت.

3- باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان.

4- ڕەسمی گومرگو هەرباجێکی دیکەی هاوشێوە.

5- باجی قازانجەکانی لەناکاو یان باجی زێدە قازانجەکان.

6- هەر باجێکی دیکە وەردگیرێت یان دەدرێت وەك ڕەسمەکان بەپێی گرێبەستی نەوت.

دووەم: دەکرێ بەیاسا لە گرێبەستی نەوت دا لەباجدانی بەڵێندەر خۆشبن.

سێیەم: باجە داسەپاوەکان لەلایەن حکومەتی هەرێم، تەنیا ئەو باجانەن کەبەسەر پرۆسەکانی نەوت پیادە دەکرێ.

## مەرجەکانی دیکە

**ماددەی چل‌ویەك:**

یەکەم: هەژمار کردنی بڕە نەوتی تایبەتی بەموڵکانە بەپیادەکردنی ڕێژەی سەدی کە لە

گرێبەستەکەدا ئاماژەی پێکراوە جێبەجێ دەکرێت .

دووەم: وەزارەت بۆی هەیە لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی هەرێمی مۆڵکانەی عەینی یان بەکاش وەرگرێ، پێویستە مانگانە یان وەرزی بەپێی مەرجەکانی گرێبەست بدرێ.

سێیەم: وەرگرتنی بڕە پارەکانی لە مۆڵکانە پەیدادەبێ بەپێی نرخەکانی بازاڕی جیهانی نەوت دەبێ، لەحاڵەتی نەفرۆشتنی بۆ لایەنێکی سێیەمی بێلایەنەوە.

**ماددەی چل‌ودوو:**

: دەبی بەلێندەر فرۆشتن و گلدانەوەی هەر بڕە نەوتێکی خاو ئەنجام بدات کە وەزیر پێیوایە ئەو بڕانە پێویستە بۆجێ بەجێ کردنی پێداویستییەکانی ناوخۆیی، وە نرخی فرۆشتنی نەوتی خاو بەپێی گرێبەستەی بەرکار دیاری دەکرێت یان هاوشێوەی نرخی بازار ئەگەر گرێبەستەکە ئەوەی لە خۆ نەگرتبێت.

**ماددەی چل و سێ :**

نابێت وەزیر نوێنەرایەتی هەرێم بکات لەپشت بەستن بە پاراستەی حکومەت لە گرێبەستە نەوتییەکان ئەوەی پەیوەستە بە ڕێکارە یاسایەکان‌و جێبەجێکردنی حوکمەکانی بڕیارلێدراو.

## بەشی یازدەم

## ( هاوبەشیکردنی ناوخۆ )

**ماددەی چل‌وچوار:**

یەکەم: کەسی ڕێپێدراو پابەند دەبێت بەپێشخستن بۆ:

1- کۆمپانیاکانی ناوخۆو بەتوانا لە هەرێم‌و ناوچەکانی دیکەی عێراق بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

أ- کۆمپانیایەکی ڕاستەقینە بێت پەیوەندی نەبێت بە کەسێك کە خزمەتی گشتی لەئەستۆ بێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ.

ب- پێویستە توانا و لیهاتووی پێویستی هەبێت بۆ بەهێزکردنی پرۆسەکانی نەوت کە کەسی ڕێپێدراو جێبەجێی دەکات.

ج- ڕەزامەندی وەزیر بەدەست بێنێ بەپێی ڕێنماییەکانی لێیەوە دەرکراون.

2- دامەزراندنی کەسەکانی هەرێم‌و ناوچەکانی دیکەی عێراق، کە پێویستە ئەو کەسانە ئامادەکرابن‌و توانا و شارەزایی پێویستیان هەبێ بۆ جێبەجێکردنی کارەکە.

3- بۆ کڕینی بەرهەمەکانی ناوخۆو فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریەکان لەهەرێمو ناوچەکانی دیکەی عێراق لە حاڵەتی رکابەریکردنی لەگەڵ هی دیکەدا لەرووی نرخ و چۆنایەتی توانایی فەراهەمکردنی.

دووەم: وەزیر کەسی ڕێپێدراو کە هاوبەشی هەیە لە کۆمپانیاکانی ناوخۆ پێش خەڵکی دیکە دەخات.

**ماددەی چلو پێنج:**

یەکەم: کەسی ڕێپێدراو پێویستە پرۆگرامەکامی روون و ئاشکرا بۆ ڕاهێنانی کادیرەکانی ناوخۆ کە سەر بەخۆیانەوە ئامادەبکات کە دەتوانرێ لە هەرێمو ناوچەکانی دیکەی عێراق یان لەدەرەوە جێبەجێ بکرێ، لەوانەش بیعساتی خوێندنی بالاَ لە خۆی بگرێو پشتگیری داراییان لێ بکات.

دووەم: مۆڵەت ئەوە لەخۆ دەگرێ کە کەسی ڕێپێدراو پابەندبێت بەگەیاندنی زانیارییەکان بۆ هەرێم بەجۆرێك ئاسانکارییەکانی پێویست بۆکاری تەکنیکی لەهەرێم دا فەراهەم بکات لەوانەش لێکدانەوەی بەیانەکانی لەپرۆسەکانی نەوت دا بەدەست هاتوون.

**ماددەی چلوشەش:**

کەسی ڕێپێدراو نوسینگەیەکی لەهەرێم دا دەمەزرێنیت .

## بەشی دوانزەم
## یەکگرتن( Unicisation )
## یەککگرتنی حەشارگەکانی ناوهەرێم

**ماددەی چلوحەوت:**

یەکەم: وەزیر لە دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجوومەنی هەرێمی کاری یەککگرتنی حەشارگەك ئەگەر هەموویان لەهەرێم دا بن لە ئەستۆ دەگرێ ، بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی پەیڕەوکراو لە پیشەسازییەکانی نەوتدا.

دووەم: حەشارگە یەکدەخرێت ئەگەر بەشێکیان لە ناوچەی گرێبەست دابێ و بەشێکی لە ناوچەی گرێبەستێکی دیکەدا بێ بەپێی ئەوانەی خوارەوە:

1- وەزیر ئاگاداریەکی نووسراو ئاڕاستەی بەڵێندەرەکان دەکات بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی یەککگرتنی هاوبەش لەنێوانیاندا بۆ مسۆگەرکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە حەشارگەکەدا بەشێوەیەکی باش و کاریگەر.

2- ئەگەر مۆرکردنی ڕێکەوتننامە هاوبەشەکە لەماوەیەکی کاتی شیاودا لەوەرگرتنی ئاگادارکردنەوە نووسراوەکەدا جێبەجێ نەکرێ هەروەکوو لەبڕگەی دووەم (1) سەرەوەدا

هاتووه وەزیر بڕیاری یەکگرتنی حەشارگەکە دەدات.

3- لەکاتی ڕەزامەندی نەنواندنی بەبەڵێندەرەکان بۆبڕیاری وەزیر بۆیان هەیە پەنا بۆناو بڕێوان ببەن بەپێی خاڵەکانی لەماددەی پەنجای ئەم یاسایەدا هاتووە.

سێیەم: حەشارگەکە یەکدەگرێ ئەگەر بەشێکی لەناوچەی گرێبەست دابێت وە بەشێکی لە ناوچەیك بێت نەکەوێتە ناو هیچ گرێبەستێکی نەوتی دیکەوە بەپێی ئەوانەی خوارەوە:

1- وەزیر ئاگادارکردنەوەیەکی نووسراو ئاراستەی بەڵێندەر دەکات بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی یەکگرتنی هاوبەشدا لەگەڵیدا بۆ مسۆگەرکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لەحەشارگەکەوە بەشێوەیەکی باش وکاریگەر.

2- ئەگەر لەمیانەی کاتێکی شیاودا ڕێکەوتنیك ئەنجام نەدرا و دوای دەرکردنی ئاگادارکردنەوەی نووسراویش وەکو لە برگەی دووەم (1)ی سەرەوەدا هاتووە، وەزیر بڕیاری یەکگرتنی حەشارگەکە دەداو بەڵێندەریش بۆی هەیە لەکاتی ڕازینەبوونی بەبڕیاری وەزیر پەنا بۆ ناوبڕێوان یان ڕێکارەکانی لەگرێبەستی نەوتیدا هاتووە، ببات.

چوارەم: لەڕێککەوتننامەی یەکگرتندا بڕی ئەو نەوتەی لەوناوچەیەی کە ڕێکەوتننامەکە دەیگرێتەوە دیاریدەکرێن و هەروەها کارپێکەری بەرپرسی لەبەرهەمهێنانی نەوتدا لەناوچەی ڕێککەوتننامەکەدا دەستنیشان دەکرێ.

پێنجەم: وەزیر بڕیاری پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت لە حەشارگەکەوە دەدات دوای بڕیاردانی ڕێکەوتنی یەکگرتن و ڕەزامەندی لەسەردانی.

شەشەم: ڕەزامەندی وەزیر پێشتر وەردەگرێ بەر لە هەر گۆڕانکاریەك لە ڕێکەوتننامەی یەکگرتندا بکرێت.

### یەکگرتنی حەشارگەکان لەمیانەی سنووری هەرێم و ناو عێراقدا

**ماددەی چل و هەشت:**

یەکەم: وەزیر لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی هەرێمی یەکگرتنی حەشارگەکان دەگرێتە ئەستۆ ئەگەر لە سنووری هەرێم پەڕیەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق بەڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدڕالی دا، یان لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیداری دیکەوە بەمەرجێك سوودی زۆر بۆ گەلی هەرێم بەتایبەتی وعێراق بەگشتی بەدەستدێنێ، بەبەکارهێنانی تەکنیکی پرەنسیپەکانی بازاڕی پێشکەوتوو تر وهاندانی وەبەرهێنان بەپێی ماددەی 112 لە دەستووری فیدڕالی دا.

دووەم: ڕێککەوتننامە دەستنیشانی بەڕێوەبردنی حەشارگەکە دەدات کە لەلایەن دەستەیەکی هاوبەش نوێنەری حکومەتی هەرێمو حکومەتی فیدڕاڵی یان لایەنی دیکەی پەیوەندیدار لەخۆی دەگرێ.

سێیەم: لەکاتی نەگەیشتن بەڕێکەوتنی ئاماژەبۆکراو لەبڕگەی سەرەوە وەزیر لەگەڵ نوێنەری حکومەتی فیدڕاڵی یان لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار، بابەتەکە بۆ شارەزایان ڕەوانەدەکات کە لەلایەن هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدارەوە هەڵدەبـژێردرێ وە لەکاتی نەگەیشتن بەڕێکەوتن بەپێی دەستووری فیدڕالی مامەڵەی لەگەل دەکرێت.

## یەکگرتنی حەشارگەکان لەمیانەی سنووری نێودەوڵەتیەوە

**ماددەی چل و نۆ:**

حکومەتی هەرێم بەهەماهەنکی لەگەل حکومەتی فیدڕاڵی بە پێی حوکمەکانی دەستووری فیدڕالی یەکگرتنەوەی حەشارگەکان دەگرێتە ئەستۆ ئەگەر لەسنووری هەرێم پەڕیەوە بۆ سنووری یەکیك لە وڵاتە دراوسێییەکان بەڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی دراوسێی پەیوەندیدارو دەبێ سوودی تەواوو دادپەروەرانە بۆ هەردوو لاوە بەدەست بێندرێ بۆ پەرەپێدانی نەوت وپەسندکردنی لەلایەن پەرلمانی کوردستانەوە.

## بەشی سێزدەم

## ( چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان )

**ماددەی پەنجا:**

یەکەم:

1- وەزیر بۆی هەیە کار بکات بۆچارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییەکان کە دروست دەبن لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە پرۆسەکانی نەوت کار دەکەن و بریاری لەسەر بدات ، چ جای ئەو ناکۆکییانەی کە :

أ- لەنێوان کەسەکان خۆیان بن، ئەگەر ڕێککەوتننامەکانی لە نێوانیاندا ئەنجام درابوو، دەقی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی تێدا نەهاتبێ.

ب- یان ئەوەی پەیوەستە بەلایەنەکانی دیکە کە بەشدار نین (جگەلە حکومەتی هەرێم).

دووەم:

1- ئەگەر کێشەی پەیوەنددیدار بەلێکدانەوەو پیادەکردنی مەرجەکانی مۆڵەت یان هەردووکیان لەنێوان کەسی ڕێپێدارو وەزیر ڕوویدا، لایەنەکان هەوڵدەدەن کێشەکە لەڕێگەی گفتوگۆوە چارسەربکەن.

2- ئەگەر کێشەکە بەهۆی گفتوگۆوە چارەسەر نەکرا بۆ هەردوولا هەیە کێشەکە ببنە بەردەمی ناوبژیوان.

3- هەرناوبژیوانێك لەنێوان وەزیرو کەسی ڕێپێدراو بەپێی ڕێکەوتنی هەردوولاو بەپێی یەکێك لەو ڕێسایانەی خوارەوە:

أ- ڕێککەوتننامەی واشنتۆنی ساڵی 1965یان ڕێنماییەکان یان ڕێساکانی سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەبەرهێنان { international center for the settlements of investment} (Icsid) Disputes.لە نێوان دەوڵەتان و هاولاَتیانی دەوڵەتانی دیکەوە.

ب- ڕێساکانی بەمەبەستی زێدە ئاسانکاریداهاتووە بۆ(Icsid) کە لە 1978/9/27 پشتی پێ بەسترا لەلایەن ئەنجومەنی کارگێڕی (Icsid) لەنێوان دەوڵەتان و هاولاَتیانی دەوڵەتانی دیکەوە، کاتێ لایەنی بیانی پێداویستیەکانی لەماددەی (25)ی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن نایێنێتەدی.

ج- پەیڕەوکردنی ڕێساکانی ناوبژیوانی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بەیاسای بازرگانی جیهانی (UN CITRAD).

د- ڕێساکانی ناوبژیوانی پەیڕەوکراو لەدادگاکانی لەندەن بۆ ناوبژیوانی کردنی نێودەوڵەتی (LCIA).

هـ- پەیڕەوکردنی ڕێساکانی دیکەی دانپێدانراو (بەپێی ڕێکەوتنی لایەنەکانی ناکۆك لەسەر ڕێکارەکانی، لەوانەش ڕێگای دامەزکراندنی ناوبژیوانان و ئەو ماوەیەی کە پێویستە بڕیاری لێ دەربکرێ.

4- پابەندیەکانی وەزیر وکەسی ڕێپێدراو بەردەوام دەبێ بەپێی مۆڵەت کە تاوەکو هەرمەسەلەیەکی چارەسەرنەکراو و ڕەوانە کراوە بۆ ناوبژێکردن چارەسەردەکرێت.

## بەشی چوارەم

## (ڕاگەیاندن و بلاَوکراوەکان)

**ماددەی پەنجا ویەك:**

یەکەم: وەزیر ڕاگەیاندن دەگرێتە ئەستۆ سەبارەت بە:

1- بانگێشەکانی داواکردنی مۆڵەتەکان.

2- ئاگاداركردنەوەی پێدانی مۆڵەت و کوتایی پێهێنانی.
دووەم: پێویستە وەزیر بانگێشەکان بڵاوبکاتەوە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەپێی ڕێنماییەکانی لێیەوە دەرکراوەو لەمیانەی ئەنتەرنێت لە ماڵپەڕەی ئەلیکترۆنی سەربە وەزارەت.

ماددەی پەنجاو دوو:

یەکەم:

1- وەزیر بڵاوکردنەوەی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:.

أ- مۆڵەتەکانی ئێستای هەڵوەشێنراوەو هەموارکراو بە تیروتەسەلی.

ب- زانیارییەکانی پەیوەستە بەڕێککەوتنەکانی یەکگرتن.

2- هەر تاکێك لەماوەیەکی شیاودا لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داواکاریەکەی لەلایەن وەزیرەوە کورتەیەکی دەداتێ دەربارەی:

أ- مۆڵەتەکانی (هەموارەکانی ئێستا و هەڵوەشاوە)و ڕێککەوتننامەکانی یەکگرتن.

ب- پلانی پەرەسەندنی پەسندکراو.

ج- بریکاردان و مامەڵەکانی دیکە کە ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە بەپێی مەرجەکانی بازرگانی ڕێپێدراو.

د- پرۆسەکانی نەوت.

دووەم: وەزیر روون کردنەوەی هۆیەکانی ئەمانەی خوارەوە لە ماوەی دە ڕۆژ دەگرێتە ئەستۆ لە ڕۆژی پێشکەش کردنی داواکارییەکان:

1- پێدانی مۆڵەت دوای بانگێشەکردن.

2- پەسندکردنی پلانی پەرەپێدان بەپێی گرێبەستی نەوت.

3- وەرگرتنی هەر بڕیارێك یان هەر ڕەزامەندی دانێك پێویستە بەپێی مۆڵەت دیاری بکرێت.

سێیەم: پێویستە کۆمپانیاکان ڕاپۆرتەکانیان دەربارەی پابەندییان پێشکەش بکەن و بەپێی ئەم یاسایە و مەرجەکانی مۆڵەت و بەو شێوەیەو بە تیرەتەسەلی داواکراوە لەمۆڵەت داو وە بەپێی ڕێنماییەکان، وەزیریش بڵاوکردنەوەی دەگرێتە ئەستۆ
.

چوارەم: وەزیر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بەکەسە ڕێپێدراوەکان دەگرێتە ئەستۆ سەبارەت بە دانی پارەکانی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوتی بۆ حکومەتی هەرێم بەپێی یاسا.

پێنجەم: زانیاریەکانی بەدەستهاتوون بەپێی ئەم ماددەیە بۆ هەموو کەس ڕەوایە پاش دانی ڕەسمەکان کە بەپێی ڕێنماییەکان وەردەگیرێ.

## بەشی پازدەم
## (کاروبارەکانی ڕێکخستن)

**ماددەی پەنجاو سی:**

وەزیر دەرکردنی ڕێنماییەکان بەپێی ئەم یاسایە دەگرێتە ئەستوی سەبارەت بەم کاروبارانەی خوارەوە:.

یەکەم: دابەشکردنی ناوچەکان لە هەرێم دا.

دووەم: دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت.

سێیەم: بەکارهێنان ونوێرینی بەیانات، زانیارییەکان، تۆمارگە وڕاپۆرتەکان.

چوارەم: پێوان وفرۆشتن یان سەرفکردنی نەوت.

پێنجەم: تەندروستی ساغو سەلامەتی پیشەیی.

شەشەم: خۆپاراستن و پاراستنی ژینگە.

حەوتەم: بەڕێوەبردنی سامانەکان.

هەشتەم: بیناکان و دامەزراوەکان وئامێرەکان.

نۆیەم: پرۆسەکانی پاککردنەوەو ئامرازی چارەسەرکردنی دیکەی گونجاو بۆ لابردنی کاریگەریەکان کە لە بڵاوبوونەوەی نەوت پەیدادەبێت.

دەیەم: وازلێنان و کوتایی پێهێنانی پرۆسەکان.

یازدەم: پرۆگرامەکانی کاروبودجە.

دوازدەم: وردبینی کردنی ژمێریاری و تۆمارەکانی کەسی ڕێپێدراو.

سێزدەم: ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان لەلایەن کەسانی ڕێپێدراوە وە دەربارەی ڕادەی پەیرەوکردنی پابەندەکانیان کەلە یاساو مۆڵەتەکان دا هاتوون کە ئەمانە لە خودەگرێت:

1- ڕاهێنان ودامەزراندنی هاوڵاتیانی هەرێمو هاوڵاتیانی دیکەی عێراق.

2- کڕینی کاڵاو دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان لە هەرێم وناوچەکانی دیکەی عێراق.

3- تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی.

4- خۆپاراستن و پاراستنی ژینگە.

**ماددەی پەنجاو چوار:**

یەکەم: گشت گرێبەستە تایبەتییەکان بە بەشداریکردنی بەرهەمهێنان ئەوانەی حکومەتی هەرێم

پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە مۆری کردوە دەکەوێتە ژێر چاو پێخشاندنەوەی ئەنجوومەنی هەرێمی تا لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە بگونجێت، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو بارودوخە مەوزعیانەی کە تیایدا ئەو گرێبەستانە مۆر کراون، بریارەکانیش کوتایین وشایەنی بڵاوکردنەوەیە.

دووەم: گشت مۆڵەت و یاداشتەکانی لێك گەیشتن پەیوەست بە نەوت وگاز کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مۆرکراون پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، بە هەلوەشاوە دادەنرێت، ئەگەر ئەنجوومەنی هەرێمی رەزامەندی لەسەر نەدات.

## بەشی شازدەم
## ( حوکمەکانی سەرپێچی کردنی پابەندییەکان )

### ماددەی پەنجا وپێنج:

یەکەم: کار پێسپێردراوی گشتی یان منداڵەکانی یان خێزانەکانیوە هەر کەسێك لەبەرژەوەندی ئەو کاربکات قەدەغەیە ئەم شتانەی خوارەوە بەدەست بێنێ:

1- هەر سوودیكو تایبەتیەك، چ ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە مۆڵەتە کەدا.

2- هەربەشێك لە کۆمپانیا (یان لقەکانی) کە خاوەن مۆڵەتە چ ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ تەنیا ئەگەر کۆمپانیا بەشەفافیەت بەتایبەتی کرابێ.

دووەم: وەزیر ڕێنماییەکانی تایبەتی دەردەکات کە هەر فەرمانبەرێکی گشتی لە وەزارەت دا پێویستە بەیاناتێك پێشکەش بکات ومولکەکانی بەدیاربخاتو ئەو بەیاناتانە سەبارەت بەو کەسانەی کە پلەی فەرمانبەریەتیەکەیان تایبەتە ڕادەگەێنرێ.

### ماددەی پەنجاوشەش :

یەکەم :دەرهەق بەکەسی ڕێپێدراو ڕێکارەکانی ئاماژەی بۆ کراوە لەبڕگەی دووەم لەم مادەیەدا وەردەگیرێ ئەگەر:

1- سەرپێچی کرد لە یاساکانی هەرێم پەیوەست بە نەمانی گەندەڵی.

2- کۆسپی خستەبەردەم کارەکانی پشکێنەری گشتی بەشێویەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆو بەهەرهۆکارێك بێت.

3-هەلسان بە یان بەشداریکردن لە پێشکەشکردنی داواکاری یان هەر ڕاپۆرتێکی فەرمی یان بەڵێنی نوسراو پێشکەشکرد بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زانیاری درۆ یان دەسخەڵەتداتن لەخۆی گرتبێ بەشێوەیەکی ئەنقەست بێ یان بێ ئەنقەست بێ.

4- بەدەستی هێنا یان کڕینو فرۆشتن یان وەرگرتن یان مامەڵەی بەزانیاریو بەیانەکان کرد کە مۆڵکی هەرێمە وەهەروەکو لەماددەی سیودووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە کە لە چوارچێوەی مۆڵەت نەبێت یان بەرێپێدانی وەزیر نەبێ.

دووەم: ئەگەر سەلمێنرا بۆ وەزیر کە کەسی ڕێپێدراو یەکێك لەو کارانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ئەنجامی داوە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەرهەقی وەردەگیرێ سەرەرای هەلسوکەوتەکانی جەزایی:

1- مۆڵەتەکەی چ هەمووی یان بەشێکی هەڵدەوەشێتەوە.

2- بێ بەری دەبێ لە بەشدار کردن لەکەمکردنەوەو مەزادکردنی پەیوەست بە پرۆسەکانی نەوت و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە مۆڵەتەکانو دابین کردنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان.

3- بێ بەری دەکرێ لە کارەکانی بیناکردن لەو حاڵەتانەی کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتییەوە.

4- بێ بەری دەکرێ لە ئەنجامدانی چالاکیەکانی پەیوەست بەپرۆسەکانی نەوت بۆ ماوەی کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت.

5- بلاوکردنەوەی درێژەی تایبەت بەو کارانە.

## بەشی حەڤدەم

## ( حوکمەکانی گواستراوەو دوایی )

### ماددەی پەنجا وحەوت:

بەکارهێنانی رێژەیەك لە داهاتە نەوتییەکان بۆ پاراستنی مافەکانی نەوەکانی داهاتوو و داراکردنی پرۆژە ستراتیژیەکان و پشتگیری کردنی ژینگە وخێزانی شەهیدان و پشتگیری پێداویستییەکانی پێویست بۆ هاولاتیانی کوردستان بە جۆرێك دادپەروەری لە نێوان پێکهاتەکانی نەتەوەیی وئایینی بێنێتەدی ئەوەش بە یاسا رێك بخری.

### ماددەی پەنجا و هەشت:

حکومەتی هەرێم بنیاتنانەوەی ئەو ناوچانەی کە پرۆسەکانی نەوتی تێدا ئەنجام دەدرێت لەبەر چاو دەگرێت و پشتگیری ئەنجومەنەکانی ناخۆیی وشارەوانی ئەم ناوچانە دەکات و خاوەن زەوییەکان قەربوو دەکات بەپێی یاسا بە جۆرێك دادپەروەری بێنێتەدی. .

### ماددەی پەنجا ونۆ:

یەکەم: کاربەهیچ دەقێکی یاسایی یان بریاریك ناکرێ گەر لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایە کۆك

نەبێت.

دووەم: حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (4)ی ساڵی 2006 بەسەر پرۆسەکانی نەوت دا جێبەجێ ناکرێت.

**ماددەی شەست:**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆجێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنی.

**ماددەی شەست و یەک** :ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ وە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**عەدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**هۆیەکانی دەرکردنی**

لەپێناو پەرەسەندنی سامانی نەوت لەهەرێمی کوردستان بەجۆرێك بەرزترین سوود بۆ گەلی کوردستان و گەلی عێراق بەگشتی بێنێتەدی، بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی پرەنسیپەکانی بازاری پێشکەوتووتر، وهاندانی وەبەرهێنان لەگەڵ حوکمەکانی ماددەی 111، 112، 115 لە دەستووری فیدراڵیدا بگونجێت، بۆئەوەی بەرزترین ئاستی شەفافیەت و بەرپرسیاریەتی و دادپەروەری لەکەرتی نەوتدا بەهێزو مسۆگەر بکات، ولە پێناو مسۆگەرکردنی لەکەرتی نەوتدا بەهێزو مسۆگەربکات، ولە پێناو مسۆگەرکردنی بەشەکانی دادپەروەرانە بۆ گەلی کوردستان و بۆ پشتگیری کردنی نەوەکانی داهاتوو وئەوانەی لە ژێر سێبەری سیاسەتەکانی داپلۆسێنەری رژێمی بەسەرچووی عێراق ئازاریان چێشت ولە پێناو پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، دەربارەی بەرێوەبردنی نەوت و گاز کە دابەشکردنی دادپەروەرانە بۆ داهاتەکانی نەوت مسۆگەر دەکات وەکو لەدەستووری فیدراڵیدا هاتووە، لەبەرهەموو ئەو هۆیانە ئەم یاسایە دانرا.

جمهورية العراق
المحكمة الاتحادية العليا

كۆماری عیراق
دادگای باڵای ئیتیحادی

العدد: ٥٩/اتحادية/ ٢٠١٢ وموحدتها ١١٠/اتحادية/٢٠١٩

تشكلت المحكمة الاتحادية العليا بتأريخ ٢٠٢٢/٢/١٥ برئاسة القاضي السيد جاسم محمد عبود وعضوية القضاة السادة سمير عباس محمد وغالب عامر شنين وحيد جابر عبد وحيدر علي نوري وخلف احمد رجب وايوب عباس صالح وعبد الرحمن سليمان علي وديار محمد علي المأذونين بالقضاء باسم الشعب وأصدرت قرارها الآتي:

<u>المدعي في الدعوى (٥٩/اتحادية/٢٠١٢)</u>: وزير النفط الاتحادي/ إضافة لوظيفته ـــ وكلاؤه الموظفون الحقوقيون عماد حبيب حمود وهاشم عبد الرضا قاسم وهديل غازي عبد الرزاق وعزيز عبد العزيز صادق و د. علي عبد الرزاق علي.

<u>المدعي في الدعوى (١١٠/اتحادية/٢٠١٩)</u>: علي شداد فارس (عضو مجلس محافظة البصرة) وكيلاه المحاميان محمد مجيد رسن الساعدي واحمد مازن مكية.

<u>المدعى عليهما</u>: ١. وزير الثروات الطبيعية في إقليم كردستان/ إضافة لوظيفته وكيلاه المحامي رشدي خالص محمد والحقوقيان مهدي صالح عبد الرحمن ولاوند دلاور احمد.

٢. رئيس برلمان إقليم كردستان/ إضافة لوظيفته ـ وكيلاه المستشار القانوني وريا سعدي احمد ود. وعدي سليمان المزوري.

<u>الاشخاص الثالثة للاستيضاح:</u>

١. رئيس مجلس الوزراء الاتحادي/ إضافة لوظيفته ـ وكيله المستشار القانوني حيدر لصوفي.
٢. وزير المالية الاتحادي/ إضافة لوظيفته ـ وكيلاه الموظفان الحقوقيان خلود حسين عباس ويحيى صالح مهدي.
٣. رئيس وزراء إقليم كردستان/ إضافة لوظيفته ـ وكيلاه المحامي رشدي خالص محمد والموظف الحقوقي صالح مهدي عبد الرحمن.

الرئيس
جاسم محمد عبود

١

العدد: ٥٩/اتحادية/ ٢٠١٢ وموحدتها ١١٠/اتحادية/٢٠١٩

**الادعاء:**

ادعى المدعي في الدعوى المرقمة (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) بواسطة وكيلاه بأن المدعى عليه (وزير الثروات الطبيعية في إقليم كوردستان/ إضافة لوظيفته) أمتنع عن تسليم النفط الخام المنتج من الإقليم إلى الحكومة الاتحادية بالإضافة إلى قيامه بتصدير النفط الخام المنتج إلى خارج العراق دون موافقة الحكومة المركزية مخالفاً بذلك أحكام الدستور والقوانين والتشريعات ذات الصلة وكما يلي: ١. المادة (١١١) من الدستور نصت على النفط والغاز هو ملك كل الشعب العراقي في كل الأقاليم والمحافظات وإن تصدير النفط بقرار من الإقليم دون الرجوع إلى الحكومة الاتحادية يعتبر مخالفاً لأحكام هذه المادة حيث أن ذلك أدى إلى استئثار الإقليم بإيرادات النفط المنتج من الإقليم وحرمان بقية المحافظات منه. ٢. المادة (١١٢/أولاً) من الدستور نصت على "تقوم الحكومة الاتحادية بإدارة النفط والغاز المستخرج من الحقول الحالية مع حكومات الأقاليم والمحافظات المنتجة، على أن توزع وارداتها بشكل منصف يتناسب مع التوزيع السكاني في جميع أنحاء البلاد، مع تحديد حصة لمدة محددة للأقاليم المتضررة، والتي حرمت منها بصورة مجحفة من قبل النظام السابق، والتي تضررت بعد ذلك، بما يؤمن التنمية المتوازنة للمناطق المختلفة من البلاد وينظم ذلك بقانون" وحيث أن هذا النص لم يمنح الإقليم حق إدارة النفط والغاز وأوكل إلى الحكومة الاتحادية حصراً مهمة توزيع الواردات كما اشترط في موضوع الإدارة المشتركة أن ينظم ذلك بقانون وهو ما أكدته المحكمة الاتحادية العليا بموجب القرار المرقم (٨/اتحادية/٢٠١٢) والذي أشار إلى أن شرط الإدارة المشتركة موقوف حالياً إلى حين تشريع القانون الخاص بذلك. ٣. المادة (١١٢/ ثانياً) من الدستور نصت على " تقوم الحكومة الاتحادية وحكومات الأقاليم والمحافظات المنتجة معاً برسم السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز، بما يحقق أعلى منفعة للشعب العراقي، معتمدة احدث تقنيات مبادئ السوق وتشجيع الاستثمار" وهذا يعني أن للإقليم أن يشترك مع الحكومة

الرئيس

جاسم محمد عبود




Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad

Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩

E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com

PO.BOX: ٥٥٥٦٦

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد

هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩

البريد الالكتروني

ص . ب –٥٥٥٦٦

الاتحادية برسم السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز على سبيل الحصر وهذا ما أكدته المحكمة في قرارها آنف الذكر. ٤. الفقرة (ب/ اولاً) من المادة (١) من قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق رقم (٢٢ لسنة ٢٠١٢) نصت على الإيرادات الناجمة عن تصدير النفط الخام وتحديد الكميات التي تصدر يومياً والبالغة (٢,٦٠٠,٠٠٠) مليونان وستمائة إلف برميل يومياً بضمنها (١٧٥,٠٠٠) مائة وخمسة وسبعون الف برميل يومياً عن كميات النفط الخام المنتج في إقليم كردستان" وبذلك فإن المادة المذكورة آنفاً ألزمت وزارة النفط بإنتاج وتصدير النفط الخام لرفد الموازنة العامة للدولة بالإيرادات اللازمة لسير وديمومة الحياة الاقتصادية والسياسية والاجتماعية، لذا فإن امتناع المدعى عليه يعتبر مخالفاً لنص القانون وإضراراً بالاقتصاد الوطني. ٥. المادة (٥/ اولاً) من قانون تنظيم وزارة النفط رقم (١٠١ لسنة ١٩٧٦) النافذ بموجب أحكام المادة (١٣٠) من الدستور نصت على (تتولى وزارة النفط، إدارة قطاع النفط، ويعبر عنه بالقطاع لأغراض هذا القانون، ويختص بممارسة عمليات استكشاف وحفر واستخراج النفط والغاز، وعمليات التصفية وصناعة الغاز، بالإضافة إلى نقل وتسويق النفط الخام والغاز ومنتجاتهما، وتشييد المشاريع النفطية، واستيراد المستلزمات المتخصصة بالقطاع) وبناءً على ذلك يعتبر تصرف المدعى عليه مخالفاً لأحكام ونص المادة آنفاً. ولما تقدم وعملاً بأحكام المادة (٩٣) من الدستور طلب المدعي إضافة لوظيفته من المحكمة الاتحادية العليا دعوة المدعى عليه للمرافعة والحكم بإلزامه بتنفيذ وتطبيق ما جاء بأحكام الدستور والقوانين النافذة ذات الصلة، وتسليم كامل الإنتاج النفطي المنتج في الإقليم إلى وزارة النفط الاتحادية وتحميله كافة الرسوم والمصاريف وأتعاب المحاماة. سجلت الدعوى لدى هذه المحكمة بالعدد (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) وتم استيفاء الرسم القانوني عنها وفقاً لأحكام المادة (١/ ثالثاً) من النظام الداخلي آنفاً وتبلغ المدعى عليه إضافة لوظيفته بعريضتها ومستنداتها فأجاب وكيلاه باللائحة الجوابية المؤرخة ٢٠١٨/٤/٩ بأن دعوى المدعي لا سند لها

الرئيس
جاسم محمد عبود



المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

من الدستور وذلك للأسباب التالية: اولاً: إن إدارة النفط والغاز لم تعد من ضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية كما كانت سابقاً من اختصاصات الحكومة المركزية في ظل الأنظمة السابقة، كما لم تعد كما كانت في ظل قانون إدارة الدولة للمرحلة الانتقالية لسنة ٢٠٠٤ والذي اعتبر (إدارة الثروات الطبيعية) من ضمن الاختصاصات الحصرية للحكومة العراقية الانتقالية بموجب المادة (الخامسة والعشرون/هـ) حيث باتت المادة الخامسة والعشرون من قانون إدارة الدولة المصدر التاريخي للمادة (١١٠) من الدستور المبينة للاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية بعد أن تم استبعاد (الفقرة/ هـ) حيث نقلت الاختصاصات الواردة في (المادة الخامسة والعشرون) المنوه عنها في المادة (١١٠) من الدستور شكلاً وموضوعاً. ثانياً: إن القصد من المادة (١١١) من الدستور هو مفهومها السياسي أكثر من المفهوم القانوني ولم تكن مادة تنظيمية لإدارة شؤون النفط والغاز، وأن ما يراد منها هو عدم استئثار السلطات الحكومية بموارد النفط والغاز تبذيراً وانفاقاً في غير مصلحة شعب العراق. وإن أي تفسير آخر لها سيؤدي الى التناقض مع صراحة المواد الدستورية (١١٠) و(١١٢) و(١١٥) التي تناولت توزيع الاختصاصات بين السلطات الاتحادية والاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم. ثالثاً: إن الاقليم لم يكن يمتلك عند تاريخ نفاذ الدستور وتأسيسه أية حقول من المسماة بالحقول الحالية، وإن الحقول المنتجة في الاقليم كانت بعد تأسيس الدستور بعدة سنوات، إلا أن المدعي في صيغة تناوله للمادة (١١٢) من الدستور باعتبارها إحدى الأسانيد الدستورية التي أسس عليها دعواه قد تجاهل التمييز والفرز بين الحقول الحالية والمستقبلية فساواهما في الحكم والآثار والنتيجة. واعتبر تسمية الحقول بـ(الحالية) تشمل جميع الحقول بما فيها الحقول المستقبلية التي تواجدت بعد تاريخ تأسيس الدستور، وإن المقصود بالحقول (الحالية) هي الحقول التي بلغ الاستخراج فيها مرحلة الانتاج التجاري بتاريخ نفاذ الدستور في (٢٠/٥/٢٠٠٦) فتكون مشمولة بحكم المادة (١١٢/اولاً) وتكون إدارتها مشتركة وتقع ضمن

الرئيس
جاسم محمد عبود



Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

الاختصاصات المشتركة ومحكومة بعجز المادة (١١٥) من الدستور ونصها: (... والصلاحيات الاخرى المشتركة بين الحكومة الاتحادية والاقاليم، وتكون الاولوية فيها لقانون الاقليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم في حالة الخلاف بينهما) وحيث أن اقليم كردستان بتاريخ نفاذ الدستور في (٢٠/٥/٢٠٠٦) لم تكن له أية حقول للنفط والغاز منتجة وأن ما هو موجود من حقول وصل الاستخراج فيها مرحلة الانتاج بعد تاريخ نفاذ الدستور بعدة سنوات مما يعني عدم شمولها بالفقرة (أولاً) من المادة (١١٢) من الدستور وتعتبر من الحقول المستقبلية ومحكومة بصدر المادة (١١٥) من الدستور. رابعاً: إن قانون تنظيم وزارة النفط رقم (١٠١ لسنة ١٩٧٦) لا ينفذ في حق الاقليم للأسباب التالية: ١. إنه قانون تنظيمي لشؤون وزارة تم تشريعه على أساس نظام مركزي مخالف لمبادئ الفيدرالية التي أتى بها الدستور ولا يمكن الاحتجاج به تجاه الاقليم. ٢. إن ما تناوله القانون المذكور (شؤون النفط والغاز) ليست من الاختصاصات الحصرية الواردة في المادة (١١٠) من الدستور ولم يأخذ بنظر الاعتبار أحكام الدستور لسنة ٢٠٠٥ بخصوص توزيع الاختصاصات بموجبه لتشريعه قبل تأسيس الدستور. ٣. للإقليم وزارة مماثلة لوزارة النفط وهي وزارة الثروات الطبيعية مؤسسة بموجب القانون المرقم (٢١) لسنة ٢٠٠٧ على وفق الصلاحية الممنوحة لسلطاته التشريعية في المادة (١٢١) من الدستور والمعترف بها دستورياً بموجب المادتين (١١٧/أولاً) و(١٢١/ أولاً). ٤. بموجب المادة (١١٥) من الدستور فإنه يحق لسلطة الاقليم في حالة وجود تناقض أو تعارض بين القانون الاتحادي وقانون الإقليم بخصوص مسألة لا تدخل في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية تعديل تطبيق القانون الاتحادي وذلك استناداً لحكم المادة (١٢١/ثانياً)، وأن ما استند اليه المدعي في الفقرة (٥) من عريضة الدعوى يتعارض مع قانون وزارة الثروات الطبيعية للإقليم رقم (٢١) لسنة ٢٠٠٧، وقانون النفط والغاز للإقليم رقم (٢٢) لسنة ٢٠٠٧، وكلا القانونين يتضمنان نصاً بعدم العمل بأي قانون أو قرار يتعارض معهما، وإن

الرئيس
جاسم محمد عبود

٥

للإقليم الحق أن تكون لقوانينه الأولوية على قانون تنظيم وزارة النفط في حالة الخلاف معها او الاختلاف بين قانونيهما وذلك استناداً لعجز المادة (١١٥) من الدستور، كما وأن ما ينطبق على الإقليم قد فعله القانون الاتحادي رقم (١٩) لسنة ٢٠١٣ (قانون التعديل الثاني لقانون المحافظات غير المنتظمة في إقليم رقم ٢١ لسنة ٢٠٠٨) بالنسبة للمحافظات غير المنتظمة في إقليم حيث جاء في نص المادة (٢) معدلة الآتي ((خامساً: تمارس الحكومات المحلية الصلاحيات المقررة لها في الدستور والقوانين الاتحادية في الشؤون المحلية عدا الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية المنصوص عليها في المادة (١١٠) من الدستور، سادساً: تدار الاختصاصات المشتركة المنصوص عليها في المواد (١١٢ و١١٣و ١١٤) من الدستور بالتنسيق والتعاون بين الحكومة الاتحادية والحكومات المحلية وتكون الاولوية فيها لقانون المحافظات غير المنتظمة في إقليم في حالة الخلاف بينهما وفقا لأحكام المادة (١١٥) من الدستور)). خامساً: إن ما جاء في الموازنة هو تقدير لموارد النفط المنتج والمصدر من قبل وزارة النفط ووزارة الثروات الطبيعية في الإقليم وإن عملية التصدير مستمرة والحكومة الاتحادية تقف على أدق معلومات نفط الإقليم، المصدر من حيث الكمية والايراد وكان التصدير بعلم الحكومة الاتحادية وموافقتها التي جاءت اكثر من مرة وكان آخرها قرارها في شهر آذار ٢٠١٨ برفد موارد الإقليم من النفط المصدر بمبالغ لتسديد رواتب الموظفين وتلافي العجز في موارده وإن الإقليم لم يبدأ بتصدير النفط مباشرة إلا بعد أن امتنعت الحكومة الاتحادية عن دفع استحقاقات الإقليم من الموازنة منذ شباط ٢٠١٤ مما أوقع الإقليم في ضائقة مالية وظروف اقتصادية صعبة أثرت سلباً على الأحوال المعيشية لمواطنيه، وإن للإقليم حقوقه وإختصاصاته الدستورية التي يتمتع بها بموجب المواد (١١٢) و (١١٣) و(١١٤) و(١١٥) كصاحب الاختصاص الأصيل، وإن عدم حل الإشكال القائم بين وزارة النفط وسلطات الإقليم حول انتاج النفط وتصديره يعود لموقف المدعي في امتناعه عن اتخاذ الخطوات اللازمة لتشريع مشروع

الرئيس
جاسم محمد عبود



Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

قانون النفط والغاز الاتحادي الذي تم التوافق عليه بين الطرفين سنة ٢٠٠٧ باعتباره يمثل السياسة الاستراتيجية للنفط والغاز للحكومة الاتحادية وحكومة الإقليم على وفق المادة (١١٢/ ثانياً) من الدستور واضافة لكل ما تقدم فإن الحكومة الاتحادية قد أقرت لحكومة الاقليم بحقها بتصدير انتاجها النفطي في قانون الموازنة في المادة (١٠/ ثانياً/أ) من قانون الموازنة العامة الاتحادية رقم (٩) لسنة ٢٠١٨، حيث نصت على ((ثانياً: أ- تلتزم حكومة إقليم كردستان بتصدير ما لا يقل عن (٢٥٠٠٠٠) برميل (مائتين وخمسين الف برميل نفط) خام يومياً من النفط الخام من حقولها)) وأن الخلاف هو على وسيلة التسويق وليس حق التصدير، عليه فإن الاستجابة لطلب المدعي بتسليم ما ينتج من نفط في الإقليم الى وزارة النفط مع بقاء الاشكالات المالية بين الطرفين دونما حلول توافقية والتجاء الحكومة الاتحادية الى فرض العقوبات المالية والاقتصادية كوسيلة لفرض وجهة نظرها حتى وإن كانت مخالفة للدستور ستؤدي الى كارثة تلحق بالإقليم. عليه فإن أدعاء المدعي بأن الإقليم قد حرم المحافظات من حصتها من واردات نفط الاقليم يتناقض مع واقع الحال الذي بات معلوماً لدى الكافة داخل العراق وخارجه إذ أن واردات الإقليم من النفط والواردات المحلية الأخرى لا تصل أصلاً لتغطية النسبة المستحقة للإقليم بموجب ما هو محدد في قوانين الموازنة السنوية فإن السلطة الاتحادية قد حرمت الإقليم من حصته من موارد العراق منذ شباط ٢٠١٤ والمقررة في الموازنات العامة. لذا طلب وكيلا المدعى عليه رد دعوى المدعي وتحميله رسومها ومصاريفها. وبعد استكمال الإجراءات المنصوص عليها في النظام الداخلي للمحكمة الاتحادية العليا رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ تم تعيين موعد للمرافعة وفقاً لأحكام المادة (٢/ثانياً) منه، وتبلغ الطرفان به، وفي اليوم المعين تشكلت المحكمة فحضر وكيل المدعي الموظف الحقوقي عماد حمود وحضر عن المدعى عليه وكيلاه كل من المحامي رشدي خالص والحقوقي مهدي صالح وبوشر بالمرافعة حضوراً وعلناً كرر وكيل المدعي ما ورد في عريضة الدعوى وطلب الحكم بموجبها أجاب وكيل المدعى عليه طالباً رد

الرئيس
جاسم محمد عبود

٧

الدعوى عن موكله للأسباب الواردة في اللائحة الجوابية التي قدمها جواباً على عريضة الدعوى (المذكورة آنفاً)، دققت المحكمة ما ورد في عريضة الدعوى ووجدت أن الدعوى ذات جنب يتعلق بسياسة الحكومة وجنب يتعلق بأموال الدولة وكذلك جنب آخر يتعلق بسياسة وزارة حكومة الإقليم فقررت ادخال كل من رئيس مجلس الوزراء الاتحادي ووزير المالية الاتحادي ورئيس وزراء إقليم كردستان اشخاصاً ثالثة في الدعوى للاستيضاح منهم عن ما يلزم لحسمها، لاحظت المحكمة لدى تدقيق اضبارة الدعوى بأن كتاب وزارة النفط بالعدد (٩) في ٢٠١٤/١/١٢ المعنون الى مجلس النواب تضمن بأن مؤسسة تسويق نفط كردستان قامت بتصدير النفط من اقليم كردستان باستخدام الخط العراقي التركي ودون حصول موافقة الحكومة الاتحادية وقد استوضحت المحكمة من وكيل وزير النفط (المدعي) عن ماهية الاجراءات التي قامت بها وزارة النفط ازاء ذلك فأجاب وكيل المدعي بأنه توجد اتفاقية بين الحكومة العراقية والحكومة التركية ومن ضمن هذا الاتفاق هو عدم استخدام الانبوب آنف الذكر إلا بعد موافقة الحكومة الاتحادية واقامت وزارة النفط في عام ٢٠١٤ دعوى ضد الحكومة التركية وبالتحديد شركة (بوتاش التركية) في فرنسا لغرض التعويض للحكومة العراقية عن ما اصابها من ضرر بسبب استخدام الخط المذكور وإن حكومة اقليم كردستان لا زالت تستخدم الخط الناقل المذكور بتصدير النفط وإن الدعوى المذكورة لم تحسم لحد الآن اما بخصوص قانون النفط والغاز لإقليم كردستان رقم (٢٢) لسنة ٢٠٠٧ والذي تستند اليه حكومة اقليم كردستان بتصدير النفط فإن الحكومة المركزية لم تتخذ أي اجراء بخصوص القانون المذكور وإن شركة تسويق النفط الوطنية (سومو) لم تتدخل بالمراقبة بخصوص النفط الذي يتم تصديره من اقليم كردستان، اجاب ممثل الشخص الثالث رئيس الوزراء للحكومة الاتحادية بأنه لا يوجد أي اتفاق بين الحكومتين بخصوص موضوع تصدير النفط من اقليم كردستان وإن ما يقوم به الاقليم بخصوص ذلك يخالف بنود قسم من المواد التي ترد في قوانين الموازنة لكل عام وإن حكومة الاقليم لم تنفذ ما تنص عليه

الرئيس
جاسم محمد عبود

٨

البنود المذكورة واوضح ممثل وزير المالية الاتحادي بأن مبالغ الحصص المباعة من نفط اقليم كردستان لم تودع ضمن حصة الحكومة المركزية ولم يتم استقطاع حصة الاقليم من النفط المباع من اقليم كردستان وإن الحكومة المركزية تقوم سنوياً بتزويد الاقليم بحصتها من الموازنة السنوية حسب قانون الموازنة لكل عام واوضح ممثل رئيس مجلس وزراء الاقليم المستشار اياد اسماعيل محمد بأن اقليم كردستان مستمر بتصدير النفط من الاقليم. لاحظت المحكمة في جلستها المؤرخة ٢٠٢٢/٢/٩ أن الدعوى المقامة امامها بالعدد (١١٠/اتحادية/٢٠١٩) من قبل المدعي علي شداد فارس (عضو مجلس محافظة البصرة) ضد المدعى عليه (رئيس مجلس نواب إقليم كردستان/ إضافة لوظيفته) طالباً بموجبها (الحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لإقليم كردستان رقم (٢٢) لسنة ٢٠٠٧ برمته لما فيه من مخالفات للدستور، والحكم بعدم دستورية قرار حكومة اقليم كردستان الخاص بالتعاقد مع الشركات الاجنبية خارج سلطة الحكومة الاتحادية المركزية والزام المدعى عليه بالإنتاج والتصدير عبر الحكومة الاتحادية وعدم الاضرار بالتزامات الحكومة الاتحادية مع منظمة اوبك وعدم اجبار الحكومة على تقليل الانتاج في محافظة البصرة التي تطبق الدستور وتلتزم بالقانون عبر الانتاج والتسويق ضمن الدستور والقوانين النافذة ويقابلها زيادة انتاج وتسويق مخالفة للدستور والقوانين من قبل حكومة اقليم كردستان، واصدار امر ولائي بإيقاف جميع التعاقدات النفطية الإنتاجية او التسويقية المخالفة للدستور والقوانين النافذة من قبل حكومة اقليم كردستان وتسليمها الى الحكومة المركزية الاتحادية) ولوحدة الموضوع قررت المحكمة توحيد الدعوى (١١٠/اتحادية/٢٠١٩) مع الدعوى المرقمة (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) ونظرهما معاً واعتبار الدعوى (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) هي الاصل لسبق اقامتها وذلك استناداً لأحكام المادة (٧٦/٢) من قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩ المعدل فلم يحضر وكيلا المدعي في الدعوى (١١٠/اتحادية/٢٠١٩) وحضر عن المدعى عليه رئيس مجلس برلمان اقليم كردستان اضافة

الرئيس
جاسم محمد عبود

٩

لوظيفته وكيله المستشار القانوني وريا سعدي احمد وبوشر بالمرافعة الاصولية العلنية اجاب وكيل رئيس وزراء اقليم كردستان مبرزاً لائحة جوابية، واجاب وكيل رئيس برلمان إقليم كردستان مبرزاً لائحة جوابية، اطلعت المحكمة على اللائحتين المتضمنتين طلب رد الدعوى عن موكل كل منهما وربطتا ضمن اوراق الدعوى، وكرر وكلاء الاطرف أقوالهم وطلباتهم السابقة وحيث لم يبق ما يقال افهم ختام المرافعة وإصدرت المحكمة قرار الحكم التالي:

**قرار الحكم:**

لدى التدقيق والمداولة من المحكمة الاتحادية العليا وجد أن المدعي وزير النفط الاتحادي/ إضافة لوظيفته أقام هذه الدعوى بتأريخ ٢٠١٢/٨/١ طالباً فيها دعوة المدعى عليه وزير الثروات الطبيعية في إقليم كردستان إضافة لوظيفته بتسليم كامل الإنتاج النفطي المنتج في الإقليم إلى وزارة النفط الاتحادية، ولدى تدقيق المحكمة لما جاء في دعوى المدعي وطلباته أثناء إجراء المرافعات وما جاء في دفوع وكيل المدعى عليه إضافة لوظيفته ولما جاء في الدعوى الموحدة مع هذه الدعوى بالعدد (١١٠/ اتحادية/ ٢٠١٩) والمتضمنة طلب الحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لإقليم كردستان رقم (٢٢) لسنة ٢٠٠٧ توصلت المحكمة إلى النتائج التالية:
أولاً: استناداً لأحكام المادة (١١٦) من الدستور يتكون النظام الاتحادي في جمهورية العراق من عاصمة وأقاليم ومحافظات لا مركزية وإدارات محلية بما لا يخل بوحدة العراق، ويقر الدستور عند نفاذه إقليم كردستان وسلطاته القائمة إقليماً اتحادياً استناداً لأحكام المادة (١١٧/ اولاً) من الدستور، ولسلطات الأقاليم الحق في ممارسة السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية وفقاً لأحكام الدستور وإن ذلك لا يشمل الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية والتي لا يجوز تجاوزها استناداً لأحكام المادة (١٢١/ أولاً) من الدستور.
ثانياً: حددت الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية بموجب أحكام المادة (١١٠/ أولاً) من

الرئيس
جاسم محمد عبود



Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب -٥٥٥٦٦

الدستور والتي نصت على (تختص السلطات الاتحادية بالاختصاصات الحصرية الآتية: أولاً: رسم السياسة الخارجية والتمثيل الدبلوماسي، والتفاوض بشأن المعاهدات والاتفاقيات الدولية، وسياسات الاقتراض والتوقيع عليها وإبرامها، ورسم السياسة الاقتصادية والتجارية الخارجية السيادية) واستناداً لذلك فإن السلطات الاتحادية تختص دستورياً بوضع السياسة الاقتصادية والتجارية الخارجية السيادية لذا لا يجوز للمحافظات غير المنتظمة في إقليم والأقاليم في جميع أنحاء العراق ممارسة هذا الاختصاص الحصري بدلاً من السلطات الاتحادية وبخلافه تكون ممارسة تلك الاختصاصات من قبل المحافظات غير المنتظمة في إقليم أو الأقاليم مخالفة للدستور.
ثالثاً: إن تنظيم السياسة التجارية عبر حدود الأقاليم والمحافظات في العراق ووضع الميزانية العامة للدولة ورسم السياسة النقدية والمالية والكمركية من الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية استناداً لأحكام المادة (١١٠/ ثالثاً) من الدستور عليه لا يجوز للأقاليم والمحافظات غير المنتظمة في إقليم تنظيم السياسة التجارية عبر حدودها وإن قيام أي محافظة أو إقليم بتنظيم علاقات تجارية مع الدول المجاورة لها أو مع أية دولة أخرى ولأي سبب كان مخالف لأحكام الدستور.
رابعاً: نصت المادة (١١١) من الدستور على ( النفط والغاز هو ملك كل الشعب العراقي في كل الأقاليم والمحافظات) واستناداً لذلك فإن تعبير الشعب العراقي يشمل جميع العراقيين دون استثناء من شماله إلى جنوبه ومن شرقه إلى غربه بغض النظر عن القومية أو الدين وإن النفط والغاز في جميع أنحاء العراق هو ملك الشعب العراقي، والذي لا يجوز لأية سلطة اتحادية أو السلطات المحلية للأقاليم والمحافظات تجاوز ذلك، وإن ذلك موجب لتوزيع عائدات النفط والغاز على جميع أبناء الشعب العراقي بصورة متساوية وعادلة بغض النظر عن مناطق إنتاج تلك الثروات لكي لا يحرم أبناء المحافظات غير المنتجة منها كما أن ذلك يستلزم اطلاع ومعرفة أبناء الشعب العراقي بمقدار عائدات النفط والغاز باعتباره هو المالك لها

الرئيس
جاسم محمد عبود



Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

للوقوف على كيفية توزيعها فمن غير الممكن أن لا يعلم المالك بعائدات ملكه وكيفية توزيعها.
خامساً: استناداً لأحكام المادة (١١٢/ أولاً) من الدستور تقوم الحكومة الاتحادية بإدارة النفط والغاز المستخرج من الحقول الحالية مع حكومات الأقاليم والمحافظات المنتجة لذا فإن إدارة النفط والغاز يعود إلى الحكومة الاتحادية بالتعاون مع حكومات الأقاليم والمحافظات المنتجة بما يؤمن توزيع وارداتها بشكل يتناسب مع التوزيع السكاني في جميع أنحاء العراق لتحقيق التنمية المتوازنة للمناطق المختلفة.
سادساً: استناداً لأحكام المادة (١١٢/ ثانياً) من الدستور تقوم الحكومة الاتحادية وبالتعاون مع حكومات الأقاليم والمحافظات المنتجة معاً برسم السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز وبما يحقق اعلى منفعة للشعب العراقي، معتمدة الحكومة الاتحادية في ذلك على احدث تقنيات مبادئ السوق وتشجيع الاستثمار، وإن رسم تلك السياسات من قبل الحكومة الاتحادية يعتمد على الوضع الاقتصادي والتجاري الدولي والإقليمي للعراق بما ينسجم مع التزامات العراق الدولية مع الدول الأخرى والمنظمات الدولية ومنها منظمة الأوبك النفطية.
سابعاً: تحدد صلاحيات الأقاليم والمحافظات غير المنتظمة في إقليم وفقاً لما جاء في المادة (١١٥) من الدستور والتي نصت على (كل ما لم ينص عليه في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية، يكون من صلاحية الأقاليم والمحافظات غير المنتظمة في إقليم).
ثامناً: إن إدارة الحكومة الاتحادية للنفط والغاز والمتمثلة بوزارة النفط الاتحادية يخضع لأحكام القوانين النافذة والتي لا زال معمولاً بها استناداً لأحكام المادة (١٣٠) من الدستور والتي نصت على (تبقى التشريعات النافذة معمولاً بها، ما لم تُلغ أو تعدل، وفقاً لأحكام هذا الدستور) ومن تلك القوانين قانون تنظيم وزارة النفط رقم (١٠١) لسنة ١٩٧٦ وقانون الحفاظ على الثروة الهيدروكربونية رقم (٨٤) لسنة ١٩٨٥ كما أن الوزارة تعمل أيضاً وفق القوانين التي

الرئيس
جاسم محمد عبود



المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

العدد: ٥٩/اتحادية/ ٢٠١٢ وموحدتها ١١٠/اتحادية/٢٠١٩

شرعت من قبل مجلس النواب ومنها قانون شركة النفط الوطنية العراقية رقم (٤) لسنة ٢٠١٨ وقانون فرض ضريبة الدخل على شركات النفط الأجنبية المتعاقدة للعمل في العراق رقم (١٩) لسنة ٢٠١٠ وقانون استيراد وبيع المنتجات النفطية رقم (٩) لسنة ٢٠٠٦.

تاسعاً: سبق وأن أصدرت احدى المحاكم في الولايات المتحدة الأمريكية بناء على دعوى من المدعي وزارة النفط العراقية والمدعى عليه وزارة الثروات الطبيعية لحكومة إقليم كردستان وتضمن القرار(١. المدعي يمتلك الشخصية القانونية أو له الحق بحيازة الملك، ٢. إن المدعى عليه تولى ممارسة سيطرته أو هيمنته وسيطر على الأملاك بطريقة غير قانونية وغير مرخصة وهمش حقوق المدعي، ٣. رفض المدعى عليه طلب المدعي إعادة الملك في هذه النقطة حيث أن هناك معقولية واضحة ولا تحتاج إلى دليل بأن وزارة النفط العراقية أوضحت وبشكل كافي بأن الدستور العراقي يمكن أن يفسر بأن يعطي العنوان كجهة تدير شؤون النفط على العكس من حكومة إقليم كردستان ٤. إن حكومة إقليم كردستان أخذت النفط عند تصديره بالرغم من ملكيته للمدعي).

عاشراً: تختص السلطات الاتحادية بوضع الميزانية العامة للدولة استناداً لأحكام المادة (١١٠/ثالثاً) من الدستور وإن عدم قيام حكومة إقليم كردستان بمراعاة الصلاحيات الحصرية للسلطات الاتحادية بخصوص النفط والغاز أدى إلى حصول تعقيدات بين الحكومة الاتحادية وحكومة الإقليم وهذا بدوره أدى إلى عدم إيصال حصة شعب إقليم كردستان من الموازنة العامة مما أدى إلى عدم تسليم رواتب موظفي إقليم كردستان بصورة كاملة ولعدة سنوات حيث أن قوانين الميزانية العامة توجب على حكومة إقليم كردستان تنفيذ ما تتضمنه تلك القوانين ومنها موضوع النفط وتصديره مما أثر على المستوى المعاشي لمواطني إقليم كردستان وإن الالتزام بأحكام الدستور واحترام الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية ومنها الاختصاص الحصري بخصوص استكشاف النفط والغاز واستخراجهما وتصديرهما فإن ذلك من شأنه أن يُمَكّنْ مواطني الإقليم من الحصول على مستحقاتهم

الرئيس
جاسم محمد عبود



المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

من مجمل مبلغ الموازنة وفقاً للنسب المحددة بموجب القانون دون تعليق ذلك على حل الخلافات الحاصلة بين الحكومة الاتحادية والإقليم إذ يجب أن لا يتأثر أبناء محافظات الإقليم بتلك الخلافات. لذا فإن قيام حكومة إقليم كردستان باستخراج النفط وتصديره والتعاقد مع الأطراف الخارجية دولاً وشركات وتشريع قانون النفط والغاز لحكومة إقليم كردستان يخالف أحكام المواد (١١٠ و١١١ و١١٢ و١١٥ و١٢١/ أولاً) من الدستور عليه ولكل ما تقدم قررت المحكمة الاتحادية العليا ما يلي:

١. الحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لحكومة إقليم كردستان رقم (٢٢) لسنة ٢٠٠٧ وإلغائه لمخالفته أحكام المواد (١١٠ و١١١ و١١٢ و١١٥ و١٢١ و١٣٠) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.
٢. إلزام حكومة الإقليم بتسليم كامل إنتاج النفط من الحقول النفطية في إقليم كردستان والمناطق الأخرى التي قامت وزارة الثروات الطبيعية في حكومة إقليم كردستان باستخراج النفط منها وتسليمها إلى الحكومة الاتحادية والمتمثلة بوزارة النفط الاتحادية وتمكينها من استخدام صلاحياتها الدستورية بخصوص استكشاف النفط واستخراجه وتصديره.
٣. للمدعي إضافة لوظيفته الحق بمتابعة بطلان التعاقدات النفطية التي أبرمتها حكومة إقليم كردستان والمتمثلة بالمدعى عليه وزير الثروات الطبيعية مع الأطراف الخارجية دول وشركات بخصوص استكشاف النفط واستخراجه وتصديره وبيعه.
٤. إلزام حكومة إقليم كردستان بتمكين وزارة النفط العراقية وديوان الرقابة المالية الاتحادي بمراجعة كافة العقود النفطية المبرمة مع حكومة إقليم كردستان بخصوص تصدير النفط والغاز وبيعه لغرض تدقيقها وتحديد الحقوق المالية المترتبة بذمة حكومة إقليم كردستان من جراءها وأن يتم تحديد حصة الإقليم من الموازنة العامة وبالشكل الذي يضمن إيصال حقوق مواطني محافظات

الرئيس
جاسم محمد عبود



المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

إقليم كردستان من الموازنة العامة الاتحادية وعدم تأخيرها بعد أن يتم تنفيذ كافة فقرات هذا القرار من قبل حكومة إقليم كردستان وإشعار الحكومة الاتحادية وديوان الرقابة المالية الاتحادي بذلك.

٥. تحميل المدعى عليه الرسوم والمصاريف وأتعاب محاماة وكلاء المدعيين مبلغاً مقداره مائة الف دينار توزع وفق القانون.

وصدر القرار بالأكثرية ومخالفة عضوين استناداً لأحكام المواد ( ٩٣/ ثالثاً و ٩٤ و١١٠ و ١١١ و ١١٢ و ١١٥ و١٢١ و١٣٠) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ حكماً باتاً وملزماً للسلطات كافة وافهم علناً في ١٣/ رجب/ ١٤٤٣ هجرية الموافق ٢٠٢٢/٢/١٥ ميلادية.

| | | |
|---|---|---|
| الرئيس | عضو | عضو |
| جاسم محمد عبود | سمير عباس محمد | غالب عامر شنين |
| عضو | عضو | عضو |
| حيدر جابر عبد | حيدر علي نوري | خلف احمد رجب |
| عضو | عضو | عضو |
| ايوب عباس صالح | عبد الرحمن سليمان علي | ديار محمد علي |



Federal Supreme Court - Iraq- Baghdad
Tel -٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
E-mail: federalcourt_iraq@yahoo.com
PO.BOX: ٥٥٥٦٦

المحكمة الاتحادية العليا . العراق . بغداد . حي الحارثية . موقع ساعة بغداد
هاتف – ٠٠٩٦٤٧٧٠٦٧٧٤١٩
البريد الالكتروني
ص . ب –٥٥٥٦٦

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٥)ی ڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٦ کردوویەتی بڕیارماندا بە دەرکردنی:-

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**بەشی یەکەم**
**ئامانجەکان**

**ماددەی (١):-**

**یەکەم:** بەرجەستەکردنی بنەماکانی دادپەروەری و شایستە بوون لە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، و نەهێشتنی سوودمەندبوونی ناشایستە و ڕێگرتن لە بەهەدەردانی بوودجەی گشتی.

**دووەم:** بەدامەزراوەیکردن و یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیاجیاکانی خانەنشینی لە بوارەکانی (شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) لە یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە (وەزارەتی دارایی و ئابووری) حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم:** کاراکردن و پشتیوانی کردنی دارایی سندوقی خانەنشینی، و ڕێگرتن لە هەر خەرجییەك لەسەر سندوقەکە جگە لەو مەبەستانەی لە یاسای خانەنشینی کارپێکراو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمدا، ئاماژەیان پێکراوە.

**چوارەم:** ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لەسەر بنەمای تەمەن و ساڵانی خزمەت و بڕوانامە.

## بەشی دووەم
## ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوانی سیاسی

**ماددەی (٢):-**

**یەکەم:** یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

**دووەم:** پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان) سوودمەند بوون.

**سێیەم:** پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی زیندانی و گیراوی سیاسی کە بە ناوی زیندانی و گیراوی سیاسی، بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەموارکراو سوودمەند بوون.

**چوارەم:** لە کاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، بە یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرانیان دەکرێت.

**پێنجەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی (دارایی و ئابووری) و (خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) و (پەروەردە) و (تەندروستی) بە هەماهەنگی وەزارەتی (کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان) ڕێنمایی دەربکەن بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی لەئەستۆگرتنی حکومەت بۆ خەرجیی چارەسەری تەندروستی و خوێندنی (کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیریی نەکردۆتەوە) لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لە ناو هەرێمدا، و دەستنیشانکردنی مەرجەکانی شایستەبوون لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٧) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان).

## بەشی سێیەم
## نەهێشتنی سوودمەندبوون لە جارێك زیاتر لە بودجەی گشتی

**ماددەی (٣):-**

**یەکەم:**

١- هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی کە خەرج دەکرێن بۆ ئەو کەسانەی کە بەناوی سوودمەندی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان، بەدەر لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان خۆیان تۆمار کردووە، وڕاستکردنەوەی ئەو سوودمەندییە بەپێی پێوەرەکانی سوودوەرگرتن لەو بەخشین و ئیمتیازاتانە، و لەناویشیاندا ڕێژەی پەککەوتەیی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی ڕاستێنراو.

٢- کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەسانی فەرمانبەر، لەجیاتی ئەو بەخشینەی لە تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، دەرماڵەی (لەبری پەککەوتەیی)یان پێدەدرێت، بەرێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتییان، کە ئەو رێژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان دەکرێت بەرەچاوکردنی رێژەی پەککەوتن لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە.

**دووەم:** کار بە سەرجەم ئەو یاسا و بڕیار و پەیڕەو و رێنماییانە ناکرێت کە رێگە دەدەن بە سوودمەندبوون لە وەرگرتنی زیاتر لە یەك مووچە و بەخشین و هەر ئیمتیازێکی دارایی تر لە بودجەی گشتی لە ناو هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی، بۆ سەرجەم سوودمەندان لە بوارەکانی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، سوودمەندانی تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خانەنشینی بە هەموو جۆرەکانی جگە لە ئیمتیازاتە داراییەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی و گیراوی سیاسی و سوودمەندان بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق).

**سێیەم:** سەرپشککردنی ئەو کەسانەی کە برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، کە بەپێی یاسا و رێنماییەکان سەرەڕای مووچە سوودمەندن لە وەرگرتنی مینحە و ئیمتیازاتی دارایی تر لە بودجەی گشتی لەناو هەرێم و دەسەڵاتی ئیتیحادی، کەدەبێت تەنها لە یەکێك لەو مووچە و مینحە و ئیمتیازاتانە سوودمەندبن.

**چوارەم:** لەکاتی گەڕانەوەی فەرمانبەری خانەنشینکراو بۆ وەزیفەی گشتی بە هەمیشەیی یان بە گرێبەست، سەرپشك دەکرێت لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینییەکەی یان مووچەی ئەو وەزیفەیەی کە پێی دامەزراوەتەوە، و لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت سوودمەند بێت لە دوو مووچە.

**بەشی چوارەم**

## بواری پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ

**ماددەی (٤):-**

**یەکەم:** یەکخستن و رێکخستنی یەکەکانی ژمێریاری لە گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، رێکخراو و رێکنەخراو لە چوارچێوەی هەیکەلیەتی وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە) لە یەك یەکەی ژمێریاری کە بەرێوەبەرایەتی گشتی بودجە و بەرنامەکان (ژمێریاری سەربازی) سەر بە وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە)ی هەرێمی کوردستانە.

**دووەم:** یەکەکانی ژمێریاری پێویستە لە ژێر وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، و (فەرمانگەی چاودێری دارایی) هاتوو لە ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان) هاوشێوەی هێزە رێکخراوەکانی سەر بە وەزارەتی ناوبراو بێت.

**سێیەم:** پێویستە وەزیری کاروباری پێشمەرگە دەسەڵاتی تەواو بەپێی یاسا بەرکارەکان بدات بە فەرمانگەی (چاودێری دارایی) سەر بە وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە) بۆ ووردبینیکردنی لیستی پێشمەرگە و دروستکردنی دۆسیەی کەسی بە پێداویستییە یاساییەکانەوە، و پێداچوونەوە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی لە گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێکخراو و ڕێکنەخراو لە چوارچێوەی هەیکەلییەتی وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە) بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی میلاکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە لە وەزارەتی (دارایی و ئابووری).

**چوارەم:** پێویستە دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگا و دامەزراوە حزبییەکان و هەروەها پاسەوانی پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاکان و بەرپرسانی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ، بە هەماهەنگی و بەپێی پەیرەوێك ڕێکبخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، و ئەوانەی زیاد دەبن لە ژمارەی دیاریکراو لەو پەیڕەوە لە چوارچێوەی میلاکی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەپێی شایستەبوونی خۆیان ڕاژەیان ڕێکدەخرێتەوە.

**پێنجەم:** گواستنەوەی گشت پاسەوانەکان بۆ سەر میلاکی هێزەکانی یەکەی پاسەوانی لە وەزارەتی (ناوخۆ) و بە هیچ جۆرێك نابێت پاسەوان لەسەر میلاکی هیچ یەکەیەکی تری سەربازی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت جگە لە یەکەی پاسەوانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، و خەرجکردنی مووچەی پاسەوانی تەنها لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتی ناوخۆ دەبێت دوای هاوتاکردن و یەکخستنیان.

**شەشەم:** پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی لیستی سوودمەندانی خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە(زێڕەڤانی) هەرێمی کوردستان ـ عێراق ، و هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی یاسای ناوبراو خانەنشین کراون.

## بەشی پێنجەم
## دەرماڵەکان

**ماددەی (٥):-**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران گشت دەرماڵەکان لە بەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك بخاتەوە.

## بەشی شەشەم

## ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت

**ماددەی (٦):-**

**یەکەم:** پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی پلە و ناونیشان و مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچەخۆرانی هەرێم لە بوارەکانی خزمەتی (شارستانی، پێشمەرگایەتی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) بەپێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی وەزیفەی گشتییدا لەسەر بنەمای بڕوانامە و ساڵانی خزمەتی فیعلی و خزمەتی هەژمارکراوی یاسایی، بەبێ ئەژمارکردنی ئەو خزمەتەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی بۆ مووچەخۆر ئەژمارکراون.

**دووەم:** یەکخستنی ناونیشان و پلەی وەزیفی لەگەڵ مووچەی وەزیفی بەپێی حوکمەکانی یاسای میلاکی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراوی کارپێکراو لە هەرێمدا یان هەر یاسایەکی تر کە جێگەی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، و هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناونیشان و پلە وەزیفییانەی کە هاودژن لەگەڵ یاسای ناوبراو.

**سێیەم:** هەڵوەشاندنەوەی گشت پلە و مەرتەبەی زێدەکی کە بەدەر لە یاسا کارپێکراوەکان دراوە بە مووچەخۆران، چ لە ڕۆژی یەکەم دامەزراندنیان یان لە دوای دامەزراندنیان .

**چوارەم:** هەڵوەشاندنەوەی ساڵانی خزمەتی ئەژمارکراو بۆ خزمەتی وەزیفی (شارستانی یان پێشمەرگایەتی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) بۆ ئەو ماوانەی کە لەگەڵ ماوەی خوێندنی مووچەخۆر یەکدەگرێتەوە، جگە لە حاڵەتەکانی مۆڵەتی خوێندن، یان خوێندنی ئێواران، یان تەمەنی لەو کاتەدا لە خوار (١٦) شازدە ساڵی بێت، جگە لە زیندانی و ڕاگیراوانی سیاسی.

**پێنجەم:**

١- هەر پێگەیەکی یاسایی بواری ڕاژەی گشتی پشتبەست بە بڕیاری کارگێڕی هاتوونەتەدی و لەسەر بودجەی گشتی مووچەیان وەرگرتووە، ئەوا ئەو پێگانە پارێزراو دەبن بە مەرجێك لێبڕینی خانەنشینییان بدەن پشت بەست بە بڕیاری کارگێڕی دامەزراندنیان، و پێویستە پلە و ناونیشانی وەزیفی و مووچە و شایستەی داراییان لە چوارچێوەی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان ڕێکبخرێتەوە و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

٢- حوکمی خاڵی (١)ی بڕگەی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیە، تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تا پەسەندکردنی ئەم یاسایە مووچەیان وەرگرتووە.

## بەشی حەوتەم
## بواری خانەشینی

**ماددەی (٧):-**

**یەکەم:** یەکخستنی خانەنشینی ئەوانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە لە رووی مەرج و پێداویستییەکانی خانەنشینبوون بەهەمان مەرج و پێوەرەکانی خانەنشینی فەرمانبەران لە پلە گشتییەکانی وەزیفە لەسەر میلاکی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ: سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانیان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و بریکارەکانی وەزارەت و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەوانەی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی مووچەی بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرن و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و گشت ئەو کەسانەی کە بەپێی خشتەی کارپێکراوی مووچە لە هەرێمی کوردستان مووچە و دەرماڵەی هەردوو پلە باڵای (أ) و (ب) وەردەگرن لەسەر میلاکی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

**دووەم:** مووچەی خانەنشینی هەژمار دەکرێت بۆ ئاماژەپێدراوان لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- رێژەی (١٥%) پانزدە لە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت.

٢- رێژەی (١,٥%) یەك و نیو لە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی بۆ هەر ساڵێکی خزمەت.

٣- دەرماڵەی ئەم بروانامانەی خوارەوە یان هاوشێوەیان بەم رێژەیە دەبێت:

أ- دەرماڵەی بڕوانامەی ئامادەیی بەرێژەی (١%)یەك لەسەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.

ب- دەرماڵەی بڕوانامەی دبلۆم بەرێژەی (٢%) دوو لەسەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.

ج- دەرماڵەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەرێژەی (٤%) چوار لە سەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.

د- دەرماڵەی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و ماستەر بەرێژەی (٦%) شەش لەسەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.

ه - دەرماڵەی بڕوانامەی دکتۆرا بەرێژەی (٨%) هەشت لەسەدا لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی.

٤- شایستەی مووچەی خانەنشین نابێت لە رێژەی (٥٠%) پەنجا لەسەدا تێپەرێت لە کۆی گشتی دوامووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەت وەریدەگرێت .

**سێیەم:**

١- فەرمانبەر بەو پێناسەیەی لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی بەرکار لە هەرێمدا هاتووە (بەوانەشەوە کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە) شایستەی مووچەیەکی خانەنشینی دەبن ئەگەر خزمەتی خانەنشینیان لە (١٥) پازدە ساڵ کەمتر نەبێت، و (٤٥) چل و پێنج ساڵ لە تەمەنیان تەواو کردبێت، جگە لە حاڵەتەکانی مردن یان شەهیدبوون یان خانەنشینبوون بە هۆکاری تەندروستی، و ئەو حاڵەتانەی دیکەی بەدەرکردن کە لە یاسای خانەنشینی بەرکاردا هاتووە.

٢- ئەوانەی ڕاسپێردراون بە خزمەتی گشتی، کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەی ئاماژەیان پێدراوە، و مەرجەکانی هاتوو لە بڕگەی (سێیەم / ١)ی ئەم ماددەیە نایانگرێتەوە، ئەوا شایستەی مووچەیەکی خانەنشینی دەبن بەڕەچاوکردنی هەمان پێوەرەکانی هاتوو لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە، بەمەرجێك نابێت لە ڕێژەی (٢٥%) بیست و پێنج لەسەدا تێپەڕێت لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، ئەوەی لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت، دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی، تاوەکو حاڵەتەکانیان دەگونجێندرێن لەگەڵ مەرجەکانی هاتوو لە خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیە .

٣- حوکمەکانی خاڵی (٢)ی ئەم بڕگەیە، ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە وەك ڕاسپێردراو بە خزمەتی گشتی ڕادەسپێردرێن.

**چوارەم:** ئەندام پەرلەمان بە ئارەزوومەندانە مافی دەستبەرداربوونی لە ماف و شایستە خانەنشینییەکانی وەك ڕاسپێردراو هەیە، بە مەرجێك لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕنەکات لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، داواکاری پێشکەش بە دیوانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق بکات بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست.

**پێنجەم:** هەژمارکردنی ماوەی خزمەتی خولی پەرلەمانی، بۆ هەموو مەبەستەکانی سەرمووچە و بەرزکردنەوەی پلە و خانەنشینی بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی بە ئارەزوومەندانە دەگەڕێنەوە بۆ سەر وەزیفەکانیان.

**شەشەم:** حوکمەکانی ئەم ماددەیە هەموو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە، و لە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە خانەنشین بوون، و پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، بۆ ئەوانەش کە خزمەتی خانەنشینییان نەگەیشتۆتە (١٥) پانزە ساڵ، ئەوا تاوەکو (٣) سێ ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکەیان هاوشێوەی پلە وەزیفە گشتییەکان، بۆ ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی ئیجباری بەمەرجێك بڕی خانەنشینی ئەو ماوەیە بدات.

**حەوتەم:** ئەوانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە و پێشتر فەرمانبەری حکومەت بوون، کە بە ئارەزوومەندانە بۆ سەر وەزیفەکانیان دەگەڕێنەوە، دەست لەکارکێشانەوەیان هەڵدەوەشێتەوە و ڕاژەکەیان بۆ هەژمار دەکرێت، بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلە بەرزکردنەوە و خانەنشینی، و لایەنی پەیوەندیدار پابەند دەبێت بە دابینکردنی پلەی وەزیفی پێویست و تەرخانکراوی دارایی پێویست بۆیان، و سەرپشك دەبن لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی یان مووچەی ئەو وەزیفەیەی کە بۆی دەگەڕێتەوە.

**هەشتەم:** جگە لە ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی هەموو ئەوانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ناویان هاتووە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن، بەهەمان پێوەر و مەرجەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (دووەم و سێیەم)ی هاتوو لەم ماددەیە، بەرێژەیەك نابێت لە (٦٠%) شەست لەسەدا تێپەڕبکات لە کۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە کە لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرێت.

**نۆیەم:** موچەی خانەنشینی سەرجەم دادوەر و داواکاری گشتی، نابێت لە ڕێژەی (٧٠%) حەفتا لەسەدا تێپەڕبکات لەکۆی گشتی دوا مووچە و دەرماڵە، کە لەکاتی خزمەتدا بەپێی یاسا بەرکارەکان وەریدەگرێت.

**ماددەی (٨):-**

گواستنەوەی گشت ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ئەو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و هەر یەکەیەکی دیکەی کارگێڕی و دارایی کە مووچەی خانەنشینییان لێ خەرج دەکرێت (شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، یەکە ڕێکنەخراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە)، وە گواستنەوەی گشت میلاك و موڵك و ماڵی گواستراوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتی و یەکە کارگێڕییانە و دۆسیە و بەراییەکانی ئەو کەسانەی ئاماژەیان پێکراوە بۆسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی (وەزارەتی دارایی و ئابووری) حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق، هەیکەلبەندییەکی تازە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە ئامادە دەکرێ و لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەند دەکرێت.

**ماددەی (٩):-**

هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بە پلەی (وەزیر و بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی) و هەر پلەیەکی تری تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوون پێش ڕێکەوتی ١٩٩١/٣/٥، وەك ڕێزلێنانێك مووچەی خانەنشینییان بەو پلانە پێدراوە، لەبری ئەوە پێویستە لەدوای دڵنیابوون لە هەبوونی مەرج و پێداویستییەکان و وردبینیکردن و پاککردنەوەی لیستی ناوی ئەو پێشمەرگانە لەناو کەسانی ناشایستە، ئیمتیازێکی دارایی شایستەیان بۆ دابین بکرێت لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی کوردستان - عێراق)، یان یاسای ژمارە (٣٤) ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی کوردستان - عێراق)، یان یاسای ژمارە (٣٦) ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی کوردستان - عێراق)، بەپێی تایبەتمەندی.

**ماددەی (١٠):-**

هەڵوەشاندنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی خانەنشینکراون و راستکردنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە پلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشین کراون، یان لەسەر بنەمای ئەژمارکردنی نایاسایی ساڵانی خزمەتی وەزیفی خانەنشین کراون، و ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینییان بۆ ئەو مووچەیەی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان شایستەی دەبن وەك لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە .

**بەشی هەشتەم**

**حوکمەکانی کۆتایی**

**ماددەی (١١):-**

**یەکەم:** دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن

**دووەم:** دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پشکنین و وردبینیکردن و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە و یاسا پەیوەندیدارەکانی تر و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبەر ڕۆشنایی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨.

**سێیەم:** دەستەی دەسپاکی و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەپێی تایبەتمەندی پابەندن بە وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر هەر کارمەند و بەرپرسێك کە بەربەست و ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دروست دەکەن.

**ماددەی (١٢):-**

**یەکەم:** دامەزراندن لە وەزیفەکانی (بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکار و سەرووتر)، لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق رادەگیرێت، مەگەر تەنها لەو کاتەی پلەی چۆڵ هەبێت.

**دووەم:** خانەنشینکردنی فەرمانبەر بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر)، کە پێکهاتەی ئیداری لە ئاستی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەرووتر) بەڕێوە نابات بەپێی حوکمەکانی برگەی (هەشتەم) لە ماددەی (٧)ی ئەم یاسایە دەبێت، یان دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر لە کاتی هەبوونی شوێنی وەزیفی بەتاڵ، کە لەگەڵ ناونیشانی وەزیفی شایستەی خۆی دەگونجێت.

**سێیەم:** حوکمەکانی برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە سەرۆکی یەکە ئیدارەکانیش (پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحییە) دەگرێتەوە، کە هیچ یەکەیەکی ئیداری بەڕێوە نابەن.

**چوارەم:** مەرجەکانی دامەزراندن بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی و بەرەوژوور) جگە لە مەرجەکانی فەرمانبەرایەتی وەزیفەی گشتی بە پەیرەوێك دەستنیشان دەکرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، کە تیایدا ڕەچاوی بڕوانامە و پسپۆڕی و ساڵانی خزمەت و شارەزایی و لێهاتوویی بکرێت.

**ماددەی (١٣):-**

**یەکەم:**

١- وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری لە چوارچێـوەی ڕێکخسـتنەوەی بـواری بـانکی لە هەرێـم و بە ئەلیکترۆنکردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان، ئەژمێرێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ هەر مووچەخـۆر و سوودمەندێك لە بودجەی گشتی لەپێناو زامنکردن (پاراستن)ی گشـت شایسـتە داراییەکانیـان بە شایستە داراییە خەرجنەکراوەکانیشەوە.

٢- چـۆنیەتی کـردنەوەی ئەو ئەژمێـرە و سـوودوەرگرتنی مووچەخـۆر و سـوومەند لە ئەژمێـرەکە بە ڕێنماییەکی دارایی ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزارەتی (دارایی و ئـابووری)یەوە دەردەچێـت لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (یەکەم/١)ی ئەم ماددەیە.

**دووەم:** لەبەر ڕۆشـنایی ئەو بـڕە پـارەیەی کە بە فیعلـی لە خەرجییەکـان دەگەڕێـتەوە لە دەرئەنجـامی جێبەجێکردنی ئەم یاسـایە، دەبێـت ئەنجـومەنی وەزیـران ئەولەویـیەت بـدات بە پێـداچوونەوە بەکەمترین مووچەی خانەنشـینی لە هەرێـم بە ئاراسـتەی زیـادکردن و بەرەچـاوکردنی بژێـوی و گوزەرانی ئەو کەسانەی کە کەمترین مووچەی خانەنشینی وەردەگرن.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتی (دارایی و ئابووری) حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ڕێکـاری یاسایی پێویست بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان بگرێتەبەر، و پێداچوونەوە بەو موڵك و ماڵانە بکرێ وەك گەرەنتی (زامنکردن) بۆ دانەوەی ئەم قەرزانە دانراوە.

**ماددەی (١٤):-**

**یەکەم:** جێبەجێکردنــی حوکمەکــانی ئەم یاسـایە ئاسـەواری دارایـی و دادوەری لێنـاکەوێتەوە بـۆ حاڵەتەکانی پێش کەوتنەبواری جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانگرێتەوە.

**دووەم:** ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە مافی ئەوەیان هەیە بەپێی حوکمەکـانی یاسـای بەرکار تانەی یاسایی بدەن.

**ماددەی (١٥):-**

نابێت هیچ کەسێك خانەنشین بکرێـت یـان هەر ئیمتیـازاتێکی دیـکەی دارایـی لەژێـر هـیچ پـاساو و ناونیشانێکدا پێ بدرێت ئەگەر پێشتر بەشایستەبوونی یاسایی لە تۆمارەکانی داتابەیسی سیستەمی بایۆمەتری پەیڕەوکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردسـتان تۆمـار نەکرابێـت و بەرایـی نەبێـت، و مـووچەی خانەنشـینی بـۆ میراتگـری یاسـایی (المستحق) خەرج ناکرێـت تـاوەکو تۆمـار نەکرێـت لە داتابەیسی سیستەمی بایۆمەتری.

**ماددەی (١٦):-**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم یاسایە هەمـوو حاڵەتەکـانی پـێش بەرکـاربوونی ئەم یـاسـایەش دەگـرێتەوە و پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم یاسایە.

**دووەم:** كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكرێت.

**سێیەم:** یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاكانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٧):-**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو دەربكات بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك كە لە (٦٠) شەست ڕۆژ تێپەڕ نەكات لە ڕۆژی دەرچواندنی ئەم یاسایە.

**ماددەی (١٨):-**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی (١٩):-**

ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە، و لە دوای تێپەڕبوونی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێكەوتی دەرچوونی پەیڕەوی هاتوو لە ماددەی (١٧)ی ئەم یاسایە دەكەوێتە بواری جێبەجێكردنەوە.

**هۆیەكانی دەرچواندن**

لە پێناو ڕێكخستنەوەی بواری وەزیفەی گشتی و خانەنشینی لە سەرجەم بوارەكانی (شارستانی و پێشمەرگایەتی و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ)، و هەروەها تەرخانكراوەكانی چاودێری كۆمەڵایەتی، و بەرپاكردنی دادپەروەری و یەكسانی لەخەرجكردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتە داراییە گشتییەكان، و ڕێگرتن لە سوود وەرگرتنی ناڕەوا و نایاسایی لە تەرخانكراوەكانی بودجەی گشتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٠/٢/٣**

**التوصيات الصادرة عن**

**المؤتمر الدولي لاسترداد الأموال المنهوبة**

**خلال الفترة (١٥-١٦/٩/٢٠٢١)**

**بغداد -جمهورية العراق**

**أوصى المشاركون بالمؤتمر بالتوصيات التالية:**

١. التأكيد على مبدأ حسن النية في تنفيذ الالتزامات القانونية الدولية في مجال استرداد الأموال المنهوبة، وما يقتضيه من إعادة الأموال والأصول المتحصلة بطرقٍ غير مشروعةٍ للدولة طالبة الاسترداد.

٢. أهمية دراسة السلطات المعنية بالدولة طالبة الاسترداد لأحكام القوانين الإجرائية ذات الصلة بالدولة الحائزة للأموال المنهوبة ومراعاتها أثناء إعداد طلبات الاسترداد.

٣. صياغة طلبات المساعدة القانونية بشكل يتضمن الوصف القانونى لأركان الجريمة بشكل تفصيلى، دون التركيز على مسمى هذه الجريمة فى النظام القانونى للدولة طالبة الاسترداد، بحيث تقوم الدولة المطالَبة بتكييف الأفعال الإجرامية موضوع طلب الاسترداد تكييفاً قانونياً يتلاءم ويتواءم مع أحكام قانونها الوطنى.

٤. الاستعانة بالمؤسسات الدولية البحثية المعنية باسترداد الأموال المنهوبة، والاستعانة بالمؤسسات البحثية الدولية والمكاتب القانونيّة للحصول على الدعم الفنى فى مجال استرداد الأموال المنهوبة.

٥. الإسراع في تفعيل أحكام الاتفاقيتين الأممية والعربية لمكافحة الفساد مع إيلاء الاهمية للأحكام المتعلقة باسترداد الأموال.

٦. العمل على إيجاد وسائل غير تقليديةٍ فى مسألة استرداد الأموال ومكافحة الفساد والاستفادة من آليات التعاون العربي والمصادرة غير المبنية على إدانة جزائية.

٧. أهمية بناء الثقة بين الدول الطالبة والدول متلقية طلبات استرداد الموجودات، باعتبار أن بناء الثقة وسيلة لتعزيز الإرادة السياسية، وتكوين ثقافة المساعدة القانونية المتبادلة لمصلحة الدولة طالبة الاسترداد وتمهيد الطريق لنجاح التعاون الدولى.

١

٨. وتتأنى الدولة الحائزة للأموال المنهوبة عند النظر فى طلب الاسترداد وعدم التوسع في استخدام بعض الآليات القانونيّة المحلية للتهرب من تجميد الأموال المنهوبة.

٩. حث السلطات الوطنية على ضمان الاحتفاظ بسجلات توضح البيانات المالية والمصرفية وفق المعايير الدولية بما في ذلك المعلومات المتعلقة بالمالك ، المستفيد ، التوكيلات، وتفعيل دور وصلاحيات وحدات التحريات المالية.

١٠. أهمية قيام الدولة طالبة الاسترداد بموافاة الدولة الحائزة للأموال بقائمة تتضمن البدائل المختلفة للترجمات الأكثر شيوعاً لذات الاسم، بما فى ذلك الألقاب المختلفة للعائلة التى قد تكون الحسابات مقيدة تحتها.

١١. تعظيم استفادة الدول من نظام التصالح كأحد آليات استرداد متحصلات جرائم الفساد سواء الموجودة بالخارج أم بالداخل، وذلك بالتوازى مع اتخاذ الإجراءات اللازمة لتعزيز قدرة الدول على استرداد الأصول المهربة للخارج بالمفهوم الضيق.

١٢. نشر الوعي المجتمعي بالآثار السلبية المدمرة لتهريب الموجودات وبيان سياسات استردادها، وتفعيل دور منظمات المجتمع المدني في عملية الاسترداد من خلال تفعيل في الحكم الرشيد خاصة المتعلقة بالشفافية والنفاذ للمعلومات واستحداث منهج تعليمي لمكافحة الفساد يتضمن مقرر عن آليات استرداد الأموال المنهوبة.

١٣. التشجيع على إبرام اتفاقيات ثنائية بين الدول ودعوة المركز العربي لإعداد نماذج استرشادية لهذه الاتفاقيات.

١٤. أهمية قيام الدولة بإصدار أدلة عملية استرشادية تبسط آليات استرداد الأموال لديها؛ كونها عملية تقنية قانونية بحتة فيها الكثير من الآليات التفصيلية وبهذا الأمر يسهل على الممارسين والمختصين تنفيذ أدوارهم المتعددة خاصة في إطار التعاون الدولي.

١٥. أهمية الاستفادة من أعمال الفرق الحكومية وأصحاب الخبرة المهنية التي توفرها الأمم المتحدة عبر مكاتبها المختصة لاسترداد الأموال، وكذلك وكالات الأمم المتحدة المتخصصة .

١٦. صناعة تكتل دولي ضاغط للعمل مع الدول الحاضنة للأموال والأصول المنهوبة والتي يتأكد امتناعها عن إبداء التعاون على وفق أحكام الفصل الخامس من الاتفاقية الأممية لمكافحة الفساد من أجل دفعها إلى التعاون لإعادة الأموال والأشخاص المدانين على أن يسعى التكتل لاستخدام كافة الإجراءات الوطنية والدولية، ومنها تشكيل محاكم دولية متخصصة في موضوع الاسترداد وإصدار نشرة عن الدول الممتنعة عن إبداء المساعدة.

١٧. النظر في تاسيس صناديق سيادية تتمثل لمعايير الحوكمة الرشيدة الواردة في مبادى سنتاغو للصناديق السيادية تكون مكلفة بتلقي واردات واستثمار الاموال المنهوبة والتي يتم استردادها.

١٨. تكليف المركز العربي للبحوث القانونية والقضائية (الأمانة العلمية لمجلس وزراء العدل العرب) بعقد اجتماع دوري لهيئات النزاهة ومكافحة الفساد العربية ضمن برنامج عمله السنوي، وذلك بالتعاون مع الشبكة العربية لتعزيز النزاهة ومكافحة الفساد، ودعوته للانضمام إلى الأمانة الفنية للشبكة العربية (وحدة الدعم الإقليمية) .

رفع التوصيات الى المكتب التنفيذي لمجلس وزراء العدل العرب وايداع نسخة منها لدى مكتب الامم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة

٢٠٢١/٩/١٦